ئایینناسی
سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی وەرزانە دەریدەکات
ژمارە(٧)ساڵی دووەم، تەمموزی ٢٠٢٤

- فرەیی سیاسی لە دیدی حزب و کۆمەڵە سیاسییە ئیسلامییەکانەوە
- حزب و حزبایەتی لە ئیسلامدا
- سەعیدی کوردی نوورسی، لە سیاسەتەوە بۆ ڕزگارکردنی ئیمان
- فرەیی سیاسی لە دەوڵەتی ئیسلامیدا
- حزبی سیاسی و فرەحزبی

ڕەوایەتی و پێگەی حزب و حزبایەتی

وەرزنامەی ئایینناسی

CFS
Center for Future Studies

گۆڤارێکە گرنگی بە ڕەهەندە جیاوازەکانی ئایینناسی دەدات
سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات.

ژمارە (٧)، ساڵی دووەم، تەمموزی ٢٠٢٤

خاوەنی ئیمتیاز: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
سەرنووسەر: ئیدریس سیوەیلی
بەڕێوەبەری نووسین:
ئارام مەحموود

بۆردی ڕاوێژکاران:
د.یوسف گۆران
د.ئومێد رەفیق فتاح
د.عابد خالد رسول
د.هەردی مەهدی میکە
د.فاروق عبدول

نەخشەسازی: شاهۆ عەبدوڕەحمان

شوێن:
عێراق-هەرێمی کوردستان-سلێمانی
Address: Iraq - Kurdistan-Slemani
Tel: +٩٦٤ (٠)٧٧٣ ٨٣٦ ٣٧٥٨ - +٩٦٤ (٠)٧٥١ ٨٣٣ ٩١٣٥

ناونیشانی ئەلیکترۆنی
www.centerfs.org
Facebook: Center.of.Future.Studies
Instagram: centerfs
Twitter: center_fs
Email: info@center.org

ئایینناسی

ئایینناسی؛ گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ڕەهەندە جیاوازەکانی ئایینناسی دەدات و سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی بڵاویدەکاتەوە.

تەرخانکردنی گۆڤارێکی تایبەت بەم بوارە لە ئێستادا، چ لە هەرێمی کوردستان و چ لە وڵاتانی تری ناوچەکە و جیهان، جێی بایەخ و گرنگیپێدانی فراوانە و ئێستای کۆمەڵگای کوردستانیش زۆرتر لە جاران پێویستی پێیەتی.

گۆڤاری ئایینناسی تایبەتمەند نییە بە لێکۆڵینەوە لە ئایینێك، یان ئایینزایەکی دیاریکراو، هەروەها پرسی ئیمان، باوەڕی ئایینی، خودی ئایینەکان، جێگا و بواری لێکۆڵینەوەی ئەم گۆڤارە نین. ئەم گۆڤارە هەوڵ دەدات زیاتر لەو دیاردە و کایانە بکۆڵێتەوە کە بەناوی ئایینەوە دەردەکەون، یان لەبەر هەر هۆیەك بێت بەرگی ئایینی لەخۆدەگرن، یان کاریگەی ئایینیان پێوە دیارە بە هەردوو ڕەهەندی ئەرێنی و نەرێنییەوە.

ئەم گۆڤارە گرنگی بە خوێندنەوەی فرە ڕەهەندی وردتری: کۆمەڵایەتی، ئابووری، ئەپستمۆلۆجی، مێژویی و سیاسی بۆ ڕەوت و ڕێکخراو و دیاردە ئایینییەکان و کارکردنیان لە کایەی گشتی کۆمەڵگاکان بە گشتی و کۆمەڵگای کوردستانی بەتایبەتی دەدات.

ناوەڕۆك

سەروتار

◇ فرەیی سیاسی لە ئیسلامدا.....پ.د. ئومێد رفیق فتاح | ٥

توێژینەوە

◇ فرەیی سیاسی لە دیدی حزب و کۆمەڵە سیاسییە ئیسلامییەکانەوە.....مەولود باوەمۆراد | ٩

◇ لە دەوڵەتی خیلافەتەوە بۆ دەستاودەستکردنی دەسەڵات دیدگای حزبە ئیسلامییەکانی کوردستان .....ئیدریس سیوەیلی | ٣١

◇ گرنگی دامەزراوەی مزگەوت لە کۆمەڵگەدا، باشووری کوردستان بە نموونە.....د. بابان ئلیاسی | ٤٥

وەرگێڕان

◇ حزب و حزبایەتی لە ئیسلامدا.....وەرگێڕانی: ئارام مەحموود ئەحمەد | ٥٩

گفتوگۆ

◇ نازم عەبدوڵڵا: کاتی ئەوە هاتووە تەوژمی ئیسلامی گوتارێکی سەردەمیانە دابڕێژێتەوە..گفتوگۆی: ئیدریس سیوەیلی | ٧٧

مێژگرد

◇ ڕەوایەتی و پێگەی حزب و حزبایەتی.....ئامادەکردنی: ئایینناسی | ٩٣

بیرمەندان

◇ سەعیدی کوردی نوورسی، لە سیاسەتەوە بۆ ڕزگارکردنی ئیمان.....نووسینی: حەمزە محەمەد ساڵح | ١٠٩

ڕانانی کتێب

◇ فرەیی سیاسی لە دەوڵەتی ئیسلامیدا.....ئلیاس تاهیر | ١٣١

زاراوەناسی

◇ حزبی سیاسی و فرەحزبی..... د.عابد خالد رسول | ١٥٣

فرەیی سیاسی لە ئیسلامدا

پ.د. ئومێد رفیق فتاح

ئایا راستە فرەیی لە ئیسلامدا وەکو بنەما مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، بەشێکە لە ئیرادەی خوایی بۆ مرۆڤایەتی؟.لە ڕوانگەی ئیسلام و تێکستەوە جیاوازی و فرەیی وەکو بنەمایەکی نەگۆڕی کۆمەڵایەتی و مرۆیی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت بەڵام جیاوازییەکە ئەو کاتە دروست دەبێت کە بابەتەکە دەگۆڕێت بۆ بابەتی فرەیی سیاسی، واتە لە بیرکردنەوەی سیاسی و ئامرازەکانی گەیشتن بە دەسەڵاتی سیاسی و ئاڵوگۆڕی سیاسی دەسەڵات دروست دەبێت.

ئەو کاتەی دوو ئاراستەی سیاسی پشت ئەستور بەیەك باکگراوندی سیاسی و مەرجەعی فیکری، ئاراستەکانیان بۆ گەیشتن بە دەسەڵات بە ڕێگەی جیاواز مومارەسە دەکەن، بۆیە بە ئەندازەی ئەو پێوەرانە ئاراستە و گروپ و تێڕوانینی جیاواز لە مێژووی سیاسی ئیسلامدا دروست بووە.

گفتوگۆی گەرمی ئەو ئاراستە و گروپانە لەسەر ڕەتکردنەوەی سیاسەت و فرەیی سیاسی و کارپێکردنییەتی بە پێوەری ئەوەی کۆمەڵگەی ئیسلامی پێویستی بە حیزبی سیاسی و قبوڵکردنی ڕای جیاواز هەیە . لە دەرەوەی ئوممەی ئیسلامی یان پێویستی پێی نییە. ئەمە جگە لەوەی ئایا لە دەسەڵات حیزبە ئیسلامییەکان مامەڵە لەگەڵ حیزبی نا ئیسلامی دەکەن یاخود نا.

ئاراستەیەك وا سەیری فرەیی دەكەن و قبوڵیانە كە لە چوارچێوەی فرەیی ئیسلامی بێت، واتە فرەیی لە چوارچێوەی سەروەری شەریعەت و پابەندێتی تەواو بە بنەما گشتیەكانیەوە، بازنەی جیاوازییەكان لە دوای ئەم بنەما گشتیانەوە دەست پێدەكات.
ئاڕاستەكەی تر كە ئاڕاستەیەكی داخراوە، فرەیی سیاسی و حیزبی سیاسی ڕەتدەكاتەوە، قبوڵی نییە سیاسەت تێكەڵ بە عیبادەت بكرێت و بۆ مەبەستی بەرژەوەندی سیاسی بەكاربهێنرێت.
ڕەگ و ڕیشەی حیزبی ئیسلامی لە هەرێمی كوردستان و باشوری كوردستان زۆر كۆن نییە، بەڵام هەموو ئاراستەكان لە كوردستان هەن، ئەوەی بەرچاوە ئەوەیە كە گوتاری سیاسی ئەم حیزبانە بەپێی میژووی سیاسیان گۆڕانی بنەڕەتی بەسەردا هاتووە، لەوەی كاری سیاسی و پەرلەمانیان ڕەتدەكردەوەو بە حەرامیان دەزانی، لە ئێستادا بڕوایان بە كاری پەرلەمانی هەیە و وازیان لە گوتاری توندو بیری تەكفیری هێناوە.
دابەشبوونی ئەم ئاراستانە لە كوردستان لەسەر ئاستی گوتاری سەرەتای دابەشبوونی گروپەكان بەرهەمهێنەری دەیان توندوتیژی و بە تەكفیركردنی لێكەوتەوە.
لە ئێستادا سەرەڕای ئەوەی حیزبی جیاواز هەیە، ئاراستەی گوتارییان قبوڵكردنی جیاوازی و پێكەوەژیانە، بەڵام بەبێگومان قبوڵكردنی جیاوازی زیاتر لە دەسەڵاتدا ئەزمون دەكرێت.



توێژینەوەکان

ئایینناسی

فرەیی سیاسی لە دیدی حزب و کۆمەڵە سیاسییە ئیسلامییەکانەوە

مەولود باوەمورادە

پێشەکی

فرەیی وەك چەمكێكی گشتگیر و ڕەها

فرەیی وەك چەمك، هاوتایە لەگەڵ جیاوازی و لێكنەچوون و هەمەجۆری، فرە ڕەنگیدا لەبوونەوەر و سروشت و ژینگەی كۆمەڵایەتی مرۆڤ، لەدنیای شتەكانەوە دەستپێدەكات، بۆ ناو واقیعی ژیانی كۆمەڵایەتی و بۆ دونیای بیر و ئەندێشەی جیاواز و ڕا و تێگەشتنی جیاوازی نەبڕاوەی بێ سنوور و بێ كۆتایی كورت نەكراوە لە یەك شێواز و فۆرمدا.(١)

دیاردەی فرەیی لە نمایشبوونە گەورەكەیدا ئاماژەیە بە جەوهەری فەلسەفەی بوون، ڕاگری بنەڕەتیی ژیانی مرۆڤ و زیندەوەرانی سەرزەوییە، لەڕووی یەكتر تەواوكردن و لەنگەرگرتنی بەردەوامی بوون و مانەوەی هاوبەشیان، لەگەڵ ئەوەی چەمكی فرەیی دوو ڕایی و ئاست و ئاڕاستە و نما یش بوونی زۆر و فراوان لەخۆدەگرێت، لە هەمان كاتدا دەشێت فرەیی لە دیمەنە گشتییەكەیدا دابەش بكرێت بەسەر سێ ستوونی

سەرەکیدا، یەکەم: فرەیی سروشتی، کە بە هەمەجۆری و هەمەچەشنییەکانی جیهانی ڕووەک و جیهانی گیانداران و جیهانی پێکهاتە مادییەکانی زەوی دەستنیشان دەکرێت. دووەم: فرەیی ژینگەی کۆمەڵایەتی، بە جیاوازی ڕەنگ و زمان و نەژاد و ڕەچەڵەکی مرۆڤەکان دیاری دەکرێت، هۆز و خێڵ و نەتەوەی جیاواز پێکیدەهێنن. سێیەم فرەیی سیاسی، کە ئاماژەیە بە یەکێک لە سیما سیاسییەکانی پاش سەردەمی مۆدێرنێتەی ڕۆژئاوا، گوزارشت لە ڕەنگدانەوەی کاریگەریی بەشداری سیاسی هاووڵاتییان لە دەسەڵاتی سیاسی کۆمەڵگە و حوکمڕانی وڵات دەکات.

فرەیی لە ڕەهەندە سروشتییەکەیدا نەک هەر جێگەی مشتومڕ نییە، بەڵکو نیعمەتێکی خودایە، بۆ دەستەبەرکردنی پێویستییە جۆراوجۆر و بێ کۆتاییەکانی ژیانی مرۆڤ و گەشەکردن و پێشکەوتنی زانست و داهێنان و فەرهەنگ و بنیاتنانی شارستانیەت.

هەرچی پەیوەستە بە فرەیی کۆمەڵایەتی و مرۆییەوە، لە جیاوازی زمان و ڕەنگ و ڕوو و نەژاد، هەست و سۆزی خوێنخواهی هاوبەش و کولتوور و فەرهەنگی هاوبەش و ئایین و ئایینزای هاوبەش و نیشتمان و مێژووی هاوبەش، ئەو خەسڵەتانەن کە مەرجەکانی جیاکردنەوەی هەر کۆمەڵە خەڵکێک لەوانی تری دەوروبەرە جوگرافییەکەی هەڵاوێر دەکات و وێنەی واقیعی دابەشبوونە کۆمەڵایەتییەکانمان لەسەر زەمینەی واقیع بۆ دەکێشێت، دەربارەی فرەیی کۆمەڵایەتی، ڕۆجیە لاسوانت ڕای وایە کە: فرەیی ئامادەیی هەیە.

لە هەر جێگەیەکدا فرەجۆری هەر شێواز و دیمەنێک لە خۆ بگرێت بوونی هەبێت- ئایینی یان ئایدیۆلۆژی، فەلسەفی یان چینایەتی، هەرێمایەتی یان حزبی-کە تاک و کۆمەڵگە دەستگرتوو بن پێوەی(٢).

بۆ پاراستن و چەسپاندنی ئەم تەرزە لە فرەیی، مرۆڤەکان پێویستیان بە هەبوونی کردەیی پرەنسیپەکانی قبووڵکردنی جیاوازییەکان، ڕێزگرتن لە تایبەتییەکان، دانپێدانانی ئازادییەکان، فەرهەنگی پێکەوە ژیانی ئاشتییانە و ئیرادەی چاکی هەماهەنگییە، لەسەر ئەو ڕاستییە نەگۆڕەی کە فرەیی و جیاوازی گەل و نەتەوەکان یاسایی بوون و ژیانە و ڕاستییەکی فیترەتی پێکهاتەی ژینگەی کۆمەڵایەتییە.

خودای پەروەردگار لەقورئانی پیرۆزدا ئاماژەی بەم فرەییانە کردووە وەك نیشانەی دەسەڵات و توانای خۆی لە خوڵقاندنی جیاوازی ڕەچەڵەك و هەمەڕەنگی و هەمەدەنگی و هەمەجۆری و جیایی سەرزەمینەکانی نیشتماندا،[أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ أَنْزَلَ مِنَ السَّماءِ ماء فَأَخْرَجْنا بِهِ ثَمَراتٍ مُخْتَلِفًا أَلْوانُها ومِنَ الْجِبالِ جُددَدٌ بِيض وَحُمْرٌ مُخْتَلِفٌ أَلْوانُها وَغَرابِيبُ سُودٌ * ومِنَ النَّاسِ والدَّوابِّ والْأَنْعامِ

مُخْتَلِفٌ أَلْوانُهُ كَذلِكَ إِنَّما يخْشَى اللَّهَ مِنْ عِبادِهِ الْعُلماءُ إِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ غَفُورٌ*] {الفاطر٢٧-٢٨}،لەسۆنگەی ئەم ئایەتە و چەندین ئایەتی تری قورئانی پیرۆز، کە وێناکردنی ئیسلام بۆ بوون و لەسەر دوو فیکرەی سەرەکی ڕاگیراوە:

یەکەم: فیکرەی تاک و تەنیایی خودا(توحید).

دووەم: فیکرەی فرەیی لە دروستکردنی شتەکانی بوون، و جیاوازی لە دروستکراوەکانیدا.

بەڵام مخابن ئەم فرەییە مێژوویەکی پڕ دەرد و ڕەنج و قەیران و شەڕ و خوێناوی بوون و نکۆڵی لێکردنی بە پاڵنەرەکانی غەریزەی باڵادەستی و تەماع و فراوانخوازی و ئارەزووی کۆنترۆڵکردنی نێوان مرۆڤەکان و گەلاندا تۆمار کردووە، دکتۆرە ئیلیا حریق ئاماژە بە گۆشەیەکی ئەم ڕاستییە دەکات: (ئەوەی هەوڵی کەمکردنەوەی خەسڵەتە جوێکەرەوەکانی کۆمەڵە ئیتنیکییەکان دەکاتە ئامانجی شێوەیەکی تایبەتی سرینەوە، خەسڵەت گەلێکیان بەسەردا دەسەپێنێت کە تا ڕادەیەکی زۆر نوێنەرایەتی کۆمەڵەی باڵادەست دەکات، وەک سەپاندنی یەک زمان و ڕاگواستنی دانیشتوان و پێکەوە تێکەڵکردنیان لەگەڵ کۆمەڵەی هەمەجۆردا.(٣) بەمەبەستی سرینەوەیان بە پژاندن و وردکردنەوە.

دواجار فرەیی چەمکێکی گشتییە لە چەندین وێنە و دۆخ، و ئاست و قەبارە و ئاراستەی هەمەجۆری جیاوازدا نمایش دەبێت، هەر ئەم دوو ڕاییانە فرەیی کردووەتە چەمکێکی ئاوێتە.

فرەیی سیاسی چەمک و پێناسە

ئەوەی مەبەستی قسە لەسەرکردنی ئەم نووسینەیە، بابەتی فرەیی سیاسییە لە دیدی حزب و کۆمەڵە سیاسییە ئیسلامییەکانەوە، بەگشتی بابەتی فرەیی سیاسی وەك یەکێك لە ئاماژە سەنتراڵەکانی ڕێسا و بنچینەکانی پێکهێنانی دیموکراتیەت، لە کۆمەڵگە و دەسەڵاتە سیاسییەکانی ناوچەکەدا لە قەیرانی پەیوەندی نێوان تیۆری و پراکتیك قوتاری نەبووە، هێشتا لەنێوان ئاو و گڵدایە، تایبەت بە بازنەی حزب و کۆمەڵە سیاسییە ئیسلامییەکان، ئەگەرچی زۆری لەسەر نووسراوە و گوتراوە، بەڵام هێشتا جێگەی بایەخی فیکری و خوێندنەوەی مەعریفی ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە و ئەکادیمیستەکانە، تایبەت بە زانینی هەڵوێستی فیکری و ڕوئیەی جێگیری تیۆریزەکراوی تەوژمەکە لەسەر چۆنیەتی ڕێکخستنی ڕەفتاریان لەگەڵ جیاوازیەکانی هەمەڕەنگی و فرەدەنگی ئەم مافە سیاسییە هەستیارەدا.

لەلای دووەمیشەوە ئەم بابەتە پەیوەستە بە مافە سیاسییەکانی هاووڵاتیانەوە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، و (بەڵێننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنی و

سیاسییەکان) ی هاووڵاتییانی لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لە ٢٢/ کانوونی یەکەم/ ١٩٦٦لەسەر دەرچوونیرا بۆ واژۆی دەوڵەتانی ئەندام، و لە ڕێکەوتی ٢٣/ئازاری/١٩٧٦ خرایە بواری جێبەجێکردن.(٤) بە هەمان شێوە ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و ناوچەیی و لۆکاڵییەکانی مافی مرۆڤ، لە جیهاندا ئەرکی پەرەپێدان، و بەدواداچوون، و چاودێریکردنی لە ئەستۆ دەگرن.

فرەیی سیاسی چەمکێکی گشتییە لەگەڵ جیاوازی جۆری سیستمی حزبی لە چوارچێوەی سیستمی سیاسی دەوڵەتدا، توانای جێبەجێکردنی لە گشت کۆمەڵگە و سیستمە سیاسییەکاندا هەیە، لە ئێستادا لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا پیادە دەکرێت.

بۆ دەست گەیشتنە دورایییە زانستی و مەعریفییەکانی بابەتەکە، پێویستە پێناسەی فرەیی سیاسییە بخەینەڕوو لەو سۆنگەوە ڕەگەز و پێشمەرجەکانی هەبوونی فرەیی سیاسی و هۆکارەکانی ڕەتکردنەوە و قەدەغەکردنی لە هەر سیستمێکی سیاسیدا دەستنیشان دەکرێن.

فرەیی سیاسی چەمکێکە ئاماژە بە یەکێك لە شێوازەکانی سیستمی ڕکابەری نێوان حزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان دەکات، لە چوارچێوەی ڕژێمێکی سیاسیدا، کە باوەڕی بە بەشداری سیاسی هاووڵاتییان و دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لەنێوان هێز و کۆمەڵەکان، و خاوەن بەرژەوەندییە جیاوازەکانی کۆمەڵگەدا هەیە، پێویستە بڕیارە سیاسییەکان بەرهەمی دانوستان و ڕێکەوتنی ئاشتیانە بن لەنێوان ئەم کۆمەڵانەدا.(٥)

هەندێک لێکۆڵەرانی بواری تیۆری گشتی پارتە سیاسییەکان، بە خستنە ڕووی چەند پێناسەیەک لە دیدی جیاوازەوە، لەوانە (دکتۆر نوعمان ئەحمەد خەتیب) پێناسەی فرەیی سیاسی بە مانای گشتییەکەی دەخاتەڕوو، وەک ئاماژەی بۆ دەکات: (مانای گشتی فرەحزبی، ئازادی حزبایەتییە، واتە هەر گردبوونەوەیەک مافی گوزارشت لەخۆکردنی هەبێت، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ڕای گشتی بدوێنێت، لەژێر ڕۆشنایی ئەو هاودژیانەی لە هەناوی هەر کۆمەڵگەیەکی سیاسیدا هەیە، بۆ گەیشتنە شێوازێکی باشتر کە ڕێخۆشکەر دەبێت بۆ سەروەری چەمکی ڕکابەریی سیاسی، لەپێناوی گەیشتنە دەسەڵات یان بەشداری تێیدا.(٦) فرەیی لە ڕووە تایبەتەکەیدا: ئاماژەیە بە هەبوونی سێ حزب یان زیاتر کە هەر یەکەیان توانای ڕکابەری سیاسیی، و کاریگەریی لەسەر ڕای گشتی هەبێت، لەمیانی ڕێکخستنێکی جێگیر و هەمیشەییدا، کە هێز و سەقامگیری بۆ دەستەبەر دەکات.(٧)

دکتۆر عەبدولفەتاح عەلی ڕوشدان، بە ئاماژەکردن بۆ چوارچێوەی دەوڵەت و یاسا، فرەیی بەم شێوەیە پێناسە

دەکات: (فرەیی ئەو هێز و ئیرادانەن کە سیاسەتگوزاری بڕیارەکان لە چوارچێوەی دەوڵەت و یاسادا دروست دەکەن، بە شێوەیەک هەموو تاک و کۆمەڵە و تایفە و حزبێک لە پرۆسە سیاسییەکەدا بەشێوەی هاوسەنگ بەشدار بێت.)(٨)
لە تێفکرینی پێناسەکان، دەتوانرێت تیشک بخرێتە سەر ئەو پێشمەرجانەی کە فەراهەمبوونیان زەوینەی فرەیی دەڕەخسێنێت، لەوانە:
١-هەبوونی دەسەڵات و حوکمڕانییەکی دیموکرات کە دان بەمافە سیاسییەکانی هاووڵاتییاندا بنێت، چونکە هەبوونی فرەیی گرێدراوی دیموکراتیەتی سیستمی سیاسی و مانابەخشی کۆمەڵگەی فرەییە.
٢-هەبوونی مافی ئازادی بیروڕا و دەربڕینی، لەبەرئەوەی فرەیی گرێدراوی هەبوونی ئازادی بیروڕایە وەك یەکێك لەمافە سیاسییە بنەڕەتییەکانی هاووڵاتیان.
٣-مافی دروستکردن و پێکهێنانی حزب و ڕێکخراوی سیاسی، چونکە یەکێکە لەمافە سیاسییە دیار و بەرچاوەکانی هاووڵاتی، دەستەبەربوونی ئەم مافە، ئاماژەی هەبوونی جیاوازی بیروڕای سیاسی و قبووڵکردنی ڕکابەری نێوان هێزە سیاسییەکان و دانپانانی ئۆپۆزسیۆنە لەلایەن دەسەڵاتی سیاسییەوە.
٤- پێویستە پاراستن و ڕێخۆشکردن بۆ ڕۆڵی حزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان، بەیاسا ڕێکخرابێت و بەڕێکارە یاسایی و ئیدارییەکان لەلایەن حکومەتەوە پارێزگاری لەبوون و مانەوەیان بکرێت، ئەم ڕێکخشتنە یاساییە فرەیی سیاسی/ کۆمەڵایەتی لە فرەیی-نەتەوەیی و دینی و مەزهەبی و ئەتنیکی- لێکجیادەکاتەوە.
لەسۆنگەی ئەوەی ئاماژەی بۆکرا، حزب و ڕێکخراوی سیاسییەکەی بنەڕەتی هەبوونی فرەیی سیاسییە و تاکە میکانیزمی پیادەکردنییەتی لە کۆمەڵگەدا.

دیاردەی فرەیی لە نمایشبوونە گەورەکەیدا ئاماژەیە بە جەوهەری فەلسەفەی بوون، ڕاگری بنەڕەتیی ژیانی مرۆڤ و زیندەوەرانی سەرزەوییە



حزبی سیاسی، دەرکەوتن و پێناسە

حزب ئۆرگانێکی کراوەی کاری سیاسی هاووڵاتییانە، ئامرازی بەشداریکردنیانە لە پرۆسەی سیاسی کۆمەڵگەدا، وشەی حزب چەمکێکی زانراو و ناسراوە لەسەر ئاستی گەل ونەتەوە و دەوڵەتانی دونیادا، لە قورئانی پیرۆزدا (٢٠) جار بە مانا و مەبەستی جیاواز بەکارهاتووە، سەرەتای دەرکەوتنی وەک دەرەنجامی پەرەسەندنی دیموکراتییەت و فراوانبوونی بیری نوێنەرایەتی و مافی دەنگدانی هاووڵاتیان، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی نیوە یەکەمی سەدەی نۆزدەیەم، ساڵی ١٨٢٨ لە ئەمریکا و ساڵی ١٨٣٦لە بەریتانیا و ساڵی ١٨٤٨ لە فەرەنسا، ماوەیەکی زۆری

پێچوو تا حزب ئەم فۆرم و ناوەرۆکەی ئێستای وەربگرێت.

دەرکەوتنی حزبی سیاسی لە ناوچەکە و کوردستاندا هاوکاتن، لە ئەنجامی پەرینەوەی دیاردەی حزب و حزبایەتی لە ئەوروپاوە بۆ سەڵتەنەتی عوسمانی و دروستبوونی یەکەم حزبی سیاسییە بەناوی (ئیتحاد و تەرەقی) لە ساڵی ١٨٨٩دا، کە بەشێکی زۆر لە ڕۆشنبیردان و سیاسی و کەسایەتی سەربازی هەموو نەتەوەکانی گەلانی ژێر ڕکێفی دەوڵەتی عوسمانی بەشداریان تێدا کردووە، لەوانەش گەلی کورد، کە دواتر حزب و ڕێکخراوی تایبەت بە خۆیان دروست کردووە، وەک کۆمەڵەی(تەعاون و تەرەقی) ساڵی ١٩٠٨، لە ئیستەنبوڵ دامەزرا، وە (کۆمەڵەی هیوا) لە ٩/ئاب/ ١٩١٢، لە ئیستەنبوڵدا دامەزراوە، چالاکی فراوانی هەبووە لە کوردستان و ساڵی ١٩١٣لقێکی کۆمەڵەکە لە شاری لۆزان کردووەتەوە.

پێناسەی زۆر و جیاواز و تا ڕادەیەک هاودژ بە یەکبوون، بۆ چەمکی حزب کراوە-ئێرە جێگەی ئەو بابەتە نییە- پێناسەی کۆکەرەوەی هەموو ڕەگەزەکانی حزب دەبێتە ئەوەی، حزب: گردبوونەوەی کۆمەڵێکە لە هاووڵاتییانە، کە بیروباوەڕێکی سیاسی هاوبەش لە چوارچێوەی ڕێکخستنێکدا کۆیان دەکاتەوە، هەوڵی بەدەستهێنانی متمانە و لایەنداریی جەماوەر دەدەن، و سەرکردایەتییەک ڕابەرایەتیان دەکات بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات یان بەشداری کاریگەر تێیدا.(٩)

لەپاش جەنگی جیهانی یەکەمەوە لەگەڵ دەرکەوتنی سنوورە نوێیەکانی وڵاتانی ناوچەکە بە ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی و جێگیرکردنی نەخشەی سایکس/ بیکۆ، هەتا سەرەتای ساڵانی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو کۆمەڵێکی زۆر حزبی نیشتمانی و ئایدیۆلۆژی و ناسیۆنالیستی و شیوعی و ئیسلامیی دەرکەوتن، کە بە پاساو و پاڵنەری جۆراوجۆر، ڕای جیاوازیان و ناکۆکیان لەسەر قبووڵکردنی فرەیی سیاسی هەبوو.

وەک لە پێناسەی فرەیی سیاسیدا ئاماژەی بۆ کرا، هەبوونی ژمارەیەک حزب و کۆمەڵە و ڕێکخراوی سیاسی کە گوزارشت لە ئیرادە و جیهان بینی و خواستی سیاسی بەشێک لە جەماوەری کۆمەڵگە دەکەن، تاکە ئۆرگانی بەرجەستەکردنی فرەیی سیاسین، لێرەوە هەبوونی هەر لەمپەر و ڕێگرییەک بە هەر پاساو و شێواز و بیانوویەکەوە بێت بۆ قەدەغەکردنی دروستکردن و پێکهێنانی حزب و ڕێکخراوی سیاسی، دژایەتی و قەدەغەکردنی مافێکی سیاسی بنەڕەتی هاووڵاتییانە، و دۆخێک بەناوی فرەیی سیاسی لە ئارادا نامێنێت. ئەوەی لەم بابەتەدا لەسەری ڕادەوەستین، فرەیی سیاسییە لە دیدی حزب و کۆمەڵە سیاسییە ئیسلامییەکانەوەیە.

سەرهەڵدانی حزب و کۆمەڵە ئیسلامییەکان-ئیسلامی سیاسی

گومان لەوەدا نییە کە حزب و کۆمەڵە سیاسییە ئیسلامییەکان، پانتاییەکی بەرچاوی لەدیمەنی پێکهاتەی ژینگەی سیاسی کۆمەڵگەی سەرجەم وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی گرتووە، سەرەتای دەرکەوتنی دیاردەی حزب و کۆمەڵە سیاسییە ئیسلامییەکان، کە لە ئێستادا نزیک بە سەد ساڵ بەسەر سەرهەڵدانیاندا تێدەپەڕێت، دەگەڕێتەوە بۆ کاردانەوەی کۆمەڵێک لە کەسایەتی و کۆمەڵەی پابەند بە ئیسلام بەرامبەر بە دوو هۆکاری هاوکات و ئاوێتە بە یەک:

یەکەمیان، هەڵوەشاندنەوەی خیلافەتی عوسمانی لەلایەن (مستەفا کەمال ئەتاتورک)وە، دووەمیان، پاراستن و بەرگریکردن لە شوناسی ئیسلامی کۆمەڵگە، لە بەرامبەر شاڵاوی فیکری و ئایدیۆلۆژی و کولتووری و ژیاری وڵاتانی ئەورووپا و بڵاوبوونەوەی بیر و ڕەوتی مارکسیستی و حزبی شیوعی پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەری١٩١٧.

بەر لە هەڵوەشاندنەوەی خیلافەتی عوسمانی، مشتومڕی فیقهی و فیکری لەنێوان بەشێک لە زانایانی فیقە و کەسایەتی فیکری و سیاسییەکانی ناوەندی خیلافەت لە ئیستەنبوڵ سەریهەڵدا، بەئاراستەی جیاکردنەوەی خیلافەت لە سەڵتەنەت، ئەنجومەنی نیشتمانی گەورەی تورکیا بڕیاری لێکجیاکردنەوەی خیلافەت و سەڵتەنەتی لە ڕۆژی ١/تشرینی دووەم/١٩٢٢دا پەسەند کرد-، بە هێشتنەوەی خیلافەت وەک ڕەمزێکی دینی و ڕۆحی کۆکەرەوەی موسڵمانانی چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانی، و جیاکردنەوەی لە سەڵتەنەت وەک دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی کاروباری گشتی وڵات، ئەم بیرۆکەیە سەری نەگرت، پاش کۆتاییهاتنی شەڕی سەربەخۆیی تورکیا، دواجار خیلافەتی عوسمانی بە پێشنیاری کەمال ئەتاتورک، و بە بڕیاری ئەنجومەنی گەورەی میللی تورک لە ئەنقەرە لە ڕۆژی ١٩٢٤/٣/٣ هەڵوەشێنرایەوە.(١٠) دوابەدوای ئەم بڕیارە کەمال ئەتاتورک دەوڵەتی نەتەوەیی تورکی لەسەر بنەمای عەلمانیەتێکی ڕادیکاڵ و شۆڤێنیەتێکی نەتەوەیی تاکڕەهەندی تورکی ڕاگەیاند.(*)

مرۆڤەکان پێویستیان بە هەبوونی کردەیی پرەنسیپەکانی قبووڵکردنی جیاوازییەکان، ڕێزگرتن لە تایبەتییەکان، دانپێدانانی ئازادییەکان، فەرهەنگی پێکەوە ژیانی ئاشتییانە و ئیرادەی چاکی هەماهەنگییە

کۆی ئەم ڕووداوانە و دەرهاویشتەکانی بووە سەرەتای لەدایکبوون و سەرهەڵدانی حزب و کۆمەڵەی ئیسلامی،

بە هەموو ڕەنگ و پێکهاتە و شەبەنگەکانی دیاردەکەوە، لەژێر کۆناوی (جوڵانەوەی ئیسلامی، الحركة الإسلامية)دا ناوزەد دەکرێن، خاڵی دەستپێکی کردەیی لە / مارس/١٩٢٨دا دەستی پێ کرد، کاتێک (حەسەن بەننا ١٩٠٦-١٩٤٨) یەکەم کۆمەڵەی بەناوی (ئیخوان موسلیمین) وە لە وڵاتی میسر دامەزراند و تا ئێستاش وەک فراوانترین کۆمەڵەی سیاسی ئیسلامی بەردەوامی هەیە، ئەم ڕووداوە بووە سەرەتایەک و دەرکەوتنی چەندین کۆمەڵە و حزبی سیاسی و ڕێکخراوەیی بەدوای خۆیدا هێنا. بەناوی جۆراوجۆر و ناوەرۆکی جیاوازی سەرچاوەگرتوو لە تێگەیشتن و ئیجتیهادی جیاواز بۆ قورئان و فەرموودە و کولتوور و مێژووی ئیسلام و واقیعی ئەو کۆمەڵگەیەی تێیدا دەردەکەوێت.

ڕەنگە بەڵگە نەویست بێت ئەگەر بڵێین، ئەوەندەی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون و دیبەیت و هەواڵ و ڕاپۆرت و نووسین، لەسەر ئاستی هەموو دونیا دەربارەی جوڵانەوەی ئیسلامی نووسراوە، لەلایەن سەنتەر و ناوەندە جۆراوجۆرەکان و دەزگاکانی هەواڵگری و سیخوڕی بەمەبەستی خزمەت بە ئەجێندا و دۆسیە تایبەتییەکانیان، و ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی و ئەکادیمی، و... هتد، کەم بابەت هەیە لەم سەردەمەدا بگاتە ئەو ئاستەی ئاوڕلێدانەوە و لەسەر وەستان، بەشێکی بەرچاو لەو نووسین و لێکۆڵینەوە و تێزە زانکۆییانەی ناونانی جیاواز و پێناسەی جیاوازیان بۆ چەمکی "جووڵانەوەکە" کردووە، کە بە دەگمەن وا دەبێت پێناسە و ناولێنانێکی بابەتی و بێلایەن و بە وێژدانەوەی تێدا دەست بکەوێت، بۆیە بە گرنگی دەبینم لە خستنەڕووی پێناسەی جوڵانەوەی ئیسلامییدا، ئاماژە بە ڕای بیرمەندان و سەرکردە و کەسایەتییەکانی ناو"جووڵانەوەکە" خۆی بکەم، و هەوڵ دەدەم ئاماژە بە گشتگیرترینیان بکەم، ڕاشد غەننوشی سەرۆکی حزبی نەهزەی ئیسلامی تونس لە پێناسەی جوڵانەوەی ئیسلامیدا دەڵێت: (مەبەست لە جوڵانەوەی ئیسلامی کۆی ئەو چالاکیانەیە کە بە پاڵنەری ئیسلام، بۆ هێنانە دی ئامانجەکانی و بەردەوام نوێکردنەوەی، لەلایەن کۆمەڵە و ڕێکخراوەکانەوە سەرهەڵدەدەن، لەپێناو دیسیپلین و ئاراستەکردنی هەمیشەیی واقیع، لەبەر ئەوەی ئیسلام بۆ هەموو کات و شوێنەکان هاتووە، حەتمییە دەبێت بە گۆڕانی دۆخەکانی کات و شوێن، و پەرەسەندنی زانست و مەعریفە و هونەر، پەیامەکەی نوێ ببێتەوە، بینا لەسەر ئەمە ئامانج و ستراتیژیەتەکانی بزاڤی ئیسلامی و ئامرازەکانی کارکردنی دەگۆڕێن بە گۆڕانی کات و شوێن.)(١١)

هەروەها دکتۆر حامد عەبدولماجید قویسی بەم شێوەیە پێناسەی بزاڤی ئیسلامی دەکات: (بریتییە لەو کۆمەڵە و

ڕێکخستنە ئیسلامییانەی، کە نوێنەرایەتی سیاسی ئەم بزاڤە شەعبی و کۆمەڵایەتییە دەکەن، کە لە تێگەیشتنێکی دیاریکراو و دەستنیشانکراو بۆ ئیسلام وەک بانگەوازێک دەستبەکاربوون، دەخوازن لە دەوڵەت یان سیستمێکی سیاسی دیاریکراودا بەرجەستەی بکەن، لە میانەی کۆمەڵێک ئامراز و میکانیزمی جۆراوجۆرەوە، کە لە چوارچێوەی ئیسلامدا ڕەوایەتی پێدراوە.)(١٢)

بابەتی فرەیی سیاسی وەك یەكێك لە ئاماژە سەنتراڵەكانی ڕێسا و بنچینەكانی پێكهێنانی دیموكراتیەت، لە كۆمەڵگە و دەسەڵاتە سیاسییەكانی ناوچەكەدا لە قەیرانی پەیوەندی نێوان تیۆری و پراكتیك قوتاری نەبووە



قسەكردن لەسەر جووڵانەوەی ئیسلامی ئاماژە نییە بە قەوارەیەكی سیاسی ئیسلامی ڕێكخراوی هەماهەنگ و یەكگرتوی دارێژراو لە ڕێكخستنێكی دەسنیشانكراودا، كە یەك بەرنامەی كار و یەك سەركردە و سەركردایەتی ئاراستەی بكات، بەڵكو گوزارشتە لە چەندین چوارچێوەی جیاوازی كۆمەڵە و گردبوونەوە و حزب و ڕێكخراوی جۆراوجۆر، لەژێر چەندین ناوی جیاواز و قەبارە و فۆرمی لێكجودادا، ئەم جیاوازیانە ڕەنگدانەوەی لەسەر جیاوازی هەڵسوكەوت و ڕەفتاری دینداریی تاك و كۆمەڵەكان دروست كردووە.

ئەوەی مەبەستی ئەم نووسینەیە قسەكردنە لەسەر هەڵوێستی ئەو حزب و كۆمەڵە سیاسییە ئیسلامییانەی كە لە چوارچێوەی سیستمی سیاسی و بزاوتە سیاسییەكەی كۆمەڵگەدا كار و چالاكییەكانیان ڕێكدەخەن و بەرامبەر بە پرسی فرەیی سیاسی، بەگشتی بەوە دەناسرێنەوە، كە بە ڕێگا و ئامرازی جیاواز هەوڵی گەیشتنە دەسەڵات و چەسپاندنی ئەزموونی سیاسی ئیسلام، لە دونیای ژیانی تاك و كۆمەڵگەدا دەدەن، لەمیانی كۆمەڵێك كار و جووڵەی بەردەوامی ڕێكخستن و گرتنە خۆی جەماوەر و سوود وەرگرتن لە ڕەمزیەت و پێگەی باڵای دین و بنكەی دینداری كۆمەڵگە، بە پێداگرتن لەسەر ئەوەی كە ئیسلام-خۆیان وەك بكەری سیاسی- لە توانایاندایە چارەسەری پێویست بۆ كێشە و قەیرانەكانی كۆمەڵگەكان پێشكەش بكەن، وەڵامدەرەوەی پێویستییەكانیان بن لە قۆناغە مێژوویەكدا، هاوكات لەگەڵ دامەزراندنی دام و دەزگاكانی دەوڵەت، پشتبەستوو بەو باوەڕەی كە قورئان و فەرموودە، بنەما و پرەنسیپەكانی حوكمڕانی كۆمەڵگە و دامەزراندنی دامەزراوەكانی دەوڵەت و دەسەڵاتی سیاسی لەخۆدەگرێت.

لەبەرئەوەی زاراوەی جووڵانەوەی

ئیسلامیی-الحركة الإسلامیة-وەک چەمکێکی فراوان، بۆ هەموو ناوەرۆکە جیاوازەکەی "جووڵانەوەکە" بەکار دەهێنرێت، لەبەرئەوە وەک یەک پێکهاتە و قەوارە سەیرکردن و مامەڵەکردنی وێناکردنێکی دروست نییە، بەڵکو لە چەندین ڕێکخراوە و کۆمەڵە و حزب و تەوژمی جۆراوجۆری جیاواز لەڕووی تیۆری و کردەیی و مەنهەجیەتی کار و ئامرازی کارکردن و گوتارەوە،.. لێکجیاوازن، بەدەیان ناو و ناونیشان نوێنەرایەتی ئەم جیاوازیانە دەکات، ئەوەی لێرەدا مەبەستی قسە لەسەر کردنی ئەم بابەتەیە، ئەو بەشەیە لە(جووڵانەوەکە) کە خۆی بەکاری سیاسییەوە سەرقاڵ کردووە، و بەشداری لە بزاوتی گۆڕەپانە سیاسییە/ یاساییەکەدا قبووڵ کردووە، لە سۆنگەی-مونتەلەق- قبووڵکردنی ڕێساکانی، و گواستنەوەی لە قۆناغی کارلێکە فیکری و تیۆرییەکانییەوە بۆ مومارەسەی کردەیی، بۆ هەموو ئەوانەی مەبەستیانە دەتوانن بە چاودێریکردن و شرۆڤەکردن مامەڵەی ڕاستەوخۆی لەگەڵ بکەن، لەمیانی بەشداری لە هەڵبژاردنەکان و نوێنەرایەتی و بەشداری لە حکومەت.(١٣) لەهەمانکاتدا بەشێکی بەرچاو لە(جووڵانەوەکە) خۆی دوردەگرێت لەکاری سیاسی و چوونە ناو ئەو بازنەیە و ئامانجی سیاسیی نییە، وەک: کۆمەڵەی نوور، کۆمەڵەی تەبلیغی ئیسلامیی، تەوژمی مەکتەب قورئان، وەک نموونە.

هەر پێکهاتەیەکی (جووڵانەوەکە) لەژێر ناوێکدا پێناسەیەکی تایبەتی بۆ خۆی کردووە، کەمتر پێناسەی حزبی ئیسلامیی لە کتێب و لێکۆڵینەوە و بەدواداچونەکاندا دەبینرێت، بۆیە ئاماژەکردنێکی کورت بە پێناسەی حزبی ئیسلامیی خزمەت بە زیاتر تێگەیشتن لە جووڵانەوەکە و بابەتەکەش دەکات.

حزبی سیاسی ئیسلامی بریتییە لە گردبوونەوەی کۆمەڵێك لە هاووڵاتی پابەند بە ئیسلام، کە پرەنسیپ و بیر و بەها سیاسییە ئیسلامییەکان لەچوارچێوەی ڕێکخستن و سەرکردایەتییەکدا کۆیان دەکاتەوە، هەوڵی بەدەستهێنانی پشتیوانی و وەلائی هاووڵاتیان دەدەن بۆ گەیشتنە دەسەڵات، یان بەشداری کارا تێیدا، بەمەبەستی هێنانە دی ئەو پرەنسیپ و قیەمانە لە سەکۆی حوکمڕانیدا.(١٤)

دکتۆر (نیزام بەرەکات) لە پێناسەی حزب و کۆمەڵە سیاسییە ئیسلامییەکاندا، تیشکی زیاتر دەخاتە سەر ڕەگەزی ئامانجی پیادەکردنی شەریعەت بە ئامرازە گشتییەکانی دەوڵەت و دەڵێت:(ئەو حزبانەن کە ئیسلامیان وەک عەقیدە و ئایدیۆلۆژیا گرتووەتە خۆ، پابەندبوونیان بە پیادەکردنی شەریعەتی ئیسلام و ڕەتکردنەوەی هەموو شتێک کە ناکۆک بێت لەگەڵی ڕاگەیاندووە، هەوڵی دامەزراندنی سیستمی حوکمڕانی ئیسلام دەدەن بە پشت بەستن بە چەمکی حاکمیەتی خودا.)(١٥)

هەڵوێستی حزب و کۆمەڵە ئیسلامییەکان و فرەیی حزبی و سیاسی

کات ڕۆڵ و گرنگی خۆی هەیە، لە کردەی بەدواداچوون و خوێندنەوەی هەر بابەتێکی پەیوەست بە حزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان بەگشتی، و حزب و کۆمەڵە سیاسییە ئیسلامییەکان بەتایبەتی، چونکە حزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان بەشێکی گرنگن لە دیاردەی سیاسەت لە کۆمەڵگادا، و یەکێک لە خەسڵەتە سەرەکییەکانی سیاسەتیش فرەگۆڕان و بارە و باربوونیەتی، بۆیە دۆخی حزبیش هەمان گۆڕان و بارە و باربوون دەیگرێتەوە، و گەرەنتی مانەوەی لەسەر دۆخێکی نیمچەجێگیریش ناکرێت.

بڕگەی مێژوویی گرنگ بۆ لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی پرسی فرەیی حزبی و سیاسی لە دیدی حزب و کۆمەڵە سیاسییە ئیسلامییەکانەوە، دەکەوێتە لەنێوان چارەکی کۆتای سەدەی بیست و چارەکی یەکەمی ئەم سەدەیە، ئەوەش لەبەر دوو هۆ:

یەکەم: هەڵکشان و دەرکەوتنێکی تەقینەوە ئاسا و فراوانبوونی هێز و تەوژمە سیاسییەکانی جووڵانەوەی ئیسلامی لە ساڵانی ٧٩-٨٩ بەهۆی سەرکەوتنی هەر دوو شۆڕشی ئیسلامی ئێران و شۆڕشی ئەفغانستان لەدژی داگیرکردنی سەربازی سۆڤیەت.

دووەم: کۆتاییهاتنی سەردەمی جەنگی سارد و داڕمانی بلۆکی ڕۆژهەڵات، لە ٣/ کانوونی یەکەمی/ ١٩٨٩ گۆرباچۆڤ لە کۆنگرەی لووتکەی ماڵتا لەگەڵ جۆرج بۆشی باوک کۆتایی جەنگی ساردی ڕاگەیاند.

ئەم دوو ڕووداوە کاریگەریی سیاسی گەورەیان لەسەر دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی وڵاتانی ئیسلامی لێکەوتەوە، بەتایبەت دەرفەتێکی نوێی لەسەر دەرکەوتن و هاتنە پێشەوەی حزب و کۆمەڵە ئیسلامییەکان کردەوە ئەو ڕادەی هەندێک لە نووسەرانی ڕۆژئاوایی جووڵانەوەی ئیسلامییان بە (مەترسی سەوز) وەسف دەکرد -بەرامبەر نەمانی مەترسی سوور- لە لایەکی ترەوە هەندێک لە نووسەران و بیرمەندان دۆخەکەیان بە دەستپێکی تەوژمی سێیەمی دیموکراتییەت لە وڵاتانی جیهانی ئیسلامیدا وەسف دەکرد.

فرەیی سیاسی چەمکێکە ئاماژە بە یەکێك لە شێوازەکانی سیستمی ڕکابەری نێوان حزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان دەکات، لە چوارچێوەی ڕژێمێکی سیاسیدا

لەم بڕگە مێژوویییەدا بەشێکی بەرچاو لە حزب و کۆمەڵەکانی جووڵانەوەی ئیسلامی، سوودمەندی سەرەکی بوون لەو کرانەوەیەی کە شێوازێک لە دیموکراتیەتی تێدا هاتبووە ئاراوە، حزب و ڕێکخراوی سیاسی نوێیان

دامەزراند و چالاکی سیاسی ئاشکرایان ڕاگەیاند، وەک بەشێک لە هێزە سیاسییە نیشتمانییەکانی کۆمەڵگە-ئەگەرچی هاوکات لەگەڵ هەبوونی هەستیاری نوخبەی فەرمانڕەوای زۆرێک لەو وڵاتانە و دەستبردنیان بۆ سەپاندنی کۆت و بەندی یاسایی و سیاسی- بەشداریان لە هەڵبژاردنە گشتییەکاندا ڕاگەیاند و پێکهێنانی فراکسیۆنی پەرلەمانی و بەشداری کابینەی حکومەت لە هەندێک وڵاتدا لێکەوتەوە، ئەم دۆخە نوێیە ئیسلامییەکانی خستە بەردەم کۆمەڵێک پرسیار و ئیشکالیەتی نوێ دەربارەی بەشداری لە پرۆسەی هەڵبژاردن و چوونە پەرلەمان، و بەشداری لە حکومەت و گرتنەدەستی پۆستی وەزارەت، بوونە پرسگەلێکی شەرعی و چەندین پرسیاریان بەدوای خۆیاندا هێنا!! لەوانە ئایا حزب و کۆمەڵە و تەوژمێکی سەربە جووڵانەوەی ئیسلامی دەتوانێت بەشداری لە هەڵبژاردنی پەرلەماندا بکات؟ ئایا چوونە پەرلەمان کە یاساگوزاری تێدا دەکرێت -تشریع- لەگەڵ هەبوونی شەرعی خودادا ڕەوایە؟؟ ئایا دەکرێت لە حکومەتێکدا بەشداری بکرێت کە تەتبیقی شەرعی خودا ناکات و خەڵکی عەلمانی سەردەستە و خاوەن بڕیارن تێیدا؟؟ ئایا لەڕووی شەرعەوە گونجاوە لەگەڵ کۆمەڵێک حزب و ڕێکخراوەی سیاسی چەپ و لیبراڵ و عەلمانی و قەومچیدا لە بزاوتی سیاسی -الحراک السیاسی- کۆمەڵگەدا بەشدار بیت؟؟ ئەم پرسیارانە بە چەندین دەربڕین و داڕشتنی جیاواز بوونە بابەتی مشتومڕی نێوان کۆی بزاڤی ئیسلامی، لەگەڵ ئەوەی ئەم پرسە وەک ئیشکالیەتێکی شەرعی کەوتە بەرباس، کەچی بووە هۆکاری سەرەکی دروستبوونی مشتومڕ و جیاوازی و ناکۆکی و لێکدابڕان، بە هۆکاری نەبوونی پێشینەی مێژوویی و نەبوونی فەتوا و ڕای زانایان لەسەر پرسە سیاسییەکانی سەردەمەکە، سەرباری کاریگەری حکومەت و دەسەڵاتەکان لە تێکدانی فەزای جووڵانەوەکە و ئاراستەکردنی بە ئاقارێکدا کە خزمەت بە ئەجێندای خۆیان بکات، بۆ نموونە: کاتێک (بەڵێننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسییەکان)ی هاووڵاتی لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە خرایە بواری جێبەجێکردن، وڵاتی سعودیە یەکێک بوو لەو وڵاتانەی پشتیوانی دەرکردنی بڕیارەکەی نەکرد، ڕایگەیاند:

هەبوونی فرەیی گرێدراوی دیموکراتیەتی سیستمی سیاسی و مانابەخشی کۆمەڵگەی فرەییە

وڵاتی ئێمە پێویستی بەحزب نییە، و لە دەستووری ئێمەدا-مەبەستیان قورئانی پیرۆز بوو- هەبوونی حزب قەدەغەیە، بە پەیڕەوکردنی ئەم فەرمانە، هەتا ئەم ساتەش نەک ئەوەی هەموو تایپ و جۆرەکانی سەلەفییەتی سەر بەم وڵاتە تەکفیری حزب و ئینتیما بۆ حزب دەکەن و دەیخەنە دەرەوەی شەرع و دینی ئیسلام.

لەو سەردەمە بەدواوە، لە ناوەندە ئیسلامییەکەی حزب و کۆمەڵە و ڕەوتە ئیسلامییەکانی جووڵانەوەکەدا تاوتوێکردن و گفتوگۆ و باسوخواس لەسەر بابەتی شەرعی بوون و شەرعیەتی دینی حزب و فرەحزبی، بەردەوامی هەیە و چەمک و زاراوە بەکارهاتووەکان لەو بوارەدا نوێن، دیاردەکە بووەتە جێگەی لەسەر وەستانی حزب و کۆمەڵە سیاسییە ئیسلامییەکان، و ڕووبەڕووی چەندین ئاڵنگاری فیکری و تیۆری و کردەیی، کردونەتەوە و ڕەنگدانەوەی ناسازی لەسەر پەیوەندییەکانیان و هەڵوێستەکانیان دروست کردووە، فەتوا و ڕوئیای جیاواز و ناکۆکی لەسەر حزب و جۆری حزب و فرەیی حزبی سیاسی لێ کەوتووەتەوە، و لە دیمەنە گشتییەکەیدا دابەشبوون بەسەر دوو دەستەدا، دەستەیەک بەئاڕاستەی دژ و ڕەتکردنەوە و تەحریمی حزب و فرەحزبی، و دەستەیەکیش بە بڕوابوون و دانپێدانان، هەر یەکەیان بەڵگە و دەلیلی بۆ پاڵپشتی ڕاکەی خۆی خستووەتە ڕوو، لەبەر ئەوەی لایەنی خاوەن هەڵوێستی قبووڵکردن و بڕواپێبوون، ڕا و تێگەیشتنەکانیان لەسەر وەڵامی ڕەتکردنەوە و هەوڵی پووچەڵکردنەوەی بەڵگە و پاساوەکانی دەستەی دژ و ڕەتکردنەوە داڕشتووە!!بۆیە سەرەتا لەسەر ڕاو و فەتوا و تێگەیشتنی دەستەی یەکەم دەوەستین.

یەکەم: ئاڕاستەی تەحریمی گشتگیر و ڕەتکردنەوەی بیرۆکەی حزب و فرەحزبی

ئەم ئاڕاستەیە کە بە زۆری تەوژمی سەلەفی بە هەموو شێوازەکانییەوە نوێنەرایەتی دەکەن، ئیجتیهادی خۆیان لەسەر تەحریمی شەرعی و قەدەغەکردنی بوونی حزب و ئینتیما بۆ حزبایەتی داڕشتووە، وەک دیاردەیەکی خراپ و نامەقبول لە شەریعەتی ئیسلامدا، ئیسلامی بێت! یان عەلمانی، لەم تێگەیشتنەدا سیستمی فرە حزبی لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا جێگەی نابێتەوە، ئەگەرچی گفتوگۆی پرسی فرەیی حزبی و سیاسی لەم تێگەیشتنەدا مانایەکی نامێنێت!! بەڵام بۆ تێگەیشتن لە پاساوەکانیان ئاماژە بە هەندێک لە خاڵە سەرەکییەکانی بەڵگەکانیان دەکەین:

١- بەڵگەی دەقە شەرعییەکانی قورئان و سوننەت، کە سەرکۆنەی-زەم-حزب دەکەن، بەهۆی ئەوەی کاری حزب و حزبایەتی لەسەر جیایی و لێکدابڕان دامەزراوە، و دەبێتە سەرچاوەی ناکۆکی و دابەشبوون لەنێوان موسڵمانانداا، قورئانی پیرۆز لە چەندین دەقدا، داوای کۆدەنگی و یەکڕیزی و برایەتی و پشتگیری و هاوکاری، نێوان موسڵمانان و دەستگرتنی دەستەجەمعییان بە ئایینی خوداوە دەکات، [واعْتَصِموا بِحَبْلِ اللَّهِ جَمِيعًا ولا تَفَرَّقوا] و[ولا تَكونوا كَالَّذِينَ تَفَرَّقوا واخْتلفوا مِن بَعْدِ مَا جَاوهُمُ الْبينَاتُ وأولئِكَ لهُمْ عَذَابٌ عَظيمٌ](١٠٣) و(١٠٥) ال عمران.

هەروەها پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت:(عليكم بالجماعة، وإياكم والفرقة)(*) لەبەر ئەم هۆکارە، بانگەشەکردن بۆ فرەحزبی و بەگشتی حزبایەتی دژی قورئان و سوننەت دەبێت، بەو لێکترزان و دابەشبوونەی لەنێون موسڵماناندا دروستی دەکات.(١٦)

٢-حزب وەلاء و پابەندی و هەواداری بۆ ئەندام و لایەنگرانی لەسەر دیسپلینی حزبایەتی دروست دەکات، لە کاتێکدا تەنها ئیسلام جێگەی پێوەگرێدانی وەلاء و بەرائی تاکی موسڵمانە، نەک هیچی تر، ﴿إِنَّمَا وَلِيُّكُمُ اللَّهُ وَرَسُولُهُ وَالَّذِينَ آمَنُوا الَّذِينَ يُقِيمُونَ الصَّلَاةَ وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وَهُمْ رَاكِعُونَ ٥٥﴾ [المائدة:٥٥].

لەبارەی پەیوەندی حزب بە پرسی وەلاء و بەرائەوە(صفى الرحمان موبارەکفوری) ڕای وایە: ئەگەر ڕامان لەسەر پێکهێنانی حزب بوو لە ئیسلامدا، ئەوا یان ئیسلام دەکاتە بنەڕەتی وەلاء و بەرائی، یان شتێکی تری جگە لەو، ئەگەر ئیسلامی کردە بنەڕەتی وەلاء و بەرائی خۆی، ئیسلام پێویستی بە دامەزراندنی حزبێکی تر یان ڕێکخستنی جەماعەتێکی تر نییە، بەڵکو خۆی بەسە بۆ ئەو کارە، واتە کاتێک ئیسلام دەکرێتە بنەڕەتی وەلاء و بەرائی کەسی موسڵمان پێویست بە دامەزراندنی حزب ناکات، ئەگەر بۆ شتێکی تری جگە لە ئیسلام بوو، ئەوە کارێکی جاهیلیە...کەواتە با لەم بنەڕەتە بۆگەنە گەڕێین بۆ حزبەکان، و ئیسلامی پێ پیس نەکەین.(١٦)

٣- ئەو بەڵگە شەرعییانەی فەرمان بە دوورکەوتنەوە لە کێبڕکێ و هەرا و ناکۆکی، لەسەر گرتنەدەستی دەسەڵات و ئیمارەت دەکەن، و بە کارێکی سەزەنشتکراو لە ئیسلامدا دادەنرێت، و چەندین بەڵگەی شەرعی ئەو فەرمانی دوورکەوتنەوەیە پشتڕاست دەکەنەوە، هەڕەشەی داماوی و سەرشۆڕی لە بکەرانی دەکەن، بوخاری لە ئەبوهورەیرەوە دەگێڕێتەوە، ئەویش لەپێغەمبەرەوە(صلى الله عليه وسلم) کە فەرمویەتی:(إنكم تحرصون على الإمارة، وستكون ندامة يوم القيامة، فنعم المرضعة، وبئست الفاطمة) وە لەبەرئەوەی حزب ئامرازی سەرەکی کێبڕکێ و ململانێی و پاڵپاڵێنی گەیشتنە سەکۆی دەسەڵات و ئیمارەتە.

٤- ئەو بەڵگە شەرعییانەی ئاماژە بە دوورکەوتنەوە لە خۆ تەزکیەکردن و بەخۆداهەڵدان و خۆقەبەکردن دەکەن، خوای پەروەردگار دەفەرموێت: فَلَا تُزَكُّوا أَنْفُسَكُمْ {النجم: ٣٢ } هەروەها دەفەرموێت: (أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ يُزَكُّونَ أَنْفُسَهُمْ بَلِ اللَّهُ يُزَكِّي مَنْ يَشَاءُ وَلَا يُظْلَمُونَ فَتِيلًا){النساء: ٤٩} لەبەرامبەردا تانەلێدان و بە کەم زانین و موهاتەراتکردن بە ئەوانی تری ڕکابەری موسڵمان بەئاشکرا و لەبەردەم ڕای گشتی دا، خودای پەروەردگار دەربارەیان دەفەرموێت: [وَلَا تَلْمِزُوا أَنْفُسَكُمْ وَلَا تَنَابَزُوا بِالْأَلْقَابِ ۖ بِئْسَ

الِاسْـمُ الْفُسـوقُ بَعْـدَ الْإِيـمَـانِ ۚ وَمَن لَّمْ يَتُبْ فَأُولَـٰئِكَ هُـمُ الظَّالِمُونَ﴾[الحجرات، ١١} چونکە ئاشکرایە کاری حزبی لە هەڵمەتەکانی پڕوپاگەندەی خۆپاڵاوتن لە هەڵبژاردنەکاندا، یان بۆ پۆست و پێگەیەکی دیاریکراو خۆ تەزکیەکردنی کەسەکانی تێدەکەوێت، و تانەدان و بوختان و درۆ هەڵبەستن بۆ شکستپێهێنانی ڕکابەرەکان ڕووداوێکی چاوەڕوانکراوە، حەرامی هەر دوو کاری (خۆ تەزکیەکردن) و (تانەدان لەوانی تر)، زانینیان لەو شتانەیە وەک زەروورەتی شەرعی نابێت موسڵمان نەیزانێت، بۆیە حزبایەتی تێکدانی برایەتی و شکاندنی پەرژینی برایەتی ئیمانییە بەگشتی، ئەوەی کە ئەهلی قیبلە لە هەموو ئەوانەی شایەتمانیان هێناوە پێکەوەی دەهۆنێتەوە، هەرکەس بەگوێرەی شوێنی خۆی.(١٧)

حزب و ڕێکخراوی سیاسییەکەی بنەڕەتی هەبوونی فرەیی سیاسییە و تاکە میکانیزمی پیادەکردنییەتی لە کۆمەڵگەدا

٥- نەبوونی پێشینەی مێژوویی دەربارەی دیاردەی حزبایەتی و فرەحزبی، لە مێژوویی کۆمەڵگەی موسڵماناندا، دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی چەندین سەدەی دووروودرێژ فەرمانڕەوایی جیهانی ئیسلامی کردووە، و مێژوو تەنها یەک ڕابردووی لەم جۆرەی بۆ تۆمار نەکردووین، ئەمەش وەک کۆدەنگییەکە لەلایەن ئوممەتی ئیسلامییەوە لەسەر وازلێهێنانی.(١٨)

٦-ئەو بەڵگانەی گوێڕایەڵی فەرمانڕەوا و ئیمام و خەلیفەی موسڵمانان، واجب دەکەن، جگە لە فەرمان بە گوناهە، داوای دووورکەوتنەوە لە ناکۆکی لەگەڵیان و حەرامی هەڵگەڕانەوە لەدژیان دەکات، بەڵام سیستمی فرەحزبی -وەک ئاماژەی بۆ کرا- بەگوێرەی ڕێسای ڕکابەری و ململانێ لەسەر دەسەڵات و ئیمارەت دامەزراوە، هەوڵی گەیشتنە دەسەڵات یەکێک لەو خەسڵەتە سەرەکییەکانی حزب لە جۆرەکانی تری ڕێکخراو و گردبوونەوە جیا دەکاتەوە، دکتۆر ساڵح فوزان ئەلفوزان ئەندامی دەستەی گەورە زانایان و ئەندامی هەمیشەیی لیژنەی فەتوا لە وڵاتی سعودیە، ڕای وایە: (هەوڵی حزبەکان بۆ گەشتن بەدەسەڵات، لەمەنهەجیەتی ئیسلامدا نییە، بە پێداگرتن لەسەر ئەوەی حوکمڕانی-لە ئیسلامدا-لەسەر بەیعەت دامەزراوە لە لایەن ئەهلی حەل و عەقدەوە لە زانایانی شەرع و شارەزایان بە کاروباری سیاسەت، حوکمڕانی فەوزا و ئاژاوە نییە، پێویستە خەڵکی تر شوێنکەوتووی ئەهلی حەل و عەقد بێت.)(١٩)

دووەم: ئاڕاستەی قبووڵکردنی هەبوونی حزب و فرەیی حزبی و سیاسی

خاوەنەکانی هەڵوێستی لایەنگریی، و ڕەوایەتیدانی شەریعەت بە حزب و فرەحزبی، بۆیان ئاسانە لە چوارچێوە فراوان و فرەڕەنگ و هەمەجۆرەکەی مێژووی بیر و کولتووری شارستانیەتی ئیسلامیدا وەڵامی پێویست بۆ بەڵگەکانی دەستەی ڕەفز و دژ بدۆزنەوە و مژار-خیار-و هەڵوێستەکەی خۆیان بنەجێبکەن و پارادایمی پشتبەستوو بە بنەماکانی ئیسلام بۆ ڕەوایەتیدان بە دروستکردنی حزب و قبووڵکردنی فرەیی حزبی بدۆزنەوە، و لایەنە نێگەتیڤەکانی دیاردەکە تێپەڕێنن.(٢٠)

بەڵگەکانیان بە شێوەیەکی کورتی ئاماژە ئاسا:

١-سیاسەت و سیاسەی شەرعی، لە بۆچوونی زانایان و فەقیهەکانی پێشیندا.

(ئیبنو عەقیل) دەڵێت: سیاسەت ئەو کردەیە کە خەڵك لەگەڵ ئەنجامدانیدا، نزیکتر بن لە چاکە و دوورتر بن لە گەندەڵی و خراپە، ئەگەرچی پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) داینەنابێت و وەحی لەسەر دانەبەزیبێت.(٢١) بەهەمان ئاڕاستە (ئیبنو قەیم) لە کتێبی (الطرق الحکمیة) قسەیەکی مەشهوری هەیە، دەڵێت: (ناوترێت ئەوەی سیاسەتی عادیلانەیە، دژی ئەوەیە کە شەریعەت وتویەتی، بەڵکو هەماهەنگە لەگەڵی، بەڵکو بەشێکە لەبەشەکانی، ئێمە بەگوێرەی زاراوەکەی ئێوە ناوی لێدەنێین سیاسەت، بەڵام ئەوە عەدالەتی خودا و پێغەمبەرە، کە بەم ئاماژە و نیشانانە دەردەکەوێت).(٢٢)

٢-نەبوونی بەڵگەی تەحریم

زانایان لە وانەش (ئیبنو تەیمیە)، لەسەر ئەو تێگەشتنەن کە بنەڕەتی شەرعی بۆ گرێبەست و موعامەلات، حەڵاڵی و ڕێگەپێدرانە،"ئەوە شایستەترە بە مەبەستەکانی شەریعەت و ڕاستترە بۆ بەرژەوەندی موسڵمانان- موکەلەفین- کاتێك ڕێکارە پێویستەکان بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی دەوڵەت، لەخانەی ڕۆتین و گرێبەستەکان بێت، کە بنەڕەتی شەرعی تێیدا حەڵاڵبوونە، هەتا بەڵگەیەك دێتەپێش و حەرامبوونی دەسەلمێنێ، لەوانە فرەیی حزبی و سیاسی، کە ئامراز، یان میکانیزمی هێنانەدی بەرژەوەندی ئوممەت و پاراستنییەتی لەستەم و ئیستبداد، کاتێك بنەڕەت وبەشەکانی دژ بەشەرعی تیانەبوو، بنەڕەت حەڵاڵبوونە.(٢٣)

٣-پاراستنی ماف و ئازادییەکانی هاووڵاتیان

ماف و ئازادییەکانی هاووڵاتیان بە یەکێك لە مەبەستە گرنگەکانی شەریعەتی ئیسلام دادەنرێت، بەڵکو دەستبۆبردنیان لە حەرامکراوەکانە، پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) لە وتاری حەجی ماڵئاوایدا فەرمویەتی: (إنَّ دِماوَكُم، وأمْوالكم وأعْراضكُم حرامٌ

عَلَيْكُم كَحُرْمه يومِكُم هَذا، فی شهرِكُمْ هَذا، فی بلَدِكُم هَذا، ألا هَلْ بلَّغْت.) متفقٌ عَليهِ. پاراستنیشیان واجبێکی شەرعییە، لە سەردەمی ئێستادا پاراستنی ئەم ماف و ئازادییانەی تاکی هاوڵاتی بێدەرەتان، لە بەرامبەر هێز و ستەمی دەسەڵاتدا، بە تەنیا توانای پاراستنی نییە، لێرەوە ڕۆشتن بە ئاراستەی فەتوای جائیزبوون، بەڵکو واجبوونی دروستکردنی حزب و کۆمەڵەی سیاسی و فرەحزبی دەبێتە واجب، چونکە حزب ئەو قەوارە سیاسییەیە کە توانای تاکەکانی کۆمەڵگە لەهێزێکی یەکگرتوودا کۆدەکاتەوە.

حزب و کۆمەڵە سیاسییە ئیسلامییەکان، پانتاییەکی بەرچاوی لەدیمەنی پێکهاتەی ژینگەی سیاسی کۆمەڵگەی سەرجەم وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی گرتووە

٤-جێگرەوەی سەردەمیانەی حزب و فرەحزبی

بەسەرنج لەسەر خاڵی سەرەوە سێ پرسیاری سەرەکی دەبێتە ئەوەی ئایا ئەڵتەرناتیڤی لەبەردەستابووی حزب لەئێستا جگە لە حزب خۆی چی ترە؟ ئەگەر حزب و فرەحزبی پۆخڵەیی خۆی هەبێت، یەك ڕەهەندی دەسەڵاتیش خراپەی خۆی هەیە! بەڵام خراپەکانی هەناوی یەك ڕەهەندی تاڵتر و قورسترن، ئەگەر لە تەرازووکردندا بۆمان هەبێت یەکێکیان هەڵبژێرین، بونیادی شەریعەت لەسەر هێنانەدی تەواوترین بەرژەوەندییە بەلادانی کەمترینیان، ڕێکردنەوەی گەورەترینی دوو خراپە بە قبووڵکردنی کەمترینیان.(٢٤)

٥-ڕێککەوتن لەسەر خێر و هاوکاری لەسەر چاکە

لایەنگرانی هەبوونی حزب و فرەحزبی وای دەبینن، کارکردن لەم بوارەدا کۆبوونەوەیە لەسەر خێر و هاوکاری کردنی یەکترە لەسەر چاکە، هەر لەسەرەتاوە ڕێککەوتن لەسەر ئەم پرسە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەدا لەخۆیدا ڕەوایە، بانگکردنی خەڵك بۆ پشتگیری ئەم ئیجتیهادە خێرە و پشتیوانی خاوەنەکانی بۆ ئەوەی بیگەیەننە ئاستی جێبەجێکردن لە خۆیدا ڕەوایە، ئەم کارە لە ڕەگەزی بانگەوازە بۆ چاکە بە گشتی(٢٥)

ئەوەی ئاماژەمان بۆ کرد ڕا و تێگەشتن و ئیجتیهادی پێکهاتەکانی جووڵانەوەی ئیسلامییە، کە یەکەمیان بە زۆری تەوژمی سەلەفی زانستی و بانگخوازی و سەلەفییەتی جیهادی بانگەشەی بۆ دەکەن،-ئەگەرچی لەبەهاری عەرەبیدا گۆڕان بەسە بەشێك لە تەوژمی سەلەفیدا لە دەرەوەی سعودیە هاتووە-، ئاراستەی دووەمیشیان بە زۆری کۆمەڵەی ئیخوان موسلیمین بەهەموو بەشەکانییەوە

لەهەموو شوێنەکانی جیهاندا پشتیوانی لێدەکەن و لەساڵی ١٩٩٤دا بەیاننامەی فەرمیان لەسەر قبووڵکردنی فرەیی لە هەموو لق و بەشەکانیاندا قبووڵ کردووە.

لەگەڵ هەبوونی ئەم دوو ئاراستە و مەنهەجیەتە سەرەکییەی هەڵوێستگرتن لەسەر حزب و سیستمی فرە حزبی، ئیسلامییەکانی ناو ئاراستەی قبووڵکردن و دانپێدانان بە دروستکردن و حزب و حزبایەتیدا، لەسەر جۆری حزبەکان لەڕووی ئەو بیر و ئایدیۆلۆژیایەی هەڵیدەگرن و خۆیان لەسەر ڕێکخستووە و کاربۆ هێنانەدی دەکەن ڕا و بۆچوونی جیاوازیان هەیە، کە لەخوارەوە ئاماژەی بۆدەکەین:

١-ئاراستەی قبووڵکردن و ڕێگەپێدان بە تەنیا حزب و کۆمەڵەی ئیسلامی

لەم ڕوانینەدا هەر حزب و کۆمەڵە و تەوژمێکی سیاسی بکەوێتە دەرەوەی سنووربەندییەکانی (جووڵانەوەکە) دەکەوێتە دەرەوەی شەرعیەتپێدانی ئایینی ئیسلام، سەرچاوەی ئەم تێگەشتن و بۆچوونەی ڕێگەدان بە تەنیا حزب و فرەحزبی ئیسلامی لە دەوڵەتی ئیسلامیدا، گرێدراوی بنەماکانی مەسڵەحەت و مەقاسیدی شەریعە و پاراستنی مافە سیاسییەکانی هاووڵاتیانی ناو جووڵانەوەکەیە، بە سوودوەرگرتن لە گەڕانەوە بۆ مێژووی کولتووری کۆمەڵگەی ئیسلامی، کۆی ئەمانە بوونەتە هۆی بەرهەمهێنانی تێگەشتن و وێناکردنی جیاواز -لەئاراستەی یەکەم- بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پرسەکە بەئاقاری حەڵاڵکردن و ڕێگەپێدانی دروستکردنی حزبی ئیسلامی و ئینتیما بۆ حزب و ڕێکخستنی حزبی ئیسلامیدا بڕۆن.

٢-ئاراستەی ڕێگەپێدانی مەرجدار

خاوەن و لایەنگرانی ئەم ئیجتیهاد و تێگەشتنە ڕێگرنین لە دروستکردنی حزب و قبووڵکردنی فرە حزبی، بەڵام لەسەر ئەو ڕایەن کە لەدەوڵەتی ئیسلامیدا کۆمەڵێك مەرج و پرەنسیپ هەن پێویستە هەموو لایەك پێوەی پابەند بن و دانیان پێدابنێن و کار و چالاکییەکانیان لەو چوارچێوەدا ڕێکخەن، دەرچوونی هەر حزبێك لە مەرجی داننان بەو سەرەتا و پرەنسیپە گشتییانەدا و ڕێزنەگرتن لێیان، دژی دەستووری وڵات و ئادابی گشتی کۆمەڵگە دەوەستێتەوە، ئەم تێگەشتنە شەرعیەتی بوون و کار و چالاکی حزب دەبەستێتەوە بە: أ- ئاستی پابەندبوونی حزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان بە بنەماکانی دەستووری دەوڵەت کە لەسەر شەریعەتی ئیسلام و ڕێسا گشتییەکانی دارێژراون و ڕێزگرتن لە ئادابی گشتی کۆمەڵگە. ب-ئەو گوتار و بانگەشەیەی ئاراستەی کۆمەڵگەی دەکات. ج-جۆری ڕەفتاری سیاسی لەناو کۆمەڵگەدا.

٣- ئاراستەی ڕێگەپێدانی ڕەها

لە دیدی فەتوا و وێناکردنی ئەم ئاراستەوە بۆ دروستکردن و ئینتیما

بۆ حزب و کۆمەڵە سیاسییەکان و فرەیی سیاسی لە کۆمەڵگەدا بە ڕەهایی ڕێگەپێدراوە، ئەم بۆچوونە لەسەر فیقهی واقیع و واقیگەرایی فەتوادان دارێژراوە، بەپێی ئەو ڕێسایەی کە دەڵێت: فەتوا سەرلەبەری ڕووداوەکانی کات و شوێنی خۆیەتی.

قسەکردن لەسەر جووڵانەوەی ئیسلامی ئاماژە نییە بە قەوارەیەکی سیاسی ئیسلامی ڕێکخراوی هەماهەنگ و یەکڕیزی دارێژراو لە ڕێکخستنێکی دەسنیشانکراودا



ئەنجامەکان

١-ئاراستەی و ڕەوتی دژە حزبایەتی و فرەیی حزبی، کە بە قەدەغە و ناشەرعی دەزانن، ڕاستەوخۆ ئاماژەیە بە لێسەندنەوەی شەرعیەتی دینی لە لایەنەکانی تر و خستنەدەرەوەیان لە بازنەی شەرعیەتی ئیسلام.

٢-ئاراستە و ڕەوتی دژ، بەو پێیەی فرەیی حزبی و سیاسی، بە ناشەرعی دادەنێت، لێرەوە گۆڕین و دەستاودەستکردنی دەسەڵات بە ناشەرعی دەزانێت و دەبێتە هێزێکی پارێزەر و پشتیوانێکی گەورەی جەماوەری بۆ مانەوەی سەرۆك و ئەمیری وڵاتەکانیان دەستەبەر دەکات.

٣-بۆچوون و تێگەشتنی لایەنگرانی ئاراستەو ڕەوتی دژ، باوەڕیان بەدەوڵەتی دینی هەیە بەمانا تەقلیدییەکەی، نەك دوڵەتی مەدەنی کە خەڵك سەرچاوەی دەسەڵاتی فەرمانڕەوا بێت و چاودێری و لێپرسینەوەی لەگەڵ بکات.

٤-ئاراستەی هەموو ئەو حزب و کۆمەڵە سیاسییە ئیسلامیانەی کە بەشێکن لەگەمەی سیاسی/یاسایی گۆڕەپانی وڵاتەکانیان و هەوڵی دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی و پیادەکردنی شەریعەت دەدەن لە پێگەی دەسەڵاتدا، قەناعەتیان بەفرەیی لەگەڵ عەلمانی چەپ و لیبراڵ و ناسیۆنالیستی چەپ و ڕاست نییە، ئەوەی کە هەیە هەڵکردن و بەڕێکردن و قبووڵکردن ئەمری واقیعە، چونکە ئەم پرسە لەسەر باوەڕێکی فیکری و عەقیدەیی تیۆریزەکراو وەك خەمێکی دینی دانەڕێژراوە.

٥-دژبەرانی فرەحیزبی ئەو پرسە دەوروژێنن کە حزب و کۆمەڵێکی ئیسلامیی فەرمانڕەوا کە دەوڵەتی ئیسلامیی بەڕێوەدەبات و ئەرکی شەرعی جێبەجێکردنی شەریعەتی لە ئەستۆگرتووە، بەکام بەڵگەی شەرعی بە دەستاودەستکردنی دەسەڵات و هەڵبژاردن، دەست لەم ئەرکە پیرۆزە هەڵدەگرێت، و حوکمڕانی بۆ هێزێکی سیکۆلاری چەپ و لیبراڵ و ناسیۆنالیستی بەجێ دەهێڵێت؟

٦-کۆی هەموو ئاراستەکانی (دژ و لەگەڵ و لەگەڵبووی سنووردار) ئەو ڕاستییە ناخەنە بەرشرۆڤە و وردکردنەوە، کە ئەو

پەیوەندیانەی لە کایەی فرەیی حزبیدا دروست دەبن، پەیوەندی (هاووڵاتی) و (دەوڵەت) و (دەسەڵاتی سیاسی) و(حوکمڕانانە) ناڕەزایەتی وناکۆکی و ڕای جیاوازی هاووڵاتییان لەهەر کایە و بوارێکدا بێت، بە کردەیی واقیعی ڕوو لە ڕەفتار و بڕیاری نوخبەی حوکمڕان دەکات، نەك بیروباوەڕ و ئایدیۆلۆژیای سیاسی.

٧-ئێستا حزب و کۆمەڵە سیاسییە ئیسلامییەکان، لە زەمەنی گۆڕانکارییەکانی پاش ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبی بەسەر دەبەن، کە هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوچەکەیان کردبووە گۆڕەپانی جوڵە وچالاکییەکانی بەرخۆدانیان و هەموو کۆمەڵگە و حکومەتەکانی دنیا و ناوچەکەیان بە خۆیانەوە سەرقاڵ کردبوو، لەنێوان ئێستای پاش ئەو ڕابردووەدا میانەیەکی زۆر هەیە، کە ئایا لە دەرەنجامی ئەو ڕووداوانە تێگەشتنی نوێ و خوێندنەوەی جیاوازییان دەربارەی پرسی حزبایەتی و فرە حزبی بۆ دروست بووە؟ تا بوونیادنانەوەیەکی نوێ و پێناسەیەکی نوێی جیاواز لەوەی ئاماژەی بۆکرا بخەنەڕوو.

سەرچاوەکان

(١)مولود مراد محی الدین، نظام الحزب الواحد وأثره في الحقوق السياسية للمواطن، مطبعه شركه سازيار للطباعه، ط:٢، ٢٠١٨، ص: ١٢٥.

(٢)الدكتور جابر سعيد، التعددية فى الادبيات المعاصره،(نقلا عن روجيه لاپوانت)مجلة قراءات سياسية، السنة:٤، العدد:٣، ١٩٩٤، ص:٢٤.

(٣)الدكتوره إيليا حريق، الثوره الإثنية والإندماج السياسي في الشرق الاوسط، مجموعة مؤلفين فى (التعدد وتحديات الإختلاف)، إعداد: دانيال برومبيرغ، ترجمة: عمر سعيد الايوبى، دار الساقى، بيروت، ط:١، ١٩٩٧،ص: ٢٧٤.

(٤)حقوق الإنسان مجموعه صكوك دوليهة، منشورات الامم المتحده، جنيف ونيويورك، ٢٠٠٢، ج١، ص:٢٣.

(٥)جيفرى روبيرت، الستر إدوارد، القاموس الحديث للتحليل السياسى، ترجمة: سمير عبدالرحيم الجبلى، دار العربيه للموسوعات، بيروت، ١٩٩٩، ص:٣١٥.

(٦)الدكتور نعمان أحمد الخطيب، الاحزاب السياسية ودورها فى أنظمه الحكم المعاصرهة، جامعه مؤتة، الكرك، ط:١، ١٩٩٤، ٢٩٤.

(٧)الدكتور محمد عبدالعال السنارى، الاحزاب السياسية والانظمه السياسية والقضاء الدستورى، مطبعه الإسراء، القاهره، سنهة الطبع:بلا،ص:٥٠.

(٨)مولود مراد، نظام الحزب الواحد، المصدر السابق، ص:١٢٩.

(٩)مولود مراد محى الدين، الاحزاب والجماعات السياسية الإسلامية بين واجب الدعوة ومقتضيات السياسهة، رساله دكتوراه غير منشورة، الجامعة العالمية للعلوم الإسلامية والإدارية، لندن، ص: ٦٨.

(١٠)كلاوس كرايزر، أتاتورك، ترجمة: سميه قوزال، المركز العربى للابحاث ودراسة السياسات، بيروت، ط:١، ١٩٢٣، ص:٣٠٦.

(*)ئەم بڕیارە ڕوبەڕوی سەرکۆنەکردن و دژەوستانەوە و دەرکردنی چەندین بەیاننامە و بڵاوکراوەی ناڕەزایی و تکاو ڕجاکردن

لەکەمال ئەتاتۆرك بوویەوە، بەمەبەستی هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە، وە زانایانی ئەزهەر داوای بەستنی کۆنگرەیەکی بەپەلەیان لە زانایان و نوێنەرانی ئوممەت لەجیهانی ئیسلامیداکرد، بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی خەلیفە، ودانانی کەسێك لەجێگەی، لەقاهیرە لە ١٩٢٤/٣/٢٥دا ئەگەرچی بەستنی کۆنگرەکە دواکەوت، و ساڵی ١٩٢٦ بەسترا، بەڵام سەری لەهیچەوە دەرچوو.

(١١)راشد الغنوشی، الحركة الإسلامية ومسأله التغيير، المركز المغاربی للبحوث والترجمة، لندن، ط١، ٢٠٠٠، ص:١١.

(١٢)الدكتور حامد عبدالماجد قويسی، الأنظمه العربية والحركة الإسلامية، مركز الإعلام العربی، القاهرة، ط:١، ١٩٩٥، ص:٤٤.

(١٣)هشام جعفر، أحمد عبدالله، حول التحول فی حركة الإسلام السياسی، مجموعة مؤلفين فی(الإسلاميون والمسألة السياسی، مركز دراسات الوحدة الإسلامية، بيروت، ط:٢، ٢٠٠٤، ص:٢٤٨-٢٤٩.

(١٤)مولود مراد محی الدين، الأحزاب والجماعات السياسية الإسلامية، المصدر السابق، ص:٩٨.

(١٥)الدكتور نظام بركات،الأحزاب الإسلامية والديمقراطيه بين النظرية والممارسة، الصفحة الإلكترونية، https://www.albawaba.com/ ar يوم الزيارة ٢٠٢٢/١/١٧

(١٦)صفی الرحمان المباركفوری، الأحزاب السياسية فی الإسلام، رابطه الجامعات الإسلامية، هند، ط:١، ١٩٨٧، ص: ٤٦-٤٧.

(*)مسند الإمام أحمد، الجزء الرابع، ص:٢٧٨.

(١٧) علی بن حسن بن علی، الدعوة إلى الله بين التجمع الحزبی والتعاون الشرعی، مكتبة الصحابة، جدة، ط:١، ١٩٩٢، ص:٧٨.

(١٨)الدكتور صلاح الصاوی، التعددية السياسية فی الدولة الإسلامية، دار الإعلام الدولی، القاهرة، ط:١، ص:٤٧.

(١٩)الكتور صالح فوزان الفوزان، ندوة حول منهج السلف،، رياض، أنظر الصفحة الألكترونية، يوم الزيارة، ٢٠٢٠/٥/٢٥ https://audio.islamweb.net/audio/index.

(٢٠)الدكتور زيتونی محمد، الحركات الإسلامية وموقفها من التعددية السياسية، المجلة الجزائيرية، للحقوق والعلوم السياسييهة، المجلد الثالث، العدد الخامس، ٢٠١٨، ص:٤٣١.

(٢١)شمس الدين أبی عبدالله بن قيم الجوزية، الطرق الحكمية فی السياسة الشرعية، مكتبه دار البيان، دمشق، ط:٣، ٢٠١٦، ص:٢٦.

(٢٢) إبن القيم الجوزی، المصدر السابق، ص:٤٠.

(٢٣) الدكتور صلاح الدين الصاوی، المصدر السابق، ص:٧٦.

(٢٤) الدكتور صلاح الدين الصاوی، المصدر السابق، ص:٩٤.

(٢٥)الدكتور صلاح الدين الصاوی، المصدر السابق، ص:٩٥.

لە دەوڵەتی خیلافەتەوە بۆ دەستاودەستکردنی دەسەڵات دیدگای حزبە ئیسلامییەکانی کوردستان

ئیدریس سیوەیلی

حزبە ئیسلامییەکان بەشێکن لە کاراکتەرانی گۆڕەپانی سیاسیی باشووری کوردستان، ئەوان دونیابینی و دیدگای تایبەت بە خۆیان بۆ بابەتەکان هەیە، هەروەك لە وێستگە مێژوویيە جیاوازەکان گۆڕانکاری لەو دونیابینیەیاندا ڕوویداوە، توێژینەوە و وردبوونەوە لەو گۆڕانکارییەی بەسەریاندا هاتووە یارمەتیدەری زیاترە بۆ تێگەیشتن لە فەزای بیرکردنەوە و هەڵوێستی ئەو لایەنانە، ئەم توێژینەوە هەوڵێکە بۆ خستنەڕوو و شەنوکەوکردنی دونیابینی حزبە ئیسلامییەکانی باشووری کوردستان لەمەڕ بابەتی خیلافەت و دەستاودەستکردنی دەسەڵات و ئەو گۆڕانکارییەی لەبارەی ئەو دوو چەمکەوە بەسەر دیدگای ئیسلامییەکاندا هاتووە.

گێڕانەوەی خیلافەت

هەڵوەشاندنەوەی خیلافەتی ئیسلامی لە (١٩٢٤) کە خۆی لە دەوڵەتی عوسمانیدا دەبینییەوە، دەستپێکی خاڵی وەرچەرخانە لە مێژووی ڕەوتە ئیسلامییەکانی سەدەی بیست، هەرچەندە لەسەر شەرعیەتی خیلافەتی عوسمانی بۆچوونی جودا هەبووە، بەڵام هەڵوەشاندنەوەی بە گورزێکی کاریگەر ئەژمار دەکرێت، چونکە بەلای زۆرێك لە ڕەوتە ئیسلامییەکان کە دواتر سەریانهەڵدا، خیلافەت ڕەمزێکی ڕۆحی موسڵمانان بوو[١].

هەڵوەشاندنەوەی خیلافەت هەلێکی نموونەیی بوو بۆ بانگەشەکارانی "هەڵوەشاندنەوەی خیلافەت بنچینەی مەترسی سەر ئیسلامە لەلایەن بێ باوەڕییەوە"، ئەمەش ئەو بیرەیە کە بووە سەرچاوەی ئیلهامی حەسەن بەننا (١٩٠٦ـ١٩٤٩ز) لە دامەزراندنی ئیخوان موسلمین لە (١٩٢٨ز) [٢].

حەسەن بەننا دامەزرێنەری ئیخوان موسلیمین، لە دووتوێی پەیامەکانیدا دیدی خۆی لەمەڕ خیلافەت خستوەتەڕوو و پێیوایە ئەو دەقانەی سەبارەت بە دانانی پێشەوا هەن، هیچ دەرفەتێك بۆ گومان ناهێڵنەوە کە واجبی سەرشانی موسڵمانانە گرنگی بە بیرکردنەوە لە کاروباری خیلافەت بدەن و گێڕانەوەی خیلافەت بکەنەوە دەستپێکی مەنهەج و کاری لەپێشینەی خۆیان[٣]. بەوپێیەی ئیخوان بووە ڕێکخراوی دایك بۆ زۆرێك لە حزبە ئیسلامییەکان کە دواتر لە میسر و وڵاتانی ناوچەکە دامەزران، زۆرینەیان بەم بیرکردنەوە کاریگەربوون و بابەتی خیلافەت لە پەیڕەو و دونیابینیاندا ڕەگی داکوتا و ڕەنگیدایەوە، بە تایبەت ئەو حزبانەی نەهجی سەلەفی و جیهادیان هەڵگرت، تێبینی ئەوەش دەکرێت بە تێپەربوونی کات زیندوکردنەوە و گێڕانەوەی خیلافەت لای حزبە ئیخوانییەکان بە ڕێژەی جیاواز کاڵبوەتەوە.

لە دەیەی چوارەمی سەدەی بیست بیری ئیخوان موسلیمین لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە گەیشتە ناوچەکانی باشووری کوردستان، ژمارەیەك کەس لەناو ڕێکخستنەکانی ئەو ڕێکخراوە کەوتنە چالاکی و جمۆجۆڵ[٤]، دواتریش جموجۆڵ و چالاکیی ڕێکخراوەکە پەرەیگرت و هەڵکشان و داکشانی بەخۆیەوە بینیی، تا لە کۆتایی دەیەی حەوتەم و دەیەی هەشتەم بە تەواوی بەرفراوان بوو، لە زۆربەی شارەکانی کوردستان شانەی ڕێکخستن و چالاکیی ڕێکخراوەییان دەستپێکرد[٥].

لە (١٩٩٤/٢/٦) یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان وەك پارتێکی پاشخان ئیخوانی، بە فەرمی خۆی ڕاگەیاند، دامەزرێنەرانی ئەو حزبە چەندین ساڵ بوو بەشێوەی نهێنی لە ژێر ناوی ئیخوان موسلیمین کاریان دەکرد، لەگەڵ ڕاگەیاندنی و تا ئێستاش یەکگرتووی ئیسلامی وەك

ڕووکاری ئیخوان لە کوردستان ئەژمار دەکرێت، لە ماددەی یەکەمی یەکەم پەیڕەوی ناوخۆدا پێناسەی حزبەکە کراوە کە: حزبێکی سیاسیی ئیسلامیی ئیسلاحییە، تێدەکۆشێت لەپێناو چارەسەرکردنی گشت کێشە سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ڕۆشنبیرییەکان لە ڕوانگەی ئیسلامەوە، بەجۆرێك ئازادییە گشتییەکان و دادپەروەری کۆمەڵایەتیی گەلی کوردستان بهێنێتەدی[٦] . بە درێژایی تەمەنی سیاسیی، یەکگرتوو هەوڵیداوە لە ئەدەبیاتی خۆیدا وەك حزبێکی کوردستانی خۆی نمایش بکات، بۆیە لە پەیڕەوی ناوخۆدا بە سادەیی و ناڕاستەوخۆ باس لە بابەتی خیلافەت و ئوممەتی ئیسلام دەکات، لە بنەما گشتییەکانی کاری یەکگرتوودا لە بڕگەی چوارەم هاتووە کە "گەلی کورد بەشێکە لە ئوممەتی ئیسلام و مافی خۆیەتی خاوەنی گشت مافە ڕەواکانی بێت وەك هەموو گەلانی تری موسڵمان[٧]. هەروەك ئەو حزبە بەو ئاراستەیەدا ڕۆیشتووە کە کوردستانی بێت و نکوڵی لە بوونی هەر پەیوەندییەکی ئۆرگانی بە ئیخوان موسلیمینەوە بکات، هەروەك لە پەیڕەوی ناوخۆ پەسەندکراوی کۆنگرەی هەشتەم هاتووە: یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان حزبێکی نیشتمانیی کوردستانییە، لە پێناو جێگیرکردنی بەها بنەڕەتیەکانی ئازادی و برایەتی و دادپەروەری، بە مەرجەعیەتی ئیسلامیی و لە سەر بنەمای هاوڵاتیبوون، خەبات دەکات بۆ گەیشتن بە کوردستانێکی ئازاد و پێشکەوتوو[٨] . هەروەك لە بڕگەی (٩)ی بنەما گشتییەکان هاتووە: کورد نەتەوەیەکی سەربەخۆیە و بەشێکی زیندووە لە ئوممەتی ئیسلامیی و ناسنامەی تایبەت بە خۆی هەیە و مافی خۆیەتی کە چارەنووسی دیاری بکات و ئەندامێکی سەربەخۆی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و دامەزراوەکانی بێت وەك نەتەوەکانی تری جیهان[٩] . وەك دەبینین یەکگرتوو لە پەیڕەوی ناوخۆیدا گێڕانەوە و زیندوکردنەوەی خیلافەتی نەخستووەتە ئامانج، بەڵکو کورد وەك بەشێك لە ئوممەی ئیسلامیی ئەژمار دەکات کە مافی خۆیەتی چارەنووسی دیاری بکات.

لە دەیەی هەشتەم و نۆیەمی سەدەی بیست، جگە لە یەکگرتووی ئیسلامیی، چەندین حزبی تری ئیسلامیی لە باشووری کوردستان دامەزران، یەکێك لەو حزبانە (بزووتنەوەی ئیسلامیی لە کوردستانی عێراق) بوو کە لە (١٩٨٧) دامەزرا، لەو دەمەدا ستەمی نەتەوایەتی لەسەر کورد لەلایەن حزبی بەعسەوە لە لوتکەدابوو، هەرچەند بزووتنەوە بە کردەوە بەشێك بوو لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی باشووری کوردستان لەو قۆناغە، بەڵام لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەو حزبە مەسەلەی دۆزی کورد کەمتر زەقکراوەتەوە و زۆرتر پەیوەستکراوە بە مەسەلە ئایینییەکە و جیهانی ئیسلامییەوە، لە پێناسەی بزووتنەوەدا هاتووە "بزووتنەوەکەمان

بـزووتـنـەوەیـەکی ئیـسـلامیی بـێـگـەردە پەیڕەوی لە بەرنامەی بەرفراوانی ئیسلام دەکات لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، لە بواری بیروباوەڕ، کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابوری، سەربازی، دادوەر و شارستانییەوە"[١٠]. سەبارەت بە هەڵوێستە سیاسییەکانی بزووتنەوە لە بەندی شەشەم بڕگەی (أ) هاتووە کە: بزووتنەوە ئوممەتی ئیسلامی بە ئوممەتێکی یەکپارچە دەزانێت کە لێکجیاناکرێتەوە و گەلی کوردیش بەشێکی هەرگیز جیانەبووەوەیە لەو ئوممەتە مەزنە[١١]. ئەمەش ئاماژەیە کە ئەو حزبە وەك زۆربەی حزبە ئیسلامییەکانی تر کە بابەتی خیلافەت بەشێکە لە دونیابینیان، کورد و دۆزەکەی بە بەشێك لە کێشە و ئوممەتی ئیسلامی زانیوە و چارەسەری دۆزەکەی هەر لەو چوارچێوەدا بینیوەتەوە.

لە (١٩٩٢/١١/٢٢) بزووتنەوەی راپەڕینی ئیسلامی راگەیەنرا، ئەو حزبە پێشتر بۆ ماوەی چەندین ساڵ بەشێوەی نهێنی لەژێر ناوی ئیخوان موسلیمین کاری دەکرد، بەڵام لەگەڵ ڕاگەیاندنی خۆی لە بیری ئیخوان دارنی و بووە هەڵگری بیری سەلەفی، لەو چوارچێوەشدا دونیابینی خۆی بنیادنا، هەروەك لە پەیڕەوی ناوخۆدا بەشێك لە ئامانجەکانی لە بواری سیاسی بریتییە لە هێنانەوە مەیدانی حوکمی ئیسلام بەپێی سیستەمی شورا و زیندوکردنەوەی خیلافەت و هەوڵدان بۆ گەڕانەوە و پاراستنی هەموو مافێکی ڕەوای گەلی کورد[١٢] . لە بەرنامەی پەروەردەیی حزبەکەشدا جەخت لەسەر هەمان دونیابینی کراوەتەوە و چارەسەری دۆزی کورد بە سێ خاڵ دەکرێت:

١-گەڕانەوە بۆ لای خوا و ڕوانین بۆ گشت کێشەکان بە دیدی ئیسلام، کە وەکو یەکەیەکی سەربەخۆی سیاسیی، فیکریی، ئابووری، ... تاد دەڕوانێتە گەل و زمان و وەکو نیشانەیەکی خوان لە سەر زەوی.

٢-هەوڵدان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی سەربەخۆ لە هەر پارچەیەکی کوردستان وەکو قۆناغی سەرەتایی.

٣-هەنگاونان بەرەو بنیادنانی دەوڵەتی خیلافەت، یان دەوڵەتی ئیسلامی جیهانی، ئەوساکە کوردستانیش دەبێتە بەشێك لەو کیانە بە مەرجی پارێزگاریکردن لە سەرجەم مافەکانی[١٣] .

لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، ڕێکخستنێکی ئیسلامیی لەژێر ناوی کۆمەڵەی جیهادی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق دروستبوو، مەلا ئەمین پیرداود خۆشناو دامەزرێنەر و بەرپرسی یەکەمی ئەو کۆمەڵەیە بوو[١٤] ، سەرکردەکانی کۆمەڵی جیهاد، لە ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١ لە میحوەری هەولێرەوە پەیوەندییان کرد بە بزووتنەوەی ئیسلامییەوە، ئەم پەیوەندیکردنە کارێکی بێ بەرنامە و لە ژێر فشاری ئەندام و کادیرانیاندا بوو، کە بە ڕۆحیەتێکی جیهادی پەروەردە کرابوون، هەر بۆیە دوای ماوەیەکی کەم و لە حوزەیرانی ١٩٩١ کۆمەڵێك ناکۆکی

لاوەکیان لەگەڵ بزووتنەوە بۆ دروستبوو، سەرەنجام لە بزووتنەوە جیابوونەوە، ئەمەش ڕیزەکانی پەرتکردن و ژمارەیەك ئەندامی چالاکیان دەستبەرداری کۆمەڵی جیهاد بوون و لە ناو ڕێزەکانی بزووتنەوە درێژەیان بە چالاکی خۆیاندا[١٥]، ئامانجی ئەم حزبە هەروەکو خۆیان ئاماژەیان پێداوە بریتییە لە: "ئەنجامدانی جیهاد بەپێی قۆناغەکانی کە بریتییە لە بانگەواز، پێڕاگەیاندن، پەروەردە، فێرکردن، ئامادەسازی و خۆپڕچەککردن بۆ بەرگری لە ئیسلام و موسڵمانان و چەسپاندنی حوکمی شەریعەت لەسەر زەوی[١٦]، هەروەك ئاماژەشیان بەوەداوە کە: کۆمەڵی جیهاد بڕوای بە بەرگری لە نیشتمان و نەتەوە هەیە لە سایەی ئیسلام و ئاڵای شەریعەت، ... بۆیە پێویستە لەسەر بانگخوازانی ئیسلام گەلی کورد جێنەهێڵن بۆ عەلمانیەکان و نەتەوەییەکان تا ئەو پرسە قۆرخ بکەن بۆ بڵاوکردنەوەی بیروڕا ژەهراویەکانیان"[١٧].

سەبارەت بە خیلافەتی ئیسلامی، کۆمەڵی جیهاد پێیوابوو کە: پێویستە (واجبە) لەسەر موسڵمانان کاربکەن بۆ گێڕانەوەی خیلافەتی ئیسلامی، هەروەکو پێشتر هەیانبووە و بۆ ماوەی سیانزە سەدە لە سایەیدا سەرداری سێ کیشوەری ئاسیا، ئەفریقا و ئەوروپا بوون، موسڵمانان یەك ئوممەتن و هەموویان و خاکەکەیان بەشێکە لە خاکی ئیسلام، سنوورە دەستکردەکانی نێوانیان پلانگێڕی دوژمنانی ئیسلامە بۆ لاوازکردنیان[١٨].

ساڵی (١٩٩٨) دەرئەنجامی هۆکارگەلێکی ناوخۆیی و دەرەکیی گرووپێك لە هەولێر لە بزووتنەوەی ئیسلامیی جیابوونەوە و لەژێر ناوی کۆمەڵی یەکتاپەرستی (جماعة التوحید) خۆیان ڕاگەیاند، هەرچەندە گرووپەکە نەیانتوانی لەناو ململانێی ناوخۆیی بزووتنەوە و فشاری حزبە عەلمانییەکان خۆیان بگرن و بەردەوام بن، بەڵام لە بەیاننامەکانیاندا دونیابینی خۆیان خستووەتەڕوو و ڕایانگەیاندووە کە: کۆمەڵێکن هەستاون بە بڵاوکردنەوەی بانگەوازی یەکتاپەرستی و جێبەجێکردنی فەریزەی جیهاد لە پاش نەهێشتن و غائیب بوونی، هەروەك کاردەکەن بۆ گێڕانەوەی خیلافەت لەسەر ڕێوشوێنی پێغەمبەرایەتی[١٩].

بە تێپەڕبوونی کات زیندووکردنەوە وگێڕانەوەی خیلافەت لای حزبە ئیخوانییەکان بە ڕێژەی جیاواز کاڵ بووەتەوە

لە (ئابی ١٩٩٩) هەردوو بزووتنەوەی ڕاپەڕینی ئیسلامیی و بزووتنەوەی ئیسلامیی لە هەرێمی کوردستان یەکیانگرت و حزبێکی نوێیان بەناوی (بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامیی لە کوردستان) پێکهێنا، ئەم حزبە تەمەنی کورت بوو،

بەهۆی کێشە ناوخۆییەکانیەوە دواجار لەیەکهەڵوەشایەوە، دونیابینی حزبەکە هاوشێوەی بزووتنەوەی ئیسلامی بوو، لە پەیڕەوی ناوخۆی حزبدا هاتووە: چەوساوەیی کورد و کوردستان بە کێشەیەکی سیاسی و ئینسانی رەوا و پەیوەست بە تێکڕای جیهانی ئیسلامی دەزانین[٢٠] . ئەمەش بەو مانایەیە کە لە دیدگای بزووتنەوەی یەکبوون کێشەی نەتەوەی کورد گرێدراوی جیهانی ئیسلامییە، جیهانی ئیسلامیش لە سایەی حوکمی شەریعەت و گێڕانەوەی خیلافەت دەگاتە چارەسەری کێشەکان.

لە (٢٠٠١/٥/٣١) زۆرینەی سەرکردەکانی یەکبوون حزبێکی نوێیان بەناوی (کۆمەڵی ئیسلامی لە کوردستان) بە ئەمیرایەتی عەلی باپیر راگەیاند، رۆژی (٢٠٠١/٩/١) هێزی دووی سۆرانی بزووتنەوەی یەکبوونی هەڵوەشاوە و ژمارەیەك لە سەلەفییە جیهادییەکانی تر (جوندولئیسلام لە کوردستان)یان بە ئەمیرایەتی (ئەبو عەبدولا شافیعی) دروستکرد، دواتریش لە (٢٠٠١/١٢/١٠) فاتیح کرێکار هاتە ناو گرووپەکە و ناوەکەی گۆڕا بۆ (پشتیوانانی ئیسلام لە کوردستان) و خودی فاتیح کرێکار بووە ئەمیری گرووپەکە، ژمارەیەك سەرکردەی تری یەکبوون لە (٢٠٠١/١٢/٩) بە ڕابەرایەتی مەلا عەلی عەبدولعەزیز (بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان/ عێراق)یان ڕاگەیاندەوە و وەکو درێژکراوەی بزووتنەوەی ئیسلامی پێش یەکبوون خۆیان ناوزەند کرد، بەوشێوەیە لەسەر داروپەردوی یەکبوون سێ حزبی ئیسلامی جیهادیی دروستبوو، لەناو ئەو سیانەدا، جوندلئیسلام کە دواتر گۆڕا بۆ پشتیوانانی ئیسلام نوێنەرایەتی سەلەفی جیهادیی دەکرد. هەر سێ حزبەکە لە بەیاننامە و پەیڕەوی ناخۆیاندا دیدگای خۆیان بۆ خیلافەت و حوکمڕانی خستوەتەڕوو، جوندولئیسلام و دواتریش پشتیوانانی ئیسلام، وەکو ئیمارەتێکی ئیسلامی لە ناوچەکانی ژێردەستیان مامەڵەیان دەکرد، مومارەسەی توندترین تێڕوانینی ئیسلامییان دەکرد، کە لەلایەن تیۆرسێنانی سەلەفی جیهادی ڕەنگرێژکرابووو، لە بەیاننامەی خۆڕاگەیاندنی جوندولئیسلامدا هاتووە: ڕێبازمان بانگەوازە بۆ دینی خوا و جیهادکردنە لە پێناویدا، مەبەستمان ڕەزامەندی خوا و ئامانجمان هەڵسانە بە ئەرکی فەرمان بە چاکە و ڕێگری لە خراپە و چەسپاندنی شەرعی خوا لە زەویدا و وەدەرنانی هەموو هێزێکی بێباوەڕ و شەڕخوازە لەم زەویە ئیسلامییە پیرۆزە [٢١]. لە پەیڕەوی ناوخۆی جوندولئیسلامیشدا هاتووە کە: ئەم کۆمەڵە دروستبووە بۆ سەرخستنی ئاینی ئیسلام و جیهادکردن لەپێناو خوا، بۆیە نیشتمان و گەل و ڕەنگ و رەگەز بێنرخە و موسڵمانان هەموویان یەك نەتەوەن[٢٢]. جوندولئیسلام و پاشانیش پشتیوانانی

ئیسلام وەك هێزێکی باننەتەوەیی کاریان بۆ گێڕانەوەی خیلافەت دەکرد، بۆیە سەبارەت بە لکاندنی دەستەواژەی (لە کوردستان) بە ناوی حزبەکەوە لە پەیڕەوی ناوخۆی جوندولئیسلامدا هاتووە: "مەبەست لە دەستەواژەی (في کوردستان) ئەوە نییە کە ئەو کۆمەڵە ئامانجی هەرێمایەتی و نەتەوەییە، بەڵکو کوردستان خاکێکی ئیسلامییە و گەلە موسڵمانەکەشی بەشێکی جیانەبووەوەی ئومەتی ئیسلامە"[٢٣].

لەگەڵ ڕاگەیاندنی و تا ئێستاش یەکگرتووی ئیسلامی وەك ڕووکاری ئیخوان لە کوردستان ئەژماردەکرێت

بزووتنەوەی ئیسلامی لە (٢٠٠١) بە هەمان دیدگا و دونیابینی بەر لە دروستبوونی بزووتنەوەی یەکبوون خۆی ڕاگەیاندەوە، بەڵام دوای هاتنی ئەمەریکا و ڕووخاندنی بەعس لە (٢٠٠٣) و بە تێپەڕبوونی کات، گۆڕانکاری بەسەر دیدگای بزووتنەوەی ئیسلامیدا هاتووە، زۆرتر بەرەو حزبێکی ئامانج نەتەوەیی ڕۆیشتووە، لە کۆنگرەی یانزە لە ٢٠١٦ هەندێك گۆڕانکاری کرد، لە پێناسی حزبدا هاتووە: بزووتنەوەیەکی ئیسلامی گشتگیرە لەسەر پەیڕەوی ئەهلی سوننە و جەماعە تێدەکۆشێت بۆ گەڕانەوەی بنەماکانی ئیسلام بۆ نێو کۆمەڵگەی کوردەواری و هێنانەدی مافە ڕەواکانی[٢٤]. سەبارەت بە ئامانجە سیاسییەکانی بزووتنەوە لەو پەیڕەوەدا هاتووە کە خەباتدەکەن بۆ:

- دامەزراندنی سیستمی فەرمانڕەوایی ئیسلامی کە تێیدا بەرژەوەندی هەموو چین و توێژ و کەمایەتییە نەتەوەی و ئایینییەکان پارێزراوبێت.
- پاراستنی ناسنامەی ئیسلامەتی گەلی کوردی موسڵمان.
- داکۆکیکردن بۆ دەستەبەرکردنی تێکڕای مافی ڕەوای گەلی کوردستان و لەسەروی هەمووشیانەوە سەربەخۆیی[٢٥].

لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییە سەبارەت بە دۆزی کورد لای بزووتنەوە، بەڵام هێشتا ئەو دونیابینیە لای ئەو حزبە ماوە کە کێشەی کورد پەیوەستە بە کێشەی جیهانی ئیسلامییەوە، بۆیە لە هەمان پەیڕەوی ناوخۆدا هاتووە: بزووتنەوە وا دەڕوانێتە کێشەی کورد کە کێشەیەکی مرۆیی و سیاسی ڕەوا و پەیوەستە بە تێکڕای کێشەکانی جیهانی ئیسلامی[٢٦].

کۆمەڵی ئیسلامی لەگەڵ خۆڕاگەیاندنیدا لە (٢٠٠١) بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆی دانا، کە تا ڕادەیەکی زۆر هاوشێوەی پەیڕەو و پڕۆگرامی بزووتنەوەی ئیسلامی پێشوو و بزووتنەوەی یەکبوون بوو، بەڵام دواتر لە (٢٠٠٤) کۆمەڵێك گۆڕانکاری لە پەیڕەوی ناوخۆی حزبدا کرا. لە پەیڕەوی (٢٠٠١) وا پێناسەی حزبەکە کراوە کە

"کۆمەڵێکی ئیسلامیی گشتگیرە لەسەر پەیڕەوی ئەهلی سوننەت و جەماعەت کاردەکات بۆ چەسپاندنی فەرمانڕەوایەتی ئیسلام و تێدەکۆشێت و هەوڵدەدات بۆ هێنانەدی مافە ڕەواکانی گەلەکەمان"[٢٧] . بەڵام لە پەیڕەوی (٢٠٠٤) بەم شێوەیە پێناسەی حزبەکە کراوە "پارتێکی ئیسلامیی کوردستانییە تێدەکۆشێت بۆ پاراستنی بەها بەرز و پیرۆزەکانی ئیسلام لە کۆمەڵگای کوردەواری و چەسپاندنی مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلی کوردستان[٢٨]" . وەك دەبینین مەسەلەی چەسپاندنی فەرمانڕەوایەتی ئیسلام لە پێناسەکەی پارتەکەدا نەماوە، ئەمەش گۆڕانێکی جەوهەرییە کە بەسەر ئەو پارتەدا هاتووە، لە بڕگەی یەکەمی ماددەی حەوتەمی پەیڕەوی (٢٠٠١) سەبارەت بە ئامانجەکانی کۆمەڵی ئیسلامیی نووسراوە: جیهاد دەکات و تێدەکۆشێت لە پێناو بەدەستهێنان و گێڕانەوەی سیستمی فەمانڕەوایەتی ئیسلامیی[٢٩]. بەڵام لە پەیڕەوی (٢٠٠٤) بڕگەی یەکەمی ماددەی هەشتەم سەبارەت بە ئامانجەکانی کۆمەڵی ئیسلامیی هاتووە کە: تێدەکۆشێت بۆ ئەوەی شەریعەتی ئیسلام تاکە سەرچاوەی یاسادانان بێت لە دەوڵەتدا[٣٠] .

لە کۆنگرەی چوارەمیش لە (٢٠٢١) کۆمەڵ ناوی حزبەکەی گۆڕی بۆ (کۆمەڵی دادگەریی کوردستان) و پۆستی کەسی یەکەمیش لە (ئەمیر) گۆڕا بۆ (سەرۆك)، ئەمەش گۆڕانکارییەکە لە دونیابینی و دیدگای ئەو حزبەدا ڕویداوە.

بە وردبوونەوە لەوەی خراپەڕوو، تێبینی ئەوە دەکرێت تەواوی حزبە ئیسلامییەکانی باشووری کوردستان بە ڕێژەی جیاواز زیندوکردنەوە و گێڕانەوەی خیلافەتی ئیسلامییان لە ئامانج و پەیڕەوی ناوخۆیاندا باسکردووە، ئەو حزبانەش کە تەبەنی بیرۆکەی جیهادیان کردووە زۆرتر بە تێزی گێڕانەوەی خیلافەت کاریگەر بوون، ئەمەش بە ڕادەی کاریگەربوونیان بە تێزی تیۆرسێنانی سەلەفی جیهادیی، بەڵام بە تێپەربوونی کات و ئەو گۆڕانکاریی و پێشهاتانەی لە باشووری کوردستان و ناوچەکە و جیهان هاتونەتەدی، بابەتی زیندوکردنەوەی خیلافەت لە ئەجێندا و دونیابینی حزبە ئیسلامییەکان کاڵتربووەتەوە، ئەوان زیاتر بەرەو حزبی خۆجێیی و نیشتمانیی چوون، هەروەك کرانەوەی زیاتر لە بەرنامە، ئامانج و مامەڵەکردنیان بەدیدەکرێت.

یەکگرتوو هەوڵی داوە لە ئەدەبیاتی خۆیدا وەك حزبێکی کوردستانی خۆی نمایش بکات، بۆیە لە پەیڕەوی ناوخۆدا بە سادەیی و ناڕاستەوخۆ باس لە بابەتی خیلافەت و ئوممەتی ئیسلام دەکات

دەستاودەستکردنی دەسەڵات

بانگەشەکردن بۆ فەرمانڕەوایەتی ئیسلام و جێبەجێکردنی حوکمی شەریعەت لەلایەن حزبە ئیسلامییەکانەوە، بووەتە بەشێك لە ناسنامە و دونیابینی ئەوان، ئەمەش زۆرتر ئەوەی تێدادەخوێندرێتەوە کە ئەو حزبانە بڕوایان بە یەکجۆر بیرکردنەوە و یەك مۆدێلی حوکمڕانی هەیە و دەستاودەستکردنی دەسەڵات ڕەتدەکەنەوە، بە گەڕانەوە بۆ ئەدەبیاتی حزبە ئیسلامییەکان ئەم بابەتە بۆ خوێنەر ڕۆشنتر دەبێتەوە، یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان وەك حزبێکی پاشخان ئیخوانی لە یەکەم پەیڕەو و پڕۆگرامی خۆیدا سەبارەت بە ئامانجەکانی نووسیوویەتی: یەکگرتوو کاردەکات بۆ هێنانەدی مافە ڕەواکانی گەلی کوردستان و چارەسەرکردنی کێشە عادیلانەکەی. هەروەها بەشداریکردنی هێزە نیشتمانییە کوردستانی و عێراقییەکان لەپێناو دامەزراندنی سیستمێکی پەرلەمانی فرەلایەنی و فیدراڵی لە عێراقێکی یەکگرتوودا بە شێوەیەك مافە ڕەواکانی هەموو لایەك بە گەلی کوردستانیشەوە زامن بکرێت[٣١]. لە کۆنگرەی هەشتەمیش لە بنەما گشتییەکانی کاری یەکگرتوو لە بڕگەی (٧) هاتووە: گەل سەرچاوەی دەسەڵاتە، دەوڵەتی مەدەنی، حوکمی ڕەشید، فرەیی سیاسی و دەستاودەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات لە سەر بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، بناغەی ئاشتی کۆمەڵایەتیی و سەقامگیری سیاسییە[٣٢].

بزووتنەوەی ڕاپەڕینی ئیسلامیی کە لە کۆتاییەکانی سەدەی ڕابردوو لە گۆڕەپانی باشووری کوردستان چالاکی هەبوو، لە دیدێکی سەلەفییەوە دەیڕوانییە مەسەلەی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەوانی تر، لە تێڕوانینی ئەو حزبەدا بنچینە و بنەڕەت لە مامەڵە لە نێوان کوفر و ئیسلام جەنگە، ئەم جەنگەش بە شێوازی جۆراوجۆر بەردەوام دەبێت، بەڵام لە قۆناغی لاوازی پەیمانبەستن و ڕێکەوتن لەگەڵ هەموو عەلمانیەکان دەکرێت، هەروەك پێیوابوو حزبی سەرکەوتوو ئەوەیە کە پەروەردە و جیهاد پێکەوە گرێبدات، جیهادیش بە چوار قۆناغدا تێدەپەڕێت: کۆچ، ئامادەسازی، سەرنگەرنشینی (رباط) و شەڕ و کوشتار (قتال)[٣٣]. بزووتنەوەی ڕاپەڕین بڕوای بەو تێزە هەبوو کە جیهان بۆ دارلکوفر و دارلئیسلام دابەشدەکات، مەبەستیش لە دارلئیسلام هەر ناوچەیەکە کە ئیسلام تێیدا حوکمڕان بێت، بەڵام دارلکوفر هەر ناوچەیەکە کە تێیدا شەریعەتی ئیسلام حاکم نەبێت[٣٤]. سەبارەت بە چۆنێتی گەیشتنە دەسەڵات، ڕاپەڕین بڕوای بەوە بوو شێوازی جۆراوجۆر هەن، لە ناو ئەوانەشدا هەڵبژاردن و پەرلەمان، بە بڕوای ئەو پارتە بنەڕەت (أصل) وایە بەشداری هەڵبژاردن نەکرێت و پشتی

پێنەبەسرێت مەگەر لە حاڵەتی ناچاری و دوای داخرانی ڕێگاکانی تر، ئەویش بە مەرج و وەکو تاکتیکی قۆناغێك بەشداری بکرێت، نەك ستراتیج بێت بۆ هەموو قۆناغەکان[٣٥] . وەك دەبینین دەستاودەستکردنی دەسەڵات بە هیچ جۆرێك لە ئەدەبیاتی ئەو حزبەدا بوونی نەبووە و بڕوابوونیش بە هەڵبژاردن تەنها تاکتیك و شتێکی کاتی بووە بە ناچاری.

جگە لە بزووتنەوەی ڕاپەڕین حزبەکانی: کۆمەڵەی جیهاد، کۆمەڵی یەکتاپەرستی، جوندولئیسلام و پشتیوانانی ئیسلام تەبەنی بیری سەلەفی جیهادییان کردبوو، لە دیدگای ئەواندا شوێنێك بۆ دیموکراسی و دەستاودەستکردنی دەسەڵات بوونی نەبووە، جوندولئیسلام و بەدواشیدا پشتیوانانی ئیسلام لە ناوچەکانی بندەسەڵاتیان وەك میرنشینێکی ئیسلامی مامەڵەیان دەکرد، جوندلئیسلام هەر لە سەرەتای ڕاگەیاندنییەوە کەوتە جێبەجێکردنی حوکمە شەرعییەکان لە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی، لەوبارەوە لە ڕوونکردنەوەیەکدا ئەمیری ڕێکخراوەکە رایدەگەیەنێت لە پێناو چەسپاندنی حوکمەکانی شەریعەت لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیاندا بڕیارینداوە بە جێبەجێکردنی سنوورە شەرعییەکان کە خوا فەرمانی پێکردووە لەوانە: تۆڵەکردنەوە لە بکوژ، حەدی هەڵگەڕاوە و زیناکار و ڕەجمکردنی زیناکاری پیاو و ژن، بڕینی دەستی دز، جەڵد لێدان لە شەرابخۆر و ... تاد. ئەم حوکمانە بەسەر موجاهید و دانیشتوانی ناوچەکە جێبەجێدەکرێت[٣٦]. هەمان مامەڵە لە سەردەمی پشتیوانانی ئیسلام بەردەوامی هەبوو، ئەمەش بەکردەیکردنی ئەو تێزانەبوو کە چەندین ساڵ بوو سەلەفی جیهادیی لە مەنهەج و دونیابینی خۆیدا جەختی لەسەر دەکردەوە و ئەندامانی لەسەر پەروەردە دەکرد و چاوەڕێی دەرفەت بوو لە واقیعدا پیادەیان بکات.

هەردوو بزووتنەوەی ئیسلامی و کۆمەڵی دادگەریی (کۆمەڵی ئیسلامی پێشوو)، لە ماوەی (٢٠) ساڵی ڕابردوو گۆڕانکاری بەسەر دیدگا و دونیابینیاندا هاتووە، ئەوان لە ڕابردوودا دوو حزبی جیهادی و چەکدار بوون، بەلای کەمەوە ئەگەر پرۆسەی دیموکراسیشیان ڕەتنەکردایەتەوە ئەوا جۆرێك لە هەستیاریان بەرامبەری هەبوو، سەبارەت بە شێوازی کار بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان، لە پەیڕەوی (٢٠٠١)ی کۆمەڵی ئیسلامی کە لە ماددەی دوانزەدا خراوەتەڕوو، لە هەشت بڕگە پێکهاتووە و یەکێك لە شێوازەکانی کار خۆئامادەکردن و جیهادە[٣٧] ، بەڵام لە پەیڕەوی (٢٠٠٤) ماددەی سیانزە تەرخانکراوە بۆ شێوازی کار و لە پێنج بڕگەدا شێوازەکان خراونەتەڕوو کە خۆئامادەکردن و جیهادی تێدا نەماوە و لەجیاتی ئەوە بڕگەیەك زیادکراوە کە تێیدا هاتووە: کۆمەڵ خەباتی سیاسی و بەشداری لە

پرۆسەکانی هەڵبژاردن لە کەشوهەوایەکی دیموکراسیانەدا دەگرێتەبەر[٣٨] .

سەبارەت بە دیموکراسی و دەستاودەستکردنی دەسەڵات، گۆڕان لە دیدی کۆمەڵی دادگەریدا بەدیدەکرێت، عەلی باپیر کە لە (١٩٩٢) ئەندامی مەکتەبی سیاسیی بزووتنەوەی ئیسلامیی بوو، لە کتێبێکدا، لەبارەی دیموکراسییەوە دەڵێت: دیموکراسی دەیەوێت دوور لە ئاراستە و ڕێنوینی خوا ژیانی ئینسان بەڕێوەببات، دیارە هەموو حوکم و پەیڕەوێکیش جگە لە وەی کە لە خوای پەردەوەردگارەوە بۆ مرۆڤایەتی هاتووە بە حوکمی تاغوت ڕژێی نەفامی (حکم الجاهلية) لەقەڵەم دەدرێت. هەرکەسێك بڕوا بە دیموکراسی –یان هەر بیردۆزەیەکی دیکەی زادەی مرۆڤ- بێنیت، مانای وایە فڕی بەسەر ئیسلامەوە نامێنێ و شایەتمانەکەی (اشهد ان لا اله الا الله وان محمدا رسول الله) هەڵوەشاوەتەوە[٣٩] . بەڵام ئێستا عەلی باپیر سەرۆکی کۆمەڵی دادگەرییە، ئەو حزبە پێیوایە "دیموکراسی وێڕای کەموکورتیەکانی، تا ئێستا باشترین شێوازی حوکمڕانی زادەی بیر و هۆشی مرۆڤە، ئەگەر وەك خۆی پیادەبکرێت، ڕەخنەی گەورەی کۆمەڵ لەو سیستمە ئەوەیە کە لە ڕووی حەڵاڵ و حەرام و چاك و خراپەوە، هیچ چوارچێوەیەکی نییە و هەرچی زۆرینەی پەرلەمان بڕیاریدا دەبێتە یاسا، ئەگەر پێچەوانەی شەریعەت و فیترەتی ساغی بەشەریش بێت، ئەگەرنا موفرەدەکانی هەڵبژاردن، دەستاودەستکردنی دەسەڵات بە ئاشتیانە، خەڵك سەرچاوەی دەسەڵات بوون، دابینکردنی ماف و ئازادییەکان بۆ سەرجەم هاووڵاتیان بە جیاوازی ئایین و زمان و نەتەوە و ئینتیمای سیاسییان، ... تاد، هەموویان دەقەکانی قورئان سوننەت بە ڕوون و ڕاشکاوی باسیان کردوون، هەڵبژاردن گونجاوترین میکانیزمە بۆ دەستاودەستکردنی دەسەڵات، کۆمەڵی ئیسلامیی وەکو بنەمایەك تەبەنی کردووە بۆ ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی نێوخۆ و دەرەوەی حزب، جێگرەوەکەشی تاکڕەوی و خۆسەپاندنە"[٤٠] .

بزووتنەوەی ئیسلامیی وەك زۆربەی حزبە ئیسلامییەکانی ترکە بابەتی خیلافەت بەشێکە لە دونیابینیان، کورد و دۆزەکەی بە بەشێك لە کێشە و ئوممەتی ئیسلامیی زانیوە و چارەسەری دۆزەکەی هەرلەو چوارچێوەدا بینیوەتەوە

بزووتنەوەی ئیسلامیش هاوشێوەی کۆمەڵ گۆڕانکاری لە دیدگای خۆیدا کردووە، ئەمەش لە کۆنگرەی یانزە لە (٢٠١٦) پەسەند کرا و لە پەیڕەوی

ناخۆدا چەسپا و لە چوارچێوەی ئامانجە سیاسییەکانی ئەو حزبەدا هاتووە کە "کاردەکەن بۆ دەستاودەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات لە ڕێی هەڵبژاردنەوە". لە بڕگەیەکی ترا هاتووە "هەوڵدەدەن بۆ کاراکردنی زیاتری ڕۆڵی پەرلەمانی کوردستان کە تێیدا ئەندامەکانی نوێنەرایەتی سەرجەم گەلی کوردستان بکەن و ئەرکی خۆیان بەجێبێنن لە بوارەکانی یاسادانان و چاودێریکردن و لێپرسینەوەی حکومەت و دامودەزگا فەرمیەکان"[٤١].

کۆمەڵی جیهاد پێیو ابووکە: پێویستە (واجبە) لەسەر موسڵمانان کاربکەن بۆ گێڕانەوەی خیلافەتی ئیسلامی

دەرئەنجام

لە چوار دەیەی ڕابردوو، چەندین حزبی ئیسلامی لە باشووری کوردستان دروستبوون، هەندێك لەو حزبانە لەسەر شانۆی سیاسی سڕانەوە، سێ حزبیشیان (یەکگرتووی ئیسلامی، بزووتنەوەی ئیسلامی و کۆمەڵی دادگەریی) لە خەبات و چالاکیی بەردەوامن، ئەو حزبانە بە تایبەت بزووتنەوە و کۆمەڵ بە چەندین وێستگەیی هەستیاری مێژوویدا تێپەڕیوون، کە بەهۆیەوە پێداچوونەوەیان بە دیدگا و دونیابینی خۆیان سەبارەت بە چەمکەکانی گێڕانەوەی خیلافەتی ئیسلامی و دەستاودەستکردنی دەسەڵات کردووە، لەو ڕووەوە بەرەوپێشچوونی ئەرێنی بەدیدەکرێت، کە ڕەنگە ئەو گۆڕانکاریانە لە ئایندەدا زۆرتر لە بەرژەوەندی خەباتی سیاسی و فرەیی لە کوردستان بشکێتەوە.

١- د. حیدر إبراهیم علی: التیارات الإسلامیة وقضیة الدیمقراطیة، الطبعة الثانیة، بیروت ١٩٩٩،ل٥٥.

٢-سەرچاوەی پێشوو، ل٥٦.

٣-حسن البنا: مجموعة الرسائل, رسالة المؤتمر الخامس، دون مکان واسم وسنة الطبع، ل١٩٦.

٤-بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی گەیشتن و بڵاوبوونەوەی بیری ئیخوان لە باشووری کوردستان بڕوانە: ئیدریس سیوەیلی: ڕەوتی ئیسلامی لە باشووری کوردستان ١٩٤٦ – ١٩٩١، توێژینەوەیەکی مێژوویی لە کار و چالاکیی پارت و کۆمەڵە ئیسلامییەکان، سلێمانی، ٢٠٠٩، چاپی دووەم، ل٤٢- ٥٤.

٥-سەرچاوەی پێشوو، ل٨١- ١٣٧.

٦-پەیڕەو و پرۆگرامی ناوخۆی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، پەسەندکراوی کۆنگرەی یەکەم، هەولێر ١٩٩٦، ل١.

٧-سەرچاوەی پێشوو، ل٣.

٨-پەیڕەو و پرۆگرامی ناوخۆی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، پەسەندکراوی کۆنگرەی هەشتەم، هەولێر ٢٠١٩، ل١.

٩-سەرچاوەی پێشوو، ل٣.

١٠-پەیڕەو پرۆگرامی بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق، چاپی سێیەم، لە بڵاوکراوەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی لە

کوردستانی عێراق، ١٩٩٠ ل٩.
١١-سەرچاوەی پێشوو، ل١١.
١٢-بەرنامە و پێڕەوی ناوخۆی بزووتنەوەی راپەڕینی ئیسلامی، پەسەندکراوی کۆنگرەی یەکەم، ١٩٩٦، ل٣.
١٣-لجنة إعداد المناهج: المنهج التربوی والتثقیفي، فترة المصاحبة، في المنهج والبناء (٢)، مطبعة وزارة التربیة، اربیل١٩٩٦، ل٣٢.
١٤-امین پیرداود خوشناو: القواعد الاساسیة فی الإسلام، من مطبوعات جماعة الجهاد الإسلامی فی کردستان العراق، مرکز زادة للصحافة والنشر، اربیل ١٩٩٥، ل٦.
١٥-ئیدریس سیوەیلی: هەمان سەرچاوە، ل١٥٨- ١٥٩.
١٦-امین پیرداود خوشناو: هەمان سەرچاوە، ل٧.
١٧-سەرچاوەی پێشوو، ل١٠- ١١.
١٨-سەرچاوەی پێشوو، ل١١٩- ١٢٠.
١٩-زنجیرەی بڵاوکراوەکانی کۆمەڵی یەکتاپەرستی (جماعة التوحید)، ژمارە (١)، بێ مێژوو.
٢٠-بەرنامەو پێڕەوی ناوخۆی بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی لە کوردستان/ عێراق، ٢٠٠٠، ل٧.
٢١-جند الاسلام لە کوردستان، رونکردنەوەی ژمارە (١)، ٢٠٠١/٩/١.
٢٢-بەرنامەو پەیڕەوی ناوخۆی جند الاسلام لە کوردستان، بێ شوێنی چاپ، بێ ساڵی چاپ، ل٣.
٢٣-سەرچاوەی پێشوو، ل٣- ٤.
٢٤-پەیڕەوی ناوخۆیی بزووتنەوەی ئیسلامی، پەسەندکراوی کۆنگرەی یازدە، ٢٠١٦، ل٤.
٢٥-سەرچاوەی پێشوو، ل٦.
٢٦-سەرچاوەی پێشوو، ل١٣.
٢٧-بەرنامەو پەیڕەوی نێوخۆی کۆمەڵی ئیسلامی لە کوردستان/ عێراق، ل٤.
٢٨-بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان/ عێراق، ل١.
٢٩-بەرنامەو پەیڕەوی نێوخۆی کۆمەڵی ئیسلامی لە کوردستان/ عێراق، ل٦.
٣٠-بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان/ عێراق، ل٣.
٣١-پەیڕەو و پرۆگرامی ناوخۆی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، پەسەندکراوی کۆنگرەی یەکەم، هەولێر ١٩٩٦، ل٣.
٣٢-پەیڕەو و پرۆگرامی ناوخۆی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، پەسەندکراوی کۆنگرەی هەشتەم، هەولێر ٢٠١٩، ل١.
٣٣-ئیدریس سیوەیلی: بزووتنەوەی راپەڕینی ئیسلامی (١٩٩٢- ١٩٩٩) توێژینەوەیەکی مێژوویی بەڵگەنامەییە، ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانی و قەیرانەکان، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی ٢٠١٧، ل١٨١- ١٨٧.
٣٤-سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٩.
٣٥-سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٤.
٣٦-بیان صادر من أبو عبدالله الشافعي أمیر جماعة جند الاسلام، دون التاریخ.
٣٧-بەرنامەو پەیڕەوی نێوخۆی کۆمەڵی ئیسلامی لە کوردستان/ عێراق، ل١١.
٣٨-بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان/ عێراق، ل١٩.
٣٩-عەلی باپیر: چارەسەری کێشەی کورد لەنێوان ئیمان و پەرلەمان دا، بێ شوێنی چاپ، ١٩٩٢، ل٤٠.
٤٠-کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان: گوتاری فیکریی و سیاسیی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان، پەسەندکراوی ئەنجومەنی سەرکردایەتی، بێ شوێنی چاپ، ٢٠١٤، ل١٢.
٤١-پەیڕەوی ناوخۆیی بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان/ عێراق، پەسەندکراوی کۆنگرەی یازدە، بێ شوێنی چاپ، ٢٠١٦، ل٧.

گرنگی دامەزراوەی مزگەوت لە کۆمەڵگەدا باشووری کوردستان بە نموونە

د. بابان ئلیاسی

خۆشم دەوێی کاتێک لە مزگەوتەکەت کرنۆش دەبەیت، لە پەرستگەکەتدا ئەژنۆ دەدەیت، لە کڵێساکەتدا نوێژ دەکەیت، چونکە من و تۆ کوڕی یەک ئایینین، ئەویش ڕۆحە.

خەلیل جوبران

ڕۆڵی مزگەوت لە کۆمەڵگەدا، چ لە ناو کۆمەڵگە موسڵمانەکان و چ لە کۆمەڵگە ناموسڵمانەکاندا، زۆر زیاتر لە ئەرکە سەرەتاییەکەی وەک شوێنی پەرستن درێژ دەبێتەوە. مزگەوتەکان وەک دامەزراوەیەکی ناوەندی لە کولتووری ئیسلامیدا، وەک ناوەندێکی زیندوو بۆ چەندین چالاکیی کۆمەڵایەتی، کە ژیانی تاک و کۆمەڵگەکان ڕێکدەخەن، کار دەکەن. لەسەر ئاستی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی، مزگەوتەکان پێکهاتەیەکی ڕێکخراوەییان هەیە کە دەتوانێت جیاواز بێت بەپێی قەبارە و ڕۆڵی ئەوان لە کۆمەڵگەدا. مزگەوتەکان ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕن لە بنیاتنانی شوناسی ئایینی و کولتووری موسڵمانان. مزگەوتەکان دەتوانن کاریگەری کۆمەڵایەتی لە دەرەوەی ڕۆڵی ئایینی خۆیان دروست بکەن. ئەوان وەک فەزای کارلێک و ئینترئەکشنی

کۆمەڵایەتی ڕۆڵ دەگێڕن، کە تێیدا تاکەکان لە پاشخانی جۆراوجۆرەوە کۆدەبنەوە بۆ هاوبەشکردنی ئەزموونە ئایینییەکان و بەشداریکردن لە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان.

تیۆرییە جیاوازەکان لەسەر ڕۆڵی مزگەوت، ئاڵۆزی و فرەکارایی ئەم دامەزراوەیە ئاشکرا دەکەن. مزگەوت تەنیا بە شوێنێکی سادەی عیبادەت سنووردار نییە؛ ناوەندێکی پەروەردەیی، کۆمەڵایەتی، خێرخوازی و سیاسییە، ڕۆڵێکی چارەنووسساز لە ژیانی موسڵمانان و لە کۆمەڵگەدا بە گشتی دەگێڕێت. بە تێگەیشتن لەم تایبەتمەندییە جۆراوجۆرانەی مزگەوت، دەتوانین باشتر گرنگی و کاریگەریی مزگەوتەکان لە چوارچێوەی مێژوویی و هاوچەرخدا بزانین.

ئەم نووسراوە، کە کورتکراوەی لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانییە و سەرەتا بە زمانی فەڕەنسی لەسەر (ڕۆڵی مزگەوت لە باشووری کوردستان) ئامادە کرابوو. لەم کورتکراوەیەدا، هەوڵ دراوە ئاماژەیەک بە گرنگی دامەزراوەی مزگەوت، کاریگەری کۆمەڵایەتی مزگەوت لە کۆمەڵگەی کوردستان و هەوڵی قۆرخکردن و بە حزبیکردنی مزگەوت لە باشووری کوردستان و پاشان ئاماژە بە ئیدارەی دامەزراوە دینییەکان لە چەند وڵاتی گرنگی موسڵمان بدرێت.

گرنگی دامەزراوەی مزگەوت

دەتوانرێت لە ڕێگەی تیۆرییە کۆمەڵایەتی و ئەنترۆپۆلۆژییە جیاوازەکانەوە ڕۆڵی مزگەوت لە کۆمەڵگەدا بکۆڵرێتەوە، کە هەریەکەیان تیشک دەخاتە سەر لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەم دامەزراوەیە. کارەکانی کۆمەڵناسانی وەک ئیمیل دۆرکهایم و تالکۆت پارسۆنس، جەخت لەسەر ئەو ئەرکە کۆمەڵایەتیانە دەکاتەوە کە دامەزراوەکان بۆ پاراستنی ڕێکوپێکی و سەقامگیری لە کۆمەڵگەدا ئەنجامی دەدەن. کەچی ڕۆڵی سەرەکی مزگەوت، ئەرکی ئایینییە و موسڵمانان نوێژی ڕۆژانەیان تێدا ئەنجام دەدەن، بەمەش ڕۆحانیەت و تەقوای تاکەکەسی بەهێزتر دەبێت، بەڵام وەک شوێنی کۆبوونەوە، مزگەوت ئاسانکاری بۆ کارلێکە کۆمەڵایەتییەکان دەکات و یەکگرتوویی لە نێو موسڵمانان بەهێز دەکات. زۆرجاریش مزگەوتەکان بەشدارن لە کاری خێرخوازی و کۆکردنەوە و دابەشکردنی پارە بۆ یارمەتیدانی هەژاران و خەڵکی کەمدەرامەت. دەتوانرێت مزگەوتەکان بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو لێکدانەوە ئایینییانە بەکاربهێنرێت، کە پشتگیری لە نەزمی کۆمەڵایەتی و سیاسی دامەزراو دەکەن. دەتوانن دەسەڵاتداران شەرعیەت بدەن و یەکسانییەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو بەرەوپێش ببەن. لە هەندێک چوارچێوەدا مزگەوتەکان دەتوانن وەک ناوەندی کۆکردنەوەی کۆمەڵایەتی و سیاسی خزمەت بکەن، کە

تاک و گرووپەکان دەتوانن بزووتنەوەی نارەزایەتی، یان بەرخۆدان ڕێکبخەن.
وەک دامەزراوە، مزگەوت پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی جێگیرە، کە بە تێپەڕبوونی کات بەرگەی گرتووە.
مزگەوت وەک دامەزراوە دەورێکی گرنگ دەگێڕێت لە بوارە جیاجیاکانی کۆمەڵگە موسڵمانەکان[١].
لە کاتێکدا زۆرێک لە ئەرکە کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و سیاسییەکانی مزگەوتەکە لە سەردەمی نوێدا لەلایەن دامەزراوەکانی دیکەوە دەستیان بەسەردا گیراوە، بەڵام وەک ناوەندێکی کاریگەری بەرچاوی مزگەوتەکە دەمێنێتەوە. لە جیهانی ناموسڵمانی ئەمڕۆدا یەکێک لە دەربڕینە بینراوەکانی شوناسی ئایینی موسڵمان لە ئەورووپا و ئەمریکا بوونی مزگەوتی شارەکانە[٢].
گرنگترین دامەزراوە بۆ موسڵمانان مزگەوتە، کە ئاماژەیە بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگەی ئەندامان. هەر مزگەوتێک وەک کۆمەڵگەیەکی بچووک کار دەکات و بەجۆرێک ڕێکخراوە کە بتوانرێت لە هەمان کاتدا وەک فەزای ئایینی و سیاسی و کۆمەڵایەتی بەکاربهێنرێت[٣].
ڕۆبێرت هیلنبراندیش مزگەوت بە بینای سەرەکی ئایینی ئیسلام وەسف دەکات[٤].
بە پێی ڕەوانگەی تالکوت پارسۆنس سەبارەت بە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان، وەک خێزان، پەروەردە و ئایین و ئابووری، خزمەتی ئەرکە تایبەتەکان دەکەن کە بە شدارن لە سەقامگیری و هاوسە نگی گشتیی کۆمەڵگە[٥]. پارسۆنس ئاماژەی بەوەدا کە ئەم دامەزراوانە پێکەوە کار دەکەن بۆ پاراستنی نەزمی کۆمەڵایەتی و دەستەبەرکردنی کارکردنی بە ئاسانی کۆمەڵگە. بە بڕوای دۆرکهایمیش، هەموو توخمەکانی کۆمەڵگە بە ئەخلاق و ئایینیشەوە بەشێکن لە جیهانی سروشتی و دەتوانرێت بە شێوەیەکی زانستی لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکرێت. بە تایبەتی دۆرکهایم کۆمەڵناسی خۆی وەک زانستی دامەزراوەکان دەبینێت، کە ئاماژە بە شێوازە بەکۆمەڵەکانی بیرکردنەوە و هەستکردن و کردار دەکەن[٦]. لە ڕووی ئایینیشەوە، بۆ زۆر دیندار وەک جێگایەکی موقەدەس چاو لێدەکرێن. مزگەوتەکان ڕۆڵێکی بەرچاویان لە ئیسلامدا هەیە؛ ماڵی خوان، وەک بەرزترین شوێنن لەسەر زەوی[٧].
تەلارسازی مزگەوتەکان هەمەچەشن و دەوڵەمەندە، کە ڕەنگدانەوەی ئەو زەمینە جۆراوجۆرە کولتووری و جوگرافی و مێژوویانەن کە تێیدا دەبینرێن. لە کاتێکدا دیزاینی مزگەوتەکان دەتوانێت زۆر جیاواز بێت، بەڵام چەندین توخم و شێوازی تەلارسازی سەرەکی هەن کە بە شێوەیەکی باو لە مزگەوتەکاندا لە سەرانسەری جیهاندا دەبینرێن. لە پێکهاتە کۆنەکانەوە کە هێمای سەرچاوەی ئیسلامن تا دەگاتە دیزاینە مۆدێرن و داهێنەرەکانی مزگەوتە هاوچەرخەکان،

ئەم بینایانە نەک تەنیا وەک شوێنی پەرستن، بەڵکو وەک شوێنی بەرچاوی کولتووری و تەلارسازیش خزمەت دەکەن. توخمە سەرەکییەکانی وەک مناره، قوبە، میحراب و حەوشەکان بە شێوەیەک گونجێنراون کە لەگەڵ شێوازە ناوچەییە جیاوازەکان و سەردەمە مێژووییەکان بگونجێت. مزگەوتە مۆدێرنەکان زۆرجار توخمە تەلارسازییە هاوچەرخەکان لەخۆدەگرن، لەکاتێکدا فۆرمەکانی تەقلیدی دەهێڵنەوە. نموونە لە بەکارهێنانی کەرەستەی مۆدێرن وەک شووشە و پۆڵا، دیزاینی داهێنەرانە کە ڕەنگدانەوەی ڕەوتی تەلارسازی هاوچەرخە. تەلارسازی مزگەوت بەهێزترین شێوە لە نەریتە ناوچەییەکانی ئەو سەردەم و شوێنەیە کە تێیدا دروستکراوە. لە ئەنجامدا شێواز و ڕازاندنەوە دەتوانێت زۆر جیاواز بێت. سەرەڕای ئەوەش بەهۆی ئەرکی هاوبەشی مزگەوت وەک شوێنی نوێژی جەماعەت، هەندێک تایبەتمەندی تەلارسازی لە مزگەوتەکانی سەرتاسەری جیهاندا دەردەکەون[٨].

کاریگەری کۆمەڵایەتی مزگەوت لە کۆمەڵگەی کوردستان

پێش دەرکەوتنی قوتابخانەی مۆدێرن، مزگەوت ڕۆڵێکی گرنگتری لە کوردستاندا هەبووە. حاکمەکانی میرنشینە کوردییەکان کە توانیان فۆرمێکی ئۆتۆنۆمی لەناو دەوڵەتی عوسمانیدا بپارێزن، مەدرەسەی خۆیان دامەزراند. ئەوان لە دەرەوەی سیستمی قوتابخانەی عوسمانی مانەوە. لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان تەنیا مزگەوت و مەدرەسە هەبوون. لە غیابی قوتابخانە حکومییەکاندا هەر لەو شوێنانە بوو کە خوێندنەوە و نووسین هەروەک زمان و کولتووری کوردی دەخوێنرایەوە. ئەم مەدرەسە و مزگەوتانە کە ڕۆڵی سەرەکییان فێربوونی ئیمان بوو، سەرەڕای ئەوەش بەشداریان لە دەرکەوتن و گەشەسەندنی کولتوور و ژیانی ئایینی لە زۆرێک لە شارەکانی کوردستاندا کرد. لەم شوێنانەدا پەروەردەی دابینکراو بە زمانی کوردی و بەکارهێنانی زمانی زگماکی بووەتە ئامرازێک بۆ بەرەوپێشبردنی هۆشیاری نەتەوەیی لای کورد. مزگەوت و مەدرەسەکان فاکتەرێکی گرنگ بوون بۆ گواستنەوەی نەریت و فۆلکلۆری کوردی. مەلاکان و شێخەکانی کورد تا ئەمڕۆش لە سایەی گەڕانەوەی بەها ئیسلامییەکان لە زۆربەی کۆمەڵگە موسڵمانەکاندا، توانیویانە پێگەی خۆیان بپارێزن، یان تەنانەت بەهێزی بکەن. لە چاوی زۆرێک لە کوردەکاندا، شێخ و عولەماکان، بە تایبەت دووەمیان، وەک دەسەڵاتی ئایینی فەرمان بە ڕێزگرتن دەکەن. هەروەها پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە نوخبەی کورد بە گشتی لە زانایانی ئایینی پێکهاتبوون. خوێندەواری لە ئەستۆی

ئەوان بوو. زۆرینەی زانایانی ئایینی کورد، جگە لە فێرکردنی زانستی ئیسلامی، بەشداریەکی گەورەیان لە پەرەپێدانی زمان و ئەدەبی کوردیدا کردووە. هەستی ناسیۆنالیستی کورد لە نێو نوخبە ئایینییەکاندا گەشەی کردووە.

مەدرەسە و ڕێبازی سۆفیگەری ڕێگەی بە خوێندکارە ئایینییەکان لە سەرتاسەری کوردستان دەدا پەیوەندی بکەن و لەهجەی جیاواز فێربن. ئەم شوێنانەی فێربوونی پەروەردەی ئایینی وەک پێکهاتەی کۆمەڵایەتیبوون بۆ کورد لە هەموو چین و توێژەکانی ژیاندا کاریان دەکرد. بۆ ئەم خوێندکارانەی کە بەدوای خوێندنی ئایینیدا دەگەڕێن، گەشتکردن بەهۆی نەرمی و نەرمی سنوورەکانی جیاکردنەوەی ئیمارات و پراکتیزەکردنی بەربڵاوی کۆچەرییەوە ئاسانتر دەبوو. خەمی ڕاهێنان و پەروەردە، ئامرازی گەشتکردن بە سەرتاسەری کوردستاندا تەنانەت لە دەرەوەی سنوورە جوگرافی و خێڵەکییەکانیش پێشکەشی خوێندکارانی ئایینی و مامۆستاکانیان کردووە. ئەم پەیوەندییانە پەیوەندی نێوان ئەم نوخبە خوێندەوارانەیان بەهێزتر کرد. حاجی قادری کۆیی (١٨١٧-١٨٩٧)، پارێزەری ناسیۆنالیزمی کورد و مەلا و شاعیر، ڕەخنەی لەو شێخ و مەلایانە گرت کە گرنگییان بە زمانی کوردی نەدەدا و ئەو کەسە دیارانەی کە چارەنووسی گەلەکەیان پشتگوێ دەخست(ئەمیر حەسەنپوور، ١٩٩٤)[٩] بەردەوام بانگەشەی بۆ بەکارهێنانی زمانی کوردی دەکرد. هەرچەندە بوارە دڵخوازەکەی شیعر بوو، بەڵام داوای لە کورد دەکرد گۆڤار و ڕۆژنامە بڵاوبکەنەوە. مەلا کوردەکان لە دیارترین ئەو کەسانە بوون کە هۆشیارییەکیان لە ناسنامەی کوردایەتیدا پاراست. بە وتەی ئیدریس سیوەیلی[١٠]، مزگەوت شوێنی خواپەرستی بووە بۆ کوردانی موسڵمان و ناوەندێک بووە بۆ بڵاوکردنەوەی زانست، چونکە لە مزگەوتەکاندا. مامۆستایانی ئایینی (زانایانی ئایینی) زانستیان فێری فەقێ و خوێندکارانی ئایینی کردووە. ئەگەر تەماشای مێژووی ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردی بکەین، دەبینین زۆربەی کەسایەتییە سەرەکییەکانی لە مزگەوتدا زانستی خۆیان بەدەست هێناوە.

مزگەوتەکان ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕن لە بنیاتنانی شوناسی ئایینی و کولتووری موسڵمانان

قۆرخکردنی مزگەوت لە سەردەمی ئێستای کۆمەڵگەی باشووری کوردستان

ڕۆڵی مزگەوت لە کۆمەڵگەی باشووری کوردستان، لە شوێنەکانی دیکە کەمتر گرنگ نییە. دامەزراوەیەکی

گرنگە و کاریگەری لەسەر کارلێکە کۆمەڵایەتییەکان هەیە. مزگەوت هەموو ئەم ڕۆڵانە دەگرێتە ئەستۆ کە لە سەرەوە باسمان کرد. ئامانج لەم کارە تەنیا باسکردنی گرنگی مزگەوت نییە لە کۆمەڵگەی کوردستانی عێراقدا، بەڵکو شێوازی هەوڵدانی لایەنە سیاسییەکان، عەلمانی و ئیسلامیەکانە بۆ کۆنترۆڵکردنی. هەموو ڕەوتە ئیسلامی و سەلەفی-مەدخەلی و تەنانەت عەلمانییەکان، هەوڵی قۆرخکردنی مزگەوتەکان دەدەن. هەر لایەنێکی سیاسی ڕێکخراوی خۆی هەیە لە عولامەکان (زانایانی ئایینی) و پێدەچێت ئەکتەرە سیاسییەکان بیانەوێت لە ڕێگەی ڕێکخراوە بەهێزەکانیانەوە سەرپەرشتی شوێنەکانی پەرستن و بەتایبەت مزگەوت بکەن. هەرلایەنێک توانی قۆرخکاری لەسەر ئەم دامەزراوە ئایینییە بەدەست بهێنێت، دەتوانێت بە شێوەیەکی کاریگەر بانگەشە بۆ پرۆگرامی سیاسی، یان ئایینی خۆی بکات. کۆنترۆڵکردنی مزگەوت بووەتە پرسێکی چارەنووسساز، چونکە جگە لەوەی شوێنی نوێژکردنە، خزمەتگوزاری پەروەردەیی و سیاسی و چارەسەرکردنی ناکۆکی لەکاتی ناکۆکی نێوان گرووپ و خێزان و هاوسەر و تاکەکاندا دابین دەکات. بە گوێرەی (عەلی باپیر، ١٩٩٩)، ئیسلامییەکان لە کوردستان پێیان وایە کە دەسەڵاتی عەلمانی لە کاروباری مزگەوتەکاندا هیچ قسەیەکی نییە و ئەوە مافی ئیسلامییەکانە دەسەڵاتی مزگەوتەکان بگرنە دەست. بۆ ئیسلامییەکان ئاساییە کە حزبی ئەڵڵان (حزبوڵڵا) مزگەوتەکان وەک شوێنێک بۆ چالاکییە ئیسلامییەکانیان بەکاردەهێنن[١١]. بەگوێرەی (سۆران سیواکانی، ٢٠١٧) بۆ ئیسلامییەکان، تا ئەمڕۆ مزگەوت شوێنێکی ئایدیاڵە بۆ ڕاکێشانی ئەندامان[١٢].

سەبارەت بە جدییەتی دەسەڵات لەگەڵ ئیسلامیزم، مەریوان نەقشبەندی پێی وایە، دەسەڵات لە لایەک پرسی ئیسلامیزمی بە جددی وەرنەگرت و لە لایەکی تریشەوە هاوبەشی تەبلیغکردنی سەلەفیزم دەبوون، کە ڕەوتێکی ڕادیکاڵ، بەڵام ناسیاسییە کە لە بانگەوازدا زۆر چالاکە و پێدەچێت لە کوردستان لە هەڵکشاندا بێت[١٣].

لە کاتێکدا لە وڵاتانی دراوسێ ئیسلامییەکان ناسنامەی ئایینی و ناسنامەی نەتەوەیی تێکەڵ دەکەن، وەک لە تورکیا و ئێران، بەشێک لە ئیسلامییەکان لە کوردستان گوتاری تەنیا ئیسلامیان هەیە و هەوڵی کۆنترۆڵکردنی دامەزراوەی مزگەوت دەدەن و ئیسلامیزمێکی توندڕەوانە بەرامبەر بە شوناسی نەتەوەیی کورد پەرەپێدەدەن. مزگەوت ڕۆڵی سەرەکی بینیوە لە بەهێزکردنی ئەم گوتارە. زۆربەی بانگخوازان لە کوردستان سەبارەت بە ئاراستەی وتاری خۆیان سەربەخۆن و هەوڵدەدەن ئایدۆلۆژیایەک

کە ڕەنگدانەوەی ئایدۆلۆژیای حزبە سیاسییەکەی خۆیان، یان بۆچوونی شەخسی خۆیان بێت بەرجەستە بکەن. بەکارهێنانی مزگەوتەکان لەلایەن جیهادییەکانەوە وەک ناوچەکانی دیکە، بریتییە لە ئیستغلالکردنی ئەو دامودەزگا ئایینییانە بۆ مەبەستی ستراتیژی جۆراوجۆر. بۆ وێنە هەندێك لە بانگخوازانی ئایینی کورد لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان تەحەدای حاکمە عەلمانییەکان دەکەن و بانگەشە بۆ گوتاری ڕادیکاڵ دەکەن. هەندێک پشتگیریان بۆ داعش (دەوڵەتی ئیسلامی) دەربڕی و تەنانەت چەند کەسێکیشیان پەیوەندییان بەو ڕێکخراوەوە کردووە. پێش ئەوەی بچنە ناو ڕێکخراوەکەوە لە هەندێک مزگەوتدا لە باشووری کوردستان چالاکبوون. لە مزگەوتێکی سلێمانی، (م. گ) هانی خەڵکی دەدا بچنە ناو داعشەوە و یەکەم گرووپ بوو کە پەیوەندییان بە داعشەوە کرد. ئەو کەسە خۆی پەیوەندی بە ڕیزەکانی داعشەوە کرد. لە کۆتایی ٢٠١٣دا، ئاسایش لە یەک شەودا ١١ مزگەوتی شاری سلێمانی پشکنی.[١٤] بەکارهێنانی مزگەوتەکان بۆ پەرەپێدانی توندوتێژی بە کۆمەڵگە موسڵمانەکان سنووردار نابێت. لە کاتێکدا لە بواری ئایینی و کۆمەڵایەتیدا، ڕۆڵی مزگەوت لە نزیک کردنەوە و بەهێزکردنی هەستی ئایینی لە ناو موسڵماناندا بەرز دەنرخێنرێت، ڕۆڵی مزگەوت لە ڕۆژئاوا زۆر زیاتر ڕەخنەی لێدەگیرێت. نموونەی مزگەوتە توندڕەوەکان کە پەیوەستن بە جیهادەوە ژمارەیان لە دەیان تێدەپەڕێت. چەندین مزگەوت تۆمەتبارکراون بە توندڕەوی. هەندێک لە ئیمامەکان گومانیان لێدەکرێت کە مزگەوتەکە بۆ هاندانی توندوتیژی گەنجانی موسڵمان و دامەزراندنی چەکدارانی جیهادی بەکاربهێنن.[١٥]

بە بڕوای دۆرکهایم، هەموو توخمەکانی کۆمەڵگە بە ئەخلاق و ئایینیشەوە بەشێکن لە جیهانی سروشتی و دەتو انرێت بە شێوەیەکی زانستی لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکرێت

ئەو ڕۆڵە نەرێنییانە دەتوانن بریتی بن لە بانگخوازی توندڕەوانە. لە هەندێک مزگەوتدا وتاربێژانی ڕادیکاڵ وتاری تێدا پێشکەش دەکەن کە ئایدۆلۆژیای توندڕەو بەرەوپێش دەبەن. ئەم وتارانە دەتوانن هاندەر بن بۆ توندوتیژی، هاندەری هەستی دژە ڕۆژئاوایی بن و تاکەکان بۆ لای ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان ڕابکێشن. هەندێک مزگەوتیش گومانیان لێدەکرێت کە ڤیدیۆ و کەرەستەی دیکەی پروپاگەندەی توندڕەو بڵاو بکەنەوە. لە هەندێک حاڵەتیشدا مزگەوتەکان لەلایەن گرووپە توندڕەوەکانەوە وەک ناوەندی

دامەزراندن بۆ چالاکییە تیرۆریستییەکان و دروستکردنی تۆڕ و ناردنی جیهادییەکان بۆ ناوچە جێناکۆکەکان بەکارهێنراون. هەندێک لە مزگەوتەکانیش تۆمەتبار دەکرێن کە بوونەتە هۆی پەرەپێدانی دابڕان و گۆشەگیری کۆمەڵایەتی تاکەکان و دروستکردنی کۆمەڵگەی هاوتەریب. بە شێوەیەک تاکەکان دڵسارد دەکەن لە کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکان و فێربوونی زمانی وڵاتەکە و تێکەڵبوون بە کۆمەڵگە گەورەکە. ڕخنەیەکی دیکە ئەوەیە کە هەندێک لە مزگەوتەکان دەبنە کاناڵی دەستوەردان لە کاروباری وڵاتەکە. گومان دەکرێت کە بەشێک لە مزگەوتەکانی ئەورووپا پارەیەکی بەرچاو لە حکومەتە بیانییەکان وەردەگرن و مزگەوتەکانیش بەرنامەی ئایینی و سیاسی وڵاتی بەخشەر بەرەوپێش دەبەن. دیارە هەر یەک لەو وڵاتانە دەتوانن خوێندنەوە و لێکدانەوەی تایبەت بۆ ئیسلام بانگەشە بکەن، کە هەندێکیان دەتوانێت کۆنەپەرستانەتر و ڕەقتر بێت، کە ئەگەری هەیە لەگەڵ میانڕەوەکان بەریەک بکەوێت. هەندێک چالاکیی سیاسی کە ڕەنگە لەگەڵ بەهاکانی کۆمەڵگە گەورەکە نەگونجێت. ئەمەش دەتوانێت لۆبیکردن بۆ یاسا و ئەو سیاسەتانە بێت کە داکۆکی لە بیروباوەڕی ئایینی کۆنەپەرستانە دەکات و لەوانەیە لەگەڵ بنەماکانی مافی مرۆڤ و دیموکراسی دژایەتی بکات. لەوانە پەرەپێدانی ڕق و کینە، یان بە پەرەپێدانی هەستی دژە جولەکە و دژە مەسیحی.

بۆ وێنە دەکرێت ئاماژە بە مزگەوتی فینسبێری پارک لەندەن بکرێت، کە ئەبو حەمزە ئەلمیسری تێیدا خوتبەی دەدا. ناوبراو لەلایەن دادگای نیویۆرکەوە بە تۆمەتی پاڵپشتیکردنی تیرۆر بە تاوانبار ناسێنرا و سزای زیندانی هەتاهەتایی بەسەردا سەپێنرا.[١٦] وەک لویس کاپریۆلی، بەرپرسی پێشووی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لەناو دەزگای هەواڵگری فەرەنسا، وتی، "لە پشت هەموو تیرۆریستێکی موسڵمانەوە، ئیمامێکی توندڕەو هەیە"[١٧]. بۆ نموونە ئاماژە بە مزگەوتی هامبۆرگ، کە هەندێک لە ڕفێنەرانی ١١ی سیپتامبر تێیدا ڕادیکاڵ بوون، هەروەها بە مزگەوتی فینسبێری لە لەندەن کە لە سەرەتای سال ٢٠٠٠دا، ڕاکێشەری زۆرێک لە کەسایەتییە جیهادییەکان بوو. مزگەوتی ئەننور، لە وینتەرتوور لە سویس، ئەم مزگەوتەش بەوە تۆمەتبار کراوە کە شوێنی پەروەردەکردنی ئایدۆلۆژیای ڕادیکاڵە. چەندین کەسایەتی کە هاتوچۆی ئەو مزگەوتەیان کردووە، چوونە ناو گرووپە چالاکە تیرۆریستییەکانەوە.

لە هەندێک لە وڵاتی موسڵمان، وەک ئێران، پاکستان، تورکیا، ئیندۆنیزیا...، دامەزراوە دینییەکان لە چوارچێوەی بەرژەوەندی گشتی نەتەوەیی وڵات ئاراستە کراون. لەو وڵاتانە دامەزراوەگەلێک هەن کە ئایین و کاروباری ئایینی بەجۆرێک

بەڕێوەدەبەن کە بەپێی سیاسەتی دەوڵەت بێت و وتارەکان لەگەڵ بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان ناکۆک نەبن، یان شوناسی نەتەوەیی ناخەنە ژێر پرسیارەوە، وەک ئەوەی ئەمڕۆ لە باشووری کوردستاندا بە شێوەیەکی بەرچاو هەیە. لە ئێران دوای شۆڕشی گەلانی ئێران ساڵی ١٩٧٩، ڕێنمایی بۆ وتاری هەینی دانراوە. تەنیا یەک وتار (ناوەرۆک) هەیە و ئەو مەلایانەی ئەم وتارە پێشکەش دەکەن نوێنەری خامنەیی ڕێبەری مەزنی ئێرانن. ئەم وتارانە بەگوێرەی هێڵی سیاسی ئێرانن.[١٨] لە پاکستان، لە سەرەتای دروستبوونیەوە، سەرکردەکانی ئەم وڵاتە هەستی ئایینییان وەک ئامرازێک بۆ بەهێزکردنی ناسنامەی پاکستانی بەکارهێناوە. سەرکردەکان هەوڵیان داوە ئیسلامیزمی چەکداری بە شێوەیك ئیدارە بدەن، کە خزمەت بە ئەرکی بنیاتنانی نەتەوەیی بکات بەبێ ئەوەی سیاسەتی ناوخۆیی، یان پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوا تێکبدات.[١٩] لە تورکیا ئەم کارە لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتیی دیانەتەوە دەکرێت، کە ڕۆڵێکی گرنگی پێدراوە لە دارشتن و پڕوپاگەندەکردنی سەنتێزی تورکی-ئیسلامی.[٢٠] نەقشبەندی لەسەر ئەو بۆچوونەیە کە لە کوردستان هیچ یاسایەک نییە کە چالاکییەکان ڕێکبخات، بەڵکو دروستکردنی شوێنی عیبادەتەکانی وەک مزگەوتیش ڕێکخراو نین.[٢١]

کۆبەند

بە پێچەوانەی زۆربەی وڵاتانی موسڵمان کە هەماهەنگی لە نێوان گوتاری ئایینی و هێڵی سیاسی دەوڵەتدا هەیە، ئەم هەماهەنگییە لە ئێستادا لە کوردستاندا لە ئاستێکی زۆر نزمدایە. دەسەڵاتدارانی کوردستان دەبێت بە هەستیارییەکی زۆرەوە مامەڵە لەگەڵ پرسی ئیسلامیزم و ڕۆڵی مزگەوتەکان و ئایین بکەن، چونکە هەندێك لە ئەکتەرە ئیسلامییەکان هەوڵدەدەن سەرمایەگوزاری لەم ڕێکارانە بکەن و عەلمانییەکان تۆمەتبار بکەن کە دژی ئایینن.

مزگەوتەکان کە ڕۆڵی سەرەکییان فێربوونی ئیمان بوو، سەرەڕای ئەوەش بەشداریان لە دەرکەوتن و گەشەسەندنی کولتووروژیانی ئایینی لە زۆرێک لە شارەکانی کوردستاندا کرد

بە پێچەوانەی سیاسەتی بەڕێوەبردنی ئایین لە تورکیا کە ژمارەیەکی سنووردار قوتابخانە بۆ ڕاهێنانی ئیمام و وتاربێژەکان هاوتەریب لەگەڵ سەردەمی مۆدێرن لە ساڵی ١٩٢٤ەوە دروستکراون، تەنیا لەم دواییانەدا وەزارەتی بەخشین و کاروباری کۆمەڵایەتی هەندێک بڕیاری دەرکردووە و تێیدا هاتووە کە دروستکردنی مزگەوتەکان دەبێت بە مۆڵەتی وەزارەتەکەی ئەنجام

بدرێت. لەسەر بنەمای ئەم بڕیارە تەنیا وەزارەت دەسەڵاتی دەرکردنی مۆڵەتی دروستکردنی مزگەوتی هەیە.

بە شێوەیەکی ئاسایی مەلاکان لە کوردستان بە چاوی ڕێزەوە سەیر دەکرێن و خەڵکی ئاسایی هەستیارن کە زۆر ڕخنە لەم چینەی کۆمەڵگە بگیرێت. لە چاوی بەشێکی بەرچاوی خەڵکدا ئەم بانگخوازانە نوێنەرایەتی ئایینی ئیسلام دەکەن. بەڵام نابێت ئەوەش لە یاد بکرێت کە ڕەنگە مەلا توندڕەوەکان هەوڵ بدەن ئەم دامەزراوە گرنگە بۆ مەبەستی خۆیان بەکار بهێنن. بەرەنگاربوونەوەی توندڕەوی لە نێو مزگەوتەکان و ناوەندە دینییەکان لە باشووری کوردستان، پێویستی بە تێکەڵەیەک لە بەشداریکردنی کۆمەڵگە، پشتگیری لە دەنگە ئایینییە میانڕەوەکان و ڕێوشوێنی ئەمنی بەهێز هەیە.

چەند هۆکارێک هەن کە دەسەڵاتی عەلمانی پلانێکی ڕوونیان نەبووە و نییە بۆ کۆنترۆڵکردنی کاروباری مزگەوت و بە جددی ڕووبەرووی ئەو پرسە نەبوونەوە. یەکەم ساڵەکانی نەوەد بە هۆی شەڕی ناوخۆ کە پارتی و یەکێتی لە ماوەی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا سەرقاڵی بوون، نەیانپڕژایە سەر ئیدارەکردنی دامەزراوە دینییەکان و هۆکاری دیکە، حزبە دەسەڵاتدارەکان هەوڵیان داوە ئیسلامییەکان بهێننە ناو پرۆسەی سیاسییەوە، ئەمەش ناچاری کردوون هەندێک ئیمتیاز بدەن.

1-Turmel, André. Le retour du concept d'institution Département de sociologie Université Laval

2-Kahera, Akel, Latif Abdumalik, Craig Anz. (2009). "Design Criteria for Mosques and Islamic Centers, Art. Architecture and Worship. 1st Edition".

3-Rasdi, Mohamad Tajuddin Mohamad. (2014). Rethinking the mosque in the modern Muslim society. Éditeur ITBM.

4-Hillenbrand, Robert. (2004). Islamic Architecture: Form, Function, and Meaning. Columbia University Press.

5-Edwards Tiryakian, January 3, 2024. Functionalism, Sociology Theorists. Parsons on institutions and social evolution. Functionalism in Sociology https://easysociology.com/sociology-theorists/talcott-parsons-a-pioneer-of-functionalism-in-sociology/#

6-Internet Encyclopedia of Philosophy. TalcottParsons:APioneerofFunctionalism in Sociology, A Peer-Reviewed Academic Resource. Émile Durkheim (1858—1917). En ligne : https://iep.utm.edu/emile-durkheim/#:~:text=According%20to%20Durkheim%2C%20all%20elements,thinking%2C%20feeling%2C%20and%20acting

7-Abohanifa Islami. « The Educational Role of the Mosque in Society ». Sharia faculty, Kabul University, Afghanistan.

8-By Kendra Weisbin. Introduction to mosque architecture. En ligne :

January 2015. En ligne: https://www.bbc.com/news/uk-11701269
17-Olivier Guitta, Mosquées radicales et djihad en Europe. Publié le 17 octobre 2019
18-Peyser Presse, op.cit.
19-Haqqani, Husain. Pakistan: Between Mosque and Military. Carnegie Endowment, 10 mars 2010 - 397 pages.
20-van Bruinessen, Martin, « The Governance of Islam in Two Secular Polities: Turkey's Diyanet and Indonesia's Ministry of Religious Affairs », In: European Journal of Turkish Studies [Online], 27 | 2018, Online since 10 January 2019, connection on 19 March 2020. URL: http://journals.openedition.org/ejts/5964; DOI: https://doi.org/10.4000/ejts.5964
21-L'interview avec Mariwan Naqshbandi, op.cit.

https://www.khanacademy.org/humanities/ap-art-history/introduction-cultures-religions-apah/islam-apah/a/introduction-to-mosque-architecture
9-Hassanpour, Amir. (1994). « The Kurdish Experience » In : MER189, Vo. 24, en ligne, URL : https://www.merip.org/mer/mer189/kurdish-experience
10-L'interview (par questionnaire), avec Idris Siwayli en 2019. Il a écrit plusieurs ouvrages sur l'islam politique au Kurdistan.
11-Bapir, Ali. 1999. « Les mosquées au Kurdistan entre la construction et la destruction ». En kurde « Mizgewt le nêwan awedan kirdinewe u wêran kirdinda ». Halabja. Volume 1.
12-L'interview (par questionnaire) avec Soran Siwakani en 2017. C'est un ancien islamiste et un connaisseur de l'islam politique au Kurdistan.
13-L'interview avec Mariwan Naqshbandi, le porte-parole de du ministre de la Donation et des Affaires Sociales au Kurdistan, en 2015 à Erbil.
14-L'interview avec Mariwan Naqshbandi, op.cit.
15-Swissinfo.ch. November 2, 2016. "Winterthur mosque raided after sermon 'incited violence"
https://www.swissinfo.ch/eng/society/an-nur-mosque_police-raid-radical-winterthur-mosque/42562112
Consulté en mais 2024.
16-Abu Hamza profile, Published 9

وەرگێڕان

ئایینناسی

حزب و حزبایەتی لە ئیسلامدا

نووسینی: د. بەهرام ئیخوان کازمی
وەرگێڕانی: ئارام مەحموود ئەحمەد

پوختە

حزب و حزبایەتی دیاردەیەکی نوێیە و لە تێڕوانینی فیقهیدا لە کۆمەڵگە و کولتووری شیعە و لە ئەندێشەی ئایینیدا لە بارەی پەسەندکردن، یان ڕەتکردنەوەی، نادیاری و نیگەرانی و تێڕوانینی جیاجیا بوونیان هەیە.

بۆ ڕوونکردنەوەی بابەتی فرەحزبی لە ئەندێشەی ئیسلامیدا هەوڵ دراوە سوود لە سەرچاوە قورئانییەکان و گێڕانەوە و ژیاننامەی هاوەڵان و مێژووی سەرەتای ئیسلام وەربگیرێت، یان هەوڵ دراوە حزب و حزبایەتی وەک کارێکی نوێ و هاوچەرخ لێکبدرێتەوە و بەپێی کارە ئەرێنی و عەقڵانییەکانی و گونجاندنی شەرع لەگەڵ عەقڵ، مۆڵەتی ڕەوایەتی ئەم دیاردە مۆدێرنە سیاسییە بدەن. لەم توێژینەوەیەدا بێجگە لە سەرنجدان لەم دوو چوارچێوەیە، سەرەتا پێگەی حزب و حزبایەتی لە قورئاندا لێکدراوەتەوە، دواتر تێڕوانین و بەڵگەهێنانەوەکانی یار و نەیارانی ڕەوایەتی ئایینی حزبایەتی باس کراوە.

کلیلە وشەکان: حزبایەتی، حزبوڵڵا، سیاسەت، ئەندێشەی ئیسلامی، گێڕانەوەکان، شەریعەت، عەقڵ، فیقهی سیاسی، کەلام.

پێشەکی

حزبی سیاسی لە پێناسە نوێیەکاندا بریتییە لە کۆمەڵێکی ڕێکخراو لەناو سیستمێکی سیاسیدا، کە لەسەر بنەمای باوەڕ و پەیڕەوێکی هاوبەش بە شێوەیەکی یاسایی بۆ بەدەستهێنان و بەکارهێنانی دەسەڵاتی سیاسی و جێبەجێکردنی تێڕوانین و ئامانجەکانی هەوڵ دەدات و خەبات دەکات. مێژووی حزبایەتی و فرە حزبی ئەمڕۆ لەگەڵ مێژووی دیموکراسییەکانی ڕۆژئاوا نوێ و هاوچەرخە و پەیوەندیان هەیە، چونکە فرەحزبی بە میکانیزمی سەرەکی ئەو جۆرە دیموکراسییانە هەژمار دەکرێت و لەگەڵ سەرجەم چەمک و میکانیزمەکانی ئەم جۆرە سیستمی بیرکردنەوە و بەڕێوەبردنە پەیوەندی نزیکیان هەیە.

بەپێی پێناسەکەی سەرەوە حزب دیاردەیەکی نوێ و لە ڕوانگەی فیقهییەوە بابەتێکی نوێ لە کۆمەڵگە و فەرهەنگی شیعەدایە، کە لەگەڵ ئەو پێویستییەی لە ژیانی سیاسیدا هەیە، کەمتر لێکۆڵینەوەی لەبارەوە کراوە.

حزبایەتی لە قورئاندا

ناوی یەکێک لە سووڕەتەکانی قورئان (ئەحزاب)ە. لەبارەی بەکارهێنانی ئەم وشەیە و هاوشێوەکانی لە کتێبە ئاسمانییەکەدا دەبێت ئاماژە بکرێت کە وشەی (حزب) (٧) جار (دوو جار لە سووڕەتەکانی مەککی و ٥ جار لە سووڕەتە مەدینەییەکاندا) هاتووە، هەروەها (حزبە و حزبین) هەر یەکێکیان یەک جار لە سووڕەتە مەککییەکاندا بەکارهاتوون. هەروەها (الاحزاب) (١١) جار، (٦) جار لە سووڕەتە مەککییەکاندا و (٥) جار لە سووڕەتە مەدینەییەکاندا هاتووە. بەم شێوەیە (٤) وشەی وەرگیراو لە (حزب) بیست جار لە قورئاندا هاتووە، کە (٨) جار بە تاک و (١١) جار بە کۆ باس کراوە و بە نزیکەیی لە هەموو شوێنێکی قورئاندا بە واتای گرووپ، تائیفە، کۆمەڵە و ... هاتووە.

شارەزایانی قورئان نووسیویانە "حزب ئەو کۆبوونەوە و گرووپەیە کە لەسەر بیرکردنەوە و ئامانجێک هاوڕان. لە قورئاندا هاتووە [بەڵام زۆربەی خەڵکی بیرو بۆچوونی خۆیان بەش بەش و پارچە پارچە کرد، هەموو دەستە و تاقمێك بەو بەرنامە و نەخشەیەی هەیانە دڵخۆشن] (المؤمنون ٥٣). [لەوانەی کە ئایینەکەیان بەش بەش کردووە و بوونەتە چەندان گرووپ و دەستە، هەر گرووپ و پارتێکیش دڵخۆشن بە بەرنامە و نەخشە و پلانی خۆیان](الروم ٣٢)

ئەم دوو ئایەتە بە ڕوونی ئاماژەن بۆ ئەوەی کە لە حزبایەتیدا جۆرێک دەمارگیری فیکری و حزبی بوونی هەیە و خۆی لە ئەوانی تر جیا دەکاتەوە.

وشەی (فئة) ئاماژەیە بۆ کۆمەڵی هاوکار و پشتیوان، کە بە پشتیوانی یەکتر کاری بەکۆمەڵ ئەنجام دەدەن. ئایەتی [چەندەها جار دەستەی کەم، زاڵبوون بەسەر دەستەی زۆردا بەفەرمانی خوا و خوا یار و یاوەری خۆگر و ئارامگرانە] (البقرة ٢٤٩) شایەتی ئەم واتایەیە. بەڵام وشەی (فرقة) هەرچەندە ئەمڕۆ لە کەلامدا بە گرووپی مەزهەبی دەوترێت، بەڵام لە بنەڕەتدا بە واتای گرووپێکی تایبەت لە خەڵکە، کە لە خەڵکی تر جیان و تایبەتمەندی خۆیان هەیە و ئایەتی (١٢٢)ی سوورەتی (التوبة) [بۆچی لە هەر هۆزو دەستەیەک، کەسانێک نەچوون بۆ خوێندن تا شارەزا بن لە ئایین تێبگەن و فێر ببن و قەومەکەشیان تێبگەیەنن و فێریان بکەن کاتێک کە گەڕانەوە بۆ لایان، بۆ ئەوەی ئەوان هوشیار ببنەوە خۆیان بپارێزن لە گوناهـ و خوا لە خۆ نەڕەنجێنن] هەمان ئاماژەیە. هەڵبەت ئەمڕۆ (فرقة) زیاتر بە واتای گرووپ و دەستەی مەزهەبی بەکاردێت، بەڵام هەر چۆنێک بێت وشەکانی (حزب، فئة، فرقة) ئاماژەن بۆ کۆمەڵێک کە ئامانجێکیان هەیە و دەمارگیری گرووپییان هەیە.

(ئەمین ئیسلام) لە تەفسیری (مجمع البیان)دا بۆ ئایەتی (٣٧)ی سوورەتی (مەریەم) حزب بە (ناکۆکی مەزهەبی) دادەنێت، واتا هەر قەومێک باوەڕێکی هەبێت، کە بە پێچەوانەی باوەڕی قەومەکەی دیکە بێت. هەروەها ئاماژە بەوە دەکات، حزب بریتییە لە کۆمەڵ و گرووپێک کە لە ڕا و بیرکردنەوەدا لە ئەوانی تر جیاوازن.

لە لایەکی ترەوە (تەباتەبایی) لە تەفسیری (المیزان)دا، بۆ هەمان ئایەت شیکارێکی هاوشێوەی کردووە، "ئەحزاب کۆی حزبە و بەو کۆمەڵ و گرووپانە دەوترێت کە لە ڕا و بیرکردنەوەدا لە ئەوانی تر جیاوازن. (ئەحزاب) بە شێوەی کۆ (١١) جار لە قورئاندا بەکارهاتووە و لە تێکڕایاندا ڕەخنەیی بووە و بە دوو واتای گشتی و تایبەتی ئاماژە دەکات، واتا گشتییەکەی لە ڕووکاردا سەرجەم ئەو گرووپانە دەگرێتەوە کە دژی پێغەمبەر وەستاونەوە و خودا تێکیشکاندوون، واتا تایبەتییەکە بە گرووپە هاوەڵدانەرەکانی قورەیش و (غەتەفان) و عەرەبە هاوەڵدانەرەکان و جولەکەکان وتراوە، کە دژی پێغەمبەر حزبیان پێکهێناوە و دژی موسڵمانان شەڕیان کردووە و هێرشیان کردووەتە سەر مەدینە. کەواتە (ئەحزاب) بە واتا تایبەتییەکەی هەمان ئەو سوپا، یان دوژمنانەی پێغەمبەرن، کە هەموویان دژی پێغەمبەر یەکیان گرتبوو. هەروەها ئایەتەکانی [ئەوانە هێشتا وادەزانن کە لەشکر و گرۆ و دەستەکان نەڕۆیشتوون، ئەگەر لەشکری گرۆکان هات، ئاوات دەخوازن بریا لەناو عەرەبە بیابان نشینەکاندا بوونایە و لەوێوە هەواڵی ئێوەیان بپرسیایە!! خۆ ئەگەر لەناو ئێوەدا بوونایە تەنیا کەم نەبێت جەنگیان نەدەکرد(٢٠) کاتێك ئیمانداران ئەو

هەموو دەستە و گرۆهانەیان بینی وتیان: ئەمە ئەوەیە کە خوا و پێغەمبەرەکەی بەڵێنی پێداوین، دیارە کە خوا و پێغەمبەرەکەی ڕاستیان فەرموو لەپێش هاتنیدا، بێگومان ئەو دژایەتییە باوەڕ و ملکەچی نەبێت هیچی تری بۆ زیاد نەکردن(٢٢)]ی سوورەتی (ئەحزاب) ئاماژە بەو گرووپە شەڕکەرانە دەکات.

هەروەها (حزب) لە قورئاندا وەک ئایەتی (٣٢)ی سوورەتی (الروم) و ئایەتەکانی (٥٢ و ٥٣)ی سوورەتی (المؤمنون) ئاماژە بە دۆخی هاوڵدانەران دەکات و حزب لە ئایەتەکاندا بەو گرووپە لە هاوەڵدانەرانە دەوترێت، کە لە ئایین لایانداوە و دەستە دەستە و دابەشبوون و بەپێچەوانەی بانگەوازی پێغەمبەران، کە مرۆڤایەتیان بەرەو یەک ئوممەت و یەکگرتوویی باوەڕ و کۆمەڵێک بانگهێشت کردووە، جیاوازی و حزبایەتیان گرتووەتەبەر، کە تایبەتمەندی هاوبەشیان بریتی بووە لە دابەشبوون، هاوەڵدانان و دووركەوتنەوە لە خودا.

بە سەرنجدان لە جەختکردنەوەکانی ئایەتەکانی سەرەوە لەسەر یەک ئوممەت و دووركەوتنەوە لە دابەشبوون، لەوانەیە بتوانرێت بەمشێوەیە لە ئایەتە قورئانییەکان تێبگەین، کە ئەگەر ژمارەی حزبەکان و کێبڕکێی نێوانیان و جەختکردنەوە لەسەر تێڕوانینی حزبی لە ئاستی تێڕوانین و بۆ گەشەپێدانی تواناکان گونجاو لەگەڵ جیاوازی هەلومەرجی کات و شوێن بێت و ئەمانە هەموویان دەرخەری تێگەیشتنی جیاواز بۆ حەقیقەتێک بن، نەک یاساغ نییە، بەڵکو پێویستی ژیان و جوڵەیە، بەڵام ئەگەر ئەم فرەیی و دەمارگیرییە ببێتە هۆی پارچە پارچەبوونی کۆمەڵگە و ببێتە هۆی شەڕ لەسەر دابەشکردنی دەسەڵات و شتە دونیاییەکان بێ سەرنجدانە بەها ئیلاهی و بەرژەوەندییە گشتییەکان، ڕێگەیەکی پووچ دەبێت و ئەمجۆرە حزبایەتییە لە ڕوانگەی قورئانەوە دژی ڕەفتاری باوەڕداران و کۆمەڵگەی باوەڕادارنە.

حزبوڵڵا لە قورئاندا

حزب و ئەحزاب لە قورئاندا تەنیا وەک ڕەخنە بەکارنەهاتوون، بەڵکو بە چوونە ناو باسی (حزبوڵڵا) کە لە سێ باسی ئایەتەکاندا هاتووە، بەکارهێنانی وشەی حزب لە پلەی ستایشکردندا بەکارهاتووە. قورئان لە سوورەتی (مائیدە)دا کە لە ئایەتی (٥٦)دا باسی دەکات و دەڵێت [جا ئەوەی خوا و پێغەمبەر و ئەوانەی بڕوایان هێناوە بە پشتیوان و خۆشەویستی خۆی قبووڵ بکات، ئەوە با دڵنیا بێت کە هەر کۆمەڵ و دەستە و تاقمی خوا، زاڵ و سەرکەوتوون](المائدة ٥٦)

بە سەرنجدان لە ئەو ئایەتە دەتوانرێت تێگەیشت کە لە ڕوانگەی قورئانەوە، حزبوڵڵا بەو گرووپەی کە لە دەوری تێگەیشتنی سادەی هاوڕێیەتی و یاوەری

کۆدەبنەوە، ناوترێت، بەڵکو پێکهاتەیەکی باوەڕدار، لەسەر ڕێڕەوی قورئان و سوننەت دەوترێت، کە دەبێت بە ئامانجی سەرکەوتنی دنیایی و ڕۆژی دوایی شوێنکەوتەی تەنیا خوا، پێغمەبەرەکەی و شوێنکەوتوانی بن. هەروەها ئایەتی (٢٢)ی سوورەتی (المجادلة) ئاماژە بە باوەڕی ڕاستەقینەی حزبوڵڵا دەکات، کە لەگەڵ سیفەتەکانی وەک دۆستایەتی لەگەڵ دوژمنانی خوا ناسازێت.

بەپێی ئایەتە ناوبراوەکانی قورئان و پشت بەست بە پێناسەی حزبوڵڵا لە ڕوانگەی قورئانەوە و بە پێداچوونەوە بە ئایەتەکانی (٥١ تا ٥٨)ی سوورەتی (المائدة) دەتوانرێت ڕاشکاوانە بوترێت کە (ولاء، تولی) گرنگترین بنەمای پێکهاتەی حزب لە فەرهەنگی سیاسی ئیسلامن، هەروەها دەبێت بوترێت، (تولی) هەمان حزبایەتییە، واتا کەسێک کە بە دەسەڵاتداری ئیلاهی ڕەزامەندە و لەسەر ئەو ڕێڕەوە شوێنی ئیمام دەکەوێت و دەچێتە ناو حزبی ئیلاهییەوە، کە ئەندامەکانی یەکگرتوون، هاوڕێ و شان بە شانی یەکتر هەوڵ دەدەن و هەستی خۆشەویستییان بۆ یەکتر هەیە، کە ئەوان بەرامبەر هاوڕێکانیان (باوەڕداران) میهرەبان و بەرامبەر بێگانەکان، بە بەرگریکار دادەنێت و جۆرێک بەڵێنی بەکۆمەڵ و یەکگرتوویی لەم پێکهاتەیەدا دروست دەکات. لەبەر ئەوە لە حزبوڵڵادا ناوەندی پێکهاتە و یەکگرتوویی مرۆڤەکان تەنیا خوایە و بێجگە لەو هیچ کەسێکی تر ناتوانێت پێکهاتە بەهێز و پتەوەکانی مرۆڤایەتی لەسەر بنەمای ئامانجە ئیلاهییەکان ڕێکبخات. ئەندامانی حزبوڵڵا لەسەر بنەمای ئایەتی (٥٤)ی سوورەتی (المائدة) بریتین لە نوێژخوێنان و ئەوانەی زەکات دەدەن و لەخۆبوردوون بەرامبەر باوەڕداران، بەڵام بەرامبەر کافرەکان توندن و دوژمنی دوژمنانی خوا و پێغەمبەرەکەین، ئەگەر باوک و منداڵەکانیشیان بن، ئەمەش بە واتای ڕەتکردنەوەی هەر جۆرێک دەمارگیری کوێرانەی حزبی بە واتا ئەمڕۆییەکەی لە حزبوڵڵادایە، چونکە پەیوەندی ڕێژەیی و هۆکاری و خێزانی و حزبی ڕێگرە لە حەقخوازی و ڕاستگۆیی ئەوان.

لە حزبایەتیدا جۆرێک دەمارگیری فیکری و حزبی بوونی هەیە و خۆی لە ئەو انی ترجیا دەکاتەوە



ڕەو ایەتی ئایینی حزبایەتی یەکەم: لە ڕو انگەی نەیارەکانەوە

لەناو خاوەن بۆچوونە موسڵمانەکان، کۆنەکان و هاوچەرخەکان، کەسانێک هەن بە بەڵگەکانیان ڕەوایەتی ئایینی حزبایەتی دەخەنە ژێر پرسیارەوە. هەڵبەت ئەم نەیارییە زیاتر لەناو بیرمەندە عەرەبە سوننەکاندا هەیە. ژمارەیەک لە

پاساوەکانی ئەم نایارانە بریتین لە:
١. حزبایەتی لەلایەن شەریعەتەوە نەهی لێکراوە و دەبێتە هۆی بڕەودان بە پووچی و ژمارەیەک لە حەرامەکان و هۆکاری دابەشبوون و زیان گەیاندن بە کۆمەڵی جێی ڕەزامەندی ئیسلامە
بەپێی ئەم تێڕوانینە سیستمی حزبایەتی و فرەحزبی هیچ جێگەیەکی لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا نییە، چونکە زیان بە بنەما و یاساکانی شەریعەت دەگەیەنێت و دەبێتە هۆی بڕەودان بە گەندەڵی و خراپەکاری لە کۆمەڵگەدا، لەوڕووەوە دەبێت بە بەهێزی ڕووبەڕووی بنەوە، چونکە بەردەوام حزبەکان لە دەقە شەرعییەکاندا لۆمە کراون و تەنیا لە بارەی دوژمنانی ئایین ئەم چەمکە بەکار هاتووە و هیچ کاتێک باوەڕداران بەم چەمکە لەلایەن خواوە نەدوێنراون و تەنیا لە دوو باسدا لە قورئاندا بە شێوازی تاک ئەم بابەتە، واتا حزبوڵڵا ناسێنراوە و ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە شەریعەتی ئیسلام تەنیا یەک حزب بە ڕەسمی دەناسێت، ئەویش حزبوڵڵایە، بەڵام دەربڕینی وەک حزبەکان (ئەحزاب) ئاماژەیە بۆ سەرجەم گرووپ و لقەکانی دەرەوەی کۆمەڵی موسڵمانان. بێجگە لەوە ئێمە لێرەدا ڕووبەڕووی بەڵگەی دیکەین، کە موسڵمانان لە دابەشبوون و جیاوازی ئاگادار دەکاتەوە و پێشنیاری هاوکاری و یەکگرتوویی دەکات و دوو ئایەتی [بەڕاستی ئەوانەی ئایینەکەیان بەش بەش کرد و بوونە دەستە دەستە و پارچە پارچە، ئەوە لە هیچ شتێکدا تۆ لەوان نیت، بەڵکو تۆ لەوان بەریت، بەڕاستی ئەوانە کاروباریان بۆ لای خوایە و تۆڵەی لادانیان لێدەسێنێتەوە، لەوەودوا هەواڵی هەموو ئەو کار و کردەوانەیان پێ دەدات کە ئەنجامی دەدەن](الانعام ١٥٩) و [هەر هەمووتان بە توندی دەست بگرن بە ئایینی خواوە و پەرت و بڵاو مەبن، یادی ناز و نیعمەتی خوا بکەنەوە لەسەرتان، کاتی خۆی دوژمنی یەکتر بوون، ئەوە بوو دڵەکانتانی بەهۆی نیعمەتی (ئیسلامەوە) پەیوەست کرد بەیەکەوە و هەموو بوونە برای یەکتر](آل عمران ١٠٣) لەو ئایەتانەن کە فەرمان بەو واتایە دەکەن.
هەروەها لە فەرموودەکاندا هاتووە "کۆمەڵ ڕەحمەتە و جیاوازی و دابەشبوون عەزابە". لەلایەکی ترەوە خیلافەتی ئیسلامی بۆ چەندین سەدە بێ پێویستبوونی حزبایەتی قەڵەمڕەوی ئیسلامی بەڕێوەبردووە و تەنیا بە پشت بەستن بە کۆدەنگی ئوممەت و ڕەتکردنەوەی دابەشبوون و دژایەتی، کۆمەڵگەی ئیسلامی بەرەوپێش برد.
دامەزرێنەرانی ئیخوان موسلمین بۆ ڕەتکردنەوەی حزبایەتی پێیان وابوو، کە حزبایەتی دەبێتە هۆی دابەشبوونی موسڵمانان، بۆ نموونە (حەسەن بەننا) پێی وابوو، ئیسلام ئایینی بانگەوازی یەکگرتوویی و تاکێتی، هاوکاری ڕاستگۆیانە لە سەرجەم بوارەکاندا بۆ

سەرجەم مرۆڤایەتییە، بەڵام حزبایەتی و فرەیی لە نێوان گرووپ و چینەکانی کۆمەڵگەیەک لەگەڵ ئەم پەیامە و دەق ئایەتی (١٠٣)ی سوورەتی (آل عمران) دژە، بە بڕوای (بەننا) سەرجەم پێویستی و لێکەوتەکانی سیستمە حزبییەکان وەک ناکۆکی، جیایی، دوژمنایەتی و کینە بە توندی لەلایەن ئیسلام و ئایەت و گێرانەوە جیاجیاکانەوە ڕەتکراوەتەوە.

وشەی (فرقة) هەرچەندە ئەمڕۆ لە کەلامدا بە گرووپی مەزهەبی دەوترێت، بەڵام لە بنەڕەتدا بە و اتای گرووپێکی تایبەت لە خەڵکە، کە لە خەڵکی تر جیان و تایبەتمەندی خۆیان هەیە



٢. دژیەکی دەمارگیری و لایەنداری حزبی لەگەڵ بەرنامەکانی ئیسلام و سەربەخۆیی و ئازادی باوەڕەکانی تاک

سیستمە حزبییەکان بەردەوام لە کاری تایبەتی خۆیان وەک ئامرازێک بۆ ئاشکراکردنی بەرژەوەندییە جۆرییەکان و بەشداری سیاسی، جەوهەرەکەی گۆڕاوە و شەریعەت و مرۆڤەکان بۆ خزمەتی بەرژەوەندییە حزبییەکان بەکاردەهێنن و ژیانی مرۆڤەکان سنووردار و هەڕەشەی لێ دەکەن. (ئەبوئەعلا مەودودی) بیرمەندی پاکستانی لە ڕەتکردنەوەی حزبایەتیدا پێی وایە، دەمارگیری کوێرانە و لایەنداری بێ مەرجی حزبی لەگەڵ ڕۆحی داواکردنی ماف و دادپەروەری و سەربەخۆیی ڕای تاک لە بیری ئیسلامیدا دژە و لەسەر بنەمای ئەو بەڵگەهێنانەوەیە و لەپێشترداناني مافەکان باوەڕی وابووە، کە لە ئەنجومەنی شورای ئیسلامیدا هیچ جۆرە دابەشکارییەکی حزبی ناتوانێت بوونی هەبێت.

٣. نەبوونی پێشینەی حزب و حزبایەتی لە سەرەتای ئیسلام و لە بنەمای فیقهی و کەلامی ئیسلامی

ئەم بەڵگەهێنانەوەیە لەلایەن دوو گرووپەوە سوودی لێ وەرگیراوە: لەلایەکەوە نەریتییە ئایینییەکان هەن، کە بە هۆی نەبوونی حزبایەتی لە سەرەتای ئیسلام و ژیانی پێغەمبەر و هاوەڵانی، بە ڕەوابوونی ئایینی حزبایەتی ڕەزامەند نین، لەلایەکی ترەوە ژمارەیەک لە بیرمەندە نوێیە موسڵمانەکان هەن کە بە خستنەڕووی ئەم بەڵگەهێنانەوەیە پێیان وایە نابێت بە دوای خواستەی ئایینی حزبەکان بکەوین، بەڵکو لەبەر ئەوەی حزبایەتی دیاردەیەکی نوێ و عەقڵانییە، دەبێت بە شێوەیەکی عەقڵانی پەسەند بکرێت. (محەممەد موجتەهید شەبستەری) لەو کەسانەیە کە پێیوایە حزبایەتی لە بنەڕەتدا تایبەتمەندی سیستمە دیموکراتییەکانە، ئەمە لە کاتێکدایە کە ئیسلام خۆی دیموکراتی نییە، چونکە بەپێی گەواهی مێژوویی لە سەردەمی پێغەمبەردا و لە کۆمەڵگەی حیجاز نە

سیستمی سیاسی دیموکراتی لەسەر بنەمای دەسەڵاتداری میللەت و ئازادی و یەکسانی تەواوی مرۆڤەکان لە مافە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا هەبووە، نە سیستمی فرە حزبی، بەڵکو ڕژێمێکی سیاسی لەسەر بنەما و پێکهاتەیەکی تر بوونی هەبووە، کە مەشروعیەتەکەی لای خودی پێغەمبەر وەک نێردراوی خوا بووە. لەبەر ئەوە ناتوانرێت چاوەڕێ بکرێت لە کتێب و سوونەتدا بنەما فیقهی و کەلامییەکان بۆ حزبایەتی وەک بابەتێکی عەقڵانی بوونی هەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا (شەبستەری) حزبایەتی بە هۆی نەبوونی یاساغبوونی لە سەرچاوە ئایینییەکاندا بە ڕاست دادەنێت و نووسیویەتی "لە کۆمەڵگەیەکدا کە سیستمی سیاسی دیموکراتی نەبێت، باسکردنی حزبایەتی واتای نییە... دامەزراندنی بنەما فیقهی، یان کەلامییەکان بۆ بابەتی حزبایەتی، یان هەر میکانیزمێکی سیاسی نوێ کە لەگەڵ سیستمە دیموکراتییەکان مامەڵە بکات، ڕەتکراوەیە. بەڵام لەبەر ئەوەی لە کتێب و سوونەتدا موسڵمانان لە دامەزراندنی سیستمی دیموکراتی و ئیجتیهادە نوێیەکان، کە پێویستییەکی ڕێگری لێ نەکراوە، موسڵمانان دەتوانن لە سەردەمی نوێدا سیستمی دیموکراتی سیاسی دابمەزرێنن و سیستمی فرە حزبی کە پێویستی مانەوە و چالاکبوونی ئەو جۆرە سیستمەیە، هەبێت".

٤. حزبایەتی بیری هیومانیستی، مادی و دژە مەعنەوی دیموکراتی سیکۆلار و نائایینییە

لەسەر بنەمای ئەم تێڕوانینە چەمکەکانی وەک بەشداری سیاسی بە شێوازی ڕۆژئاوایی، حزب و سیستمی دیموکراتی لەو بابەتانەن کە لەسەر بنەمای بیری کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکانن. ئەگەر بە گشتی لە مێژووی داهێنانی ئەو جۆرە چەمکانە بڕوانین، تێدەگەین کە ئەم بابەتانە هەموویان لقەکانی درەختی فیکری هیومانیزمن، بە واتایەکی تر مرۆڤسالارییە، کە لەسەر ئەو بنەمایە مرۆڤەکان تەوەری هەموو شتێکن و خوڵقێنەری هەموو بەهاکانن و دیاریکەری باشە و خراپەن. ویژدانی مرۆڤ دادوەری کۆتایی دیاریکردنی خراپەکان و باشەکانە. لە پشت مرۆڤ و کارەکانییەوە، بەها، ئەخلاق و باڵاییەک نییە. بەپێی ئەم بیرکردنەوەیە، مرۆڤ لە جێگەی خوا دادەنیشێت. بە سەرنجدان لەم تێڕوانینە گەشەی کۆمەڵگە بە ئاراستەی خۆشگوزەرانی مرۆڤ لە کۆمەڵگەدایە و گریمانەکەی ئەوەیە کە ژیانی مرۆڤ لە ژیانی مادیدا کورت دەبێتەوە. دەسەڵاتداری مرۆڤ بە سەر چارەنووسی خۆیدا بێ سەرنجدانە ڕۆڵی ئایین و مەعنەویەت دەبێت و هەر جۆرێک هێزی مەعنەوی ئینکار دەکرێت. هیومانیزم بانگەشەی ئەوە دەکات کە بەهەشت لەم جیهانەدا بۆ مرۆڤەکان دەبێت و مرۆڤ هیچ جۆرە ئەرکێکی بەرامبەر

ئایین و خوا نییە. لەسەر بنەمای ئەم بیرکردنەوەیە و لایەنی تیۆری و پراکتیکی سیکۆلاریزم، دەبێت حزبەکان دابمەزرێن و کێبڕکێکانیان بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات و بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەست پێ بکەن.

٥. لە کۆمەڵگەی ئایینیدا حزبایەتی بۆ موسڵمانان ناڕەوا و بۆ ناموسڵمانەکان ڕەوا و ڕێگەپێدراوە

(ئەحزاب) بە شێوەی کۆ (١١) جار لە قورئاندا بەکارهاتووە و لە تێکڕایاندا ڕەخنەیی بووە

ئەم بابەتە هەرچەندە بیروڕای خاوەن بۆچوونەکان نییە، بەڵام ئاماژەی پێدراوە. بۆ نموونە لە ئەنجومەنی شارەزایانی یەکەم (مجلس خبرگان اول) دارشتنی دەستووری کۆماری ئیسلامی ئێران لە کاتی گفتوگۆ لە بارەی مادەی پەیوەندیدار بە یاسای دامەزراندنی حزبەکان (مادەی ٢٦) (فاتحی) تەنیا نەیاری ئەو مادەیە بوو. بە بۆچوونی ناوبراو ئیسلام ڕێگە بە موسڵمانان نادات حزب دابمەزرێنن، بەڵام لە چوارچێوەی ئازادی ڕادەربڕین و باوەڕ و ڕوونکردنەوەی مافەکان، ڕێگە بە گرووپ و ئایینەکانی تر دەدرێت حزب دابمەزرێنن و لەگەڵ جەختکردنەوەی لەسەر دامەزراندنی یەک حزب، واتا (حزبوڵڵا) پێی وایە، کە لە سیستمی ئیسلامیدا تێکڕای ڕێکخراو و دامەزراوە ڕاوێژکارییەکان، کە لە چوارچێوەی ئیسلامدا دادەمەزرێن، بە حزب دانانرێن.

دووەم: لە ڕو انگەی هاوڕاکانەوە

بە پێچەوانەی تێڕوانینی نەیارەکانەوە، تێڕوانینی زاڵتر لەناو بیرمەندانی موسڵمان، بە تایبەتی بیرمەندە ئایینییە نوێیەکان بریتییە لە بوونی حزب و حزبایەتی. ئەم گرووپە بە جەختکردنەوە لەسەر بەڵگەهێنانەوە عەقڵانییەکان و پێداگری لەسەر لایەنە ئەرێنییەکانی حزبایەتی لە ڕووی ئایینییەوە بە ڕاستی دادەنێن:

١. ڕەزامەندی ئوسووڵی، یان بنچینەیی

ئەم گرووپە بە پێچەوانەی ئەوانەی بە توندی دژی سازگاری و جێگرەوەی حزبەکانی ئێستا و حزبایەتی لەگەڵ دامەزراوە مەدەنییەکانی سەرەتای ئیسلامن، وای دادەنێن کە حزب و حزبایەتی لە سەرەتای ئیسلامدا هەبووە و ژمارەیەکیش پێیان وایە فەلسەفەی سیاسی دیموکراتی ڕۆژئاوا لەگەڵ فەلسەفەی سیاسی حکومەت لە ئیسلامدا گونجاوە و دیموکراتی ڕۆژئاوا بە ژێر کۆمەڵەی ئایینی ئیسلام و تۆمارکراو تێیدا لێکدەدەنەوە. ئەوانەی باوەڕیان بە پێشینەی حزب و حزبایەتی لە سەرەتای ئیسلامدا هەیە، کۆمەڵێک بەڵگەیان هێناوەتەوە، لەوانە (عەبدوڵڵا عەلائیلی)

نووسیویەتی "مێژوونووسە ئیسلامییەکان پێیان وایە حزبایەتی بە خێرایی هاتە ناو کۆمەڵگەی نوێی ئیسلامەوە و هەر حزبێک بە ئاراستەی تایبەتی و خێڵەکی خۆی، دواکەوتنی ئامانجەکانی و گەیشتن بە مەبەستەکانی خۆی دەست پێ کرد. ئەو حزبایەتییەی باسی دەکەین حزبایەتی بەسوود نەبوو، بەڵکو زیاتر دوژمنکارانە و لەسەر بنەمای هەلپەرستی دامەزرابوو".

بە بۆچوونی ناوبراو حزبی جیاجیا دوای کۆچی دوایی پێغەمبەر دەستیان بە چالاکی کرد، کە بریتی بوون لە (١- حزبی نفاق و منافقان، ٢- حزبی ئومەوی، ٣- حزبی سێگۆشەی ئەبووبەکر، عومەر و ئەبو عوبەیدە جەراح، ٤- حزبی ئەنسار، ٥- قورەیش و حزبی موهاجیران، ٦- دوو خێڵی گرنگی عەدنانی و قەحتانی، ٧- شیعە و تەشەیوع، یان ئەهلی بەیت، یان حزبی پاسەوانانی ئیسلام، ٨- حزبی میللەت، یان خەڵک، کە ئەندامەکانی پێکهاتبوون لە ئەبوزەر غەفاری لە ڕەبزە و شام، مالیک ئەشتەر لە میسر، محەممەد بن ئەبوحوزەیفە و محەممەد بن ئەبوبەکر بوون و تایبەتمەندییان بریتی بوو لە توندڕەوی.

هەڵبەت (عەلائیلی) لە کۆتاییدا دان بەوەدا دەنێت، کە "ئەگەر ئێمە وشەی حزب بە سەر ئەمانەدا دابڕین، بە واتا گشتی و مەجازییەکەی ئەوەیە، بەڵام حزب بەو واتایەی ئێستا هەیە بێجگە لە (حزبی ئومەوی) بە سەر هیچیاندا ناچەسپێت".

هەروەها (سەید محەممەد شیرازی) لە کتێبەکەیدا (الفقه السیاسی فی الاسلام) بەڵگەی ئەوە دێنێتەوە کە لەڕووی مێژوویشەوە دەتوانرێت بەو خاڵە گەیشت کە پێشەوایانی ئیسلام، نەک تەنیا دژی پێکهاتەی سیاسی و دامەزراوە ئایینی و سیاسییەکان نەبوون، بەڵکو خۆیان پشتیوان و بڕەویان پێ داوە. بە وتەی ناوبراو چیرۆکی جەماعەتی موهاجیرین و ئەنسار، کە لەگەڵ هاوبەشییە بنچینەییەکانیان لە بابەتە بنەڕەتییەکانی ئایین، جیاوازییان لە زەمینەکانی جێبەجێکردن و دانانی سیاسەتی حزبی هەبووە و نموونەیەکە لە پێکهاتەی سیاسی، کە بە قووڵبوونەوە لە سنوورەکانی کات و شوێن و لەبەرچاونەگرتنی تایبەتمەندی و پێویستی حزبە سیاسییە هاوچەرخەکان، دەتوانرێت ئەو کۆمەڵانە وەک حزبێکی سیاسی – ئایینی هەژمار بکرێن.

٢. ڕەزامەندی میانەڕەو

بەڵگەهێنانەوەکانی ئەم گرووپە لە بیرمەندان هاوسەنگە، لەبەر ئەوە زۆرێک لە نووسەران و بیرمەندە موسڵمانەکان بۆ ڕەوایەتیی ئایینی حزبایەتی لە بواری کاری سیاسیدا پەیڕەویان لەم تێڕوانینە کردووە. ئەم گرووپە بە تایبەتی بە جەختکردنەوە لەسەر بەڵگەهێنانەوە عەقڵانییەکان و پێداگری لەسەر کارە ئەرێنییەکانی حزبایەتی ڕەوایەتی ئایینی

پێدەدەن. ئەم گرووپە لە ڕەزامەندەکان ئەم بەڵگانە پێشکەش دەکەن:

- کارایيە ئەرێنییەکانی حزبەکان، هۆکاری ڕاستبوونی حزبایەتی

لەسەر ئەم بنەمایە و لە ڕوانگەی کارایيەوە، باشییەکانی کارایی حزبەکان لە خراپییەکانی زیاترە و لە واقیعدا ئەم کارایيە ئەرێنییانە کە جێی ڕەزامەندی حکومەتی ئیسلامی و فیقهی ئیسلامییە دەبێتە هۆی ئەوەی حزبەکان و حزبایەتی بە پێویست هەژمار بکرێن.

- نەبوونی گومان لە فەلسەفەی بوونی حزبەکان وەک ئامراز و میکانیزمی ئەزموونکراو بۆ چاودێری دەسەڵات و زیاتربوونی بەشداری سیاسی.

- کارایی حزبەکان و حزبایەتی وەک بەرژەوەندی عەقڵی و ڕوانگەیەکی پشت بەستوو بە عەقڵانییەت.

پشتڕاستکردنەوەی ئەزموونی عەقڵانی مرۆڤایەتی بۆ سوودوەرگرتن لە حزبەکان و حزبایەتی ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە دەتوانرێت سوودوەرگرتن لێی بۆ بەڕێوەبردن و سیستمی سیاسی ئیسلامی پەسەند بکرێت، لەبەر ئەوە دەتوانرێت بە هۆی پێویستی و بەرژەوەندی عەقڵانی حزبایەتی، ئەم دیاردە سیاسییە بە شەرعی دابنرێت.

- بەرەودان بە حزبەکان و حزبایەتی وەک کارێکی هاوچەرخ و بابەتێک کە هیچ شتێک نییە لەسەری بوترێت، بە سوودوەرگرتن لە نەبوونی دژایەتی ئایین.

ئیجتیهادی شیعە لەسەر بنەمای شێوازی عەقڵانی خۆی ئەو توانایەی هەیە، کە لە نەبوونی پێشینەی قورئانی و گێڕانەوەی حزبایەتی بە واتاکەی ئەمڕۆ، لەم دیاردەیە وەک کارێکی نوێ و هاوچەرخ و بابەتێک کە باس نەکراوە و دەقێکی شەرعی لەبارەی ڕەزامەندی، یان دژایەتی نەهاتووە، بڕوانرێت و بەپێی عەقڵ و فیقهی حوکمی لەسەر بدرێت. لەبەر ئەوە زۆر کات لە هەڵسەنگاندنی گێڕانەوە، یان ڕەوایەتی ئایینی زۆرێک لە کار، یان دیاردەکان، کە حوکمێکی شەرعی بۆ ئەو مەبەستە نەهاتووە، دەتوانرێت سوود لە عەقڵ وەربگیرێت و لە نەبوونی دژیەکی لەگەڵ بنەما و حوکمەکانی ئایین، بڕەوی پێ بدرێت. واقیعەکە ئەوەیە کە بنەمای حزب و حزبایەتی لەگەڵ دەقە قورئانی و گێڕانەوەکاندا دژیەکی نییە.

- ڕەچەتەی حزبایەتی وەک پابەندبوونێکی سەرەتایی ئەرک

لە حزبوڵڵادا ناوەندی پێکهاتە و یەکگرتوویی مرۆڤەکان تەنیا خوایە و بێجگە لەو هیچ کەسێکی تر ناتوانێت پێکهاتە بەهێز و پتەوەکانی مرۆڤایەتی لەسەر بنەمای ئامانجە ئیلاهییەکان ڕێکبخات

لە حوکمە فیقهییەکاندا زۆر باس لە ئەرکی سەرەتای (واجب) دەکرێت، بۆ

نموونە ئەگەر نوێژ (واجب)ە، ئەوا دەستنوێژیش وەک سەرەتایەک ئەرکە و واجبە. دەتوانرێت سوود لەم بنەمایەش وەربگیرێت کە ئەمڕۆ زۆرێک لە ئەرک و بەرپرسیارێتییە سیاسییەکانی تاک و کۆمەڵ لە سیستمی سیاسی ئیسلامی بە مەبەستی هێنانەدی ئامانجەکان پێویستی بە جۆرێک بەشداری سیستماتیک و ئۆرگانی وەک حزب هەیە و مرۆڤی ئەرکدار و بەرپرسی موسڵمان لەو جۆرە سیستمەدا ناتوانێت بەرامبەر بنەمای بەرپرسیارێتی و ئەرکی خۆی کەمتەرخەم بێت و بەڵگەنەویستە بوونی تاکەکان لە پێکهاتەکانی وەک حزبەکان، ئەنجامدانی ئەم بەرپرسیارێتی و ئەرکە سیاسییانە زیاتر مومکین دەبێت و پێویستی ئەنجامدانی ئەم ئەرکانە دەبێتە هۆی پێشکەشکردنی پێویستی پێکهاتنی حزبەکان و حزبایەتی.

یەکێک لە بنەما ناسراوە فیقهییەکان بنەمای پەکخستنی سیستم، یان بە دەربڕینی ڕاستتر بنەمای پەکنەخستنی سیستمە. ئەم بنەمایە دەڵێت، هەر کاتێک کارێک ببێتە هۆی پەکخستن و ئاڵۆزبوونی سیستمی موسڵمانان، دەبێت ڕەت بکرێتەوە، ئەگەر لە ڕووکاردا باشیش بن. لەبەر ئەوە هەندێک کات لەسەر بنەمای حوکمی عەقڵ بە مەبەستی ڕێگری لە پەکخستنی سیستم، حوکمێک بۆ (واجب)بوون، یان (حەرام) بوونی بدرێت، چونکە شەقام شوێن ئەو حوکمە عەقڵانییە دەکەوێت. ئەمڕۆ ڕوون بووەتەوە، کە لە نەبوونی حزبایەتی و حزبەکاندا، گرووپەکان لە چوارچێوەی بەرژەوەندی نارەوای خۆیاندا کار دەکەن، لەلایەکی ترەوە پەیوەندی دەوڵەت لەگەڵ خەڵک پەکی دەکەوێت، یان بە لاوازبوونی چاودێری خەڵک (کە پێشتر لە ڕێگەی حزبەکانەوە ئەنجام دەدرا) دیکتاتۆری دەوڵەتەکان زیاتر دەبێت و بەمشێوەیە پەککەوتن لە سیستمی سیاسی ئیسلامیدا دروست دەبێت و ئەم بابەتە دەبێتە هۆی ئەوەی کە بە سوودوەرگرتن لە بنەمای پەکنەخستنی سیستمەکە، حوکمی بەرەودان بە شەرعیبوونی حزبایەتی بکرێت.

هەڵبەت لەوانەیە بوترێت بە هەمان ئەو شێوەیەی کە نەبوونی حزبایەتی دەتوانێت ببێتە هۆی پەکخستنی سیستم، کاری لادەرانەی حزبیش هەمان ئەنجامی دەبێت. هەرچەندە ئەمەش دوور لە ڕاستی نییە، حزبایەتی بە هۆی لایەنی نەرێنییەوە دەبێتە هۆی پەکخستنی سیستمەکە.

- حزبەکان و حزبایەتی نموونەیەکی گرنگی جێبەجێکردنی ستراکتۆر و فراوانی فەرمان بە چاکە و ڕەتکردنەوەی خراپە و (شۆون حسبة)

(حسبة) یان (ادارة الحسبة) لە دێرزەمانەوە لە فیقهی ئیسلامیدا هەبووە. (حسبة) لە (احتساب)ەوە هاتووە و بە واتای دەستپێکی کارێک لەگەڵ تەواوی دژوارییەکانی بە پاڵنەرێکی مەعنەوی و

بەرفراوانکردنی باشییەکان لە کۆمەڵگەدا بۆ ڕەزامەندی خوا. لەگەڵ تێپەڕبوونی کات، قەڵەمڕەوی (حسبة) و کاروباری پەیوەندیدار بە ئەوەوە بە ڕێژەیەک پەرەیانسەند کە بیرمەندانی موسڵمان، چاودێری خەڵک و پاراستنی بەرژەوەندییە گشتییەکانی کۆمەڵگەی ئیسلامی بە ئەرکەکانی ئەم ئۆرگانە ئیسلامییە ناو دەبەن و مێژوو گەواهی دەدات لە سەردەمی پێغەمبەردا (شۆون حسبة) بە واتای واقیعی واتا چاودێری بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لەلایەن حکومەتی پێغەمبەرەوە.

لەناو خاوەن بۆچوونە موسڵمانەکان، کۆنەکان و هاوچەرخەکان، کەسانێک هەن بە بەڵگەکانیان ڕەو ایەتی ئایینی حزبایەتی دەخەنە ژێر پرسیارەوە

لە ئایەت و گێڕانەوە ئیسلامییەکاندا جەخت کراوەتەوە لەسەر پێویستی فەرمان بە چاکە و نەهی لە خراپە. لەلایەکی ترەوە لە زۆر ئایەتدا بە تایبەتی ئایەتە پەیوەندیدارەکان بە فەرمان بە چاکە و نەهی لە خراپە بەو ئەنجامە دەگەین لە هێنانەدی ئەو گریمانەیە پێویستی بە بوونی ڕێکخستنی ڕێکخراو و هەماهەنگی هەیە و ئەم ڕێکخراوانە نوێنەری دەسەڵاتی خەڵک بەرامبەر دەسەڵاتی حکومەت و کارمەندانیەتی و دەتوانێت لە دەرگای (النصيحة لائمة المسلمين) لەگەڵ ئامۆژگاری خێرخوازانە، کۆنترۆڵی دەسەڵاتداران و چاودێری کارەکانیان بکرێت. لەم ڕووەوە حزبەکان پێویستن.

٨) حزبەکان ڕێکارێک بۆ گرنگیدان بە کاروباری موسڵمانان و هێنانەدی شوورا و گفتوگۆ

لە زۆر گێڕانەوەدا داوا لە موسڵمانان کراوە کە بەرامبەر گرفتی موسڵمانانی تر بێ هەڵوێست نەبن و هەوڵی چارەسەرکردنی بدەن. لە ژمارەیەک لەو گێڕانەوانەدا، ئەم گرنگیدانە بە ئازار و کێشەکانی کۆمەڵگە، هێمای موسڵمانییە و گرنگی پێنەدان بە ناموسڵمانی لێکدەدرێتەوە.

کاروباری موسڵمانان هەموو کێشە و گرفتێک لەخۆ دەگرێت، واتا تایبەت نییە بە گرفتە کەسییەکان.لەبەر ئەوە بوونی ستەم و نادادپەروەری کۆمەڵایەتی، گرفتە ئەخلاقی و فەرهەنگییەکانی کۆمەڵگە، هەژاری و بێکاری، گەندەڵی بەڕێوەبەرانی کۆمەڵگە و هاوشێوەکانی، هەموویان دەچنە ناو کاروباری موسڵمانانەوە و گرنگیدان بە چارەسەری ئەوانە ئەرکی کۆمەڵایەتی هەموو تاکێکی موسڵمانە. ڕوونە کە لە کۆمەڵگەیەکی بچووکدا بە شێوازی تاک و بێ پێویستبوونی پێکهێنانی ئەنجومەن و لیژنە و گرووپی تایبەتی بتوانرێت کێشە و گرفتی کۆمەڵگە چارەسەر بکرێت، بەڵام لە کۆمەڵگەی

ئاڵۆز و پێشکەوتووی ئەمڕۆیی گرنگیدان بە کاروباری موسڵمانان لە زۆر بواردا پێویستی بە ڕێوشوێنی نوێی بە کۆمەڵ و هاوکاری ئۆرگانی و گرووپە.

لە لایەکەوە ڕەوایەتی بنەمای شوورا و گفتوگۆش دەتوانێت بنەمایەک بێت بۆ یەکێک لە قاڵبەکانی شوورا، واتا حزبەکان، بە تایبەتی بابەتە پەیوەندیدارەکان بە حکومەت و بڕیاری سیاسی لە فیقهـ و کەلامی ئیسلامیدا پێشینەی دووری هەیە. لە ئایەتی (٣٨) ی سوورەتی (شوورا)، ڕاوێژ بە یەکێک لە سیفەتەکانی باوەڕداران هەژمار کراوە، کە دەڵێت [ئەو کەسانەی کە وەڵامی خوای گەورەیان داوەتەوە و نوێژەکانیان ئەنجام دەدەن و کاروباریشیان لە نێوان خۆیاندا بە ڕاوێژ کردنە و ڕاوێژ بە یەکتری دەکەن].

بەم شێوەیە بەپێی باسە قورئانییەکان و گێڕانەوە جیاجیاکان، بنەمای ڕەوایی و خوازراوی گفتوگۆ و بە لایەنی کەمەوە پێویستبوونی ئەو لە هەندێک کاروباردا، جێگەی مشتومڕ و ڕەتکردنەوە نییە. بابەتی گفتوگۆ و هاوشێوەکانی وەک باسی (النصيحة لأئمة المسلمين)، چۆنێتی و هەلومەرجی ئەو دیاردەیە، وەڵامی ئەو پرسیارە بنچینەییەیە کە ئایا ئیسلام نموونە و شێواز و جۆرێکی تایبەتی بۆ هێنانە دی ئەو جۆرە بەشداریانەی خەڵک پێشبینی کردووە، یان ئەوەی کە جەختی لەسەر قاڵب و فۆرمێکی تایبەتی کردووەتەوە و شێوازەکەی بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە هەر زەمەنێکدا و زیادبوونی ئەزموونی عەقڵانی سپاردووە، بەڵگەنەویستە کە بژاردەی دووەم ڕاستە و حزب و حزبایەتی دەتوانرێت لە قاڵبی نوێی گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە لە سەردەمی هاوچەرخدا دابنرێت و وەک یەکێک لە ئامرازەکانی جێبەجێکردنی فەرمانە قورئانی و گێڕانەوەکان بۆ گفتوگۆ لە بارەی سەرجەم کاروبارە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان لەسەر ئاستی گشتی سیستمی ئیسلامی سوودی لێ وەربگیرێت.

٣. ڕەزامەندی مەرجدار

خاوەنانی ئەم بۆچوونە بە تایبەتی بوونی کارەسات لە کاری حزبەکاندا و لە لایەکی تریشەوە سوودەکانی حزبایەتی، بوونی لایەنە ئەرێنییەکانی حزبایەتی لە لایەنە نەرێنییەکانی بە باشتر دەزانن و پێیان وایە بەپێی هەندێک مەرج، حزبایەتی لە ڕوانگەی ئیسلامەوە ڕەوایەتی هەیە.

پێیان وایە حزبەکان و حزبایەتی لە سیستمە سیاسییەکاندا و بە سەرنجدانە گەندەڵی و خراپییەکانی حکومەتی تاکڕەو و دیکتاتۆر، پێویستە. لە لایەکەوە لەبەر ئەوەی ڕێنماییەکانی شەریعەت و بنەماکانی ئیسلام بێجگە لە جەختکردنەوە لەسەر یەکگرتوویی نیشتمانی و ڕێگری لە ناکۆکی و دابەشبوونی سیاسی، کە سەرچاوەی لاوازبوونی میللەت و ئاسایشی وڵاتن، هەروەها ڕەتکردنەوەی هەر جۆرێک لە فریودان و ڕێزگرتن لە ئازادی و کەرامەتی

مرۆڤ، جەختی لەسەر ڕێگری لە قەیرانی سیاسی و بەشداری سیاسی خەڵک بە میکانیزمی جیاواز، لەوانە فەرمان بە چاکە و ڕەتکردنەوەی خراپە، مافی ڕەخنەگرتن، مافی یەکسانی حاکمی ئیسلام و میللەت، چاودێری یاسایی میللەت بەسەر دەسەڵات و .... تاد کردووەتەوە، لەبەر ئەوە چالاکی حزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا مەرجدارە بەم مەرجانەی خوارەوە:

- حزبە سیاسییەکان باوەڕیان بە ئیسلام و حوکمەکانی شەریعەت هەبێت و لەسەر بنەمای کۆمەڵێک ئایەتی وەک (جائەوەی بێجگە لە ئایینی ئیسلام پەیڕەوی هەر ئایینێکی تر بکات لێی وەرناگیرێت، لە قیامەتیشدا لە خەسارەتمەند و زەرەرمەندانە)[آل عمران ٨٥] نابێت لە ڕێنماییەکانی ئیسلام دەربچن.
- هاوکاری حزب و گرووپە سیاسییەکان لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا لەگەڵ گرووپ و کۆمەڵە نائیسلامییەکان لەسەر بنەمای ئایەتەکانی خوا ڕێگەپێدراو نییە. بۆ نموونە ئایەتی ٥١ لە سووڕەتی (المائدة) دەڵێت (ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە جولەکە و گاور مەکەنە یار و یاوەر و پشتیوانی خۆتان).

٣)دژایەتی حزب و گرووپە ئیسلامییەکان بەرامبەر ئەو ئەندێشە و گرووپانەی هەوڵی دوورخستنەوەی ئیسلام لە ژیانی سیاسی کۆمەڵایەتی دەدەن.

- چاودێری بەردەوامی حزبەکان بۆ دژیەک نەبوونی یاسا و ڕێنماییەکان لەگەڵ شەریعەتی ئیسلام.
- پاراستنی بنەما فیقهی و شەرعی و ئەخلاقییەکان لە کاتێکدا کە لەگەڵ حزبە ڕکابەرەکانیاندا جیاوازی بیروڕایان دەبێت، واتا بەکارهێنانی ئامرازی ڕێگەپێدراو لە بانگەشەی حزبیدا.
- گرنگیدان بە یەکگرتوویی ئوممەتی ئیسلامی و یەکگرتوویی نیشتمانی و دوورکەوتنەوە لە ناکۆکی و دابەشبوون.
- پێویستە حزبەکان باوەڕیان بە دەسەڵاتداری خوا و پابەندبوون بە حاکمی ئیسلامی هەبێت.

(محەممەد موجتەهید شەبستەری) پێیو ایە حزبایەتی لە بنەڕەتدا تایبەتمەندی سیستمە دیموکراتییەکانە، ئەمە لە کاتێکدایە کە ئیسلام خۆی دیموکراتی نییە

دەرەنجام

لەم نووسینەدا هەوڵ درا کە پێگەی حزبەکان لە ئەندێشەی ئایینیدا، هەروەها پەسەندێتی، یان ڕەتکردنەوەی لە ئیسلامدا لێکدانەوەی بۆ بکرێت. لەم ڕووەوە سەرەتا پێگەی حزب و حزبایەتی لە قورئاندا لێکدرایەوە، کە لەگەڵ بوونی وشەی (حزب) لە سەرچاوە

قورئانییەکان و گێڕانەوەکان، جێگرەوەی حزب و حزبایەتی لە سەرەتای ئیسلام لەگەڵ چەمکە نوێ و هەنووکەییەکانی ئەمڕۆ، ڕەوایەتی پێویستییان نییە و بەپێی بۆچوونی زۆرینەی موسڵمانان و ڕۆژئاواییەکان، حزب و حزبایەتی دیاردەیەکی نوێیە و نموونەی هاوشێوەی ئەمڕۆ لە ڕابردووی دووردا نییە.

دواتر باس لە تێڕوانینی نەیار و هاوڕایان لەگەڵ ڕەوایی ئایینی خرایە بەرباس و تێڕوانینی هاوڕاکان بۆ سێ گرووپی (ئوسووڵی، میانەڕەو، مەرجدار) دابەش کرا.

ڕەزامەندە میانەڕەوەکان بە تایبەتی جەخت دەکەنەوە لەسەر بەڵگەهێنانەوە عەقڵییەکان و کاری ئەرێنیی حزبەکان لە ڕووی ئایینییەوە بە ڕێگەپێدراو دەزانن و هاوشێوەی ڕەزامەندە ئوسووڵییەکان ئەو حزبایەتییەی کە پەسەندی دەکەن، مەرجدارە، بەڵام بەڵگەنەویستە کە بازنەی مەرجی ڕەزامەندە میانەڕەوەکان و توندیان بەراورد بە دوو تێڕوانینەکەی دیکە، فراوانترە.

سەرچاوە:

گۆڤاری (مطالعات اسلامی، فقه و اصول، سال چهل و یەکم، شمارە پیاپی ١/٨٢، بهار و تابستان ١٣٨٨، ص ١١-٤٢)

گفتوگۆ

ئایینناسی

نازم عەبدوڵڵا: کاتی ئەوە هاتووە تەوژمی ئیسلامی گوتارێکی سەردەمیانە دابڕێژێتەوە

گفتوگۆی: ئیدریس سیوەیلی

نازم عەبدوڵڵا کەسایەتیی و نووسەری ئیسلامیی، لەم گفتوگۆیەدا تێڕوانینی خۆی لەمەڕ ئەو ئامانج و دروشمانە دەخاتەڕوو کە حزبە ئیسلامییەکان بەرزیان کردووەتەوە، سەرنجی خۆی لەبارەی کەموکورتی حزبە ئیسلامییەکان و تێگەیشتنی سەلەفییەکان لە حزبایەتی شی دەکاتەوە، ئەو جەخت دەکاتەوە کە پێویستە ئیسلامییەکان گۆڕانکاری لە کار، پلان و گوتاریان بکەن و پێ بە پێی واقیعەکە بڕۆن.

ئایینناسی: لە ڕابردوودا حزبە ئیسلامییەکان زۆر جەختیان لەسەر گێڕانەوەی خیلافەت دەکردەوە، بەڵام لە ئێستادا بەشێکیان گوتاریان بە ئاراستەی چاکسازی، دادپەروەری و نەتەوەییە، پێتوایە ئەوەی ڕابردوو تێگەیشتنی ناتەندروست بووە لە واقیع و وەزیفەی حزب؟

نازم عەبدوڵڵا: هەموو بزاڤێک کە لە دایک دەبێت پەیدابووی بارودۆخی سیاسی و

ئابووری و سەربازی و کۆمەڵایەتی ئەو گەل و وڵاتەیە، کاتی سەرهەڵدانی بزاڤ و تەوژمە ئیسلامییەکانی جیهانی ئیسلامی لە لایەک دەسەڵاتی خیلافە کە مەرجەعی باڵای جیهانی ئیسلامی بوو لەدەست درا، لەلایەکی تریش جیهانی ئیسلامی کەوتبووە ژێر هەژموونی داگیرکارانی ڕۆژئاوا، هەر لەو سەروبەندەدا واتە ساڵی ١٩٤٨ لە هەستیارترین شوێنی جیهانی ئیسلامیدا کە یەکەم ڕووگەی موسڵمانان بوو لە هەموو دونیاوە جولەکەیان کۆ کردەوە و دەوڵەتێکی زایۆنییان دروست کرد، پاشان تەوژمی مارکسیەت و چەپگەرایی ئومەمی جیهانی ئیسلامی تەنی کە تەحەدای بیروباوەڕ و ئیمانی هەموو موسڵمانانی لە جیهانی ئیسلامیدا دەکرد، بۆیە دروشم و گوتاری لایەنە ئیسلامییەکان لەو کاتەدا وەکو گێڕانەوەی خیلافەی ئیسلامی و بنەما گشتییەکان، لەبەر ئەوە بوو لەو کاتەدا کێشە و قەیرانەکان هەمووی ئومەمی بوون ئەمانەش پاڵنەری سەرەکی بوون گوتاری بزاڤە ئیسلامییەکانیش وەکو وەڵامێک بۆ ئەو واقیعە لەباتی پێداگیری لەسەر کێشەی نەتەوەیی و ئابووری و سیاسی گەلانی وڵاتانی ئیسلامی گوتار و هەڵوێستەکانیان هەموو ئومەمی بوون، کاتێک لە و سەروبەندەدا هەلومەرجەکان گۆڕانکاریان بەسەردا هات و بنەما ئومەمیەکان دوای هاتنە سەر حوکمی بزووتنەوە ناسیۆنالیستییەکان لە جیهانی ئیسلامیدا، هەروەها دوای تێکشکانی بلۆکی ڕۆژهەڵات و لاواز بوونی پێگەی ئایدیۆلۆژیای بزووتنەوە جیهانییەکان، ئەوە بوو پارت و بزاڤ و تەوژمە ناسیۆنالیستەکان بوون بە نوێنەری گەلان و بوون بە بەدیلی بزاڤە ئیسلامییەکان و میراتگری ئەو شۆڕشانەی کە پێشتر کەسایەتییە ئیسلامی و ئایین پەروەرەکانی وەکو شێخ مەحموود و قازی محەممەد و عومەر موختار و عەبدولکەریم خەتابی و کەسانی تر لە جیهانی ئیسلامیدا دژ بە داگیرکەر و چەوسێنەری گەلان بە کوردستانی خۆشمانەوە بەرپایان کردبوو، بەڵام ئێستا دوای بەسەر چوونی ئەو قۆناغە و تێپەڕبوونی نزیکەی سەد ساڵ بەسەر گوتار و بەرنامەی بزاڤە ئیسلامییەکاندا، کاتی ئەوە هاتووە تەوژمی ئیسلامی پێداچوونەوە بە گوتار و پلان و بەرنامەیاندا بکەن و گوتارێکی سەردەمیانە دابڕێژێتەوە کە بۆ ئێستا شیاو بێت و ڕەنگدانەوەی خواست و ئیرادەی گەلانی جیهانی ئیسلامی بێت، هەرچەند ئەو دروشمە گەورانە کە ماڵن لەسەر لایەنە ئیسلامییەکان وەکو هەندێک بابەتی تیۆری و مێژوویی تەنها لەناو نووسین و کتێبەکاندا ماونەتەوە، لایەنە ئیسلامییە ڕەسەنەکان بەگشتی مۆرکی خۆجێیی و بزاڤی نیشتمانیان گرتووە و گۆڕانکاریان لەو دروشمانەدا کردووە، لەلایەکی تریش خۆ ئەم پارتە ئیسلامیانە بە ئەم ڕیتمەی دەیان گرێیە لەسەری دەڕۆن دەقێکی پیرۆز

نییە نەتوانن لێی لا بدەن، خۆت پارتت دروست کردووە خۆت ناوت لێ ناوە خۆت پەیڕەو پرۆگرام و پەیکەریت داڕشتووە خۆت بەپێی پێویست گوتارەکانت ڕەنگڕێژ کردووە، بۆیە هەر کات پێویستی کرد، نەک گۆڕانکاری لەپێناوی گۆڕانکاریدا، پێویستە بە بەرنامە و پلانی نوێ گۆڕانکاری بەسەر ئەوانەی پێشوودا بێن و نەخشە ڕێگای توندوتۆڵ و تۆکمە دابنێن، بەڵام بەداخەوە لەبەر ئەوەی دیدگای ڕوون و ئاشکرامان نییە بۆ گۆڕانکاری ئەگەر لە کاتێکدا هەنگاوێک بنێین بەهۆی بێ بەرنامەییەوە شکست بخۆین یان وەکو پێویست بەدەستمانەوە نەیەت دەکەوینە لۆمە و سەرزەنشتی ئەوانەی بیرۆکەی گۆڕانکاریان پێشنیار کردووە، خەتای شکست و کەموکورتییەکان هەموو دەخەینە سەر ئەوان، ئێستا زۆر کاتیەتی دوای ڕاوێژی کەسانی شارەزا و ئەندامان و کادیران و شارەزایانی لایەنە ئیسلامییەکان بە پلان و بەرنامەیەک کە جێگەی چاوەڕوانی خەڵکی کوردستان بێت خەڵکی بدوێنن، مەرج نییە پلان و بەرنامە لە ماوەیەکی کەمدا هەمووی جێ بەجێ بکرێت، بەڵکو دەکرێت پلان و بەرنامەکان پۆلێن بکرێن، بۆ نموونە بۆ ما وەی دە ساڵ بەرنامەی تۆکمەکردنی ناوخۆ و دەرەوە و دەوروبەر دابنێین لەگەڵ هەلومەرجی ئێستای وڵاتدا سازاو بێت، هەر ئۆرگان و لایەنی پەیوەندیدار بەرنامە و نەخشە ڕێگای خۆی پێ بدرێت لایەنەکانی سەروو، یان کەسی یەکەمیش تەنها بەدوادا چوون و لێپێچینەوە بکەن.

ئایینناسی: زۆرینەی حزبە ئیسلامییەکان ئەگەر نەشڵێین هەموویان، دروشمی چەسپاندنی حوکمی ئیسلام و گێڕانەوەی خیلافەتیان تەبەنی کردووە، ئەم دیدگایە چەند دروستە و لەگەڵ واقیع یەک دەگرێتەوە؟

نازم عەبدوڵڵا: وەکو ئاماژەمان پێدا ئەم دروشمانە دوای ڕووخانی حوکمی خیلافە سەریان هەڵداوە، ئەو کات بزاڤە ئیسلامییەکان بەرنامە و پلانی یەکەمیان گێڕانەوەی حوکمی ئیسلامی بوو کە لەدەست دراوە، بۆیە گێڕانەوەی حوکمی ئیسلامی بۆ بیروباوەڕ و ئایدیایەک کە خاوەنی شەریعەت و دونیابینی و شارستانیەتی خۆیەتی شتێکی سروشتییە، پاشان لە وڵاتانی جیهانی ئیسلامیدا لە دەیەکانی ڕابوردوودا لەلایەن بزاڤ و کەسایەتییە ناسیۆنالیستەکانەوە هەریەک لە ئەمریکا و ڕوسیا بۆ بەهێزکردنی پێگە و نفوزی خۆیان پشتیوانیان لە دەیان کوودەتای جۆربەجۆری سەربازی لە جیهانی ئیسلامیدا بە عێراقی خۆشمانەوە کردووە، مەگەر بە دەگمەن هیچ کام لە ئەو کوودەتایانە لەلایەن بزاڤ و کەسایەتییە ئیسلامییەکانەوە نەبووە، بەشێکی هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بزاڤە ئیسلامییەکان دەستی

دەرەکی هاندەریان نەبووە، بەشێکی تریشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی خۆشیان لە ململانێ نێودەوڵەتییەکاندا وەکو پێویست ئەزموونیان نەبووە.

ئیسلامییەکان لە ئەدەبیاتی خۆیاندا باسی گێڕانەوەی حوکمی ئیسلامیان کردووە، بەڵام بەچ میکانیزمێك ئەو حوکمە دەگێڕنەوە دیاریان نەکردووە، ئایا بەڕێگەی کوودەتای سەربازییە؟ یان بەڕێگەی دیموکراسی و لە ڕێگەی سندووقەکانی دەنگدانەوەیە؟

ئایینناسی: بەشێك لە ئایینداران کە بە ڕەوتی سەلەفی ناوزەد دەکرێن، بانگەشەی حەرامێتی دروستکردنی حزب و حزبایەتی دەکەن، ئەمە لە چییەوە سەرچاوەی گرتوە و تا چەند پاساوەکانیان بە ڕەوا دەزانیت؟

نازم عەبدوڵڵا: سەلەفی چەند جۆرێکیان هەیە وەکو سەلەفی زانستی کە لەسەر ڕێبازی محەممەدی کوڕی عەبدولوەهاب دەڕۆن، کە بایەخ بەلایەنی زانستی و بانگەواز دەدەن و خۆیان لە سیاسەت بەدوور دەگرن.

سەلەفی حەرەکی کەشوێنکەوتووی (محەممەد سرور کوڕی نایفی کوڕی زەینولعابیدینە)، کە باوەڕیان بەمیتۆدی حەرەکی سەید قوتب و میتۆدی زانستی محەممەدی کوڕی عەبدولوەهاب هەیە.

سەلەفی مەدخەلی شوێنکەوتووانی (محەممەد ئەمانوڵڵا جامی) و قوتابیەکەی (ڕەبیع بن هادی مەدخەلی)ن، ئەمانەیان دژی حزبایەتی لایەنە ئیسلامییەکانن، ئەم سێ بەشەی لەسەرەوە باسکران لەناوخۆیاندا چەندین باڵ و تەوژمی جۆربەجۆریان هەیە .

ئەوەی لێرە مەبەستمانە قسەی لەسەر بکەین بەشی سێیەمە کە مەدخەلییەکانە، مەدخەلییەکان دژی بیرۆکەی حزبایەتین و هەموو بزووتنەوە و پارتە ئیسلامییەکان بە دەرچوو لە سوننەت و بیدعەچی لە قەڵەم دەدەن، حزب وەکو ئیبن تەیمیە پێناسەی دەکات هەر دەستە و تاقمێکە پێکەوە لەسەر فیکرە و بیرۆکەیەک کۆببنەوە و براگەورە و ڕێنماییکەریان هەبێت ئەوانە حزبن، با ناوی حزبیش لە خۆیان نەنێن، گرنگ ناوەرۆکە. سەلەفی مەدخەلی دوو نیشانەیان هەیە لە هەموو سەلەفییەکانی دونیا جیایان دەکاتەوە ئەوانەش: گوێڕایەڵی وەلی ئەمرە کە دەسەڵاتداران بەتایبەتی دەسەڵاتدارانی جیهانی ئیسلامی بە حوکمی ئەوەی ئەوان زیاتر لە وڵاتە ئیسلامییەکاندان دەگرێتەوە، نیشانەی دووەم: ئەوان لە چوارچێوەی بنەما ئیسلامییەکاندا دژایەتی پێکهێنانی حزبی ئیسلامی یان دروستکردنی دەکەن و بە ناڕەوا و بە بیدعەی دەزانن لە ئایینداا، بەڵام خۆیان بە زیادەوە لە چوارچێوەی پێناسەی حزبدا بەپێی پێناسەکەی ئیبن تەیمیە کە باسمان کرد جموجۆڵ دەکەن، لە

هەمووی خراپتر ئەوەیە مەدخەلییەکان دەمارگیرییان بۆ قەناعەتەکەی خۆیان وای لێ کـردوون جگە لەخۆیان هیچ کەس و لایەنێکی تر بە ڕەوا و ڕاست نازانن، بەڵکو بە موبتەدیع ناوزەدیان دەکەن و داوا دەکەن لە هەواداران و شوێنکەوتوانیان هەجریان بکەن و تێکەڵیان نەکەن و سەلامیان لێ نەکەن، کەوابوو ئەوەی بۆ لایەنە ئیسلامییەکان بەڕەوای نازانن، خۆیان بەزیادەوە ئەنجامی دەدەن!.

خاڵی لاوازی لایەنە ئیسلامییەکان بەشێکی ئەوەیە پلانیان بۆ پێگەیاندنی کەسانی سەرکردەی مەیدانی نییە

سەلەفی مەدخەلی لە زۆرێك لە وڵاتانی ئیسلامیدا لەگەڵ دەسەڵاتدا ڕێککەوتوون، ئیتر با ئەو دەسەڵاتە خۆسەپێن و ستەمکاریش بێت، ئەوان پشتیوانی لێ کردنیان بەدینداری و ڕەوا دەزانن، ئەوان کێشەیان لەگەڵ لایەنە ئیسلامییەکاندا هەیە، نەك لایەنە عەلمانی و سیکۆلارەکان، دەسەڵات ئەگەر دەیان مونکەر و خراپەی ئاشکراشی هەبێت ئەوان بەئاشکرا ڕەخنەیان لێ ناگرن، کە لەڕووی شەرعیەوە ئەگەر مونکەر بەئاشکرا ئەنجام درا وەکو خۆی بەئاشکرا ڕێگری لێ دەکرێت، مەگەر پێش ئەوەی بگات بەڕاگەیاندنەکان لایەنی دەسەڵاتدار پەشیمان ببنەوە، ئەوکات پێویستی بەڕاگەیاندن نییە.

لەهەمان کاتدا سەلەفی مەدخەلی ناتوانن بزاڤێکی سیاسی سەرکەوتوو پێکبهێنن لەبەر ئەوەی ئەوان مەگەر بەدەگمەن دژی هەموو ئەو بنەمایانەن کە سیاسەتی شەرعی جەختیان لەسەر دەکاتەوە، وەکو بەراوردی نێوان مەسڵەحەت و مەفسەدە و پێشخستنی بەرژەوەندی لەسەر خراپە و ناسینی واقیعی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی هتد، بۆیە هەرکەسێک چووە مەیدانێکەوە دەبێت ئامراز و چەکی ئەو مەیدانەی پێ بێت، لە هەمان کاتدا ئەمانە دژی سیاسەتکردنی لایەنە ئیسلامییەکانن، بەڵام خۆیان کاری سیاسی دەکەن وەکو حزبی نوری سەلەفی لە میسر، ئەم جۆرە تەوژمانە یان دەبێت واز لە سیاسەت بهێنن، یان بە ئەو شێوە سیاسەت کردنە بەدڵنیاییەوە شکست دەهێنن!.

پاشان پێشینەی سەلەفییەکان هەر لە ئیمامی ئەحمەدەوە تا ئیبن تەیمیەوە ئیبنولقەیم و هاوشێوەکانیان بەڕەحمەت بن، بزاڤێکی سیاسی نەبوون، بەڵکو وەکو زانا و چاکساز خۆیان ناساندووە، تەنانەت شوێنکەوتووانی شێخ محەممەد عەبدولوەهاب لە سعودیە وەکو تەوژمێکی سیاسی کار ناکەن، بەڵکو نایشارنەوە پشتیوانی لە دەوڵەت دەکەن، بۆیە میتۆدی سەلەفی مەدخەلی کە

حزبایەتی دەکەن جودایە لەگەڵ میتۆدی زانا پێشینەکانیان.

ئایینناسی: فرەحزبی وەک ڕێگایەک بۆ گوزارشت لە دیدگای جیاواز و دەستاودەستی دەسەڵات، لە پەیڕەوی حزبە ئیسلامییەکان نابینرێت، ئایا ئەمە هۆکاری بڕوا نەبوونی ئەو حزبانەیە بەو چەمکە؟

نازم عەبدوڵڵا: فرەیی و دیدگای جیاواز یەکێکە لەو چەمکانەی دەبێت لایەنە ئیسلامییەکان هەڵوێستەی لەسەر بکەن و وڵامی ڕوون و ئاشکرایان هەبێت، لە بنەڕەتدا فرەیی و دیدگای جیاواز لەئیسلامدا جێگەی هەیە و قورئان و هەڵسوکەوتی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) بەئاشکرا ڕێگەیان بەفرەیی و دیدگای جیاوازی داوە، بەڵام لایەنە ئیسلامییەکان لەبەر ئەوەی هەمیشە غەیری خۆیان بەتایبەتی لایەنە ناسیۆنالیست و چەپەکان لەدەسەڵاتدا بوون چاوەڕێ بوون ئەوان ڕێگە لەفرەیی و دیدگا و سیاسەت و بۆچوونی جیاواز نەگرن، بۆیە ئەو بابەتە وەکو کێشەیەکی ڕۆژانە ڕوبەڕوویان نەبووەتەوە، بەڕای من ئەمەی سەرەوە هۆکاری سەرەکییە کە وەکو چەمکەکانی تر زۆر بەڕاشکاوانە ئاماژەیان پێ نەکردووە، پاشان لایەنە ئیسلامییەکان زۆر قەناعەتیان بەپێگەیاندنی کۆمەڵگەی مسوڵمان هەیە، بەو واتایەی زۆرینەی خەڵك قەناعەتیان بەبۆچوون و بیروباوەڕو و پلان و بەرنامەیان هەبێت، واتە ئەوان هەر لە ئەلیف و بێی سیاسەتیاندا باوەڕیان بەڕای زۆرینە هەیە، پاشان لایەنە ئیسلامییەکان زۆربەی کات لە ململانێی فیکری و پەرچدانەوەی ڕەخنەی نەیارەکانیاندا بوون، ئەمەش تەنیا ئیسپاتی خودی تێدایە، فرەیی و خوێندنەوەی دیدگای جیاواز زیاتر بابەتێکە پەیوەندی بەلایەنی باڵا و ململانێی سیاسییەوە هەیە، کە لایەنە ئیسلامییەکان لەم لایەنەوە وەکو پێویست نەبوون و لەدوای لایەنەکانی ترەوە بوون .

ئایینناسی: ئیسلامییەکان وەك هێزێکی فرەکار لە گۆڕەپانەکە دەبینرێن، سیاسی، بانگخوازی، خێرخوازی و پەروەردەیی، پێتوایە ئەوانە وەزیفەی حزبە و ئەو حاڵەتە چ لێکەوتەیەکی هەبووە؟

نازم عەبدوڵڵا: ئەگەر لەلایەنە ئیسلامییەکان ورد ببینەوە بە تایبەتی لە هەرێمی کوردستاندا کە خۆشیان دان بەو ڕاستیەدا دەنێن ئەوان زیاتر لە بواری بانگەوازدا سەرکەوتوو بوون، کە خێرخوازی و پەروەردەش بەشێکە لە بانگەواز، بەڵام خاڵی لاوازی ئەوان لایەنی سیاسییە، لە هۆکاری ئەم خاڵە لاوازەشیان ورد ببیتەوە دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی ئەم بزاڤە، ئەوان لە قۆناغی بنیاتنان و سەر هەڵدانیاندا

مەگەر هەندێک قۆناغی کەمی لێ دەر بکەین بۆ نموونە سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان لە کۆتایی هەشتاکاندا، ئەگەرنا لایەنە ئیسلامییەکان بەگشتی بزووتنەوەیەکی بانگخوازی پەروەردەیی ژێر زەمینی بوون، ئەو هەنگاوانەی دەبێت هەموو بزووتنەوەیەکی سیاسی بیگرێتەبەر وەکو: نوێنەرایەتی گەل و ململانێی سیاسی و سەربازی و شۆڕش و ئامادە بوون لە مەحفەلە نێودەوڵەتییەکان و پەیوەندی دیپلۆماسی و لێکتێگەیشتن لەگەڵ وڵاتە هەرێمایەتی و ناوچەیی و وڵاتە زلهێزەکاندا بەداخەوە لایەنە ئیسلامییەکان خۆیان لێی لاداوە، لایەنە چەپ و سیکۆلارەکان زیاتر ئەو ڕۆڵەیان بینیوە، ئەمە یەکێکە لەو چەمکانەی دەبێت بزاڤە ئیسلامییەکان لە پێچەکانی ژیانی سیاسییاندا هەڵوێستەی جیدی لەسەر بکەن، هەموو پارتێک هەڵوێست و گوتارە سیاسییەکانی دەیگەیەنێت بە چڵەپۆپە بە هەمان شێوە هەڵوێستە سیاسییەکانیشی دەیهێننە خوارەوە، هەموو بزاڤێک ئەگەر لە جێگەی خۆیدا وەستا بە تەئکید بەرەو دواوە دەگەڕێتەوە چونکە دەوروبەر و ڕووداوەکان لەسەری ناوەستن.

ئێستا بەشێک لە بزاڤە ئیسلامییەکان لە هەندێک لە وڵاتان دەیانەوێت چەمکی سیاسەت و بانگەواز وەکو چەمکێکی سەربەخۆ و دوور لە حزب پسپۆڕی خۆی وەربگرێت و سیاسەت و بانگەواز دوو چەمکی لێک جودا بن، ئەم چەمکانە دەبێت لایەنە ئیسلامییەکانی کوردستان بەبێ چاولێکەری و تەقلیدی ئەم پارت و ئەو پارت خۆیان بەئەزموون بگەن بە قەناعەت بە کۆمەڵێك ئامراز و میکانیزمی سەردەمیانە چارەسەرێکی بۆ بدۆزنەوە بە جۆرێک بەتەواوەتی لێک نەترازێن و هاوکار و هەماهەنگی و یەکتر تەواوکردن لەنێوانیاندا هەبێت.

لایەنە ئیسلامییە ڕەسەنەکان بەگشتی مۆرکی خۆجێیی و بز اڤی نیشتمانیان گرتووە و گۆڕانکارییان لەو دروشمانەدا کردووە

ئایینناسی: کەم نین ئەو دەنگانەی بانگەشەی پێویستی گۆڕانکاری ڕیشەیی لە کاری حزبە ئیسلامییەکان دەکەن، بەڵام وەڵامی حزبە ئیسلامییەکان لەو ڕووەوە ئیجابی نەبووە، بە بڕوای بەڕێزتان ئەم خەمساردییەی ئیسلامییەکان چ لێکەوتەیەکی دەبێت؟

نازم عەبدوڵڵا: هۆکاری ئەنجام نەدانی گۆڕانکاری لەلایەن بزاڤە ئیسلامییەکانەوە بەشێکی پەیوەندی بە حکومەتە خۆسەپێن و داپڵۆسێنەرەکانی جیهانی ئیسلامییەوە هەیە کە لەلایەن وڵاتانی ڕۆژئاواوە پشتیوانیان لێ

دەکرێت، کە ئەو دیموکراسییەی ڕۆژئاوا بانگەشەی بۆ دەکەن بزاڤ و تەوژمە ئیسلامییەکان ناگرێتەوە، کە لە پێناوی بەرژەوەندییەکانیان و پێگەی ئیسرائیل لە ناوچەکە لە بەهاری عەرەبیدا بە هەموو شێوەیەک پشتیوانی لە پارت و کەسایەتییە سیکۆلارەکان کە سەربەخۆیانن دەکەن، لە هەمان کاتدا هەموو ئەو حکومەت و دامودەزگایانە دەشێوێنن سەر بە لایەنە ئیسلامییەکانن و سەرکردەکانیان لە حەپسخانەکان قایم دەکەن و هەر ڕۆژە حوکمی لەسێدارەدان بۆ هەندێکیان دەر دەچێت، بە هیچ شێوەیەک ئامادەی دۆستایەتی نین لەگەڵ ئەو دامودەزگایانەدا لایەنە ئیسلامییەکان نوێنەرایەتی دەکەن، خۆ ناکرێت بڵێین هەموو بزووتنەوە و کەسایەتییە ئیسلامییەکان لە چوارچێوەی جیهانی ئیسلامیدا نەزان و بێ ئەزموونن!.

بەشێکی تری پەیوەندی بە خودی بزاڤە ئیسلامییەکانەوە هەیە گەیشتوون بەڕێگەیەکی داخراو، هەندێك لە بزاڤە ئیسلامییەکان ئەو قەناعەتیان بۆ دروست بووە کە لەوەی هەیە زیاتریان پێ ناکرێت، پەندێکی عەرەبیش هەیە دەڵێت: (فاقد الشئ لایعطیه) بە ئەو واتایەی هەرکەس لە ئەو شتە دەبەخشێت کە هەیەتی، لایەنە ئیسلامییەکانیش وەکو هەموو پارتە سەرکەوتووەکانی دونیا هیوا و ئاواتیان ئەوەیە لە پێشەوە و لە ئاستی گۆڕانکارییەکاندا بن، بە جۆرێک جێگەی متمانەی ئەندامان و دەوروبەریان بن، بەڵام کاتێک بەهۆی ئەنجامنەدانی گۆڕانکارییەوە ئەندام و جەماوەرەکەیان نیگەران دەبن و هەندێک جاریش نائومێد دەبن، نیشانەی ئەوەیە لایەنە ئیسلامییەکان گەیشتوون بە ئەو قەناعەتەی (لیس فی الامکان احسن مما کان)، لەوە باشترمان پێ ناکرێت هەرکەس پێی خۆشە بە ئەو شێوەیە درێژە بەکار و خەباتی خۆی دەدات، نارازییەکانیش هەر جارە و بە جۆرێک نارەزایەتی خۆیان دەردەبڕن، نابێت ئەوەشمان لە بیر بچێت ڕۆژگارێک بووە بزاڤە ئیسلامییەکان بەرەوپێشچوونی باشیان بە خۆیانەوە بینیوە، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە نەکرانی گۆڕان کاری هەمووی خودی نییە، بەڵام ئێستا ڕێگەکەیان گەیشتووە بە پێچێک دواوەیان جێهێشتووە و پێشەوەش تاریک و ڕوونە باش دیار نییە، بۆیە هیچ بڕیارێکیان بۆ نادرێت، ئەم دۆخە چەقبەستووە تەنیا تایبەتی نییە بە بزاڤە ئیسلامییەکانی کوردستانەوە، بەڵکو مەگەر بە دەگمەن لە چەند شوێنێک نەبێت ئەم حاڵەتە گشتییە زۆربەی جیهانی ئیسلامی تەنیوەتەوە.

ئەم دۆخە ئەوەشی لێ دەخوێنرێتەوە بزاڤە ئیسلامییەکان بە درێژایی مێژووی نزیکەی سەد ساڵی تەمەنیان پەیامی خۆیان گەیاندووە، ئەو گوتارەی بۆ ئەو قۆناغە پێویست بووە دەریان بڕیوە، ئەگەر ورد

ببیتەوە ئێستا جیهانی ئیسلامی بەدەست دەیان قەیرانی سیاسی و ئابووری و فەرهەنگی و داگیرکاری و نەتەوەییەوە دەناڵێنێت، ئەگەر تەماشایەکی پێشانگای کتێبە نێودەوڵەتی و نووسراوەکان بکەیت هەزاران ناونیشانی جۆربەجۆر هەیە ئەوەی باسی قەیرانەکانی جیهانی ئیسلامی بەتایبەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات ناگاتە ٢٪ ، لەلایەکی تریش پێگەی جەماوەری بزاڤە ئیسلامییەکان بەگشتی قووڵترین و فراوانترین پێگەیە، وەکو ژیلەی خەڵووز وایە چاوەڕێی یەک فووە بگەشێتەوە، ئێستا کاتی گۆڕانکاری سەدەیە وەکو پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) ئەفەرموێت: (إنَّ اللَّهَ یبعَث لِهذه الامَّةِ علی رأسِ کلِّ مائةِ سَنةٍ من یجدِّدُ لها دینَها)، ئەو نوێکەرەوەیە دەکرێت خودی لایەنە ئیسلامییەکان بن، یان غەیری ئەوانە، کەسێکە یان دەستەیەکە ئەوە چۆنیەتەکەی خوا خۆی دەیزانێت.

کاتێک دەبینین لە زۆرێک لە وڵاتە خاوەن پێگە ستراتیژییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هیچ شتێک لە جێگەی خۆیدا نییە، سیستەم نییە، گۆڕانکاری نییە، ئاسۆیەکی ڕوون نابینیت، دەسەڵاتی خۆسەپێن و قۆرخکار ململانێیانە لەسەر چەوساندنەوە و بەتاڵان بردنی سەروەت و سامانی وڵات و کەسیش بە دەنگەوە نایەت، گەنجەکان پۆل پۆل کۆچ دەکەن و هیچ پرۆژەیەکی ئابووری بۆ بووژانەوە نییە، ئەمانە نیشانەی ئەوەن بە شێوەیەکی بەرنامە بۆدارێژراو گەلانی ڕۆژهەڵات نائومێد دەکرێن، نا ئومێد دەکرێن لەحزبایەتی، نائومێد دەکرێن لە سیاسەت، نا ئومێد دەکرێن لە هەڵبژاردن و دەستاودەست پێکردنی دەسەڵات، نا ئومێد دەکرێن لە گۆڕانکاری، هەموو ئەمانە بە بەرچاوی وڵاتانی ڕۆژئاوا بەتایبەتی ئەمریکاوە دەکرێت، بۆیە دەکرێت بڵێین ئەمە ڕێکەوت و هەوانتە و کارێکی کوێرانە و بێ بەرنامە نییە.

ئیسلامییەکان لە ئەدەبیاتی خۆیاندا باسی گێڕانەوەی حوکمی ئیسلامیان کردووە، بەڵام بەچ میکانیزمێك ئەو حوکمە دەگێڕنەوە دیاریان نەکردووە

نابێت هەموو شتێک بگەڕێنینەوە بۆ بیردۆزی پیلانگێڕی و هەموو نەگبەتی و نەهامەتییەکان بخەینە سەر داگیرکەر، لایەنە سیکۆلارەکان خاوەنی ئایدیا و مەبدەئێکی ئەوتۆ نین کە شوێنکەوتووانی خۆیانی پێ جۆش و خرۆش بدەن، ئەوان تاکە شتێک هێشتونێتییەوە دەسەڵاتە، کە لەو ڕێگەیەوە خواستی خۆیان و جەماوەرەکەیان بەدی دەهێنن، بەڵام بزاڤە ئیسلامییەکان بەگشتی لە دەسەڵات و خێروبێری وڵات مەحروومن، بەڵام ئەوان خاوەنی ئایدیا و مەبدەئن، ئەگەر سەرکردەکانیان ڕوویان لە دونیا

نەبێت و پشتیان لە خەڵکی بێت، هەمیشە بەشوێن پلان و بەرنامەی تازەوە بن بۆ گەشەکردنی پارتەکەیان، دەتوانن ببن بەخاوەنی جەماوەر، خەڵکی بە گوێیان دەکات و لەپێناویاندا ئامادەی هەموو قوربانییەکن، هەر لەو ڕێگەیەشەوە دەتوانن خۆیان و پارت و ڕێکخراوەکانیان توندوتۆڵ بکەن، بەڵام کاتێک سەرکردەی بزاڤە ئیسلامییەکان لە ئەو لایەنەشەوە کەمتەرخەم بن و هیچ گۆڕانکاری و مشورخۆرییەکیان پێوە دیار نەبێت، ئەو کات خەڵک و جەماوەری ئەوانیش نا ئومێدن دەبن و هەر دوو جەمسەری مادی و مەعنەوی هێز لەدەست دەدەن و بەرەو دواوە دەگەڕێنەوە.

ئایینناسی: ئایا خەمساردی ئیسلامییەکان لە چاکسازی ڕیشەیی لە کاری حزبی و حزبایەتی، ترسانە لە لەدەستدانی پێگەیان یان تێنەگەیشتنی قووڵە لە وەزیفەی حزب؟

نازم عەبدوڵڵا: ئەم پرسیارە دەبێت لە چەند ڕەهەندێکەوە وەڵامی بدەینەوە:

ڕەهەندی یەکەم: خاڵی لاوازی لایەنە ئیسلامییەکان بەشێکی ئەوەیە پلانیان بۆ پێگەیاندنی کەسانی سەرکردەی مەیدانی نییە، ئەمەش وای کردووە هاندان لەو بوارەدا نەبێت، مەگەر کەسێك بە هەوڵ و کۆششی خۆی دەرکەوتبێت و پێگەیشتبێت. هەندێك لەلایەنە ئیسلامییەکان هەر ئەوەندە متمانە درا بەکەسێك ئیتر لە پێگەکەیدا سەرکەوتوو بێت، یان نا، لە شوێنی خۆیدا دەمێنێتەوە، تەنانەت بوونی پارتەکەش دەبەسترێتەوە بە کەسی یەکەمەوە، ئەگەر خۆشی داوای دوورکەوتنەوە بکات، دەوروبەر ڕێگەی پێنادەن، یان ئەگەر لە پرۆسەیەکدا دوور بکەوێتەوە لەباتی ئەوەی هاوکاری جێگرەوەکەی بکەن و چارەسەری ڕیشەیی بۆ بدۆزنەوە، چونکە کەسە سەرکەوتووەکان ژیانی هەمیشەییان نییە، بەپەلە دەیهێننەوە تا پارتەکە لە شکست قوتار بکات، کێشەیەکی تری پارتە ئیسلامییەکان ئەوەیە تەنیا چاویان لەسەر خاڵە بەهێز و پۆزەتیڤەکانی سەرکردەیە، کە بە پێچەوانەوە بۆ ئەوەی پێش بکەون دەبێت چاویان لەسەر خاڵە لاوازەکانی بێت تا بژاری بکات و لە خۆیدا نەیهێڵێت، ئەم بابەتە دەبێت بەمیکانیزمی سەردەمیانەی بابەتی پێگەیاندنی سەرکردە و نەترسان لە ئاڵوگۆڕ چارەسەر بکرێت، بۆیە ناتوانیت پڕاوپڕ بڵێت فڵان سەرکردە بۆیە هەر لە شوێنی خۆی ماوەتەوە لەبەر ئەوەیە دەستی لە کورسییەکەی نابێتەوە، هەرچەند مانەوەی کەسێک تا مردن، نیشانەی لاوازی هەستی سەرکردایەتی کردنە لە ئەو بزاڤەدا، کاتێک ئەو کەسە نەما لەبەر ئەوەی جێگرەوەی نییە پارتەکەش دەکەوێتە مەترسییەوە، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەم بابەتە تەنیا تایبەت نییە بە لایەنە ئیسلامییەکانەوە

بەڵکو لایەنەکانی تریش هەمان کێشەیان هەیە و لە کەسی یەکەمدا هەمان ڕیتمان هەیە، هەموو باوەڕیان بە سەرکردەی مولهەم و خواکرد و خاوەن پێگە هەیە.

ڕەهەندی دووەم: لەبەر ئەوەی کۆمەڵێک فەرموودەی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) هەیە ڕێگری لە هەڵپەکردن بۆ سەرکردایەتی کردن دەکەن، ئەمەش سنوورێکی داناوە لەناو پارتە ئیسلامییەکاندا بەشەرمەوە ئەو بابەتە باس بکرێت، لە ڕاستیدا فەرموودەکان ڕێنماییە بۆ کەسانی ناشایستە تا چاو نەبڕنە پێگەیەک تێیدا لاوازن، فەرموودەکان ڕێنمایی گشتی ویژدانی خەڵکە ئیمانداڕەکە دەکات، لە هەمان کاتدا چەندین ئایەت و فەرموودەش هەیە باسی گەورەیی پێشەوایەتی و سەرکردایەتی و چاوساغی خەڵکی دەکەن، بەڵام دەبێت ئەم بابەتە بە میکانیزمی سەردەمانە چارەسەر بکرێت، بزاڤە ئیسلامییەکان دەبێت پێوەریان هەبێت، بتوانن کەسانی شیاو لە شوێنی شیاو دابنێن، کە ئەمە یەکێکە لە ئەو بڕگانەی دەبێت بزاڤی ئیسلامی پێداچوونەوەی تێدا بکات.

ڕەهەندی سێیەم: هەندێک لە بزاڤە ئیسلامییەکان لەبەر ئەوەی هەژموونی لایەنی بانگەواز بەسەریدا زاڵە، دەبینیت زۆربەی سەرکردایەتی و کەسە دیارەکانی خاوەنی شەهادەی باڵان لە بوارە جۆربەجۆرەکانی تر جگە لە زانستە سیاسییەکان، کە ئەم جۆرە سەرکردانە بۆ ناوەندە ئەکادیمی و زانستییەکان، یان بۆ بوار و پەروەردە و بانگەواز زۆر باشن، بەڵام مەرج نییە لە ئیدارەدانی پارتێکی سیاسیدا سەرکەوتوو بن، یان هەیانە کەسێکی جەماوەریە لە بانگەوازدا سەرکەوتووە، بەڵام لە بواری ئیدارە و سیاسەتدا کە کاری بنەڕەتی بزاڤی سیاسییە لاوازە، بەڵام لە هەڵسەنگاندنی ناو پارتە ئیسلامییەکاندا تەنیا خاڵی یەکەم دەکرێت بە پێوەر.

مەدخەلییەکان دژی بیرۆکەی حزبایەتین و هەموو بزووتنەوە و پارتە ئیسلامییەکان بە دەرچوو لە سوننەت و بیدعەچی لە قەڵەم دەدەن

ئایینناسی: هۆکاری چییە بەرەوپێشچوون لە کاری حزبە ئیسلامییەکاندا نییە و گرفتاری جۆرێک لە چەقبەستووین، هەم لە خودی کاری حزبیدا، هەم لە توانای گۆڕانکاری لە واقیعی حوکمڕانیدا؟ لاوازی کاریگەریان پەیوەندی بە چییەوە هەیە؟

نازم عەبدوڵڵا: حزبایەتی مامەڵەکردنە لەگەڵ واقیعدا، واقیعی سیاسی و حوکمڕانی، واقیعی کۆمەڵایەتی خەڵکی، واقیعی ئابووری و بژێوی خەڵکی، خەڵکی لەگەڵ ئەو لایەنە مامەڵە دەکات کاریگەری لەسەر ئەو واقیعە

هەبێت، دەبێت لایەنە ئیسلامییەکانیش میکانیزمەکانی کاریگەر لەسەر ئەو واقیعە فەرامۆش نەکەن، لەڕووی سیاسی و ئیدارەدانی جەماوەرەوە پێویستیان بە گۆڕانکاری هەیە، سروشتی سیاسەت وەکو سروشتی کەسابەت و بازاڕ وایە، کەسێک کەسابەت دەکات و بازاڕی نییە چی دەکات؟ بەڵام نابێت ئەوەمان لە بیر بچێت لایەنی بانگەواز لە هەرێمی کوردستان لەناو خەڵکیدا بەگشتی بەهێزە کە لایەنە ئیسلامییەکانیش بەشێکن لەو پرۆسەیە، ئەمەش ئەوەمان پێ دەڵێت لە داهاتوودا بە دوور نازانرێت لەبەر بەهێزی ئەو چەمکە ڕێکخراو و کەسایەتییە بانگخوازەکان لەبابەتە شەرعی و یاساییەکاندا زیاتر کاریگەریان لەسەر واقیعی کۆمەڵگە هەبێت و ئەوان لە پێگە ڕەسمی و مەحفەلە گشتییەکاندا زیاتر نوێنەرایەتی خواستی خەڵکی بکەن، ئەو کات ڕۆڵی سیاسی و ئیدارەدانی وڵات هەر لەلای پارتە سیکۆلارەکان خۆیان یان هاوشێوەکانیان دەمێنێتەوە، ئەو کات لایەنە ئیسلامییەکان وەکو کارەکتەر و پارتی سیاسی دەبێت لە خۆیان بپرسن ڕۆڵیان لە کوێدا دەبێت.

لایەنە ئیسلامییەکان تا ئێستا خاوەنی جەماوەر و ڕێکخستنێکی بەهێزن، ناو و ناوبانگیان زۆر باشە، لەڕووی خزمەتگوزارییەوە زۆر لەپێشن، ئەگەر پلان و بەرنامەی سیاسییان هەبێت و هەندێک بەخۆداچوونەوە بکەن و گۆڕانکاریان لە خۆیاندا دروست بکەن، بەدڵنیاییەوە دەتوانن لە گۆڕەپانی سیاسیشدا ژمارەیەکی بەهێز بن، تەنانەت ئەو پارتانەش کاتێک دەکەون بە پلان و بەرنامە دوای چەند ساڵێک هەڵدەسنەوە، خۆ کەس لە ناوچەوانی نەنووسراوە شکستخواردوو، لە ناوچەوانی کەسیش نەنووسراوە سەرکەوتوو، بەڵکو ئەوە ئیرادە یان بێ ئیرادەییە چارەنووسی هەر دوو دیوەکە دیاری دەکات.

مەدخەلییەکان دەمارگیرییان بۆ قەناعەتەکەی خۆیان وای لێ کردوون جگە لەخۆیان هیچ کەس و لایەنێکی تر بە ڕەوا و ڕاست نازانن

ئایینناسی: ئایا حزبە ئیسلامییەکان دەتوانن ببنە حزبی ئیسلامی دیموکرات، یان ئەمە دروشمی سەردەمە بۆ هێنانە دی ئامانجەکانیان؟

نازم عەبدوڵڵا: وەکو لە پێشەوە ئاماژەمان پێ کرد لایەنە ئیسلامییەکان وەکو ئایدیا و مومارەسە لە هەموو لایەنەکانی تر لەبارترن بۆ پێکەوەژیان و دەستاودەستکردنی دەسەڵات و قبووڵکردنی ئەوانی تر، بەڵام ئەوان لەبەر ئەوەی هەمیشە لە گۆڕەپانی سیاسیدا ژمارەی یەکەم نەبوون، لەو

لایەنەوە گوتاریان وەکو پێویست نییە، بۆیە هەندێک جار گومانی ئەوەیان لەسەر دروست دەبێت ئەگەر ئەمانە دەسەڵات وەر بگرن ناهێڵن کەس دەم بکاتەوە و ئازادییەکان قۆرخ دەکەن، ئەگەر ئەوانەی ئەم بابەتە دەوروژێنن مەبەستیان ئازادی تاکە کەسی و سنوور بەزێنییە لە بنەما ئایینییەکاندا، ئەوە لە کاتێکدا لایەنە ئیسلامییەکان دەسەڵاتیشیان نییە لەبەر ئەوەی خەڵکی کوردستان خەڵکێکی دیندار و پارێزکارن، ئێستا ئەو بابەتانە قبووڵ نین و لە ناو خەڵکی کوردستاندا جێگەیان نابێتەوە، ئەگەر مەبەستیشیان دەستاودەستکردنی دەسەڵات بێت، ئەوە خۆ تاقیان نەکردوونەتەوە چۆن حوکمی پێشینە دەدەن بەسەریاندا، ئەم بابەتانەش لەمەیدان و مومارەسەدا دەردەکەون.

مێژگرد

ئایینناسی

ڕەوایەتی و پێگەی حزب و حزبایەتی

ئامادەکردنی: ئایینناسی

حزب و حزبایەتی لە ئیسلامدا، بابەتێکی جێی مشتومڕی ناو جیهانی ئیسلامی و موسڵمانانە، لە سادەترین پرسیاردا کە دینداران ڕووبەڕووی دەبنەوە، ئەوەیە کە ئایا ئیسلام پێویستی بە حزب هەیە، تاچەند شەریعەت و بنەما جێگیرەکانی ئیسلام لەگەڵ کاری حزبە ئیسلامییەکاندا یەکدەگرێتەوە؟ تێڕوانینی ڕەوتە جیاوازەکانی ناو جیهانی ئیسلامی بۆ دیاردەی حزبایەتی چۆنە؟ لە کوردستاندا گۆڕانکاری و وەرچەرخانی گەورە بەسەر دیدگا و ئەدای حزبە ئیسلامییەکاندا هاتووە و خۆیان لەگەڵ ژینگەی نوێی کاری حزبی و گۆڕانکارییەکاندا گونجاندووە؟ ئەم گۆڕاکارییانە لە کوێوە سەرچاوەیان گرتووە، هۆکارەکانی چین؟ تەوەری ئەمجارەی وەرزنامەی ئایینناسی تایبەتە بە دیاردەی حزب و حزبایەتی لە جیهانی ئیسلامیدا، دیدگا و خوێندنەوە جیاوازەکان بۆ ئەم پرسە لە ناوچەکە و کوردستان، بە میوانداری بەڕێزان، د. خالد ئەحمەد مستەفا ڕاگری کۆلێجی زانستە ئیسلامییەکانی زانکۆی سلێمانی و د. کامەران بابان زادە نووسەر.

سەرەتا د. خالد لەبارەی دیدگای سەلەفییەکانەوە بۆ حزب و حزبایەتی ڕوونی کردەوە کە وەکو ئەکادیمییەك قسە لەسەر ئەم بابەتەکە دەکات و وتی: دیدگای سەلەفیەت کە سەیری بابەتە تازەکان دەکات دێنە ناو ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە بۆ دوو جۆر پۆلێنی دەکات، ئایا بابەتەکەت دونیاییە، یاخود دینییە؟ ئەگەر دونیا بێت هەمووی بە یەک

فەرموودەی پێغەمبەر (صلى الله عليه و سلم) یەکلا کراوەتەوە، کە فەرموویەتی: (أنتم أعلم بأمور دنياكم منى)، بۆیە لە بابەتی دونیاییدا، سەلەفیەت بە هیچ جۆرێک، ئەوەندەی تێگەیشتووم، ڕێگر نییە لەوەی کە ئامێرەکانی تەکنەلۆژیا، ڕێگاکانی پێشکەوتنی کۆمەڵگە، چی هەیە بەکاربهێنرێت، بە گرنگیشی دەزانێت، (ثم أتبع سببا) کە لە سووڕەتی (الكهف) دا باس کراوە و باسی (زولقەرنەین) دەکات، (دەستگرتن بە هۆکارەوە) واتا کرۆکی سەرکەوتنی هەموو کۆمەڵگەیەک بەوە دەبێت کە چەند دەست بە ئامرازەکانی پێشکەوتنەوە دەگرێت، ئێستا کە بەراوردێک لە نێوان کۆمەڵگە ئەورووپییەکان و خۆرئاوایی و ئەمریکییەکان بکەیت، لەگەڵ ئێمە جیاوازیان لە چیدایە، ئەوان دەست بە هۆکارەکانی سەرکەوتنەوە دەگرن، ئیش دەکەن، ئیشکردنیان هەیە، کۆمەڵگەی موسڵماننشین لەبەرئەوەی خێروبێرێکی زۆر لە وڵاتەکەی هەیە، قەناعەتێکی زۆری هەیە بەم واقیعەی خۆی، بەبێ ئەوەی ئیسلام داوای ئەوەی لێ بکات، ئیسلام لەگەڵ ئەوە نییە کە خەڵک مادام دەژی پێویست ناکات ئەوەندە خۆی ماندوو بکات، بە داخەوە لاوازییەکی زۆر گەورەیە لەنێو کۆمەڵگەی موسڵماناندا، کە بەم شێوەیە لە دواوەن. من سەفەری دەرەوەم کردووە، لە ئەڵمانیا دەبینیت ساڵی (١٦٠٠) قەڵا دروست کراوە لە یەکێک لە شارەکاندا، ئەوە ئێستا (٥٠٠) ساڵی بە سەردا ڕۆیشتووە، خەڵک لە هەموو جیهانەوە سەردانی دەکات وەکو گەشتیار، بۆ ئەوەی بزانن چۆن ئەم بیناسازییە دروست کراوە، ئێستا ئێمە قەڵای هەولێرمان هەیە، یەک پارچە تەپۆڵکەیەکە، بەڵام بینا لەسەری کراوە، بەڵام لەوێ هەمووی دیزاینە، هەست دەکەیت کە شەونخونیان کردووە، ئەمە نهێنی سەرکەوتنی کۆمەڵگەکانی ترە، بۆیە لە دیدگای سەلەفییەوە مروڤ دەبێت هەموو ئامرازێکی دونیایی بگرێتەبەر بۆ ئەوەی کۆمەڵگەکە بەرەو پێش ببات.

بە وتەی د. خالد لە بابەتی دینییەوە هانی زۆری موسڵمانان دەدرێت، کە ئیش دەکات و ماندووە و یارمەتیدەری خەڵکە، زۆر خێری زیاترە لەوەی تەنیا خەریکی خۆیەتی و عیبادەت دەکات، (خير الناس أنفعكم) پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت: خێردارترینی خەڵک ئەوەیە کە باشترین سوودی هەبێت، ناڵێت (أكثرهم صلاة، و صوما، و صياما، و زكاة، و حجا)، نا، چونکە ئەمانە بەس بۆ خۆیەتی، مروڤ چۆن بتوانێت سوود بگەیەنێت، من تا لێهاتوویم نەبێت سوودیشم پێ ناگات، تا پیشە نەزانم، ناتوانم سوودیش بگەیەنم، مەگەر تەنیا قسە بکەم، وەکو مەلایەک چۆن تەنیا قسەکەرە، قسە دەکات و هیچ، بەڵام ئەگەر بێتە سەر ئەوە، لەگەڵ ڕێزم بۆ مەلا، خۆشم مەلام، مزگەوتم هەیە،

ئەگەر ئیشەکانم تەنیا قسە بێت، ئەمە هیچ گۆڕانکارییەک ناکات، سوود پێویستی بەوەیە کە لە پیشەدا پیشەگەری شارەزا بیت، پێشکەوتنی تەکنەلۆژیات هەبێت، لە بابەتی دونیاییدا سەلەفیەت بە هیچ جۆرێک نەک ڕێگر، بەڵکو هانی خەڵکی دەدات کە زۆر ئیش بکەن و سوودیان هەبێت، ئیش نەکات و پیشەیەکی نەبێت و بەرەو پێش نەڕوات، ناتوانێت پێشکەوتن بکات، هیچ سانسۆرێک دانانرێت لەسەر بابەتی دونیایی مەگەر شتێک کە زەرەری بۆ باقی کۆمەڵگە هەبێت، بۆ نمونە لە بابەتی مامەڵەدا، ئێستا بابەتی ڕیبا لە ئیسلامدا دیارە، دەقی ئایەت و فەرموودەی زۆری لەسەرە، بۆ لە شەرعدا ئەوەندە بە سەخت و تاوانێکی گەورە باس کراوە، لەبەر ئەوەی بابەتەکە ئەوە نییە کە دوو کەس خۆیان ڕازین، کاتێک دوو کەس دەتوانن لەسەر مامەڵەیەک ڕازی بن کە زەرەری بۆ کەسی سێیەم نەبێت، کاتێک کە دوو کەس مامەڵەی ڕیبەوی دەکەن، دوو دووکان بە تەنیشت یەکەوەن، یەکێکیان (١٠) دەفتەری خۆی بە دەستەوەیە، دەچێت لە چین سەلاجە و ئامێری کارەبایی دەهێنێت، ئەوی تریان (١٠) دەفتەری بە قەرز، بە ڕیبا وەرگرتووە، بە ڕێژەی لە سەدا پێنج، هەردووکیان لە چینەوە شت دەهێنن، ئەوەیان کە بە ڕیبا پارەی وەرگرتووە، ناتوانێت کێبڕکێی ئەوی تر بکات، کە سەلاجەیەکیان بە (٣٠٠) دۆلار کڕیوە، ئەگەر ئەو بە (٣٠٥) بیفرۆشێتەوە، ئەوەی کە بە ڕیبا وەریگرتووە دەبێت بە (٣١٠) بیفرۆشێتەوە، چونکە پێنجی بۆ خۆی نییە، لەو کاتەدا چی دەکات، دەبێت وەکو ئەو بیفرۆشێت بە (٣٠٥)، بەڵام لە بەرامبەردا تەزویر و درۆ دەکات، بە جۆرێک دەڵێت ئەوەی من کوالیتی باشترە، ئاوایە، کەواتە بە جۆرێک مامەڵە دەکات ناچار بەرامبەر کۆمەڵگە ساختەکاری دەکات، بۆیە حەرام کراوە، ئەمە لە بابەتی دونیاییەکەدا.

لە بابەتی دینییدا دیدگای سەلەفی ئەوەیە، حزبایەتی و هەر داهێنانێک، شتێکی نوێیە، کە حزبایەتیش یەکێکە لە سیستمەکانی پەیوەندی و گەشەی فیکری، ئەگەر حزبایەتی بۆ ئەوە بێت کە بابەتی دونیایی خەڵک باش کات، هەر وەکو ڕێکخراوێکی پیشەیی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت و هیچ کێشەیەکی نییە، سوودەکە ئەگەر بۆ ڕێکخستن و بەرەوپێشبردنی ئاستی مەعریفی و لایەنەکانی تری دونیایی بێت، هیچ کێشەیەکی نییە، هەندێک کار هەیە پێویستی بەوەیە کە دەبێت تۆماری ناوی ڕێکخراوەکەت بکەیت، ئیشەکەت بکەیت، ئەم جۆرە شتانە، ئەگەر بۆ ئەوە بێت ئیشوکاری خەڵک بەرەو باشتر ببەیت، خەڵکێکی باش بەرهەم بێنیت، هیچ لاریەک نییە، بەڵام ئەگەر حزبایەتی بۆ ئەوە بێت کە هەریەک جۆرێک لە دینداری بکات، وەکو ئەوەی کە واقیع

دەیبینین لە کۆمەڵگەی موسڵمانان بە گشتی و کوردستانیش بەتایبەت، ئەمە بەتەئکید دەیان دەقمان هەیە لە قورئانی پیرۆز و لە فەرموودەکانی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) کە ڕێگری لە تەفرەقە و پەرتەوازەیی دەکات، (وَاعْتَصِمُواْ بِحَبْلِ اللّهِ جَمِيعاً ولا تَفَرَّقُواْ) (ال عمران: ١٠٣)، (ولا تَكُونُوا مِنَ الْمُشْرِكِينَ مِنَ الَّذِينَ فَرَّقُوا دِينَهُمْ وكَانُوا شِيعاً) (الروم: ٣١ - ٣٢)، پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) کە دەفەرموێ: (وستفترق أمتی إلی .... کلها فی النار إلا ما أنا علیه وأصحابی)، ئەگەر لە دینداریدا بوو ئەمە دەبێتە مایەی تەفرەقە و پەرتەوازەیی کۆمەڵگە، لەبەر ئەوەی واقیعی حاڵ ئەمەیە، هەر چەندە خەڵکی ڕۆشنبیر و تێگەیشتوو لە هەموو ئەحزابی ئیسلامی هەیە، بە جیهان و کوردستانیشەوە، بەڵام من سەیری دەرەنجام دەکەم، دەنا وەکو دروشم هەرچی دەڵێن بۆ خزمەتی ئیسلامە، بەڵام کە دێتە سەر دروشم، بوون بە هۆکاری پەرتەوازەیی موسوڵمانان، لەبەر ئەوەی لە بابەتە سیاسییەکاندا بە ئاشکرا دویانبینی لە شوێنە زۆر هەستیارەکاندایە، ئەوەی کە ئێمە لە سی ساڵدا سەرنجمان داوە لێیان، لە کوردستانەوە، لە سیستمە سیاسییەکاندا، کاتێک کە بڕیارێکی سیاسی پەیوەندی بە چارەنووسی کۆمەڵگەوە هەیە، ئەگەر لە ڕوانگەی قورئان و سوونەتەوەیە، ئەی بۆ لەوێدا یەک بڕیار نین، هەست دەکەین بە پێی سیاسەتەکە، بە پێی شوێنی جوگرافی خۆیان، لە چ شوێنێکن، لەوێدا بڕیارەکان بەو جۆرە دەدەن. پێموایە هەمووتان باش دەزانن نموونەکانیشم چییە لەسەریان کە باسی دەکەم، بەم جۆرە بوونە هۆکاری ئەوەی کە کۆمەڵ کۆمەڵ دروست بێت و وەلاء و بەڕاء لەسەر ئەم کۆمەڵە بێت، بۆ نموونە، ئەوەندەی کە برایانی فلانە حزبی ئیسلامی لە ناوخۆیاندا سەردانییان هەیە و پەیوەندییان هەیە، ئەوەندە ئامادە نییە بۆ ئەوانی دیکە و واقیعی حاڵیش ئەوەیە. وەکو گشتی کە سەلەفیەتیش ئەوە بکات، ئێمە دەڵێین چی، لەبەر ئەوەی لە ئیسلامدا خوای گەورە دەفەرموێت: (ولَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ) (الإسراء: ٧٠)، ئێمە ڕێزمان لە بەنی ئادەم ناوە، هەموو ئایینە ئاسمانییەکان بۆ ئەوە هاتوون کە کاروباری خەڵکی لەسەر زەوی باش بکەن، بیکاتە مرۆڤێکی ساڵح، سوودی بۆ کۆمەڵگە بە گشتی هەبێت، ئینجا قیامەتیشی لەسەر بێت.

ناوبراو دەشڵێت: بوونی پارتایەتی ئیسلامی، جا بە ناو و بە ڕەسمی تۆمارکردن بێت، یاخود ناوی تۆمار نەکردووە، بەڵام خۆشی هەر بەم شێوە بیر بکاتەوە، دەڵێین ئەمانە هەمووی لە دیدگای سەلەفییەتەوە بەپێی دەقەکانی قورئان و سوونەت مادەم بوونە مایەی پەرتەوازەیی موسڵمانان، خەڵکیان پارچە پارچە کرد، خۆشەویستی و ڕق لێبوونەوە و چاکە لەگەڵ کردن و هاوکاری و

هەمووی لەسەر ئەساسی ئەوەیە، دەڵێین شتێکی خراپە.
لەوانەیە بڵێن کەی وایە، ئەوە نییە هەموویان ڕێکخراوێکی مرۆییان هەیە، هەموو حزبەکان لەوپەڕی چەپەوە تا ئەوپەڕی ڕاست و ئەوپەڕی ئیسلامی هەمووی ڕێکخراوێکی مرۆییشی هەیە، بۆ ئەوەی دەریخات کە بۆ خەڵکە و بۆ مرۆڤایەتی ئیش دەکات، بەڵام ئایا ئەم ڕێکخراوە مرۆییانەی کە لە نەوەتەکانەوە هاتن بە ناوی ئیسلامی، بێ ئەوەی ناوبێنم، ئایا ڕێکخراوەکە لە ئەندامانی خۆیان زیاتر بە هیچ جۆرێک ڕێگەیان دا کەسی تر دابمەزرێنن؟ ئەندازیارەکە، ژمێریارەکە، کارگوزارەکە، وەستاکان هەر هی خۆیانن، کەواتە ئەمە چی دەکات، ئەو ڕەخنەیەی کە لە عەلمانی، لە دەسەڵاتی سیاسی و حکومڕان دەگیرێت، ئیسلامییش هەموو ئەوانە دەکات.

سەلەفیەت بە هیچ جۆرێک ڕێگر نییە لەوەی ئامێرەکانی تەکنەلۆژیا و ڕێگاکانی پێشکەوتنی کۆمەڵگە بەکاربهێنرێت

لەبارەی هەوڵی سەلەفییەکانیش بۆ دروستکردنی حزب لەهەندێک وڵات، د. خالد دەڵێت: خوای گەورە لە قورئاندا دەفەرموێت: (أَطِيعُواْ اللّهَ وَأَطِيعُواْ الرَّسُول وَأُوْلِي الأَمْرِ مِنكُمْ) (النساء: ٥٩) گوێڕاڵی خوا و پێغەمبەری خوا و عولەما بکەن، (أولی الأمر)، (فَإِن تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللّهِ وَالرَّسُولِ) (النساء: ٥٩)، کێ لێی دەباتە دەرەوە؟ (وەلی ئەمر)، گومان لەوە نییە کە خەڵکی هەموو یەک بیرکردنەوەیان نییە، (وَلا يَزَالُونَ مُخْتَلِفِينَ إِلاَّ مَن رَّحِمَ رَبُّكَ وَلِذَلِكَ خَلَقَهُمْ) (هود: ١١٨ - ١١٩) هیچ کێشە لەوەدا نییە، بەڵام کاتێک کە دێیتە سەر ئەوەی کە وەرچەرخان ڕوودەدات و بیر و بۆچوونی تر دێتە ناوەوە، ئەگەر هاتوو پێوەرەکان بۆ دروستکردنی حزبە، یان دروست نەکردنی، ئەگەر پێوەرەکان بۆ هەر شتێکی نوێخوازی بن، ئەگەر پێوەرەکان بگەڕێنەوە بۆ قورئان و سوننەت، پێموایە هەمان دەرەنجامی هەیە، چونکە بەم پێوەرانەی قورئان دروستکردنی حزب بە ناوی سەلەفییەوە کارێکی باش نییە، چونکە هەمووی لەوپەڕی جۆری ئیسلامییەوە بیگرە، لە سۆفییەکەوە تا سەلەفییەک و ئەحزابەکانی تر، هەموویان دەڵێن ئێمە لەسەر کیتاب و سوننەین، کەس نییە بڵێت لەسەر کیتاب و سوننە نین، هەر دەڵێت ئێمە ڕێگای ڕاستین، بەڵام پێوەرەکەی چییە؟ پێوەرەکە بۆ ئەوەی کە هەڵیسەنگێنیت قورئان و سوننەتە، ئەگەر ڕەوتێکی سەلەفی لە شوێنێک، لە وڵاتێک حزبی پێکهێناوە، بە پێی پێوەرەکان ئەگەر بۆ ئەوە بێت ئیشوکاری دونیایی خەڵکە چاکی بکات، بەڵام نەبێت بەوەی کە وەلاء

و بەڕاء لەسەر ئەمە بکرێت و لەسەر ئەمە خەڵک تەعین بکات، ئەمە کارێکی دونیاییە، ئاساییە، باش دەزانم پرسیار لە چ وڵاتێک دەکەیت، ئەوەی میسر باس دەکەیت، کە حزبی نوور کاتی خۆی دروستیان کرد، حزبی نوور لەوانەیە بەشێکی فشارێکی تایبەتی ئەم وڵاتە بێت، ئێمە لە شەرعدا، لە مێژووی ئیسلامیدا، کاتێک باسی فەتوای زاناکان دەکەین دەبینین فەتوای زاناکان لە زەمەنێکەوە بۆ زەمەنێکی تر گۆڕاوە، لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر گۆڕاوە، واقیعی حاڵی وڵاتێک لەگەڵ وڵاتێکی تر جیاوازە، هەندێک جار لەوانەیە ئەگەر پاساو بۆ ئەوان بێنینەوە، من کەسیان ناناسم لەوان، بەگشتی دەڵێین دروستکردنی حزب لە دیدگای سەلەفیدا ئەگەر بۆ ئیش و کاری دونیایی بێت، من وەکو خۆم باس دەکەم، بەڵام وەلاء و بەڕائی لەسەر نەکرێت، لەسەر ئەم ئەساسە جیاکاری نەکرێت.

د. خالد لە درێژەی قسەکاندا و لەبارەی دروستکردنی حزب لە دیدگای سەلەفییەوە تاچەند ئاساییە، دەڵێت: ئەگەر نەڵێت من بەدیلی شەرایعی ئاسمانیم، جا ئەمە مەرج نییە بە قسە وا بڵێت، بەڵام ئەگەر بێت لەگەڵ هەموو بنەماکانی ئایین، ئەم دیدگای خۆی هەبێت بۆی و تێڕوانینی خۆی بۆی هەبێت و خەڵک بە شێوەیەک ئاراستە بکات، کە ئەمەی دین دەیڵێت ئەمە نابێت، بە کەڵک نایەت، ببێتە ئەلتەرناتیف، دەڵێ نەوەڵلا شەرعی نییە، چونکە کێ وادەڵێت، تۆ چی دەکەیت، دێیت موباهاتی ئەمری خوا دەکەیت، کە خوا دەفەرموێت: (إِنِ الْحُكْمُ إِلاَّ لِلّهِ) (یوسف: ٤٠)، ئەگەر بۆ باشتر بەڕێوەبردنی وڵات بێت، کە ئەمڕۆ بووەتە سیستمێکی جیهانی، مەسەلەی حزبایەتی بوو بە سیستم، دەستاو دەستی دەسەڵات، بەڵام لەسەر دەستاودەستیش قسەم زۆرە، بەڵام لەوانەیە بابەتی ئێمە نەبێت.

تۆ سەیر بکە جاری وایە حزب پێنج ئامانجی هەیە، یەکێکیان دەسەڵاتە، بەڵام چواریان زۆر باشن خزمەتی خەڵک دەکەن، لە هەموو مێژووی خۆیدا خەریکی خزمەتە، خەریکی بەرەو پێش بردنیەتی، کۆمەڵگە چاک دەکات، قوربانی بە خۆی و ئەندامانی دەدات، داهاتی خۆی دەخاتە گەڕ بۆ هەڵساندنەوەی ژێرخانی ئابووری وڵاتەکە، شار و کۆمەڵگەکەی خۆی، ئێمە دەڵێین کۆمەڵێک ئامانجی زۆر جوانی هەیە یەکێک لەوانە دەشیەوێت دەسەڵات بگرێتە دەست، بە ویژدانانە قسە بکەین لەو بابەتە، حزب هیچ ئامانجی نییە، ڕۆژانە بەس لە دەسەڵات دەدات، ئیشی ئەوەیە تەڕیەک لەسەر جادە ببینێت، لە کۆڵانێک ببینێت، دەڵێت ئەوە ئیشی دەسەڵاتە، ئیشی ئەوە بێت بەس جوانییەکانی حوکمڕانی لەلای خەڵک ناشیرین بکات، من دەڵێم ئەگەر هەر حزبێک بیکات کارێکی زۆر خراپ دەکات، ئەمەش دەبێتە مایەی

ئەوەی ئەمڕۆ کۆمەڵگەکەی دەیبینێت، بەڕاستی وای لەهاتووە حزب ئێستا، ئەمە نەک قسەی من بێ، لەوانەیە لەوپەڕی سەرکردە عەلمانی کە گوێم لێیان بووە تا ئەوپەڕی کەسی ئایینی، هەست دەکەین حزب ئێستا تا ڕادەیەک لەلای خەڵک قێزەونە، چونکە ئەنجام و بەرهەم و ئیشەکانیان کە ئەمڕۆ بۆ کۆمەڵگە دەیکەن، هەست دەکەین وای لێهاتووە ناشیرین کراوە، لە کاتێکدا دەکرێت بکرێت بە ئامرازێك بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵگە، بەتایبەتی کە ڕۆژگارەکە ئەوە دەخوازێت.

ئەگەر حزبایەتی بۆ ئەوە بێت کە بابەتی دونیایی خەڵک باش بکات، هەروەکو ڕێکخراوێکی پیشەیی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت و هیچ کێشەیەکی نییە

د. کامەران بابان زادە لەبارەی حزب و فرەحزبییەوە دەڵێت: حزبایەتی پەیوەندی بە دەسەڵاتەوە هەیە، لە دوای پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) و دانانی خەلیفە بەشێک بووە لە پێداویستییە شەرعییەکان، (ماوەردی) و (ئەبی یەعلا) لە (ئەحکام سوڵتانییە)دا، ئەو هەموو زانایە کە باسی خەلیفە و ئیمامەت دەکەن، دەڵێن: مەبەست لە دەسەڵات بۆ پاسەوانێتی دین و بەڕێوەبردنی دونیایە، تا ڕادەیەك ئەوە کۆدەنگی لەسەرە، لەسەر ئاستی گرووپێکی بچووکیش، پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت: (ئەگەر سێ کەس بوون، یەکێکتان بکەن بە بەڕێرس)، گرفتەکەی ئێمە لەمەدایە، بەڕێرسیارێتی، یان بابڵێین ئیمامەت، یان سوڵتە لەلای زانایان واجبە لەسەر هەموو ئوممەت، یانی ئەگەر بێت و ئوممەی ئیسلامی ئیمام و خەلیفە و دەسەڵاتی دانەنابێت، هەموو گوناهبار دەبن؟ فەرزێکی عەینە بەسەر ئوممەتەوە، یانی دەبێت هەیبێت؟ ئەی ئەگەر هەیبێت و جۆرەکەی خراپ بێت؟ بە دڵنیاییەوە دەبێت بگوڕێت و ئەمەش جێگەی تێڕامانە.

(ئیبن تەیمیە) کۆمەڵێک ئەرکی شەرعی هێناوە لە ئەحکامی دین وەك سزای تاوانباران و جێبەجێکردنی شەریعەت زۆر بواری دیکە، هەموو ئەمانە، دەڵێت ئەم بابەتانە بە دەستەجەمعی نەبێت ناکرێت، بە تاک ئەنجام نادرێت، کەواتە پێویستی بە کاری دەستەجەمعییە، بوونی کاری دەستەجەمعی مەبەستەکە دیاری دەکات، واتە مەبەستێك هەیە دەبێت دەسەڵات بەدی بهێنێت، مەبەستەکەت ئەوەیە کە دەسەڵاتت هەبێت بۆ ئەوەی بەو دەسەڵاتە شەریعەت جێبەجێ بکەیت. کتێبێک لەو ماوەیە دەرچوو، کە هی (عەبدوڵڵا مالکی)یە، بە ناوی (شرعية الأمة قبل تطبيق الشريعة)، کۆمەڵێک بەڵگەی زۆر جوانی هێناوەتەوە، بەوەی

ئەگەر شەریعەت جێبەجێ بکەیت دەبێت متمانەی ئوممەتت هەبێت، ئەوە دەسەلمێنێت کە کەمینە ناتوانێت شەریعەت بە سەر زۆرینەدا بیسەپێنت، دەبێت زۆرینە پەسەندی بکات، بۆیە سەید قوتب لە (في ظلال)دا باسی ئەوەی کردووە دەڵێت: (ئیمان بۆ ئەهلی کوفر و بێ دینییە، جێبەجێکردنی شەریعەتیش بۆ ئەهلی ئیمانە)، جێبەجێکردنی شەریعەت بۆ ئەهلی ئیمانە، ناتوانی کەمینەیەکی دیندار فەرزی شەریعەتەکەی بەسەر زۆرینەیەکدا بکات، کە ڕەتی دەکاتەوە، واتە ئەم ژێرخانە پێویستە، ئەمە بابەتێکە. سەبارەت بە دانانی دەسەڵات، کە من پێموایە بەشی زۆری ئەم گرفتە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، لە دوای کۆتایهاتنی دەوڵەتی عوسمانی، کە هەندێک پێیانوایە وەکو ڕەمزێکی یەکگرتوویی موسوڵمانانە، من زۆر لەگەڵ ئەوەدا نیم، بەڵام کۆکەرەوەی موسڵمانان بووە و لە سایەیدا کۆببوونەوە، باسی ئەوە دەکرێت کە جارێکی دیکە موسڵمانان پێویستیان بەوەیە پرۆژەیان هەبێت بۆ ئەوەی چۆن دەسەڵات دەگەڕێتەوە، دەسەڵات پێویستی بە هۆشیاری ئوممە هەیە، پێویستی بە پرۆژەی دامەزراندنی دەسەڵات هەیە.

پرسی دانانی دەسەڵات، ئیجتیهادی جیاوازی هێناوەتە کایەوە، جیاوازی بیر و بۆچوون لە نێوان من و کەسێکی تر و ئەوانی تر هەبێت، لە سەر چی؟ ئەرێ شەرعیەتی دەسەڵات وەکو کەنیسەی کاسۆلیکی سیۆکراتییە؟ ڕاستەوخۆ خوای گەورە مەسیح و ئەویش پاپای سەرپشک کردووە بۆ ڕەوایەتی دان بە دەسەڵات؟ بەدڵنیاییەوە ئیسلام ئەوە نییە. پشتاوپشتە و تەنیا خانەوادەیەکە وەک ئەوەی شیعە دەیڵێن؟ ئەهلی سوننە و جەماعەت پێچەوانەی ئەو بیر و بۆچوونانەیان هەیە، ئەسڵی خواستەکە ئەو گیروگرفتەی دروست نەکردووە، بەڵکو جۆری گەڕانەوەکە ئەوەی دروست کردووە.

د. کامەران دەشڵێت: هەر چوار خەلیفەکەی ڕاشیدین، کە بۆ ئێمە پێشەنگن، ئەوەمان پێ دەڵێن کە دانانی دەسەڵات لە ئیسلامدا بە ڕاوێژە، جۆرەکانیشیان پێمان دەڵێن، کە متمانەی ئوممەیە، واتە: دەبێت ئوممە ڕەوایەتی پێ بدات، ئایا هەموو ئوممە، یان بەشێک لە ئوممە؟ (ئەهلی حەل و عەقد)، ئەمە بابەتێکی ترە، هەر چوار خەلیفەکەی ڕاشیدین نەپشتاوپشت و نە خۆسەپاندن بووە، ئەوەندەی کە پرس و ڕایان پێکراوە زۆرینە بووە، کەواتە ئەمە دەتوانم بڵێم ئەحکامێکی زۆری لەسەر دادەڕێژرێت، بۆچوونی بیر و بۆچوونی جیاواز هەبووە. ئەگەر بێت و ئێستا لەسەر دانانی بەرپرسیارێتی، لەسەر دانانی شێوەی جێبەجێکردنی شەریعەت، لەسەر دانانی شێوەی حوکمڕانی، ئەگەر بێت و ئەم جیاوازییە حەرام بێت، خۆ لە سەقیفەی

بەنی ساعیدە ئێمە سێ کەسمان کاندید بوو ببێتە خەلیفە، بەشێکی باش لە موهاجیرەکان ئەبوبەکریان کاندیدبوو پاساویشیان هەبوو کە ئەبوبەکر باشترە، ئیمامی عەباس و عەمار و ئەمانە (ڕەزای خوایان لێ بێ) عەلیان پێ چاک بوو، بەڵگەنامە مێژووییەکان ئەمە جێگیر دەکەن، ئەنساریەکانیش سەعدی کوڕی عوبادەیان پێ باش بوو.

مادەم ئەم بابەتە ئارەزوومەندانەیە، ئیجتیهادییە، پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) کەسێکی دیاری نەکردووە، کەواتە ئێمە پێمانخۆش بێت و پێمان ناخۆش بێت، حاڵەتێکی ئیجتیهادی دێنێتە گۆڕێ، ئەگەر بێت و جیاوازی ئیجتیهاد بۆ شێوەی حوکمڕانی حەرام بێت، پێش هەموو شتێک ئەو حەرامە سەحابەکان تێیکەوتوون، کەواتە بوونی ئیجتیهادی جیاواز بۆ شێوازی حوکمڕانی و شێوازی گەڕانەوەی شەریعەت و شێوازی جێبەجێکردنی دین، حاڵەتێکە لە خودی دینەکە خۆیەوە سەرچاوەی گرتووە، چونکە ئێمە لە سەحابەکان لە دانانی خەلیفەکاندا، چ خەلیفەیەکان پێتانوایە کۆدەنگی لەسەرە، تاوەکو بڵێم، نەخێر، فڵان کەس بۆچوونی جیاوازی هەبووە، کەواتە بۆچوونی جیاواز مادام بە دامەزراندن نەبووە و دراوەتە ئیجتیهاد، بۆچوونی جیاواز شتێکی ئاساییە و حەرامیش نییە، چونکە مادام مافی تۆیە ئیختیاری بکەی، بە دڵنیاییەوە تۆ بە ئیجتیهادی خۆت ئیختیاری دەکەی، ئەمیش ئیجتیهادەکەی جیاوازە، ئەگەر ئیجتیهادەکان وەکو یەک کۆپی بن، کەواتە ئیتر ئەمە حاڵەتێکی ترە، ئەمە لێرە ئەو حاڵەتەی دروست کردووە لە دوای مردنی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) لە نەوەی یەکەم دروستی کردبێت بۆ لە نەوەی حەوتەم و هەشتەم و بیستەمدا ئەم حاڵەتە نەبێتە حاڵەتێکی ئاسایی، حاڵەتەکە ئاساییە کە جیاوازە، بەڵام نائاساییە بەریەک بکەون، وەکو دکتۆر خالید باسی کرد، لە سەقیفە لە مەدینە بەریەک نەکەوتن.

بەپێی پێوەرەکانی قورئان دروستکردنی حزب بە ناوی سەلەفییەوە کارێکی باش نییە

لەبارەی ئەوەی کە حزبە ئیسلامییەکان فرەکارەن، سیاسین، پەروەردەیین، خێرخوازین، بانگەواز دەکەن، د. کامەران دەڵێت: ئەگەر بەشێوەیەکی مۆدێرنە سەیری حزبایەتی بکەیت، حزب پرۆژەیەکی سیاسییە بۆ گۆڕانکاری لە دەسەڵات، جیهانی ئیسلامی داهێنەری دونیای حزب و دروستکردنی حزب نییە تاوەکو ئێمە چوارچێوەکەی بۆ دابنێین، ئێمە بە ئیسلامیمان کردووە، خۆی حزبایەتی لە دوای کۆتایی دەوڵەتی

عوسمانییەوە پەیدا بوو، بۆ ئەوەی جارێکی تر ئیسلام بگەڕێتەوە بۆ ناو کۆمەڵگە، لێرەوە بۆچوونی جیاواز دروست بوو، ئایا چۆن بگەڕێتەوە؟ هەیە پێیوایە دەبێت لە ژێرخانی پەروەردەی خەڵکەکەیەوە دەست پێبکەیەوە؟ هەیە پێیوایە دەبێت بە کوودەتا، وەکو بیروباوەڕی حزبی تەحریر، هەیە پێیوایە دەبێت بە ئەندازەیەک گشتگیرتر وەریگریت، لایەنی پەروەردە و سیاسەت تێکەڵاو بکەیت، بۆچوونی جیاواز ئەمەی هێناوەتە کایەوە، شێوەی گۆڕانکاریەکان، پێم وا نیە شێوازێک سەد لە سەد شەرعی بێت و شێوازێکیش سەد لە سەد ڕەفز بێت، چونکە هەموویان چوارچێوەیەکی ئیجتیهادین، حزبێکم هەبێت دەبێت پەروەردەش بکات و ئەمەش بکات، ئەمەش بەشێکی پەیوەندی بە حزبی ئیسلامیشەوە نییە، ئەگەر پێمانوایە حزب دەبێت دەستوەربداتە دامەزراندن و ژن و ژنخوازی و دەستوەربداتە هەموو ڕایەڵە کۆمەڵایەتییەکان، خۆ ئەحزابی عەلمانیش ئەو سیفەتانەی تێدایە ئەگەر تێبینی بکەین، تەداخولی زۆر کایەی ژیان دەکات، ئەحزابی ئیسلامی لە ژینگەیەکدا گەورە بووە و ژیاوە حەز دەکات بە قەدەر فراوانی دینەکەی، بە قەدەر دەقەکان، بە قەدەر ئەوەی کە ئیسلام تاوەکو دەگاتە دەوڵەتداری بواری جیاواز بگرێتەخۆ، کە دەیخوێنێتەوە پاشخانە شەرعی و دەقەکان، ئیتر وردە وردە حەز دەکات ئیسلام بە گشتگیری وەرگرێت، ئەمە حاڵەتێکە و ئاساییە، بەڵام حزبایەتی وەکو حاڵەتە مۆدێرنە ئەورووپیەکە، پرۆژەیەکی سیاسییە و بواری پەروەردە، خوێندن، لەبەرکردنی قورئان لێیگەڕێی بۆ ڕێکخراوەکانی تر، لێیگەڕێی بۆ ئەو سەنتەرانە، بۆ ئەوەی ئەمانە ئەو ئیشە بکەن، تۆ یەکلا ببیتەوە بۆ پرۆژەیەک کە بریتییە لە کێشەی مووچە و دەوڵەتداری و خەمی خەڵک، کە کۆمەڵگە لە ڕوانگەی ستەمی حکومڕانییەوە هەیەتی، هۆکارێکیشیان ئەوەیە ئێمە دێین سەیری گشتگیری ئیسلام دەکەین، بەشێک لە سەرکردەی ئیسلامی ئێمە بەتەنیا بە ڕەهەندی سیاسی لێناگەڕێن، دەڵێن ئیسلام ئەمەشی تەرک نەکردووە و وازی لێناهێنێت.

ناوبراو دەشڵێت: هەماهەنگییەك نییە لە نێوان حزبە ئیسلامیەکان و لە نێوان ئەو ڕێکخراوانە، ئەو بوارەی کە من دەیکەم، بۆ منی لێگەڕێت، ئەو بوارەی کە من نایکەم بۆ ئەوی لێگەڕێم، هەماهەنگییەک لە نێوانماندا هەبێت زۆر باشە، ئەگەر بشگەڕێینەوە سەر سەردەمی خیلافەتی ڕاشیدین و دواتر، دەبینین بەشێک لە سەحابەکان زۆرتر بە زانستەوە خەریک بوون، بەشێکیشیان بە جەنگ و جیهادەوە خەریک بوون و حاڵەتەکەش زۆر ئاسایی بووە، ئەمە ئاساییە من بە بوارێکەوە خەریک بووم، ئەو بە بوارێکەوە خەریک بووە، بەشێک

لە زانایان باوەڕیان بە فرەیی خەلیفەش هەیە؟! ئەگەر دەریا کەوتە نێوان ناوچەکان و لێکدابڕان و دوژمن لێکی دابڕین، زۆر ئاساییە لە خەلیفەیەکمان زیاتر هەبێت؟

ئەگەر فەتوا درابێت لە یەک خەلیفە زیاترمان هەبێت کەواتە بۆ فەتوا نادرێت لە یەک حزب زیاتر هەبێت؟ لە کاتێکدا جێبەجێکردنی بەرژوەندی کە لە دەقێکی ئوسووڵیدا هاتووە (الحکم یدور مع العلة، یبقی ببقائها ویزول بإزالتها)، واتە ئەگەر بابەتەکە بریتی بێ لە جێبەجێکردنی مەبەستەکانی شەریعەت، خەلیفەیەک بەتەنیا نەتوانێت لە ئەندەنوسیاوە تاوەکو مەغریبی عەرەبی حوکمڕانی بکات، زۆر ئاساییە ئەگەر ئەو دوو خەلیفەیە هەبێت، بەشێک لە مێژووی ئیسلامی لە ئەم حاڵەتەیدا باو بووە.

ئەگەر شەریعەت جێبەجێ بکەیت دەبێت متمانەی ئوممەتت هەبێت

هەر لەبارەی فرەحزبییەوە، د. کامەران بابان زادە ئاماژە بەوە دەکات کە لەوانەیە باسکردنی فرەدینی و ئایینەکانی تریش زۆر لە پەیڕەوەی حزبە ئیسلامییەکان نەبێت، من وای بۆ دەچم بە گشتی ئێمە شتێک پیادی دەکەین، بەڵام زۆر جار پەنا نابەین بە دەق بینووسین.

با من شتێک بڵێم، جارێک لەگەڵ کەسێک موناقشەی ئەوەمان دەکرد، وتی: حزبە ئیسلامییەکان باوەڕیان بە هەڵبژاردن نییە، هەندێک نموونەی هێناوە، وتم: لە کوردستاندا بە ناوی ڕەوتی ئیسلامییەوە نزیکی (٢٥٠٠٠٠) هەزار دەنگ هاتووە، بۆ ئەوە بەڵگە نییە، بۆ فڵان بانگخواز قسەیەکی وای کردووە بەڵگەیە، لە کوردستاندا باوەڕم وایە پارتە ئیسلامییەکان مادام چوونە کێبڕکێی هەڵبژاردنەوە و قەناعەتییان وایە دەنگ بە من بدە و دەنگ بەو مەدە، دەنگ بەو بدە و دەنگ بەو مەدە، کەواتە باوەڕی بە فرەیی هەیە، ئێمە ئەمڕۆ واقیعێکمان لەبەردەستدایە، پارتە ئیسلامییەکان چوونەتە ناو کێبڕکێی فرەییەوە، ئەمەش بە حاڵەتێکی ئاسایی تێدەگەم، چونکە من باوەڕم وایە دانانی بەرپرسیارێتی وەکو پێشتر باسم کرد، بە ڕەوایەتی ئوممە دەبێت، بە متمانەی خەڵک دەبێت، دەبێت دەسەڵات ڕەنگدانەوەی ئوممە بێت، واتا ناکرێت ئوممەیەکی کافر دەسەڵاتێکی ئیسلامیت بۆ دابنێت، ناکرێت دەسەڵاتێکی ئیسلامی ئەوەی کافری بۆ دانێت، کەواتە ڕەنگدانەوەی ئوممە بێت، دەبێت لە ڕێگای بۆچوونی ئوممەوە جۆری دەسەڵات دابین بکەیت، ئایا دەگەینە سەر حوکم؟ ئەم کارە بێشەرعیانە هەموو لا دەبەن و مەیخانەکان هەموو دادەخەن؟ مادەم ئوممە دەنگی بە من دا و ڕازیە، بەڵێ،

کاتێک کە ئوممە دەنگی بە ئێمە نەدا و دەنگی بە تۆ دا، ئیتر ئەو کاتە من دەتوانم بۆ خۆم بە کاری نەهێنم، بڵێم خراپە، بەڵام کە بوو بە یاسا و خەڵک پێوەی پابەندبوو، زۆرینەی ئوممەکە لای تۆیە، مادام من چوومە ناو ئەو کێبرکێیەوە، قەناعەتم بەوە بوو لە نێوان ئیسلامییەکانیشدا ئیجتیهاداتی جیاواز هەیە لە شێوەی حوکمڕانی، هەموو ئیسلام بگریت، بەشێکی بگریت، ئیجتیهاداتی جیاواز هەیە، ئەم ئیجتیهاداتە جیاوازە بەدرێژایی مێژوو هاتووە، بۆیە من پێم شتێکی زۆر ئاساییە، ئەگەر لە جیاتی حزبێکی ئیسلامی، چەند حزبێکی ئیسلامی هەبێت، بەڵام ئەم حزبە ئیسلامییانە بەریەک نەکەون، بە شێوەیەکیش خۆیان ناشیرین نەکەن.

کەمینە ناتوانێت شەریعەت بە سەر زۆرینەدا بیسەپێنت، دەبێت زۆرینە پەسەندی بکات

لەبارەی بەریەککەوتنی حزبە ئیسلامیەکان، د. کامەران بابان زادە دەڵێت: ئەم بابەتە بۆخۆمان گەورەمان کردووە، لە بەشێک لە ڕاگەیاندنی ئەحزابی ئیسلامی، ئەگەر تێبینیت کردبێت، بەشێکیان قسە لەسەر دەسەڵات و لەسەر ناتەواوی حکومڕانی وڵاتە، زیادەڕۆییەك لەوەدا هەیە لەبەرامبەر یەکتردا، بەڵام کۆی ڕاگەیاندنی ئیسلامییەکان بەرامبەر بە یەکتر زۆرتر بەریەک دەکەون، کەمتر لەگەڵ ئەحزابی عیلمانی بەریەک دەکەون، وای بۆدەچم ئەمە بەو ئاقارە نییە، ڕاگەیاندنەکان بەو شێوەیە نابینم، ڕاستە جیاوازن، ڕاستە لە هەندێک هەڵوێستدا ڕەخنە لە یەکتر دەگرن، بەڵام ئەو ڕەخنانەی کە لە یەکتری دەگرن بەرامبەر بەو ڕەخنانەی لە غەیری خۆیانی دەگرن کەمترە، پاشان قەناعەتم زۆر بە گفتوگۆ هەیە، زۆر شت هەیە قەناعەتم پێی نییە، لەوانەیە ڕەمزێکی سەلەفی، حزبێکی تر دەیڵێت، هێندەی بمەوێ لەگەڵی گفتوگۆ بکەم، هێندە نامەوێ بەریەک بکەوم، قەناعەتم بەوەیە مادەم دەستەبژێر دەرفەتی گفتوگۆی هەیە، کۆمەڵگەی موسڵمان و غەیری موسڵمان زۆر مەشغوڵ نەکات بەوەی کە زۆر لەگەڵ یەکتردا ناکۆکە، بە دیوێک لە دیوەکان، کۆمەڵگەی نەخوێندەوار نەکاتە دادوەری ئەو بۆچوونەی کە هەیەتی، مەعقوولە، یان نا، بۆیە قەناعەتم زۆر لەو ڕوانگەیەوە بە تێگەیشتن هەیە، پەرتووکێك هەبوو بەناوی (شرعية الإنتماء إلى الاحزاب والجماعات الإسلامية) بۆ نموونە کە تۆ بڵێیت ئەم حزبانە باش نین، قەناعەتم بە باشکردن هەیە، قەناعەتم بە غیاب نییە، قەناعەتم بەوەیە کە زۆر کەس

چـووەتـە حـەج و هـاتـووەتـەوە، بـەڵام حـاجـیـیـەکی بـاش نـەبـووە، مەسـەلـەن (إن صلاتك اذا لم تنتهی عن الفحشاء والمنكر لم يزيد من الله الا بعدا) ئەگەر نوێژ لـە خـراپـەکاری دوورت نـەخـاتـەوە لـە خـوات دوور دەخـاتـەوە، بۆ نموونە، ئـەوە نیشانەی ئـەوە نییە ئەگەر چەند کەسێکت بینی نوێژیان بە خـراپ کرد، بڵێیت کاکە نوێژ مەکەن، دەبێت جۆری نوێژەکە چاک بکرێت، قـەناعـەتم وایە پـارتـە ئیسلامییەکان بـوونـیـان بـوونێکی شەرعییە، بوونێکی پێویستییە، بوونێکی دەستەجەمعییە، بەشێک لەم ئەحکامە شـەرعی و لـە هێنانەوەی تەنانەت کاری بانگخوازی و پەروەردەیی و کاری سیاسیش بە کاری گروپ و دەستەجەمعی دەبێت. خـۆی جـەماعـەت چـیـە؟ هـەر گـرووپێک ئینتیمای بۆ گرووپەکەی هەبوو، کاری پێکەوەیی بکەن ئەوە حزبە، خۆ ئێستا بـچـمـە مـزگـەوتـەکـەی دکـتـۆر خـالـد، لـەوانـەیـە مـن بـەهـۆی نـاسـراوێـتـیـیـەوە هـەسـت بـە غـەریـبی نـەکـەم، یـەکـتر دەناسین، بـەڵام لـەوانـەیـە کـەسـێکی تر بچێت غەریب بێت، لەوانەیە حزبەکەی فـلانی ئـەگـەر بـێـت و تـەزکـیـە نـەبـێـت، حزبەکەی خۆی نەبێت، من ڕێکخراوێکی ڕۆشـنـبـیـریـم هـەیـە، ئـەو کـەسـەی کە دەیـەوێـت ئـیـش لـە ڕێـکـخـراوەکـەی من بـکـات، حـەز دەکـەم تـۆ ئـەنـدامی لـە ڕێکخراوەکەی من، لە شوێنێکی دووری، حەز دەکەم تۆ بە ناسراو تەزکیە بکات، ئەمە سروشتی هەموو گرووپێکە، لێ نـاسـڕدرێـتـەوە، سـەلـەفی نـاسـڕێـتـەوە، پارتە ئیسلامییەکان و عەلمانییەکان بەو خەسڵەتە دەناسرێنەوە، بەڵام ئەگەر گەیشتنە دیاردەیەکی جیاکاریەکی گەورە، ئەمە خراپە، مەسەلەن بۆ نموونە داهاتی وڵات بهێنیت تەنیا قـۆرخی بـکـەی بۆ حزبەکەی خۆت، من قەناعەتم بەوەش نییە خەڵکی ئیسلامیش تەنیا قۆرخکاری بکات، لـەوانـەیـە سـاڵی (٢٠١٠) یەکەم کـەس بـووبـم، کـە زۆر زۆر لـەسـەریشـم کـەوت، وتم (کۆمەڵی ئیسلامی) پێویستە دروشـمی (لا إلـه إلا الله) لابـەرێـت، بـۆ؟ وەکو چۆن پارتی و یەکێتی نەوت و داهاتی هەموو ئوممەت بۆ خۆیان قۆرغ دەکەن، حزبێک قـۆرخی (لا الـه الا الله) بکات کە موڵکی هەموو ئوممەتە نابێت، بەکارێکی خراپی دەزانم، لەبەرئەوەی هەر شتێک هی هـەمـوو خـەڵـک بـوو، هی گـرووپـێـک زیـاتـر بـوو، دەبێت لـەم گـرووپـەدا قـۆرخ نەکرێت، بڕوام بەوە نییە دەوترێت فلان شـت لـە ڕوانگـەی شـەرعـەوە، کـەس ئەو مافەی نەداوەتە من نوێنەری شەرع بم، یان دەوترێت لە ڕوانگەی ئیسلامەوە، خۆ تەفسیری تەبەری (ڕەزای خوای لێ بێت) بۆ بەناوی خۆیەوە بووە، نەیوتووە ڕاڤەی ئیسلام، ڕاڤەی موسڵمانان، لە ڕوانگەی فـلانـەوە، ئـەم دەسـتـەواژانـە لـە مێژووی ئیسلامیدا زۆر کەمە، کەس وتەبێژی

شەریعەت نییە، وتەبێژی ئیسلامەتیش نییە، هەر کەسە و خویندنەوەی خۆیەتی، من ئەم قۆرخکارییە نە بە خۆم، نە بە کەس بە ڕەوا نابینم، چونکە ئێستا حاڵەتێک لە کوردستان دروست بووە پێمخۆشەوە ئەوە بزانن، ئیسلام و ئاڕاستەی ئیسلامی، ڕەوتی دینداری و نوێژکردن بووەتە دیاردەیەکی میللی بە حزبە ئیسلامییەکانیش قۆرخ ناکرێت چ جای کەسێك، ئێستا وای لێهاتووە لە بارەگای حزبی شیوعیش خەڵک نوێژ دەکەن، یانی بووەتە دیاردەیەکی میللی، کە بووەتە دیاردەیەکی میللی بە حزبە ئیسلامییەکانیش قۆرخ ناکرێت، چ جای بە ئاڕاستەی سەلەفی، بۆ نموونە چوارچێوەیەک دابنێت و بڵێت کاکە گیان ئەمە لە ڕوانگەی شەرعییەوە ئەوەکەی تر لە دەرەوەی ئەو شەریعەتە، من پێموایە پارتە ئیسلامییەکانیش بڕۆنە ناو ئەو بۆچوونەوە شتێکی زۆر خراپە، قەناعەتی من وایە ئەم بابەتە شەرعییە، تۆ قەناعەتت نییە، قەناعەتی تۆیە کە شەرعی نییە، بە قەناعەتی من شەرعییە، ئەمە ناچێتە ئەو چوارچێوەیەی کە وەکو دەڵێن هەژموونێکی جەماوەری دروست بکەن کاکە ئەوە شەرعی نییە، من ئەوەم پێ شەرعی نییە، بەڵام زۆر موداخەلەی ئەوەی تۆش ناکەم، ئەمە بۆ بنەڕەتەکانی شەریعەت نا، کە هەموومان لەسەری کۆکین، ئەمە بۆ لق و پۆپەکانی شەریعەت، بۆیە قەناعەتم بەم دیوارە کۆنکرێتییە نییە، ئەوە لە کەنیسە، بەناوی خوا و بەناوی شەرعەوە، ئەمە کەنیسەی کاسۆلیکی سەدەکانی ناوەڕاست بووە بەڕاستی ئەم جۆرە دیدگایە، قۆرخی خوا و پێغەمبەران بکەیت بۆ ئاڕاستەیەک.



بیرمەندان

ئایینناسی

سەعیدی کوردی نوورسی
لە سیاسەتەوە بۆ ڕزگارکردنی ئیمان

نووسینی: حەمزە محەمەد ساڵح

پێشەکی

لە ناو کورد چەندین زانا و کەسایەتی گرنگ هەیە کە لەسەر مەسەلەی کورد و کێشە و گرفتە کۆمەڵایەتی، سیاسییەکانی کورد قسەیان کردووە. یەکێک لەو کەسایەتییە گرنگانە سەعیدی نوورسییە، لەگەڵ ئەوەی لە ناو زۆرینەی سەرچاوەکاندا بە سەعیدی نوورسی ناسراوە، بەڵام نیوەی تەمەنی بە ناوی سەعیدی کوردییەوە چالاکی ئەنجام داوە. بەشێوەیەکی گشتی ژیانی سەعیدی کوردی دەکرێت بە دوو سەردەمەوە، سەردەمی سەعیدی کۆن و سەردەمی سەعیدی نوێ. کە دەکرێت بوترێت سەعیدی سیاسی و سەعیدی ئیمانی. کە تاوەکو ڕاگەیاندنی کۆماری تورکیا ژیانێکی سیاسی هەبووە، بەڵام دواتر خۆی بۆ پەروەردەکردنی قوتابییەکانی تەرخان کردووە. کە لە زۆرێک لە سەرچاوە و نووسینەکاندا ئەو هەوڵانەی لەسەردەمی ژیانی سیاسیدا بۆ مەسەلەی کورد داوێتی پشتگوێ خراوە. کە سەعیدی کوردی هەوڵی داوە کێشە و گرفتە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی کورد و کۆمەڵگەی کوردی بخاتە ڕوو. چونکە لە خەمی مەسەلەی کورددا بووە. لەم توێژینەوەدا بە کورتی ئاماژە بە ئەو

هەوڵانەی سەعیدی کوردی دەکەین کە بۆ مەسەلەی کورد داوێتی.

پوختەیەک لە ژیاننامەی سەعیدی کوردی

سەعیدی نوورسی، یاخود کوردی ساڵی ١٢٩٥ی کۆچی بەرامبەر ١٨٧٨ز لە گوندی نوورسی سەر بە قەزای هیزانی پارێزگای بەدلیس لە دایک بووە. باوکی ناوی سۆفی میرزا و دایکی ناوی نووری خانم بوو[١]. سەرەتای خوێندنی لە لای مەلا عەبدوڵڵای برا گەورە، گوندەکەی خۆیان و مەدرەسەکانی دەوروبەری بووە. سەعید نووسی قوتابییەکی زۆر زیرەک و وریا بووە و بە خێرایی لە وانەکان تێدەگەیشت، هەر بۆیە زوو زوو مامۆستاکانی دەگۆڕی. لە کۆتاییدا و لە ساڵی ١٨٩٢ لە سەر دەستی شێخ محەممەد جەلالی، کە هێشتا تەمەنی ١٤ ساڵ بوو لە دۆغوبەیازید ئیجازەی مەلایەتی وەردەگرێت[٢] . دوای وەرگرتنی ئیجازە، دەگەڕێتەوە بۆ گوندەکەی خۆیان و ماوەیەک لای شێخ ئەمین ئەفەندی وانە دەخوێنێت[٣] . دواتر چووە بۆ چاوپێکەوتنی مەلا فەتحوڵڵا ئەفەندی لە سیرت و هەموو پرسیارەکانی مەلا فەتحوڵڵای بەجوانی و بە ڕاستی وەڵام داوەتەوە. دواتر لەلایەن عومەر پاشای والی بەدلیسەوە بانگهێشتی خانەکەی دەکرێت و بۆ ماوەی دوو ساڵ لەوێ دەمێنێتەوە. ماوەیەکیش لای حەسەن پاشای والی شاری وان دەمێنێتەوە. بەرهەمدارترین کاتی سەعید نرووسی ئەو کاتە بووە لە سەردەمی تاهیر پاشای والی واندا بوو، چونکە سوودێکی زۆری لە کتێبەکانی کتێبخانەکەی وەرگرت. ئەو ماوەی کە لە کتێبخانەکەدا بووە دەرفەتی ئەوەی بۆ ڕەخسا کە زۆرێک لە کتێبەکانی زانستەکانی دیکە بخوێنێتەوە و لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکات. هەر بۆیە لەو بڕوایەدا بووە پێویستە زانستەکانی ناو مەدرەسە ئایینییەکان نوێبوونەوەی تێدا بکرێت. هەر لەم بارەوە سعیدی نوورسی لە خەیاڵی دروستکردنی مەدرەسەیەکدا بوو بە ناوی مەدرەسەی زەهرا یاخود زانکۆی زەهرا، کە تێیدا زانستە ئایینییەکان و زانستەکانی دیکەی پێکەوە بخوێنرێت. لەگەڵ زمانی کوردی زمانەکانی عەرەبی و تورکیشی تێدا بخوێنرێت، کە زمانی عەرەبی واجبە، کوردی جائیزە و تورکی لازمە[٤]. لەم بارەوە بۆ ئەوەی ئەم بابەتە بخاتە بەردەم سوڵتان عەبدولحەمید، بڕیاری دا بچێت بۆ ئیستەنبوڵ. ئەم مەبەستەش بۆ ئاسانکاری چاوپێکەوتنی سەعیدی نووسی لەگەڵ سوڵتان عەبدولحەمیددا، تاهیر پاشا نامەیەکی دا بە سەعیدی نووسی[٥]. دوای گەیشتی بە ئیستەنبوڵ لە ساڵی ١٩٠٧، لە نزیک مزگەوتی فاتیح ژورێک بەکرێ دەگرێت و بە وتنەوەی وانەکان بە زاناکانی ئەو سەردەمە، دەتوانێت قبووڵی خۆی بە دەست بهێنێت[٦]. بەڵام لەبەرئەوەی هەم

داوای کردنەوەی ئەو مەدرەسە دەکرد و هەم لەبەر چاونەترسییەکەی بەرامبەر بە زانایانی ئەو سەردەمە، بە بەهانەی ئەوەی کە عەقڵی لەسەر خۆی نییە، بۆ نەخۆشخانەی مێشکی تۆپتاشی ناوچەی ئوسکودار نێردرا. بەڵام لە کۆتاییدا و لە ڕاپۆرتی پزیشکدا هیچ گرفتێکی نەدۆزرایەوە[٧]. دواتر لەلایەن شەفیق پاشای وەزیری ئاسایشەوە بەڵێنی بڕی هەزار قروش وەک موچەی مانگانەی بۆ دامەزراندنی وەک مامۆستا لە ناوچەکانی خۆیان پێدرا، بەڵام سەعیدی نوورسی ئەم موچەیەی ڕەت کردەوە و وتی، من بۆ وەرگرتنی خێر و خێرات نەهاتووم بۆ ئیستەنبوڵ، بەڵکو بۆ چاککردنی سیستمی پەروەردە هاتووم[٨] . لەبەر ئەم هەڵوێستانە بۆ ماوەیەک دەستگیر کرا، دواتر لە ڕاگەیاندنی مەشروتیەتی دووەمدا ئازاد کرا و لە مەیدانی ئازادی سەلانیک لە ڕێکەوتی ٢٦ی تەمووزی ١٩٠٨ دژی ستەمکاری و دیکتاتۆری و باسکردن لە ئازادی وتارێکی دا. لەگەڵ ئەوەی لەم ماوەدا زانیاری زۆری لە بارەی ژیانییەوە نییە، بەڵام گریمانەی ئەوە دەکرێت کە پەیوەندی لەگەڵ ئەندامانی کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقیدا هەبووبێت و لە نووسینەکانی ئەو سەردەمەیدا باسی لەم کۆمەڵەیە کردووە، کە ئەمانە ژیانی ئایینی و بەڕێوەبردنی دەوڵەت نوێ دەکەنەوە. بەڵام کاتێک بینی ئەم کۆمەڵەیە لەم ئامانجە دوور کەوتووەتەوە، بە تەنیا لەگەڵ ئەنوەر پاشادا پەیوەندی هێشتەوە. سەعیدی نوورسی تاوەکو ڕووداوی ٣١ی ئازار بۆ جێگیرکردنی هزری بەڕێوبردنی مەشروتیەت و ئازاد بەچڕی چالاکی دەکرد لەگەڵ ئەوەشدا بڕوای وا بووە خەڵکی ناوچە کوردییەکان هێشتا ئامادەی وەرگرتنی ئەم هزرە نین، هەر بۆیە لە ئیستەنبوڵ باسی سوودەکانی ئازادی و سیستمی بەڕێوبردنی و بەشداریکردنی دەکرد[*] ، لەم بارەوە چەندین نووسینی بڵاوکردەوە. دواتر ئیستەنبوڵ بەرەو بۆ ئینەبۆڵ و لەوێوە بەرەو ڕیزە و باتۆم و تیفلیس بەجێ دەهێڵێت[٩]. لە مانگی یەکی ١٩١٠ چووە بۆ شاری وان و بە ناو عەشیرەتە کوردییەکاندا دەگەڕا و زاراوەکانی مەشروتیەت، ئازادی، ستەمکاری، ڕاوێژ و شووورای بۆ ڕوون دەکردنەوە[١٠]. لێرەدا دووبارە باسی کردنەوەی مەدرەسەی زەهرای کردەوە. پاشان بۆ ئەم مەبەستە لە دیاربەکر، ئورف و کلیسەوە چووە بۆ شام، لە شام لەسەر ئەم بابەتە لەگەڵ زانا دیارەکانی شامدا چاوپێکەوتنی ئەنجام داوە. لە شام لە مزگەوتی ئومەوییەکان وتاری هەینی خوێندووە. دواتر لە شامەوە چووە بۆ بەیرووت و لەوێشەوە بۆ ئیستەنبوڵ گەڕاوتەوە. لە دوای گەڕانەوەی بەشداری گەشتێکی لەگەڵ دەستەکەی سوڵتان مەحموود ڕەشاد کرد، کە بۆ سەلانیک، ئوسکوپ، پرشتینەوە و کۆزۆفە ڕێکخرابوو. ئەم گەشتە بە

گەشتی ڕومێلی ناسراوە. گەشتەکەش بە مەبەستی چارەسەرکردنی ئەو دۆخەی کە بەڵقانەکان تێی کەوتبوون. سوڵتان مەحموود ڕەشاد بڕیاری دابوو دارولفنونێک لە کۆنسۆفەکە بکاتەوە. بەڵام بە هۆی جەنگی یەکەمی بەڵقانەکانەوە، کە تێیدا دەوڵەتی عوسمانی کۆرسۆفۆی لە دەستدا. هەر بۆیە سەعید نووسی ئەمەی بە هەل زانی و داوای کرد کە ئەو مەدرەسەی پێشتر داوای کردبوو، بکرێتەوە. داواکەی قبووڵ کرا و گەڕایەوە، ساڵی ١٩١٢ لە ڕێوڕەسمێکدا بە بەشداری تاهیر پاشای والی وان لە کەناری دەریاچەی وان بەردی بناغەی مەدرەسەکە دانر،. بەڵام بەهۆی دۆخی کەشوهەوا لە زستاندا، بڕیاری ڕاوەستانی درا. لەم ماوەدا تاهیر پاشا بەهۆی نەخۆشییەوە دەچێتە ئیستەنبوڵ و لەوێ کۆچی دوای دەکات. لە شوێنی ئەو تەحسین پاشا دادەنرێت و بڕیاریدا تاوەکو بیناکەی تەواو دەبێت، مەدرەسەی هۆرهۆڕ، کە لە ناو قەڵای واندایە، پێشکەش بە سەعید نووسی بکرێت. لێرە بە دواوە سەعید نوورسی زۆرینەی کاتەکانی لەم مەدرەسەدا بەسەر بردووە. بەهۆی جەنگی جیهانی یەکەمەوە دووبارە کارکردن لە مەدرسەکەدا وەستایەوە. لەگەڵ ئەوەشدا خۆی و هەندێک لە قوتابییەکانی بەشداری جەنگی جیهانی یەکەمیان کرد. هەر لێرەدا تەفسیری ئیرشادولجوزئی نووسیوە. ساڵی ١٩١٥ ئەرکی پاراستنی بەدلیس و مووش بە ئەو سپێردرا و بە سێ بۆ چوار هەزار کەسەوە خۆبەخشانە لە وان، بەدلیس و مووش بەرامبەر ئەرمەن و ڕووسەکان وەستایەوە. لەم جەنگانەدا زۆرێک لە قوتابییەکانی لە دەستدا و خۆی بریندار دەبێت. لە بەدلیس لەلایەن ڕووسەکانەوە بە ئەسیر دەگیرێت و ڕەوانەی کۆستۆرمای قەراغی ڕووباری ڤۆڵگا دەکرێت. دوای مانەوەی دوو ساڵ لەوێ هەڵدێت و لە ڕێگەی نەمسا و ئەڵمانییەوە دێتەوە بۆ ئیستەنبوڵ. بەڵام کە دەوڵەتی عوسمانی لە شەڕدا شکستی هێنا و دەوڵەت داگیر کرا، سەعیدی نوورسی تووشی نارەحەتییەکی زۆر بووەوە و چەندین هەوڵی بۆ ڕزگارکردنی جیهانی ئیسلامی دا و لە ڕۆژنامەکاندا لە ڕێگەی نووسینەوە خەڵکی لە دژی ستەکاری و داگیرکاری ئینگلیز هۆشیار دەکردەوە[١١].

کاتێک خەڵکی ناوچە کوردییەکان بەرامبەر داگیرکەر وەستانەوە، شێخی ئیسلام دوڕی زادە عەبدوڵڵا لەسەر ئەم بابەتە فەتوای دا، بەڵام سەعید نوورسی وتی، ئەم فەتوایە هیچ بنەمایەکی نییە، چونکە وەستانەوە و شەڕکردن بەرامبەر دوژمن، لە ڕێ دەرچوون نییە. دواتر بانگهێشتی مەجلیسی ئەنقەرە دەکرێت و لە مەجلیسەکەدا باسی ڕۆڵی هەستی ئایینی خەڵکی کرد لە سەرکەوتنی شۆڕشی سەربەخۆی تورکیادا. تاوەکو ئێرە بە سەردەمی سەعیدی کۆن

ناسراوە، چونکە تاوەکو ئەم سەردەمە سەعیدی نوورسی ویستویەتی لە ڕێگەی سیاسەتەوە خزمەت بکات. بەڵام کاتێک بینی لە ڕێگەی سیاسەتەوە ئەم ئامانجەی بەدی نایەت، وازی لە کاری سیاسی دەهێنێت و خۆی بۆ تەقوا یەکلایی دەکاتەوە و دەیەوێت لە ڕێگەی ئیمان و ڕزگارکردنی ئیمانی خەڵکییەوە بگات بە ئامانجەکەی[١٢]. لێرە بە دواوە بە سەردەمی سەعیدی نوێ دەناسرێت. واتە سەعیدی کۆن لە نێوان ١٨٧٨ – ١٩١٨ بە سەردەمی سەعیدی کۆن و لە نێوان ١٩٢٣-١٩٥٠ بە سەردەمی سەعیدی نوێ دانراوە. لێرە بە دواوە بە سێیەمین سەردەمی سەعید نووسی ناسراوە. بەڵام لە ڕوانگەی فکریەوە گۆڕانکاری قووڵی بە سەردا نەهاتووە[١٣].

نوورسی لەو بڕو ایەدا بووە پێویستە زانستەکانی ناو مەدرەسە ئایینییەکان نوێبوونەوەی تێدا بکرێت و لە خەیاڵی دروستکردنی مەدرەسەیەکدا بوو بە ناوی مەدرەسەی زەهرا یاخود زانکۆی زەهرا

لە بەهاری ١٩٢٣ سەعیدی نوورسی ڕووی لە شاخی ئیرەک لە پارێزگای وان کرد، خۆی لە هەوڵە سیاسییەکان بە دوور گرت و بڕیاری دا خۆی بۆ پەروەردەکردنی قوتابییەکان تەرخان بکات. بۆ ماوەی دوو ساڵ لە وان مایەوە، بەڵام کاتێک لە ساڵی ١٩٢٥ شۆڕشی شێخ سەعید هەڵگیرسا، نوورسی لە وانەوە بۆ ئەرزرۆم و لە ڕێگەی کارە دەینیزەوە بەرەو ئیستەنبوڵ نێردرا. لە هاوینی هەمان ساڵ بۆ بوردور دوورخرایەوە. لێرەدا دەست بە نووسینی ڕیسالەی نوور واتە پەیامەکانی نوور دەکات.[١٤] لە ڕێگەی ئەم بەرهەمەوە قوتابییانی پەروەردە دەکرد، ئەمەش بوو بە سەرەتای دەستپێکردنی ژیانێکی پڕ لە ئاوارەیی، دادگا، ئەزیەت و ئەشکەنجە. لە بەهاری ساڵی ١٩٢٦ لە بوردوەرەوە بۆ گوندی بارلای ئیسپارتا دوورخرایەوە. بۆ ماوەی هەشت ساڵ لەم گوندە مایەوە و بەشێکی زۆری لە پەیامەکانی نووری لەم گوندەدا نووسی. لە هاوینی ١٩٣٤ بۆ ئیسپارتا گوازرایەوە. لە ٢٧ی ٤ی ١٩٣٥ لەگەڵ سەد لە خوێندکارەکانی بەهۆی کۆمەڵێک تۆمەتی وەک دروستکردنی گرووپی نهێنی، کارکردن دژی ڕژێم، هەوڵدان بۆ ڕووخاندنی بنەماکانی کۆمار و هەڵسوکەوتکردن دژی عەلمانییەت دەستگیر کرا و ڕەوانەی گرتوخانەی شاری ئێسکی شەهیر دەکرێت. لە دادگای ئێسکی شەهیر بەرگرییەکی زۆری لە خۆی کرد و دواتر بەرهەمێکی بە ناوی لیماکانەوە بڵاو کردەوە. دواتر لێرەوە و بەرەو کاستۆمۆنۆ دەنێرێت. هەشت ساڵ دەمێنێتەوە. پاشان لە ٢٥ی٩ی١٩٤٣ لە پشکنینێکی پۆلیسدا بە بیانووی ئەوەی

پێچەوانەی کتێبەکانی یاسایە دەگیرێت و ڕەوانەی دەینیزلی دەکرێت. سەعید نوورسی لە دەینیزلی لەگەڵ ١٢٦ لە قوتابییەکانی، کە لە شارەکانی ئیسپارتا و کاستۆمۆنۆ شارەکانی دیکەوە هێنرابوون، دادگایی کران. بەڵام لە دادگاکەدا بە هۆی ئەوەی لە پەیامەکانی نووردا بابەتی سیاسی، تەریقەت، گرووپ و .. هتد تێدا نەبوو، بەڵکو تەنیا باسی ئیمان و قورئان بوو، ئازاد دەکرێن. لە ١٩٤٤ دووبارە ئاوارەی ئافیۆن و ئەمیرداخ کرا. دواتر و دوای چوار ساڵ هەم دیسان دەگیرێت و دەکرێتە گرتوخانەی ئافیۆن، لێرە بۆ ماوەی بیست مانگ دەمێنێتەوە[١٥]. دواتر ئازاد دەکرێت و دەنێردرێتەوە بۆ ئەمیرداغ. لە ١٤ی ٥ی ١٩٥٠ کاتێک پارتی دیموکرات هاتە سەر دەسەڵات، ئیتر سەعیدی نوورسی هاتەوە ناو کۆمەڵگە و بۆ بڵاوکردنەوە و گەیاندنی بیر و بۆچوونەکانی بە ناو خەڵکیدا دەگەڕا. ساڵی ١٩٥٢ بۆ یەکەمجار لە ئیستەنبوڵ کتێبێکی بە زمانی لاتینی تورکی بە ناوی ڕابەری گەنجان بڵاوکردەوە، بەڵام بە تۆمەتی ئەوەی ئەم کتێبە دژی عەلمانییەتە، دووبارە درایە دادگا و پاشان ئازاد کرا. دواتر لە گۆڤاری سەبیلو ڕەشاد هەندێک نووسینی بڵاو کردەوە و دەڕۆیشتە هەر زانکۆیەک لەگەڵ گەنجاندا کۆدەبووەوە و باسی ئیسلامی بۆ دەکردن. بەڵام بەهۆی زۆری تەمەنیەوە ئەم چالاکییانە کاریگەری خستە سەرتەندروستی. لەگەڵ ئەوەی نەخۆشییەکەی زۆر قورس بوو[١٦]، لەسەر داوای خۆی هێنرایەوە بۆ شاری ئورفە و لە ٢٣ی ٣ی ١٩٦٠ لە یەکێک لە هۆتێلەکانی شار ئورفە کۆچی دوایی دەکات و لە گۆڕستانی خەلیل عەبدولڕەحمان بەخاک دەسپێردرێت. بەڵام دواتر بەهۆی ئەوەی کەسانێکی زۆر دەهاتن بۆ سەردانی گۆڕی سەعیدی نوورسی، کاربەدەستانی حکومەت بە هاوکاری عەبدولمەجیدی برای سەعیدی نوورسی، لە ١٢ی تەموزی ١٩٦٠ گۆڕەکەیان هەڵگرت و بەرەو ئیسپارتایان برد، کە تاوەکو ئێستاش نازانرێت لەکوێ نێژراوە[١٧].

بەرهەمەکانی سەعیدی نوورسی

سەعید نووسی هەر پەیامێکی لە کاتێکی جیاواز و لەسەر بابەتێکی جیاواز نووسیوە، بەڵام دواتر هەموویان ڕێکخران و بە ناوی پەیامەکانی نوورەوە بڵاوکراونەوە. بە گشتی چوار کتێبی گەورەی لە ژێر ناوەکانی وتەکان، نامەکان، لیماکان و شوعەکان بڵاوکردووەتەوە. جگە لە نووسینە عەرەبییەکانی، هەموو لە دوو بەرگدا بە ناوی کولیات و پەیامەکانی نوور بڵاوکردووەتەوە[١٨]. سەعیدی نوورسی لە بەرهەمەکانیدا چەندین ناوی بە کارهێناوە لەوانە (سەعیدی نوورسی، سەعید کوردی، مەلا سەعید کوردی، بەدیعوزەمان سەعید کوردی،

بەدیعوزەمان مەلا سەعید کوردی، مەلا سەعیدی مەشهوور و سەعید نوورسی). کە تا ڕاگەیاندنی کۆماری تورکیا، لە بەرهەمەکانیدا سەعیدی کوردی بەکار هێناوە.[١٩] دواتر کە واز لە ڕێگەی سیاسەت دێنێت و خۆی بۆ پەروەردەکردنی قوتابییەکانی تەرخان دەکات، لە بەرهەمەکانیدا زیاتر ناوی سەعیدی نوورسی بەکاردەهێنێت، بەڵام لە ناوەڕۆکی بەرهەمەکانیدا لە چەندین شوێن ناوی کورد، کوردی، کوردستانی بەکارهێناوە. ئەمەش بەمانای ئەوە دێت کە شانازی بە نەتەوەی خۆیەوە کردووە و کوردبوونی خۆی نەشاردووەتەوە.[٢٠] هەر بۆیە بەرهەمەکانیشی بەسەر دوو سەردەمەکەی ژیانیدا دابەش دەکرێت. بەرهەمەکانی سەعیدی کۆن، یان سەردەمی عوسمانییەکان بریتین لەو بەرهەمانەی کە زیاتر ناوەڕۆکێکی سیاسی و کۆمەڵایەتییان هەیە. ئەو بەرهەمانەش کە لە سەردەمی سەعیدی نوێدا، واتە سەردەمی تورکیای نوێدا نوسراون، ئەو بەرهەمانەن کە زیاتر باسی قورئان و ئیمان دەکەن.[٢١] بەرهەمەکانی سەردەمی سەعیدی کۆن بریتین لە (عورفی دیوانی حەربی ١٩٠٩، خوتبەی شامییە ١٩١١، دەوائول یەس، ١٩١١، مونازەرات ١٩١١، موحاکەمات ١٩١١، ڕەچەتەتول عەوام ١٩١١، ڕەچەتەتول هەوەس ١٩١٢، نوتوق ١٩١٢، تشخیصولعیلەت ١٩١٢، ئیشارەتول ئیعجاز فی مازەنی ئیعجاز ١٩١٤، تائریخی حەیاتی بەدیع زەمان ١٩١٩، نقتەتول من نوری ماریفەتوڵڵا ١٩١٩، جەوهەرەکانی حەقیقەت ١ – ١٩٢٠، سنوعات ١٩٢٠، حتوواتی سیتە ١٩٢٠، جەوهەرەکانی حەقیقەت ٢- ١٩٢١، قزڵ ئیعجاز ١٩٢١، لەممات ١٩٢١، شوعات ١٩٢١، ڕموز ١٩٢١، تڵوعات ١٩٢١، ئیشارات ١٩٢١، قەترە ١٩٢٢، زەیلول قەترە ١٩٢٢، حەببە ١٩٢٢، زەیلول حەببە ١٩٢٢، زەرە ١٩٢٢، شەممە ١٩٢٢، زەیل ١٩٢٢، زەهرە ١٩٢٣، زەیلی زەهرە، ١٩٢٣، حەببە ١٩٢٣، زەیلول حەببە ١٩٢٣)[٢٢].

گریمانەی ئەوە دەکرێت کە پەیوەندی لەگەڵ ئەندامانی کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقیدا هەبووبێت و لە نووسینەکانی ئەو سەردەمەیدا باسی لەم کۆمەڵەیە کردووە

بەرهەمەکانی سەعیدی نوێش بریتین لە: (التفکور الإمان الرفی ١٩١٨، یەکەمین دەرگای نوور ١٩٢٥، وتەکان ١٩٢٦، مەکتوبات ١٩٢٩، لائیقەی بارلا ١٩٢٦، لیماکان ١٩٣٢، شوعاکان ١٩٣٦، لائیقەی کاستامۆنۆ ١٩٣٦، لائیقەی ئەمیرداغ ١-١٩٤٤، لائیقەی ئەمیرداغ ٢-١٩٤٩، کلیلێکی نووری عالەم ١٩٥٣[٢٣].

سەعیدی نوورسی و بزووتنەوەی نووریەکان

سەعید نووسی سەرەتا لەگەڵ ئەوەی کاریگەری گەورەی لە تورکیادا هەبووە، بەڵام لە جیهانی ئیسلامیدا کاریگەری ئەوتۆی نەبوو. چونکە لە دوای وەفاتی تاوەکو ساڵی ١٩٨٠ بەرهەم و قوتابییەکانی خرابوونە ژێر چاودێری وردەوە و قوتابییەکانی خاوەنی ئەو توانایە نەبوون گەشە بە بۆچوون و بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی بدەن. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی کارکردن و بەستنی کۆنفرانس لەسەر بۆچوونەکانی، لە دوای ساڵی نەوەدەکانی سەدەی رابردوو بوو. لەگەڵ ئەوەشدا لە زۆرێک لە زانکۆکاندا ماستەر و دکتۆرای لەسەر نووسراوە و لە هەندێک لە زانکۆکانی دەرەوەش چەندین کورسی بە ناوی ئەوەوە کرانەوە. لە دوای مردنی سەعیدی نوورسی شەیدایان و قوتابییانی سەعیدی نوورسی بە نووریەکان و دواتر وەکو بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی کار و چالاکییەکانیان ئەنجام دەدا. بزووتنەوەی نووریەکان جگە لەوەی وەکو بزووتنەوەکانی دیکەی دونیایە، بەڵام ئەوەی ئەم بزووتنەوەی لە بزووتنەوەکانی دیکە جیا دەکاتەوە، بریتییە لەوەی ئەم بزوتنەوە بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتییە، نەک سیاسی. بزوتنەوەی نوریەکان خاوەنی چەند بنەمایەکی سەرەکین، کە هەڵقوڵاوی پەیامەکانی نوورن، ئەوانیش بریتین لە برایەتی، ئیخلاس، شەفەقەت و تەفەکوور. ئەم بنەمایانە سەعید نوورسی لە ئاوارەیی و لە ساڵی ١٩٢٦ لە گوندی بارلای ئیسپارتا نووسی. کاتێک لەوێ بوو ژمارەی قوتابییەکانی زۆر بوون و بیری لە دروستکردنی گرووپێک، یان جۆڵانەوەیەکی گەنجان کرد بە ناوی ئیسڵاح[٢٤]. لەم سەردەمەدا لەلایەن قوتابییەکانییەوە ئەو بەرهەمانەی کە سەعیدی نوورسی نوسیبوونی بە دەست دەیان نووسییەوە بە هەموو لایەکی تورکیادا بڵاویان دەکردەوە. هەروەها باس لەوەش دەکرێت کە ئەو نووسین و نامانەی بۆ قوتابییەکانی ناردبوو، ئاماژەی دروستکردنی ئەو گرووپەی تێدابوو.[٢٥]

بزوتنەوەی نوریەکان بریتین لە شەیدایان و شوێنکەوتوانی سەعیدی نوورسی و لە پەیامەکانی نوورەوە بنەما سەرەکییەکانیانی خۆیانیان دادەڕێژن. ئەگەر لەسەرەتادا ئەم وشەیە لەلایەن دەوڵەتەوە وەکو بێڕێزی بەکارهێنرابێت ئەوا ئێستا بووە بەناوی سەرەکیان. کە بە شێوەیەکی گشتی بزوتنەوەی نووریەکان لە چەندین گروپی وەکو (یازجلار، ئۆکۆیوجولار، یەنی ئاسیا، مەشوەرەت، کرکنجی هۆجا، کوردئۆغلو، نەسیل) پێکهاتووە.[٢٦] دروستبوونی بزوتنەوەی نووریەکان بە سێ قۆناغی سەرەکیدا تێپەڕیوە. لە قۆناغی یەکەمدان لە نێوان ساڵی ١٩٢٦-١٩٣٤، واتە دەرکەوتنی ئاماژەکانی بزووتنەوەکەیە لە نووسین و

نامەکانی سەعیدی نوورسی-دا. قۆناغی دووەم بریتییە لە قۆناغی تاوەکو مردنی سەعیدی نوورسی، واتە لە نێوان ساڵی ١٩٣٥-١٩٦٠ کە تێیدا ورده ورده بزووتنەوەکە و سەرەتای دروستبوون دەرکەوت. قۆناغی سێیەم بریتییە لە ساڵی ١٩٦٠-١٩٨٠ و دواتر، کە تێیدا بزووتنەوەکە شێوەی گرووپی وەرگرت. بزووتنەوەی نوورییەکان زیاتر لە قۆناغی دووەمەوە دەرکەوتن، چونکە لێرە بە دواوە ئیتر بزووتنەوەکە وەکو گرووپێک بە نهێنی دژی حکومەت کاریان دەکرد و دەستگیر دەکران. لەگەڵ ئەوەشدا بزووتنەوەیەک بوو بە خاوەنی تایبەتمەندی خۆی. ئەگەر لە قۆناغی یەکەمدا تەنیا سەعیدی نوورسی لە کۆمەڵگە دوودەخرایەوە، بەڵام لەم قۆناغەدا قوتابییەکانیشی دووردەخرێنەوە. هەر بۆیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەوانەی بەرامبەریان دەکرا، پێویستیان بە دروستکردنی گرووپێک، یان سەرکردەیەک هەبوو. ئەگەر لە سەرەتادا شوێنکەوتوان و قوتابیانی سەعیدی نوورسی ناوێکی تایبەتیان نەبووبێت، بەڵام ڕوانگە و هەڵوێسەکانیان بەرامبەر ڕووداوەکان شێوەی گرووپێکی وەرگرت. بزووتنەوەی نوورییەکان تاوەکو ساڵی ١٩٥١ ناوی نوورییان لە خۆیان نەنابوو، بەڵام لە یادەوەری یەکێک لە قوتابییەکانیان بە ناوی بایرام یوکسێل دەڵێت، لەو سەردەمەدا لە جیاتی نوورییەکان بەدیع و زەمانیان بەکاردەهێنا. دواتر ڕیسالەی نوورییەکان و دواتر بۆ نوورییەکان کورت کرایەوە. ئەمەش بە تایبەت دوای وەفاتی سەعیدی نووسی. ئەوان خۆیان بە ئەندامی بزووتنەوەیەک، یان گرووپ و ڕێکخراو و پارتێکی سیاسی نازانن، بەڵکو خۆیان بە هۆکاری گەیاندنی پەیامەکانی مامۆستاکەیان بە خەڵکی دەناسێنن.[٢٧]

کاتێک بینی لە ڕێگەی سیاسەتەوە ئامانجەکەی بەدی نایەت، وازلە کاری سیاسی دەهێنێت و دەیەوێت لە ڕێگەی ئیمان و ڕزگارکردنی ئیمانی خەڵکییەوە بگات بە ئامانجەکەی

سەعیدی نوورسی لەگەڵ ئەوەی هیچ جێگرەوەیەکی بۆ خۆی دیاری نەکردبوو، بەڵام دوای مردنی گرفت لەسەر دیاریکردنی سەرکردەیەک بۆ نوورییەکان هاتە کایەوە. لە کۆتایی ١٩٧٠ و سەرەتای ١٩٨٠ لەلایەن چەندین کەسایەتی گرنگی نوورییەکانەوە هەندێک گرووپ دروستکران. چەندین چالاکییان لە شارەکانی وەکو ئیستەنبوڵ، ئەنقەرە، ئیزمیر، ئەرزڕۆم هەبوو. بۆ نموونە لەلایەن یەکەمین قوتابی سەعیدی نورسی لەو سەردەمەدا کە لە بارلا بوو بە ناوی خوسرەو ئاڵتوون

باشاکەوە یەکەمین گرووپ دامەزرا.[٢٨] دامەزراندنی ئەم گروپە لە کاتێکدا بوو کە هێشتا لە ساڵەکانی شەستدا بوو. خوسرەو ئەفەندی زۆر جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە پێویستە پەیامەکانی نوور بە پیتی کۆنی عوسمانی بنووسێت و بڵاو بکرێتەوە. بۆیە بە شوێنکەوتووانی دەوترێت یازجلار. بەڵام ئەم گرووپە تەمەنی کەم بوو. یەکێکی دیکە لەو قوتابییانەی لە بەردەستی سەعیدی نوورسیدا گەورە بوو، بایرام یوکسێل بوو. ئەمیش لە ئەنقەرە بەپێی تێگەیشتنی خۆی هەندێک خەڵکی لە خۆی کۆکردبووەوە. یەکێک لەو کەسانەی کە هەشت ساڵ لە خزمەتی سەعیدی نوورسیدا بوو زوبەیر کوندوزئاڵپ بوو. ئەمیش لە ئیستەنبۆڵ ڕوانگەی تایبەتی خۆی هەبوو بۆ بابەتەکان. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا مستەفا سونگوڕ کە یەکێکی دیکە بوو لە قوتابییەکانی، تەواوی تورکیای گەڕاو و باسی ئەوەی کرد کە تەنیا پەیامەکانی نوور ڕێبەر و پێشەوای ئێمەن. ئەم بابەتە لەناو زانکۆ و ڕۆشنبیراندا بڵاو بووەوە. هەر بۆیە لەلایەن نوورییەکانەوە لە ڕوانگەی پەیامەکانی نوورەوە لێکۆڵینەوە و شرۆڤەیان بۆ ڕووداو و چۆنێتی پاراستی بنەمەکانی ئیسلام و ئیمان دەکرد، بەڵام بەهۆی هەندێک لێکدانەوەوە ڕووبەڕووی ڕەخنەبوونەوە. ئەمەش وایکرد کە بە ناوی خوێندنەوەی پەیامەکانی نوور لە مەدرەسە و ماڵەکاندا پەیامەکانی نوور بخوێنرێت. سەرەتا لە ماڵەکان و دواتر لە تەواوی تورکیا مەدرەسەی تایبەت بە خوێندنی وانەکانی پەیامەکانی نوور کرایەوە. کە بە زۆری لە شەوانی هەینی و شەممەدا وانەکان دەخوێنرا. لە ساڵی ١٩٧١ چەندین ئەندامی نوورییەکان دەستیان هەبوو لە دامەزراندنی پارتی نیزامی نیشتمانیدا. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێکیشان پشتگیری خۆیان بۆ پارتی عەدالەت دەردەبڕی، ئەمەش بووە هۆی دروستبوونی دووبەرەکی لە نێوانیان. دواتر ڕوانگەی نوورییەکان بۆ بابەتە سیاسییەکان بووە هۆی دابەشبوونیان. ساڵی ١٩٨٠ بە دواوە، خوێندنی پەیامەکان لە دەرەوەی تورکیا دەستی پێکرد و لە ساڵی ٢٠٠٠ بە دواشەوە چەندین گۆڕانکان لەناو نوورەییەکاندا ڕوویدا و نوێگەری تێدا ئەنجام درا.[٢٩]

ڕوانگەی سەعید نوورسی بۆ ئایین، کۆمەڵگە و سیاسەت

ڕوانگەی تەفسیری سەعیدی نوورسی پشتی بە ئیعجازاتی قورئان بەستووە. کە بڕوای وا بووە ئەو بە تەنیا ناتوانێت تەفسیری قورئان بکات، بەڵکو پێویستی بە لیژنەیەکی زانستی هەیە و هەر موفەسیرێک پێویستە لە مەنزوومەی تێگەیشتنی گشتی قورئانەوە ئەوەی گونجاوە لەگەڵ بواری پسپۆڕی خۆیدا ئەوە هەڵبژێرێت و تەفسیری بکات. نوورسی لەگەڵ ئەوەی هیچ بەرهەمێکی

سەبارەت بە فیقهـ نییە، بەڵام پێی وا بووە ئەساسی فیقهـ بریتییە لە ئیجتیهاد و دەرگای ئیجتیهاد تاوەکو دواڕۆژ بەردەوام کراوەیە. لەگەڵ ئەوەشدا سەعیدی نوورسی لە ڕێگەی شیکاری بۆ ئایەتەکانی قورئان، دەیویست ئەو پەیامە بە خەڵکی بدات کە قورئان و بە گشتی بنەماکانی ئیسلام لەگەڵ زانستدا هیچ دژایەتیێکی نییە و هەردووکیان هەمان حەق دەردەخەن.[٣٠] لەم ڕوانگەشەوە جیاکاری لە نێوان زانستە ئایینییەکان و زانستە دونیاییەکاندا نەکردووە و هەموویانی بە زانستی ئەسمای ئیلاهی داناوە.[٣١]

سەعید نووسی هەر پەیامێکی لە کاتێکی جیاواز و لەسەر بابەتێکی جیاواز نووسیوە، بەڵام دو اتر هەموویان ڕێکخران و بە ناوی پەیامەکانی نوورەوە بڵاوکراونەوە

سەعید نووسی لە بەرهەمەکانیدا تێڕوانین و بۆچوونەکانی خۆی سەبارەت بە کەلام، تەسەوف و فەلسەفە خستووەتە ڕوو. کە بڕوای وایە فەلسەفە و کەلام لایەنی عەقڵی مرۆڤیان گرتووە و تەسەوف لایەنی دڵی مرۆڤی گرتووە. لە کاتێکدا قورئان مرۆڤ وەکو بوونەوەرێکی کامڵ سەیر دەکات، کە لە دڵ و عەقڵ پێکهاتووە. سەعیدی نووسی پێی وا بووە ئێستا کاتی تەریقەت نییە، بەڵکو کاتی ڕزگارکردنی ئیمانە هەر بۆیە دەڵێت، پێویستە نوێکاری لە زانستە ئیسلامییەکاندا بکرێت.[٣٢] لەم بارەوە شەریف ماردین کە یەکێکە لە لێکۆڵەر و کۆمەڵناسە تورکەکان لە یەکێک لە کتێبەکانیدا بە ناوی "ڕووداوی بەدیعوزەمان سەعیدی نوورسی و گۆڕانی کۆمەڵایەتی و ئایین لە تورکیای مۆدێرندا"، باس لەوە دەکات کە لە مێژووی دروستبوونی تورکیای مۆدێرندا هەوڵی دوورخستنەوەی ئایین لە کۆمەڵگە و سیاسەت دراوە، کە سەرەتا تەنیا لە سیاسەت دوورخرایەوە و دواتر وردە وردە لە کۆمەڵگەش بێگانە کرا. شەریف ماردین دەڵێت، سەعیدی نوورسی لەم دۆخەدا ژیاوە، هەر بۆیە کەوتووەتە ژێر کاریگەری ئەو دۆخەوە و بنەما فیکریەکانی بریتی بوون لە نوێگەری لە ئایینداا. دەڵێت، سەعیدی نووسی لەگەڵ ئەوەی کاریگەر بووە بە مەولانا خالیدی ناقشبەندی، بەڵام خۆی لە تەریقەت و گرووپەکان بەدوورگرتووە، چونکە سەعیدی نوورسی هەستی بەوە کرووە کە ڕووبەڕووبوونەوەی فەلسەفە و ماتریالیزم و پۆزەتیڤیزم پێویستی بە بەڵگەی عەقڵی هەیە، نەک تەریقەت، هەربۆیە دەستی بە خوێندنی زانستەکانی دیکە کردووە و لەگەڵ ئەوەشدا پێی وا بووە بۆ ڕزگارکردنی کۆمەڵگە پێویستی بە ڕیفۆرمی سیاسی، ئایینی و ئیداری هەیە[٣٣] هەر

لەم بارەوە پێی وابووە ستەمکاری تەنیا لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا نییە، بەڵکو لەناو زانست، مەزهەب و تەسەوفدا چەندین ستەمکاری بچووک بوونی هەیە. هەر بۆیە پێویستە نوێکارییان تێدا بکات.[٣٤]

سەعیدی نووسی پێی وا بووە مێژووی مرۆڤایەتی بە پێنج پرۆسەی بنەڕەتیدا تێپەڕیوە. لە قۆناغێکدا هێز بڕیاری کارەکانی داوە، ئەمەش بریتییە لە قۆناغی وەحشیگەری. دواتر مرۆڤ و کۆمەڵگە کەمێک ڕێکخراوتر بووە ئەمیش سەردەمی بەدەوی مرۆڤە. پاشان کۆمەڵگە نیشتەجێ بووە و بابەتی موڵک هاتە ئاراوە، ئەمەش پێی دەوترێت سەردەمی موڵکییەت. دواتر بابەتی ئەسیرکردنی کەسانی دیکە هاتە ئاراوە، کە بە سەردەمی ئەسیرییەت ناسراوە. پاشان سەردەمی موڵک هاتە ئاراوە و ئیتر مرۆڤ لە ڕێگەی ڕێککەوتن و نرخەوە کارەکانی بەڕێ دەکرد، ئەم قۆناغەش پێی دەوترێت سەردەمی نرخ و پاداشت. لەگەڵ ئەوەشدا بڕوای وا بووە کە مرۆڤایەتی لە داهاتوودا دەبێت بە خاوەنی سیستمێکی کۆمەڵایەتی و ئابووری ئازادانە تر، کە پێی وابووە ئەمەش تەنیا لە سایەی ئیسلامەوە دێتە ئاراوە، چونکە دینەکانی دیکە ئەو توانایەیان نییە و دەستکاریی کراون. پێی وابوو کە ئەو مەدەنییەتەی پشتی بە ئایین نەبەستووە تەنیا بریتییە لە ململانێ، چونکە دین مرۆڤی فێری هاوکاری و یەکێتی دەکات، نەک ململانێ.[٣٥]

ڕو انگەی سەعیدی نوورسی بۆ کورد و مەسەلەی کورد

سەعید نوورسی یەکێکە لە زانا هەرە دیارەکانی کورد و جیهانی ئیسلامی. بەرهەمەکانی و بە تایبەت پەیامەکان نوور، بوون بە سەرچاوەی دەیان توێژینەوەی زانستی و کۆنفرانسی نێودەوڵەتی لەسەری دەبەسرێت. لەگەڵ ئەوەشدا پەیامەکانی نوور بە یەکێک لەو سەرچاوانە دادەنرێن کە باسی کورد و کولتووری کوردی تێدا کراوە. بەڵام ئەو توێژینەوانەی کە لەسەری نووسراوە، زۆرێکیان بابەتی کورد و کولتووری کوردیان پشتگوێ خستوو. بۆ نموونە سەعیدی کوردی، یاخود سەعیدی نوورسی لە چەندین شوێندا باسی نەورۆزی کردووە و بە ڕۆژێکی زەمهەریر وەسفی کردووە.[٣٦] لەم بارەوە ئاڵتان تان نووسەر، سیاسەتمەندار و ئەندام پەرلەمانی خولی ٢٦ی پەرلەمانی تورکیا لەسەر لیستی هەدەپە، دەڵێت هەوڵێک هەیە بۆ ئەوەی سەعیدی نوورسی لە کورد و کوردبوون دابماڵرێت. دەڵێت هەم تورکە ئیسلامییەکان دەیانەوێت سەعیدی نوورسی لە کورد و کوردبوون، هەم عەلمانییەکان دەیانەوێت سەعید نوورسی لە ئیسلامییەت دابماڵن. دەڵێت تەنانەت نووریەکانیش دەیانەوێت سەعیدی نوورسی لە کورد، کوردایەتی و کوردبوون دابماڵن. چونکە لە هەموو کتێبەکانیدا هەرچی وشەی کورد،

کوردستان، عەقڵی کورد، خەڵکی کورد و میللەتی کورد ... گۆڕیوە. ئاڵتان تان درێژە بە ئەم بابەتە دەدات و دەڵێت، بە بڕوای نووریەکان سەعیدی نوورسی ئەو کاتەی لە ئەنقەرە بوو لەگەڵ مستەفا کەمالدا لەسەر هەندێک بابەت گفتوگۆی کردووە. دواتر ڕاستەخۆ دەگەڕێتەوە بۆ شاری وان و بۆ ماوەی یەک ساڵ لەوێ دەمێنێتەوە، بەڵام بە پێی بەڵگەکانی ئەرشیفی عوسمانی، سەعیدی نوورسی لە ئەنقەرەوە ڕاستەوخۆ ناچێت بۆ وان، بەڵکو لە ئەنقەرەوە بە شەمەندەفەر دەچێتە گەبزە و لەوێشەوە دەچێتە ئیستەنبوڵ و بۆ ماوەی ساڵ و نیوێک دەمێنێتەوە. پرسیارەکە ئەوەیە ئەو ماوەی لە ئیستەنبوڵ بووە چی کردووە؟ دوای ڕاگەیاندنی کۆماری تورکیا، قسە و چاوپێکەوتنی لەگەڵ کێ کردووە؟ کاتێک سەعیدی نوورسی لە ٧ی تەمموزی ١٩٢٤ دەیەوێت بچێت بۆ وان، لە ڕێگەی کەشتییەوە دەچێتە شاری تەرابزۆن لە کەناری دەریای ڕەش، دوای چەند ڕۆژێک لە ٢٢ی مانگدا، والی تەرابزۆن ڕاپۆرتێک دەنووسێت و دەینێرێت بۆ مستەفا کەمال ئەتاتورک و دەڵێت، ئەم کەسە واتە (سەعید نوورسی) هاتووەتە تەرابزۆن و پەیوەندی لەگەڵ هەندێک کەسی کوردستاندا بەستووە. دواتر سەعیدی نوورسی لە تەرابزۆنەوە دەچێتە ئەرزەڕۆم و لەوێ دەبێتە میوانی خالید جبرانی [**] سەرۆکی «کۆمیتەی ئیستیقبالی کورد» کە لەناو خەڵکدا بە کۆمەڵەی ئازادی ناسراوە[٣٧] ، کە بۆ ماوەی پانزە ڕۆژ لەوێ دەمێنێتەوە و لە کۆتاییدا ٦ی ئەیلوولی ١٩٢٤ دەگاتە شاری وان. ئەو کاتەی سەعیدی نوورسی میوانی خالید جبرانی بوو، خالید بەی پەرلەمانتاری قەزای گەنج لە ڕاپۆرتێکدا بۆ مستەفا کەمال ئەتاتورک دەڵێت، سەعیدی کوردی هاتووەتە ئەرزەڕۆم و لەسەر مەسەلەی کورد پەیوەندی لەگەڵ خالید جبرانی بەستووە. دواتر لەگەڵ بابا بەی ڕەئیسی یەکێک لە عەشیرەتە گرنگ و دیارەکان پەیوەندی بەستووە. لەگەڵ چەند کەسێکی دیکە چاوپێکەوتنی ئەنجام داوە و دواتر چووە بۆ وان. ڕاستەوخۆ دوای دەرچوونی سەعیدی نوورسی لە شاری ئەرزەڕۆم، لە مانگی ئەیلوولی ١٩٢٤ فەرمانی گرتنی خالید جبرانی دەردەکرێت و دوای مانەوەی ماوەیەک لە زیندان، لە ٢٠ی١٢ی١٩٢٤دەنێردرێت بۆ بەدلیس. ئەمەش ئاماژەیە بۆ بوونی پەیوەندی نێوان خالید جبرانی و سەعیدی نوورسی لەسەر مەسەلەی کورد. [٣٨]

لە ناوەڕۆکی بەرهەمەکانیدا لە چەندین شوێن ناوی کورد، کوردی، کوردستانی بەکارهێناوە. ئەمەش بەمانای ئەوە دێت کە شانازی بە نەتەوەی خۆیەوە کردووە و کوردبوونی خۆی نەشاردووەتەوە

ساڵی ١٩٠٨ لەلایەن تورکە لاوەکانەوە سوڵتان عەبدولحەمید ناچارکرا مەشروتیەتی دووەم قبووڵ بکات. ئەم دۆخەش کاریگەری گەورەی لەسەر تەواوی دەوڵەت هەبوو. لە ناو کوردەکانیشدا چەندین کەس بۆچوونی خۆی لەسەر ئەم بابەتە خستەڕوو. یەکێک لەوانەش سەعیدی نوورسی بوو. سەعیدی نوورسی ئومێدێکی زۆری بەم دۆخە و بە مەشروتیەت هەبوو، هەر بۆیە دەگەڕا و باسی گرنگی و بایاخی مەشروتیەتی دەکرد.[٣٩] سەبارەت بە مەشروتیەتیش دەڵێت، هەموو چاکانمان لە مەشروتیەت و خراپەکانیشمان لە ستەمکاریەوەیە. چونکە مەشروتیەت واتە ئازادی.[٤٠] لەبارەی ستەمکاریەوە پێی وابووە گەورەترین ستەم سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم کردوویەتی[٤١]. پێی وا بووە مەشروتیەت خێر و بەرەکەتی زۆری هەیە بۆ تەواوی کۆمەڵگە بە تایبەتی کوردەکان.[٤٢]

سەرەتا لە ٢٠ی نیسانی ١٩٠٩ کاتێک کۆمەڵەی محەمەدییە لە دژی حکومەت کرایەوە، سەعیدی نوورسی یەکێک بووە لەوانەی ئامادە و ئەندامی کردنەوەی کۆمەڵەکە بوو. هەر بۆیە لە مەیدانی سەلانیک، وتارێکی سەبارەت بە چەمکی ستەمکاری و ئازادی خستەڕوو[٤٣]. پاشان حەماڵە کوردەکانی ئیستەنبوڵی لە ڕێگەی پەیامێکەوە بەناوی (ئەی حەماڵەکان) بڵاوکردەوە. هەر لەسەر ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەکانی تەعاون و تەرەقی کورد، کوردستان و شەرق و نوتوقدا بڵاوکردەوە. دواتر و لە ساڵی ١٩١٠ نوورسی گەڕایەوە بۆ شاری وان و بەناو عەشیرەتە کوردییەکاندا گەڕا و باسی گرنگی مەشروتیەتی بۆ تەواوی کۆمەڵگە و بە تایبەت کوردەکان و داهاتووی کۆمەڵگەی کوردی بۆ دەکردن. لەم گەڕان و چاوپێکەوتنانەدا، کتێبێکی بە ناوی (مونازەرات) بڵاوکردەوە[٤٤]. کە وەک دەوترێت کتێبەکە لە بنەڕەتدا بە زمانی کوردی نوسراوە و سەعیدی نوورسی لە پێشەکی کتێبەکەدا نووسیویەتی من بە کوردی بیر دەکەمەوە و بە تورکی و عەرەبی دەنووسم. بەڵام کاتێک سەیری چاپی نوێ و تورکی کتێبەکە دەکەیت، ئەم ڕستەیە بوونی نییە، چونکە ئەم بەشە لابراوە.[٤٥] کتێبی مونازەرات لە شێوەی پرسیار وەڵامدایە و ڕوانگەی کوردی بۆ مەشروتیەت تێدا خراوەتەڕوو. بەڵام هیچ بەڵگەیک لەسەر ئەوە نییە کە سەعیدی نوورسی لەگەڵ کام تەریقەتی دینیدا چاوپێکەوتن و کۆبوونەوەی ئەنجام دابێت[٤٦]. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا لەسەر مەسەلەی کورد چاوی بە زۆرێک لە کەسایەتییە دیارەکانی کوردی ئەو سەردەمە کردووە، لەوانەش بابان زادەکان، بەدرخانییەکان، پیرەمێرد، عەبدوڵڵا جەودەت، خەلیل خەیاڵی[٤٧]. سەعیدی نوورسی لە زۆرینەی سەرچاوەکانیدا نازناوی

کوردی بۆ خۆی داناوە و هەندێک لە بەرهەمەکانی بەزمانی کوردی نووسیوە، لەگەڵ ئەوەشدا سەعیدی نوورسی وەکو کەسایەتییەکی ئیسلامی لە خەمی خیلافەتی ئیسلامیدا بووە، هەربۆیە کاتێک لە پاریس بریاری دروستکردنی ناوچەیەک بۆ کوردەکان و ئەرمەنییەکان دەدرێت، سەعیدی نوورسی ئەمەی بە پلانێک داناوە بۆ دروستکردنی ناوچەیەک بۆ مەسیحییەکان، نەک کوردەکان، چونکە پێی وابووە دووبارە ئەمە بەکارهێنانی کوردە. بە واتایەکی دیکە ئەو ترسی لە دروستبوونی دەوڵەتێکی مەسیحی لە سەرپشتی کوردەکان هەبووە.[٤٨]

سەعیدی نوورسی بە ناوی سەعیدی کوردییەوە و بە زمانی کوردی کرمانجی بە ناونیشانی چەند ئامۆژگاریەکی سەعیدی کوردی لە ژمارە یەکی ڕۆژنامەی تەعاون و تەرەقی کورددا بڵاوکردووەتەوە. کە تێیدا باسی دەرد و دەرمان و کێشە بنەڕەتیەکان و شێوازی چارەسەرکردنی گرفتەکانی کوردی کردووە[٤٩]. ئەمەشی بە کوردییەکی پاراو کە دەڵێت:

ئەی کوردەکان لە یەکێتیدا هێز، لە پێکەوەبووندا ژیان، لە برایەتیدا سەعادەت و لە حکومەتدا سەلامەتی هەیە. بە توندی دەست بە ئەمانەوە بگرن، بۆ ئەوەی ئێوە لە بەڵا ڕزگار بکات. بۆیە بە باش گوێم بۆ بگرن و دەمەوێت شتێکتان پێ بڵێم. بزانن کە سێ بەهای سەرەکیمان هەیە، ئەمانە ئێمە لە نەهامەتی دەپارێزن. ئەوانیش بریتین لە:

یەک: ئیسلامییەت: کە چەندین کەس لە پێناویدا خوێنی ڕشتووە.

دوو: ئینسانییەت: کە لە چاوی دونیادا پێویستە خۆمان بە زانست و فەزیلەت و ئیسلامەتییەوە بناسێنین.

سێ: شوناسی میللی، یان نەتەوەیی: شەرەفی ئێمەیە، ئێمە لەم بوارەدا بە هەوڵەکانمان شوناسی میللیمان دەپارێزین. لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە بە چاکەکانمان ئەو باپیرانەمان کە ئەم میراتەیان بۆ بە جێ هێشتووین، ڕۆحیان لە گۆڕەکاندا شاد بکەین. واتە کارێک بکەین کە شانازی بە ئێمەوە بکەن.

بەرهەمەکانی سەعیدی کۆن، زیاتر ناوەرۆکێکی سیاسی و کۆمەڵایەتییان هەیە. ئەو بەرهەمانەش کە لە سەردەمی سەعیدی نوێدا، و اتە سەردەمی تورکیای نوێدا نوسراون، زیاتر باسی قورئان و ئیمان دەکەن

سێ دوژمنیشمان هەیە کە ئێمەی لەناو دەبات، ئەوانیش:

یەک: هەژاری: کە چل هەزار حەماڵی کوردی ناو ئیستەنبوڵ بەڵگەی ئەمەن.

دوو: جەهالەت و نەبوونی پەروەردە و خوێندن: تەنانەت لە هەزار کەسی ئێمە یەک کەسیشمان ڕۆژنامە ناخوێنێتەوە.

سێ: دوژمنایەتی و پەرتەوازەیی نێوانمان: کە ئەمە دەبێتە هۆی شکاندنی هێز و لەناوبردنی توانامان.

حکومەت، یاخود دەوڵەتیش بە هۆی بێویژدانییەوە زوڵم لە ئێمە دەکات. ئەگەر لەمانە تێبگەین ئەوە دەزانین کە چارەسەری ئێمە بریتییە لەوەی بۆ ئەوەی ئەم سێ بەهایەمان لە دەست نەدەین و ئەم سێ بەڵایەمان لە کۆڵ بێتەوە پێویستە سێ شمشێر لە خۆمان ببەستین، ئەوانیش پەروەردە و خوێندنە، یەکبوون و بوون بە خاوەنی خۆشەویستی، یان هەستی شوناسی نەتەوەی و سێ بە هەوڵدان لە ڕێگەی پشت بەستن بە هێزی خۆمان، نەک پشت بەستن بە کەسانی بێگانە و خراپ و ئومێد خواستن پێیان.

کۆتا وەسیەتم

خوێندن، خوێندن، خوێندن و پشت بە یەک بەستن، پشت بە یەک بەستن، پشت بە یەک بەستنە.[٥٠]

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە سەعیدی نوورسی بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی کوردی و مەسەلەی کورد داهاتوویەکی گەشتری هەبێت، هەوڵیداوە گرفتەکانی ناوخۆی کورد و کۆمەڵگەی کوردی دیاری بکات و چۆنێتی چارەسەرکرنی ئەم گرفتانەشی خستووەتەڕوو. هەر لەم ڕوانگەوە پێی وابووە شێوازی بەڕێوەبردن لە ناو عەشیرەتە کوردییەکان و ناوچە کوردییەکان، هیچ جیاوازییەکی نەبووە لەگەڵ ئەو شێوازە تاکڕەوییەی کە دەوڵەتی عوسمانی پەیڕەوی کردووە. هۆکاری ئەمەشی بۆ ناوخۆی کوردەکان، بەتایبەت ڕۆڵی سەرکردەکان و کورد و ستەمکاری دەوڵەتی عوسمانی گەڕاندووەتەوە. هەر لەبەر ئەم هۆیە لەگەڵ عەشیرەتە کوردییەکان لە بارەی مەشروتیەتەوە قسەی کردووە. هەربۆیە پێی وابووە ستەمکاری بە دوو شێوە لەسەر کوردەکان ڕەنگدانەوەی هەبووە. یەک، ستەمکاری حکومەت کە بۆ تەواوی کۆمەڵگە و کوردەکانیش وەک بەشێک لە کۆمەڵگەیە ڕووبەڕووی ئەم ستەمکارییە بوونەتەوە. لەگەڵ ئەوەی خەڵکی ناوچە کوردییەکان هەژار بوون، بەڵام حکومەت باجێکی زۆری خستبووە سەر شانیان. لەگەڵ ئەوەشدا سەعیدی نوورسی پێی وابووە دروستکردنی سوارەی حەمیدییە یەکێکی دیکەیە لەو ستەمکارییانەی کە دەوڵەت کردویەتی. چونکە سوارەی حەمیدییە دوژمنایەتی و دووبەرەکی لە نێوان کوردەکان خۆیان و کورد و ئەرمەنییەکان دروست کردووە[٥١]. جۆری دووەمی ستەمکاری بریتییە لە ستەمکاری دەزگا ئایدیۆلۆژییەکانی فیوداڵ و سەرکردەکانی ناو کورد. لە سەدەی نۆزدەدا بەشێک لە ئاغا و شێخان سوودیان لە نەزانی و جاهیلی خەڵکی وەرگرتووە و بەکاریان هێناوە. بەڵام ئەگەر شێخ و ئاغاکان سوودیان لە مەشروتیەت وەربگرتایە و لە سوودی میللەتدا بەکاریان بهێنایە، هەم خۆیان

هەم میللەتیش مەرحەمەت، عەدالەت و مەدەنیەتیان بە دەست دەهێنا[٥٢] . سەعیدی نوورسی پێی وابوو هۆی ئەوەی تاوەکو ئێستا مەشروتیەت نەهاتووەتە ناو کوردەکان بریتی بووە لە جەهالەت[٥٣]. هەربۆیە دەڵێت بۆ ئەوەی مەشروتیەت بێتە ناو کوردستان زەمینەیەکی ئامادە نییە، چونکە لەناو کوردەکاندا تەمبەڵی هەیە و لە هەزار کەس یەک کەسیش ڕۆژنامە ناخوێنێتەوە.[٥٤]

ئەنجام

سەعیدی نوورسی، یاخود سەعیدی کوردی یەکێکە لەو زانا و موفەسیرە گەورانەی کورد و جیهانی ئیسلامی کە لە ڕێگەی بەرهەمەکانییەوە کاریگەرییەکی گەورەی لە دوای خۆی بەجێهێشتووە. لەگەڵ ئەوەی لە زۆرێک لە بەرهەمەکانیدا ناوی سەعیدی کوردی بۆ خۆی داناوە، بەڵام لەلایەن تورکە ئیسلامی و چەپڕەوە کوردییەکانەوە هەوڵی داماڵینی کوردبوون و ئیسلامبوونی سەعیدی نوورسی دەدەن. بەگشتی ژیانی سەعیدی نوورسی بەسەر دوو سەردەمدا دابەش دەکرێت. سەردەمی سەعیدی کۆن لە سەرەتای لەدایکبوونییەوە تا ١٩١٨ و سەعیدی نوێ لە ١٩٢٣ەوە تاوەکو مردنی. لە سەردەمی سەعیدی کۆندا زیاتر خۆی بە بابەتە سیاسییەکانەوە خەریک کردووە و هەوڵی داوە لە ڕێگەی سیاسەتەوە کار بکات. بە واتایەکی دیکە سەردەمی سەعیدی کۆن سەردەمی ژیانی سیاسی سەعیدی نوورسییە. سەردەمی نوێی سەعیدی نوورسی، بریتییە لەو سەردەمی کە سەعیدی نوورسی وازی لە سیاسەت هێناو ویستی لە ڕێگەی پەروەردەکردنی قوتابییەکانییەوە کار لەسەر ئیمان و ڕزگارکردنی کۆمەڵگە بکات.

لە دوای مردنی سەعیدی نوورسی شەیدایان و قوتابییانی سەعیدی نوورسی بە نوورییەکان و دو اتروەکو بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی کارو چالاکییەکانیان ئەنجام دەدا

سەعیدی نوورسی پێوابووە پێویستە نوێکاری لە زانستە ئایینییەکاندا بکرێت. چونکە ئەگەر نوێکاری لە زانستە دینییەکاندا نەکرێت، ناتوانین لەگەڵ سەردەمی تازەدا بڕۆین. هەر لەبەر ئەم مەبەستە هەم خۆی کۆمەڵێک زانستی نوێی خوێند و هەم هەوڵی کردنەوەی زانکۆیەکی داوە بەناوی زانکۆی زەهرا لە ناوچە کوردییەکان، چونکە بڕوای وابووە تەنیا لەڕێگەی خوێندنەوە کۆمەڵگە پێش دەکەوێت. کوردەکانیش لە بواری پەروەردەوە زۆر دواکەوتوون و ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی زۆرێکیان ببن بە حەماڵ و لەلایەن سەرکردە و دەرەبەگ و دەوڵەتەوە بەکاربهێنرێن.

سەعیدی نوورسی لەگەڵ ئەوەی لە زۆرێک لە نووسینەکانیدا ناوی سەعیدی کوردی بەکارهێناوە، هەوڵێکی زۆری داوە بۆ ئەوەی کێشە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردی دیاری بکات و چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوە. بۆ ئەم مەبەستە ڕاگەیاندنی مەشروتیەتی بە دەرفەت زانی و لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی ئامۆژگاری و وریاکردنەوە و هەوڵی ئاگادارکردنەوە کوردەکانی داوە لەسەر دۆخی دەوڵەتی عوسمانی. لەگەڵ ئەوەشدا خۆی هەستاوە بەناو عەشیرەتە کوردییەکاندا گەڕاوە و لەگەڵ زۆرێک سەرکردەی عەشیرەتەکاندا چاوپێکەوتنی ئەنجام داوە.

(*) - ئەم کۆمەڵەیە لە شاری ئیستەمبوڵ و لە بەرواری ١٣ی نیسانی ١٩٠٩ لەلایەن دەروێش وەحیدەوە دامەزرا. زمانحاڵی کۆمەڵەکەش ڕۆژنامەی ڤۆڵکان بوو. کۆمەڵەکە زیاد لە بیست ئەندامی کارگێڕی هەبوو، کە سەعیدی نوورسی یەکێک بووە ل ئەندامانی کۆمەڵەکە. سەرەتا کۆمەڵەی موحەمەدییە وەکوو کۆمەڵەیەکی ئاینی دەرکەوت و دواتر گۆڕا و بوو بە گروپێکی سیاسی. هەربۆیە لە دوای ڕاگەیاندنی مەشروتییەت، سەرۆکی کۆمەڵەکە و دووان لە هاوکارەکانی، بەهۆی چەند تۆمەتێکەوە دەستگیر دەکرێت و لە ١٩ی تەموزی ١٩٠٩ لە سێدارە دەدرێت. سەرچاوە: (Azmi Özcan, İtihad-I Muhammed-I Cemiyeti, TDV İslam Ansiklopediyası, cilt, İstanbul.٢٣, ٢٠٠١).

(**) - خالید جبرانی کوڕی مەحمود بەیی سەرۆکی عەشیرەتی جوبرانییە و لە ساڵی ١٨٨٢ لە قەزای ڤارتۆی سەر بە پارێزگای موش لەدایک بووە. بەیەکەمین کوردێک دادەنرێت کە قوتابخانەی ئەرکانی حەربییە تەواو بکات و ببێت بە قوتابی پۆلی عەشیرەت لە قۆتابخانەی حەربییە. بەشداری شەڕی فەڵەستین و ڕوسیای کردووە و پلەی عەقیدی پێبەخشراوە. دوای تەواو بوونی جەنگی جیهانی یەکەم، هاتۆتەوە لە قەزای ڤارتۆ نیشتەجێبووە. بۆ مەسەلەی کورد و داهاتووی کوردەکان، چەندن هەوڵ و چاڵاکی ئەنجام داوە. دواتر پلەکەی لێوەردەگیرێتەوە و دێتە شاری ئەرزرۆم و لەگەڵ ٢٤ هاوڕێیدا کۆمیتەی ئیستیقبالی کوردیان درووستکرد. دوای ڕاپەڕینی کوردانی ئەرزرۆم، دەستگیردەکرێت و دەنێردرێت بۆ بیدلیس و لە بەرواری ١٥ی نیسانی ١٩٢٥ لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیدا لە سێدارە دەدرێت. سەرچاوە: (https://www.indyturk.com/node/٤٠٥٩٢٦/demir%CC%t%BCrki%yeden-sesler-٨٧-٣)

پەراوێزەکان:

١ - حبیب محمد سعید، ژیاننامەی بدیع الزمان سەعیدی نوورسی، چاپی دووەم، چاپخانەی کتێبخانەی سۆز، ساڵی ٢٠١٢، هەولێر، ل٩.

1- Abdülkadir Menek, Kürt meselesi ve Said Nursi, Nesil Basım ve Yayın, 2013, s93.

2 - Risale-i Nur Müellifi, Cihan Neşriyat ve Matbaacılık, Bediüzzaman, Said Nursi Tarihçe-i Hayatı, 1995, İstanbul, s30.

3- Erdal AYDIN, Bediüzzaman Said Nursi'nin siyasete yaklaşımının

17 - Murat SARICIK, Bediüzzaman Said Nursi'nin Osmanlı Döneminde bir adı neden Said-i Kürdi?, EkevAkademi Dergisi Yıl: 21 Sayı: 72 (Güz 2017),s163-164.
18- Erdal Aydın, Bediüzzaman Said Nursi'nin eserlerinde din-siyaset ilişkisine dair bir inceleme, önceki kaynak, sS322.
19- Mehmet KAPLAN, D ini gruplar ve çatışmaŞ Said Nursi ve Nurculuk örneği, yüksek lisans, Süleman Demirel Üniversitesi, İsparta, 2017,s23.
20- Aydin ÜNEŞİ ve M. Zahir ERTEKİN, Çend Nimûne ji Çanda Gelêrî ya Kurdî di Berhemên Seîdê Nûrsî da, Kovara Kurdinameyê ya Navnetewî, Jimar: 10 Nîsan 2024, s125
21 - Aynı kaynak, s126. Alparslan Açıkgenç, Said Nursi, önceki kaynak, s 570.
22 - İshak Torun ve Hakan Köni, Said-i Nursi'nin düşünce ve tutumunda islamcılık, miliyetçilik ve muhafazakarlık, s223-229. Alparslan Açıkgenç, önceki kaynak, s 570. Mehmet Kaplan, Dini gruplar ve çatışma: Said Nursi ve Nurculuk örneği, yüksek lisans tezi, Süleymen Demiral Üniversitesi, İsparta, 2017, s85.
23- Alparslan Açıkgenç, önceki kaynak, s 570.
24- Mehmet Kaplan, önceki kaynak, s85-103.
25 - Alparslan Açıkgenç, önceki kaynak, s 571.
26 - Mehmet Kaplan, Dini gruplar ve çatışma: Said Nursi ve Nurculuk örneği, değerlendirmesi, Ekev Akademi dergisi, Yıl: 22 Sayı: 74 (Bahar 2018), s61. Abdülkadir Menek, Kürt meselesi ve Said Nursi, önceki kaynak, s.103
3- Alparslan Açıkgenç, Said Nursi, TDV İslam Ansiklopedisi, 35.cilt, 2018, Ankara, s 565.
٤- حبيب محمد سعيد، ژياننامەی بديع الزمان سەعيدی نوورسی، سەرچاوە پێشوو، ل٥٩.
5- Alparslan Açıkgenç, önceki kaynak, s 565.
6- Abdülkadir Menek, Kürt meselesi ve Said Nursi, önceki kaynak, s99.
7- Alparslan Açıkgenç, önceki kaynak, s 565.
8- Hakan Kaya, Said-i Kürdi ile Kürt Aristokrasisinin Meşrutiyeti Algılama Biçimleri, Muhakemat Uluslararası Risale-i Nur Araştırmaları Dergisi 3, Aralık 2023,s74.
9- Alparslan Açıkgenç, önceki kaynak, s 566.
10 - Aynı kaynak, s 566.
11 - Maksut ÇETİN, Bir Müspet Hareket Olarak Said Nursi'nin Siyasî Tutumu, Gaziantep University Journal of Social Sciences 2021 20(4), s1548.
12 - Maksut ÇETİN, önceki kaynak, s1546.
13 - Alparslan Açıkgenç, önceki kaynak, s 566.
14 - Aynı kaynak, s 567.
15 - Erdal Aydın, Bediüzzaman Said Nursi'nin eserlerinde din-siyaset ilişkisine dair bir inceleme, önceki kaynak, s119.
16 - Alparslan Açıkgenç, önceki kaynak, s 569.

Biçimleri, önceki kaynak,s81
39 - Aynı kaynak,s83
40 - Aynı Kaynak,s85
41- Alparslan Açıkgenç, Said Nursi, önceki kaynak, s 565.
42 - Hakan Kaya, önceki kaynak,s74.
43- Nevzat Eminoğlu, Bediüzzaman'dan yüz yıllık Kürt manifestosu, Independent Türkçe, 12 Şubat 2021. https://www.indyturk.com/node/314436/t%C3%BCrki%CC%87yeden-sesler/bedi%C3%BCzzamandan-y%C3%BCz-y%C4%B1ll%C4%B1k-k%C3%BCrt-manifestosu. 4.6.2024.
44- Hakan Kaya, önceki kaynak,s74.
45- Aynı kaynak,s75
46- Erdal AYDIN, Bediüzzaman Said Nursi'nin siyasete yaklaşımının değerlendirmesi, önceki kaynak, s58. Abdülkadir Menek, Kürt meselesi ve Said Nursi, önceki kaynak, s154.
47- Hakan Kaya, Said-i Kürdi ile Kürt Aristokrasisinin Meşrutiyeti Algılama Biçimleri, önceki kaynak,s74.
48- Nevzat Eminoğlu, Bediüzzaman'dan yüz yıllık Kürt manifestosu, önceki kaynak, 4.6.2024.
49- Hakan Kaya, önceki kaynak,s78
50- Aynı kaynak,s79
51- Aynı kaynak,s80
52- Nevzat Eminoğlu, Bediüzzaman'dan
53-yüz yıllık Kürt manifestosu, önceki
54-kaynak, 4.6.2024.
önceki kaynak, s86.
27 - Alparslan Açıkgenç, önceki kaynak, s 572.
28- Aynı kaynak, s 569.
29 - Ahmet Yavuz ÇAMLI, Max Weber ve Bediüzzaman Said Nursi'de Ekonomik Gelişme-Din İlişkisi, İktisat Sayısı, Yıl:2017 Sayı:3, s93
30 - Alparslan Açıkgenç, önceki kaynak, s 569.
31 - Şerif Mardin, Bediüzzaman Said Nursi Olayı/Modern Türkiye'de Din ve Toplumsal Değişim, İletişim Yayınları, 19.baskı, 2015, İstanbul, s88-99.
32 - Hakan Kaya, Said-i Kürdi ile Kürt Aristokrasisinin Meşrutiyeti Algılama Biçimleri, önceki kaynak,2023,s
33- Alparslan Açıkgenç, Said Nursi, önceki kaynak, s 569.
34- Aydin ÜNEŞİ ve M. Zahir ERTEKİN, Çend Nimûne ji Çanda Gelêrî ya Kurdî di Berhemên Seîdê Nûrsî da, önceki kaynak, s124
35 - Abdülkadir Menek, Kürt meselesi ve Said Nursi, önceki kaynak, s175.
36- Altan Tan, Said-i Nursi'yi Kürtlükten soyutlamak, Independent Türkçe, 26 Ocak 2024. https://www.indyturk.com/node/693241/t%C3%BCrki%CC%87yeden-sesler/said-i-nursiyi-k%C3%BCrtl%C3%BCkten-soyutlamak. 4.6.2024.
37 - Erdal AYDIN, Bediüzzaman Said Nursi'nin siyasete yaklaşımının değerlendirmesi, Ekev Akademi dergisi, Yıl: 22 Sayı: 74 (Bahar 2018), s61.
38 - Hakan Kaya, Said-i Kürdi ile Kürt Aristokrasisinin Meşrutiyeti Algılama



ڕانانی کتێب

ئایینناسی



فرەیی سیاسی لە دەوڵەتی ئیسلامیدا

ڕانانی: ئلیاس تاهیر

نووسەری ئەم پەررتووکە (د. سەلاح ئەلساوی)یە کە ساڵی ١٩٥٤ لە میسر لە دایک بووە و کۆلێژی یاسا و شەریعەتی لە زانکۆی ئەزهەر تەواو کردووە لە ساڵی (١٩٥٧)وە لە هەمان کۆلێژ و زانکۆ خوێندنی ماستەر و دکتۆرای بە پلەی باڵا تەواو کردووە، لەگەڵ ئەم پەرتووکەدا بیست و شەش پەرتووکی تری چاپکراوی هەیە، لە نووسینەکانیدا گرنگی زۆری داوە بە لێکۆڵینەوە و تێڕوانینی قووڵ لە یاسا و شەریعەت و دەوڵەت لە ئیسلامدا.

نووسەر زۆر هەوڵی ئەوەی داوە کە ئایینی ئیسلام وەک بەرنامە و فەلسەفەیەکی گشتی و گونجاو بۆ ژیان بناسێنێت و میانڕەوی و ناوەندبوون لە فیکر و نووسینەکانیدا بە ئاشکرا بەدی دەکرێت.

پەرتووکی فرەلایەنی سیاسی لە دەوڵەتی ئیسلامیدا یەکێکە لە بەرهەمەکانی نووسەر کە تێیدا زۆر بە وردی باسی فرە لایەنی، یاخود جیاوازی بیر و بۆچوونی سیاسی لە

ئیسلامدا کردووە و هەڵسەنگاندنی بۆ بیروڕا جیاوازەکانی ئەم بابەتە کردووە.
نووسەر ئەم پەرتووکەی دابەش کردووە بۆ پێشەکی و سێ بەشی سەرەکی و دەرەنجام.
لە بەشی یەکەمیدا باسی فرەلایەنی سیاسی کراوە لەسەر ئاستی عالمانیەت (وەک نووسەر بەکاری هێناوە)، لە بەشی دووەمدا فرە لایەنی سیاسی لەسەر ئاستی فیکری ئیسلامی و لە بەشی سێیەمدا باسی فرەیی سیاسی کراوە لە پێش دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی و پاشان بە دەرەنجامێک کۆتایی بەم پەرتووکەی هێناوە.
نووسەر پێشەکی ئەم پەرتووکەی دەست پێ کردووە بە پرسیارێک، کە ئایا تیۆرەکانی ئایینی ئیسلام جێگای فرەلایەنی سیاسی بە تایبەت هەبوونی پارتی سیاسی جیاوازی تێدا دەبێتەوە و ڕێگەی پێدراوە؟ نووسەر ئەم پرسیارەی کردووەتە سەرچاوەی دانان و داڕشتنی تیۆری سەرەکی پەرتووکەکەی کە بە گشتی بۆ وەڵامی ئەم پرسیارەی تەرخان کردووە، لەسەر ئەم پرسیارە هەوڵی دۆزینەوەی وەڵامێکی داوە کە بتوانێت دەربڕینی ڕاستەقینەی فەلسەفە و فیکری ئیسلامی بێت سەبارەت فرە لایەنی سیاسی، نووسەر دوو خاڵی گرنگی لە پیشەکیدا چەسپاندووە، یەکەمیان: ئەم پەرتووکە زادەی بیر و تێڕوانین و لێکدانەوەی نووسەر خۆیەتی و بە تەنیا ڕاست و هەڵەی بۆ ئەم دەگەڕێتەوە، دووەمیان هەرچی باس و بابەتی تریش باس کرابێت نزیکیان دوور لە بابەتی سەرەکی تەنیا بۆ ڕوونکردنەوە و تێگەیشتنی زیاترە لە بابەتەکە.

بەشی یەکەم

فرەلایەنی لەسەر ئاستی جیهانی

سەرەتای ئەم بەشە بە پێناسەی پارتی سیاسی دەست پێ دەکات، کە پارتی سیاسی بریتییە لە کۆمەڵێکی یەکگرتوو لە خەڵک کار دەکات بە هەموو ڕێگا جیاوازەکانی دیموکراسی بۆ گەیشتن بە دەسەڵات بە مەبەستی جێبەجێکردنی بەرنامەیەکی سیاسی دیاری کراو. بەڵام نووسەر لێرەدا پارتی سیاسی تەنیا بەستووەتەوە بە دیموکراسی، کە بێگومان زۆرێك لە پارتە سیاسییەکانی ئێستای جیهان بە تایبەت هەندێک لە وڵاتانی ڕۆژهەڵات لە سیستمی دیموکراسی دوور کەوتوونەتەوە و دواتر باسی جۆرەکانی پارتە سیاسییەکانی کردووە و کردویەتی بە دوو بەشەوە.
یەکەم: پارتە گشتییەکان کە یەك ئایدیا و بەرنامەی دیاریکراویان هەیە و هەمووان ملکەچی ئەو بەرنامەیەن.
دووەم: پارتە بەشییەکان (جزئی) کە کاریان زیاتر هەڵبژاردنی بابەتێك، یان ڕووداوێکە و کار بۆ بەدەستهێنانی دەکەن.
پاشان نووسەر باسێکی کورتی لە دروستبوونی پارتە سیاسییەکان کردووە،

کە ئاماژەی بەوە داوە کە دروستبوونی پارتی سیاسی لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ هزری ئەورووپی کە پاش هەموو ئەو زوڵم و ستەمەی لە سەدەکانی ڕابردوودا ڕوویان داوە کەسانێکی بیرمەند و ڕۆشنفکر هەوڵیان دا و دەوڵەت دروست بوو و بووە خاوەن سەروەری و یاسا، لێرەشەوە ڕێگە والا بوو بۆ دروستبوونی دیموکراسی و دەستاودەستی دەسەڵات، کە سروشتییە دواتر پارتی سیاسی دروست بن بۆ بەڕێوەبردنی ئەم پرۆسەیە.

لەبەر ئەوەی دیموکراسی بووەتە سەرچاوەی بەڕێوەبردنی پارتی سیاسی و پاشان سیستمەکانی دەسەڵات، نووسەر باسێکی لەسەر بنەما و بنەڕەتی بیری سیستمە دیموکراسییەکان کردووە کە ئاماژەی داوە بە دیموکراسی نیمچە ڕاستەوخۆ وەك کۆتا شێوازی دیموکراسی کە هەڵبژاردن و پەرلەمانی لێ پێکهاتووە و بنەمای سەرەکی ئەم جۆرەی دیموکراسی بە دوو بنەما دیاری کردووە کە ئەوانیش:

سەروەری نەتەوە و بنەمای مەشروعیەتی دەسەڵاتە. لە یەکەمیاندا دەسەڵاتی تەواو بۆ میللەتە، کە نووسەر ڕەخنە لەم بنەمایە دەگرێت و پێی وایە دەسەڵاتی ڕەها و و تەواو تەنیا بۆ خوای گەورەیە، واتە ئەمە پێچەوانەی ئایینی ئیسلامە، بەڵام نووسەر ئاماژەی بەوە نەکردووە کە لە لێکدانەوەی بیر و هزری دیموکراسیدا باسێك بۆ دژایەتی ئایین، یان خوا نییە، بەڵکو گەل دەتوانێت نوێنەرانی دیاری بکات بۆ ئەوەی کاروباری وڵات بەڕێوەبەرن و هزر و فکری گشتی گەل بەرجەستە بکەن.

هەروەها نووسەر گفتوگۆی لە سەر چەند بنەمایەکی تری دیموکراسی کردووە، لەوانە کە سیستمی دیموکراسی جیاوازی نێوان هاووڵاتییان ناکات و هەمووان مافی دەنگدانیان هەیە، کە نابێت وابێت، بەڵام جارێکی تر نووسەر کەوتەوە هەڵەی ئەوەی هەمووان بە هەموو ئاست و ڕۆشنبیری جیاوازیانەوە مافی بەشداریان لە دیاریکردنی بەڕێوەبەرانی وڵات هەیە. لە هەمان کاتدا نووسەر باس لە تایبەتمەندییەکانی دیموکراسی نوێنەرایەتی دەکات و لە سێ تایبەتمەندیدا کۆیان دەکاتەوە کە بریتین لە:

١-لە بوونی پەرلەمانێکی هەڵبژێدراو بۆ ماوەیەکی دیاری کراو.

٢-هەروەها ئەندامانی پەرلەمان نوێنەرانی هەموو میللەت دەکات نەوەك تەنیا ئەو بازنەیەی تێیدا هەڵیبژاردراوە.

٣-کۆتا تایبەتمەندیش بریتییە لە سەربەخۆبوونی پەرلەمان لە خەڵك و تەنیا یەك ڕۆژ هەڵبژاردنی ئەندامانە و هاووڵاتییان مافی سیاسی خۆیان بەرجەستە دەکەن و دواتر ماوەی تەمەنی پەرلەمان هیچ ڕێگایەکی تری نییە بۆ ئەو مافانە.

بەڵام نووسەر هەموو ئەم گفتوگۆ و بابەتە زانستیانەی بەجێ هێشتووە کە لەسەر

بنەما یاسایی و سیاسییەکانی دیموکراسی کراون بە درێژایی کات هەتا سەردەمی ئێستا دروستبوون و جێگیربوون وەك سیستمێك بۆ دەسەڵات.

هەرچەندە دواتر نووسەر باسی لایەنە باشەکانی دیموکراسی دەکات بە دووخاڵی سەرەکی دیاری دەکات کە یەکەمیان ڕێگری لە دیکتاتۆری و ستەمە. دووەمیان باش بەکارهێنانی دەسەڵاتە.

پاشان نووسەر جارێکی تر بە ڕوونی بە چەند خاڵێك کەموکوڕییەکانی دیموکراسی خستووەتەڕوو کە بریتین لە:

١- ڕاست نەبوونی نوێنەرایەتی گشتی:

لێرەدا نووسەر گرنگی بەوە داوە کە لە کاتی هەڵبژاردندا کۆمەڵێك لە هاووڵاتیان دەنگ نادەن کە ژمارەیان کەم نییە و پاشان بۆ تێپەڕاندنی یاسا بە زۆری یاساکان پێویستی بە (٥٠ + ١) دەنگەکانە کە دەکاتە نیوەی ئەندامانی پەرلەمان و بە کۆی گشتی بۆ هەر یاسایەك کەمتر لە ٤٠٪ی هاووڵاتیان دەگرێتەوە و ئەمەش وەك کەموکوڕی دیموکراسی سەیر دەکرێت.

لێرەشدا بەلایەنی کەم نووسەر ئەوەی لە بیرکردووە کە لە فکری مرۆڤایەتیدا باشترین چارەسەرە بۆ نوێنەراتی هاووڵاتیان لە دەسەڵات.

٢- بەهێزبوونی پارتی سیاسی:

نووسەر لێرەدا ئاماژە بەوە دەکات کە لە سیستمی دیموکراسیدا بە هۆی هەبوونی پارتی سیاسی جۆراوجۆر کێشەی دووبەرەکی و ڕق و کینە و جیاوازی لە نێوان هاووڵاتیان دروست دەبێت و لەم دژایەتییەدا بەرژەوەندی تایبەت پێش بەرژەوەندی گشتی دەکەوێت.

بەڵام دەبێت ئەوەمان بیر نەچێت کە هەبوونی پارتی سیاسی خاوەن بەرنامەی جیاواز هۆکارە بۆ دروستبوونی ململانێی دروست بۆ تێگەیاندن و پێگەیاندنی ڕۆشنبیری گشتی هاووڵاتیان.

لە پاش ئەم کورتە باسە نووسەر دەست دەکات بە باسکردنی هۆکارەکانی پاڵپشت و دژ سەبارەت بە فرەلایەنی سیاسی.

هۆکارەکانی پاڵپشت بۆ فرەلایەنی سیاسی بە دیدی نووسەر لە چوار هۆکاری سەرەکیدا کۆ دەبنەوە کە بریتین لە:

١- پارتە سیاسییەکان دەبنە هۆکاری زیاتر قووڵکردنەوەی دیموکراسی و بەرجەستەکردنی ئازادی و مافەکانی هاووڵاتیان.

٢- پارتە سیاسییەکان هۆکاری پێگەیاندن و بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان هاووڵاتیان و دەسەڵاتدارانن.

٣- پارتە سیاسییەکان هۆکاری گەورە و گرنگی پاراستنی ئارامی سیاسی و جێگیری دەسەڵاتی سیاسین لە وڵاتدا.

٤- پارتی سیاسی هۆکارە بۆ جووڵاندن و ئاڕاستەکردنی ڕای گشتی لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا.

لە هەمان کاتدا هەبوونی فرەلایەنی سیاسی کەموکوڕی و گرفتی زۆری هەیە، وەك:

١- تێکچوونی یەکرەنگی میللەت بە هۆی کێشە و ململانێی پارتە سیاسییەکان.
٢- کەمکردنەوەی هێزی دەوڵەت و لاوازکردنی بە هۆی ئەو دابەشکاریەی دروست دەبێت لە نێوان پارتە سیاسییەکان.
٣- دروستبوونی چەقبەستوویی سیاسی و ئاڵوگۆڕی دەسەڵات تەنیا لە نێوان دوو پارت یان زیاتر.
بەڵام لێرەدا جارێکی تر دەبێت هەڵوێستەیەك بکەین کە نووسەر ڕەخنە و کەموکوڕییەکانی دیموکراسی بە ڕەهایی باس کردووە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوانە ڕێژەیین و لە هەندێک جۆری دیموکراسی پێرەوکراودا بوونیان هەیە.

نووسەر لێرەدا پارتی سیاسی تەنیا بەستووەتەوە بە دیموکراسی، کە بێگومان زۆرێك لە پارتە سیاسییەکانی ئێستای جیهان بە تایبەت هەندێک لە وڵاتانی ڕۆژهەڵات لە سیستمی دیموکراسی دوورکەوتوونەتەوە

بەشی دووەم
فرەلایەنی سیاسی لەسەر ئاستی ئیسلامی

بۆ ئەوەی باشتر لە باسی فرەلایەنی سیاسی لە ئیسلام دا تێبگەین پێویستە شیکردنەوە بۆ هەندێک بنەمای گرنگی بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی سیاسی بکەین لە ئیسلامدا کە دەبنە سەرچاوە و بەهای گشتی سیستمی سیاسی ئیسلامی.

باسی یەکەم
بنەما گشتییەکانی سیاسەتی دەسەڵات لە ئیسلامدا

ئایینی ئیسلام چەند بنەمایەکی گشتی وەک و ڕێگا و ڕێباز دیاری کردووە بۆ سیستمی حوکم کە ئەمانەن :
١- سەروەری بۆ شەریعەت: لێرەدا نووسەر جەختی لەسەر ڕێنمایی و یاسا دامەزراوەکانی ئایینی ئیسلامی کردووەتەوە وەک سەرچاوەی سەرەکی و بێ دوو دڵی بۆ سیاسەت و دەسەڵاتداری کە بۆ ئەم خاڵە چەندین ئایەت و فەرموودەی وەک بەڵگە هێناوەتەوە و نابێت لە غەیری ئایینی ئیسلام هیچ ڕێباز و فیکرێکی تر ببێتە سەرچاوەی دەسەڵاتی یاسادانان.
٢- دەسەڵات بۆ گەل: نووسەر لەم خاڵەدا گرنگی داوە بە جیاکردنەوەی سەرچاوەی دەسەڵات کە بۆ شەریعەتە و سەرچاوەی سیستمی سیاسی کە هاووڵاتییان لە دەوڵەتی ئیسلامیدا دروستی دەکەن و مافی چاودێری و لێپرسینەوەیان هەیە.
٣- سەربەخۆیی دادوەری: دادوەری دادگاکان لە دەوڵەتی ئیسلامیدا سەربەخۆیە و دەسەڵاتداران ناتوانن بە هیچ شێوەیەک دەستوەردان بکەن.
٤- پاراستنی ماف و ئازادییەکان: یەکێکی تر لە بنەماکانی دەسەڵاتی سیاسی لە

ئیسلامدا کە بە هەمان شێوە یەکێکە لە مەبەستە سەرەکییەکانی ئایینی ئیسلام بریتییە لە پاراستنی ماف و ئازادییەکانی تاک تاکی هاووڵاتییان و دروستکردنی بەربەست لە بەردەم دەسەڵاتداران کە ناتوانن بە ئاسانی ئەم ماف و ئازادیانە لە هاووڵاتییان بسەننەوە یاخود پێشێلی بکەن.

٥- حسبە: بریتییە لە فەرمان کردن بە چاکە و ڕێگریکردن لە خراپە لە هەموو ئاستەکانی دەوڵەتی ئیسلامیدا بەڵام دوو لایەنی زۆر گرنگ هەیە لەم بابەتە یەکەمیان فەرمانکردن بە چاکە و ڕێگری لە خراپە لە ئیسلامدا تەنیا لە هەڵسوکەوتدایە بابەتی نادیار و تایبەتی کەسەکان ناگرێتەوە دووەمیان نابێت ئەو بابەتانەی کە بۆ خۆی جێگای ڕا و بۆچوونی جیاوازە بخرێتە نێو ئەم کارە بۆ ئەوەی بیر و بۆچوونی جیاواز و لێکدانەوەی نوێ بۆ یاساکان و فەرمانەکانیش هەبێت.

٦- ڕاوێژکردن (شوورا): دەبێت سیستمی ئیسلامی لە سەر بنەمای ڕاوێژ و پرس و ڕای گشتی دروست بێت و ڕێزگرتن و بۆچوونی هاووڵاتییان بەشێکی گرنگی دەسەڵاتە لێرەشدا تێبینی ئەوە دەکەین کە ئەم خاڵە لەگەڵ بابەتی هەڵبژاردن یەک دەگرنەوە و هەمان ڕێگایە لە سیستمی سیاسییە جیاوازەکاندا.

پاش ئەم باسە نووسەر چووەتە سەر باسێکی گرنگ و هەستیار لە ئیسلامدا بە تایبەت بەشی سیاسەت و دەسەڵات کە ئەویش چەسپاو و گۆڕاوە لە سیاسەتی ئیسلامیدا لەبەر ئەوە شەریعەتی ئیسلام بۆ هەموو کات و سەردەمەکانیشە بنەما گشتییەکانی دابەش بە سەر بنەما گۆڕاوەکان کە بە حوکمی کات و شوێن دەگۆڕدرێن بنەما چەسپاوەکان کە نابێت دەستکاریی بکرێت گۆڕانکاری تێدا بکرێت بەڵام گۆڕاوەکان بە ژیریی مرۆڤەکان و زانستی سەردەم و پێداویستی ڕۆژانەی هاووڵاتییان دیاری دەکرێت.

باسی دووەم

فرەلایەنی سیاسی لە تەرازووی شەریعەتی ئیسلامیدا

پرسیار لێرە دا ئەوەیە ئایا لە ئیسلامدا جێگایەک هەیە بۆ فرەلایەنی و ئایا ئەم فرەلایەنە چۆنە و مەرجەکانی چین؟ نووسەر لە وەڵامی ئەم پرسیارانەدا سێ ئاڕاستەی دیاری کردووە بەم شێوەیە :

ئاڕاستەی یەکەم: دژایەتیکردنی هەبوونی فرەلایەنی:

لایەنگرانی ئەم تیۆرە پێیان وایە کە لە شەریعەتی ئیسلامدا هیچ جێگایەک بۆ فرەلایەنی سیاسی نییە و بۆ ئەمەش پشت بەم بەڵگانەی لای خوارەوە دەبەستن:

١- لە قورئان و فەرموودەدا باسی پارتی سیاسی نەکراوە و ناکرێت لێکدانەوە و شیکردنەوەشی بۆ بکرێت.

٢- لە ئایینی ئیسلامدا ڕێگری کراوە لە جیاکاری و زۆر گرنگی دراوە بە یەکڕیزی و

کۆکبوون و یەک دەنگی.
٣- پشتگیری و دژایەتی هاووڵاتیان تەنیا بۆ ئیسلامە و نابێت بەش بەش بکرێت.
٤- لە ئایینی ئیسلامدا بەڵگە هەیە لەسەر ئەوەی کە نابێت هیچ کەس خۆی داوای دەسەڵات بکات.
٥- باسکردنی خودی مرۆڤەکان و ڕێکلام کردن و پێ هەڵدان بە خۆیانەوە و شکاندنی بەرامبەر لە ئایینی ئیسلامدا ڕێگە پێنەدراوە.
٦- نەبوونی پێشینەی لەم جۆرە لە کاری ئیسلامیدا، هەروەها دژایەتی نەکردنی دەسەڵاتداران و دەرنەچوون لە فەرمانیان کە ئەمانە لەگەڵ سیستمی فرەلایەنی یەک ناگرێتەوە.

نووسەر باسێکی لەسەر بنەما و بنەڕەتی بیری سیستمە دیموکراسییەکان کردووە کە ئاماژەی داوە بە دیموکراسی نیمچە ڕاستەوخۆوەك کۆتا شێوازی دیموکراسی کە هەڵبژاردن و پەرلەمانی لێ پێکهاتووە

بە شێوەیەکی گشتی ئەگەر سەیری ئەم بەڵگانە بکەین دەبینین کە هەموو بەڵگانە ڕێژەیین و بەڵگەی بنچینەییشیان تێدا نییە و جێگای تێڕوانینی جیاوازن و هیچ کام لەم بەڵگانە ناتوانێت بکرێتە سەرچاوەی بڕیاردان.

نووسەر گفتوگۆی لەسەر ئەم خاڵانەش کردووە لە دەرەنجامدا گەیشتووەتە ئەوەی کە نابێت بکرێنە بنەما و سەرچاوەی دەسەڵاتی سیاسی و بەڕێوەبردنی وڵات بۆ ئەم مەبەستە کۆمەڵێک بەڵگەی زۆری باس کردووە لە قورئان و فەرموودە و وتەی زانایان و ناودارانی ئایینی ئیسلام لە ڕابردوو ئێستا دا.

نووسەر زیاتر وا دەردەکەوێت کە لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا نییە بەڵام ئەوەی کە زۆر گرنگ بێت ئەوەیە ئەگەر دانانی دەسەڵاتداران و لە ناویشیاندا خەلیفە بە گرێبەست بێت و بۆ خزمەت بێت بۆی نەبێت لە شەریعەت لا بدات و ئەم گرێبەستە لایەنێکی سەرەکی میللەت بێت ، کەواتە دەتوانێت کاتی بۆ دیاری بکات، یاخود هەر کات پێویستی کرد هەڵوەشاندنەوە و گۆڕانکاری تێدا بکات ئەمەش لەگەڵ بنەما و فەلسەفە و فیکری ئیسلامی لە لایەک و ژیری مرۆڤ لە لایەکی تر یەک دەگرێتەوە دژایەتی نییە.

ئاڕاستەی دووەم: ئاڕاستەی پشتگیری لە فرەلایەنی سیاسی لە ئیسلامدا :

نووسەر سەرەتا بەوە دەست پێ دەکات کە لە کاتی ئێستا ئەم بۆچوونە زاڵە و زیاتر لایەنگر و پشتگیری هەیە لە نێوان زانایان و بیرمەندان و بۆ ئەمەش زۆرێک بەڵگە و بابەتی ڕوونکردنەوەیان بە

دەستەوەیە کە خۆی لە چەند پایەیەکدا دەبینێتەوە بەم شێوەیە :

یەکەم : سیاسەتی شەرعی : ئەگەر سیاسەتکردن لە ئیسلامدا بۆ ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی کاروباری گشتیی موسڵمانان بێت بە مەبەستی بەدەستهێنانی بەرژەوەندی و دوور خستنەوەی زیان لە کۆمەڵگادا و لەبەر ئەوەی سوود و بەرژەوەندی گشتی و ورد و درشتی ڕووداو و باس و کارەکانی ژیانی تاک بە تاکی کۆمەڵگە دەگرێتەوە، ئەمانەش لە نوێبوونەوە و گۆڕانکاریدان بێگومان پێویستی بە چاودێری و بیرکردنەوە هەیە کە دەبێت گشتی بێت، هەروەها لەبەر ئەوە لەم سەردەمەدا پێچەوانەی سەردەمانی ڕابردوو خیانەت و خراپە و گەندەڵی دەستوەردانی دەرەکی زۆر بووە پێویستە وردتر دەسەڵاتداری بکرێت و بۆ ئەمانەش بوونی پارتی سیاسی جیاواز و بۆچوونی جیاواز دەبێتە پێویستی.

دووەم: لە بنەڕەتدا بابەتی گرێبەست و مامەڵەکان لە ئیسلامدا هەموو ڕێگە هەمووی ڕێگە پێ دراوە تەنیا شتانێک نەبێت کە دەقی لەسەر هاتبێت و ڕێگری لێ کرابێت: بابەتی سیاسەتکردن و بەڕێوەبردنی دەسەڵات لە بابەتە کراوەکانە لە ئایینی ئیسلامدا و بەو پێیەی دەتوانرێت بیر و بۆچوونی جیاواز هەڵبگرێت و زۆرێک لە زانایان لەسەر ئەم بۆچوونەن و لە پێشەنگیان شێخ الاسلام إبن تەیمیە.

سێیەم : هەر بابەتێک واجبێکی شەرعی پێ بهێنرێتە دی خۆشی واجبە: لە ئایینی ئیسلامدا دامەزراندنی دەوڵەت و جێبەجێکردنی شەریعەت واجبە، بێگومان ئەم کارەش ئەنجام نادرێت هەتا کۆمەڵێک ڕێکاری نەبێت لە پێش هەموویانەوە هەبوونی فرەلایەنییە بۆ دەستکەوتنی دەسەڵات و نوێنەرانی میللەت.

بە نموونەوە هەر وەکوو پێشتر باسمان کرد (شوورا) ڕاوێژ بنەمایەکی گرنگی پێویستی ئیسلامە بۆ دیاریکردنی ئەندامانی ئەنجومەنی شوورا دەبێت جێ بە جێ بکرێت ؟ یاخود چۆن چاودێری دەسەڵاتی سیاسی بکرێت ؟

چوارەم : ڕێسایەکی فیقهیمان هەیە کە سەیری هەموو بڕیارو بابەتێک دەکرێت بە دەرەنجامەکەی: واتا سوود یاخود زیانی ئەم بابەتە چییە؟ بێگومان بۆ بەدەستهێنانی بەژەوەندی گشتی و پاراستنی ماف و ئازادییەکانی تاك زۆر پێویستە بۆچوونی جیاواز و ململانێ هەبێت کە خۆی لە فرەلایەنیدا دەبینێتەوە.

پێنجەم : هەبوونی پێشینە لەم شێوەیە لە مێژووی ئیسلامیدا: وەك نووسەر ئاماژەی بۆ کردووە لە سەردەمی جێنشینەکاندا هەر لە دیاریکردنی خەلیفەی یەکەم هەتا چوارەم بۆچوونی جیاواز و گرووپی دژ بە یەك لە بۆچوونەکان بە ئاشکرا بەدي دەکرێت و

بوونی هەبووە و وەك حاڵەتێکی ئاسایی سەیر کراوە.

شەشەم: جێگرەوەکانی سەردەم: لە سەردەمی ئێستادا هەندێک سیستمی سیاسی دروست بووە کە زوڵم و ستەم لە میللەت دەکەن و گەندەڵییەکی بە فراوانیان دروست کردووە بوونەتە هۆکاری گرفتی زۆری کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی... هتد بۆ بۆ ڕزگار بوون لەم سیستمانە و گێڕانەوەی دەسەڵات بۆ میللەت دەبێت پارتی سیاسی هەبن کە هەوڵی بەدەستهێنانی دەسەڵات بدەن و ململانێ دروست بکەن ئەمەش بە هۆکارێکی گرنگ و ئامرازێکی گونجاوی سەردەم ئەژمار دەکرێت و شەریعەتیش بۆ هەمان مەبەست و ئامانجە و ڕێگرە لە بەردەم دەسەڵاتی تاکلایەنی.

بەم شێوەیە بۆمان دەردەکەوێت ئاڕاستەی دووەم کە پشتگیرە بۆ هەبوونی فرەلایەنی سیاسی لە دەوڵەتی ئیسلامیدا ڕەها نییە و بە مەرج ئەم پشتگیرییەی قبووڵ کردووە کە ئەویش بە گەڕانەوەی تەواو بۆ بنەما شەرعییەکان و پەیوەست بوون بە دەقەکانی قورئان و فەرموودە، دەبێت کاری سیاسی و جیاوازییەکان ڕێک بخرێت و بۆ هەر ڕووداوێک باسێکی سەربەخۆی خۆی دەوێت.

ئاڕاستەی سێیەم : ئاڕاستەی پاڵپشتی ڕەها لە فرەلایەنی سیاسیی ئیسلامدا:

ئەم ئاڕاستەیە پشتگیری ڕەهای بۆ هەبوونی فرەلایەنی سیاسی هەیە و پێ وایە نابێت تەنیا سەروەری شەریعەت لێک بدرێتەوە دەتوانرێت دەرگایەکی کراوە بێت بۆ هەر دوو لایەنی ئیسلامی و پارتە سیاسییەکانی خاوەن بیر و باوەڕی جیاوازی وەک لیبراڵی و شیوعی و... هتد وەک نووسەر ئاماژەی بۆ دەکات نموونە تازەی سەردەمیش بۆ ئەم ئاڕاستەیە بریتییە لە بزووتنەوەی ئیسلامی لە تونس یەکێک لە بەڵگەکە گرنگەکانی ئەم ئاڕاستەیە ئەوەیە کە چۆن خیلافەتی ئیسلامی و تەنانەت لە سەردەمی مەدینەشدا توانراوە جێگایەك بۆ مەجوسەکان هەبن کە ئاگر بەرستن یاخود ئەوانەی بتیان پەرستووە، ئەمە جگە لە گاورو جوولەکەش، ئەی بۆ نابێت هەندێک پارتی سیاسی و عەلمانی ئەم سەردەمەش مافی ئەوەی هەبێت پارتی هەبێت و بیر بۆچوونەکانی دەربڕێت و کاری سیاسی ئەنجام بدات.

نووسەر ئاماژەی بەوە نەکردووە کە لە لێکدانەوەی بیرو هزری دیموکراسیدا باسێك بۆ دژایەتی ئایین، یان خوا نییە، بەڵکو گەل دەتوانێت نوێنەرانی دیاری بکات بۆ ئەوەی کاروباری وڵات بەڕێوەبەرن و هزرو فکری گشتی گەل بەرجەستە بکەن

بەڵام لێرەدا جێگای خۆیەتی کە ئاماژە بە ئەوە بکەین کە زۆرینەی ڕەهای زانایانی موسڵمان لە سەردەمی کۆن و نوێدا دژی ئەمەن، هەروەها ئەو مەجوس و گاور و. . . . هتد کە باس کراون ڕاستە لە کۆمەڵگای ئیسلامی دا هەبوون بەڵام لە کاری سیاسی و دەسەڵاتدا بەشدار نەبوون تەنیا دەتوانین ئەوە ببینین کە ئیسلام بۆتە نموونەیەکی زۆر جوان و باڵا لە پاراستنی مافی و ئەو نەتەوە و ئایینە جیاوازانەی کە لەگەڵیاندا ژیاون لێرەدا نووسەری زۆر بە ڕوونی دژایەتی بۆ ئەم ئاراستەیە نیشان داوە و پێشی وایە دەرچوونە لە فەلسەفەی ڕاستەقینەی ئیسلام بۆ دەسەڵات پاشان هۆکارە بۆ دروست بوونی پشێوی و ئاشووب بوو تەنانەت هەڵگیرساندنی جەنگ کوشتاریش چونکە ڕێگەدان بە هەبوونی پارتی سیاسی کە عەلمانین یاخود پێچەوانەی بنەماکانی ئیسلام بیر دەکەنەوە کار دەکەن واتا دەتوانێت کە بارەگای هەبێت ڕاگەیاندنی هەبێت ئەندامی هەبێت هەروەها بانگەشە و بانگەواز بکات بۆ دید و بۆچوونەکانی هەموو ئەمانە دژایەتی و کێشە دروست دەکات و موسڵمانان قبووڵی ناکەن و لە کاتی لەدەستدانی ئارامگرتن و خوێن ڕشتن دروست دەبێت، بە گەڕانەوە بۆ هەموو ئەم هۆکارانە و گەلێک هۆکاری تر دەتوانن بڵێن ئەم ئاراستەیە لاوازە پشتگیری زۆرینەی زانایان و میللەتیش لە دەست داوە. ئەمەش لە دوو پرسیاری زۆر گرنگیدا کۆ دەکەینەوە لە بریتین لە : پرسیاری یەکەم : ئایا فرەلایەنی سیاسی واتا بوونی بەرنامەی جیاواز و هەوڵدان بۆ چەسپاندنی ئەو بەرنامەیە نییە ؟ ئایا گەل هەرچی هەڵبژێرێت تەواوە ؟

پرسیاری دووەم : ئایا لە ئیسلامدا ڕێگە دراوە گاور و جوولەکە کە خاوەنی ئایینی ئاسمانین دەسەڵات بگرنە دەست کە بە کتێبە ئاسمانییەکانیش حوکم بکەن؟ ئەمە چ جای بێ باوەڕ و بێ دینەکان.

نووسەر هەموو ئەم گفتوگۆ و بابەتە زانستیانەی بەجێ هێشتووە کە لەسەر بنەما یاسایی و سیاسییەکانی دیموکراسی کراون بە درێژ ایی کات هەتا سەردەمی ئێستا دروستبوون و جێگیربوون وەك سیستمێك بۆ دەسەڵات

لە کۆتای ئەم باسەی پێشەوەدا دەگەینە ئەو ئەنجامی ئەوەی کە ئاراستەی دووەم پشتگیری و فرەلایەنی سیاسی لە ئیسلامدا بە مەرج دەرنەچوون لە شەریعەت و سەروەری ئایین باشترین ئاراستەیە و بۆ چوونی گونجاوە بۆ سەردەمی ئێستا و دروستکردنی فرەلایەنێکی سیاسی ئیسلامی کە بتوانێت وەڵامی داواکاریەکانی گشتی

سەردەمی نوێی پێ بێت و بۆ ئەمە لە بەشی داهاتوودا ڕوون دەکەینەوە چۆن دەکرێت فرەلایەنی هەبێت و هەمووانیش لەژێر سایەی شەریعەتی ئیسلام دا بن و لێی دەرنەچن و سەروەری ئایین بەوردی بپارێزن.

باسی سێیەم

چۆن فرەلایەنی سیاسی لە چوارچێوەی دەسەڵاتی ئیسلامیدا جێگای دەبێتەوە؟

وەک ئەوەی لە پێشتر باسمان کرد لە نێوان ئاراستەکانی سەبارەت بە فرەلایەنی سیاسی لە ئیسلام دا ئاراستەی دووەم کە پشتگیرە بۆ هەبوونی فرەلایەنی بە مەرج لە پێشینەیە و ڕەزامەندی زۆرینەی هەیە، کەواتە پێویستە فرەلایەنی لە سیستمی ئیسلامدا جێگەی هەبێت و شێواز و چۆنێتی بوون و جێبەجێکردنی دیاری بکرێت.

لە مێژووی ئیسلامیدا دوو جۆر سیستمی بەڕێوەبردنی دەسەڵات ناسراوە کە بریتین لە وەزارەتی (التفویض) نوێنەرانی و وەزارەتی (التنفیذ) جێبەجێکردن، کە یەکەمیان بریتییە لە دیاریکردنی کەسانێک بۆ نوێنەرایەتی گشتی لە وڵاتدا و دەربڕینی بیر و بۆچوونیان سەبارەت بە هەموو بابەت و ڕووداو و کێشەکانی کۆمەڵگا، ئەم وەزارەتە گەورەترین و فراوانترین وەزارەتە لە سیستمی دەسەڵاتی ئیسلامیدا، دووەمیان وەزارەتی جێبەجێکردنە بریتییە لە دیاریکردنی کەسانێک بۆ جێبەجێکردنی فەرمانەکان و چەسپاندنی یاساکان و دەبنە نێوەندگیری نێوان هاووڵاتییان و بەرپرسیانی وڵات، نووسەر لێرەدا گرنگی بە وەزارەتی نوێنەرایەتی دەدات کە دەتوانرێت بکرێتە سەرەتای دامەزراندن و جێکردنەوەی لە لایەنی سیاسی چونکە لە ڕاستیدا زۆر لە وێنەی پەرلەمانی سەردەمی ئێستا دەچێت، هەندێک لە نووسەرانیش پێیان وایە کە ئەم شێوازەی بەڕێوەبردنی سیستمی ئیسلامی وەک سەرەتایی دەرکەوتنی سەرهەڵدانی دیموکراسیی سەیر دەکرێت، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری ئەم وەزارەتە ئەم چەند خاڵە دەخەینە ڕوو:

یەکەم: پێناسە: بریتییە لە چەند کەسانێک کە ئیمام و میللەت بەشێکی دەسەڵاتی خۆیانیان پێ دەبەخشین بە مەبەستی بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات.

دووەم: مەرجەکانی ئەندام بوون: هەموو مەرجەکانی (ژیری و باڵغبوون و ئازادی و دادپەروەری و بە هەڵوێستی و تەندروستی) گرنگن بۆ بوون بە ئەندام.

سێیەم: دەسەڵاتەکانی وەزارەت: ئەم وەزارەتە دەسەڵاتی هەموو بابەت و بە گشتی کاری لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵگای هەیە تەنیا سێ جۆر دەسەڵات نەبێت کە تەنیا بۆ خەلیفەیە ئەوانیش

١- پێدانی دەسەڵات: ئیمام دەتوانێت پلە و دەسەڵات بدات بە هەر کەسێک کە بیەوێت بەڵام وەزارەت ناتوانێت ئەمە

بکات.

٢- لە کارلادان: خەلیفە چۆن دەسەڵاتی بەخشیوە بە هەمان شێوە وەری دەگرێتەوە.

٣- لێبوردن: ئیمام دەتوانێت لە هەموو میللەت خۆش بێت (لێبوردنی گشتی) بەڵام وەزارەت ئەم دەسەڵاتەی نییە.

چوارەم: پەیوەندی نێوان وەزیرو خەلیفە: خەلیفە دەبێت بەردەوام چاودێری و لێپرسینەوە لە وەزیر بکات (سەرۆک پەرلەمان) وەزیریش هەموو کات نەخشە و پلان و ئاستی جێبەجێکردن بۆ خەلیفە بخاتە ڕوو.

پێنجەم یەکدەنگی: دەبێت هەموو کات و بۆ هەموو بابەتێک هەر دوو خەلیفە و وەزیر بیر و بۆچوونیان یەک بخەن و یەک بڕیار بن و دوو لایەنی و جیاوازی ڕێگەپێدراو نییە.

شەشەم: کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی وەزیر: بۆ وەزیر کاتی دیاری کراو نییە بەڵام خەلیفە دەسەڵاتی بۆ لادان و گۆڕینی هەیە، هەر کاتێک بیەوێت یاخود پێویست بکات.

ئەو پرسیارە لێرەدا دروست دەبێت ئەوەیە کە ئایا ئیمام یاخود خەلیفە بەرزترین دەسەڵاتە کاتی دیاریکراو نییە بۆ ماوەی دەسەڵاتی؟ ئایا چۆن ئەمە لەگەڵ بابەتی فرەلایەنی سیاسیدا دەگونجێت؟ واتە پلەی خەلیفە جێگیرە و نەگۆڕە و فرەلایەنیش بەردەوام لە گۆڕانکاریدایە، لە پاش هەموو ئەمانە نووسەر چووەتە سەر باسی هەندێک لە ڕێکار و گەرەنتییەکانی فرەلایەنی سیاسی لە سیستمی ئیسلامیدا، نووسەر ئاماژەی بەوە کردووە کە لە هەندێک کات و هەندێک شوێن دیموکراسی فرەلایەنی بووەتە هۆی دابڕاندن و ململانێ و لاوازی سیستمی سیاسی لە کاتی جێبەجێکردنی دا ئایا ئەمانە بۆ فرەلایەنی لە ئیسلامیشدا ڕاستن؟

ئەگەر وەڵامەکە بە نەخێر بێت ئایا ڕێکار و گەرەنتی چییە بۆ ئەمە؟ بۆ گەیشتن بە وەڵامێکی دروست و گونجاو بۆ ئەم پرسیارە نووسەر هەندێک گفتوگۆی ئەنجام داوە بەم شێوەیە:

یەکەم: سەبارەت بەکێشەی دابەشبوون و لاوازی هەستی بەرپرسیارێتی لە لایەن هاووڵاتییان، دەتو انرێت مەترسییەکانی کەم بکرێتەوە بە پشتبەستن بەم ڕێگایانەی لای خوارەوە:

١- ئەگەر فرەلایەنی لە چوارچێوەی بنەماکانی ئیسلام بێت کەواتە ڕێگە نادرێت بە قووڵبوونەوە لە هەستی تایبەتی بۆ پارتی سیاسی و تەنیا وەک هۆکارێک سەیر دەکرێت بۆ پێشخستنی سیستمی سیاسی.

٢- هەمووان لە دەوڵەتی ئیسلامیدا لەسەر بەرژەوەندییە باڵاکان ڕێک دەکەون و کۆکن، دواتر لەسەر بابەت و ڕێکارەکانی گەیشتن بە ئەم بەرژەوەندییانە جیاوازی هەبێت سوودی زیاترە لە زیان.

٣- گوێڕایەڵی تەواوەتی و بێ مەرج بۆ

(خەلیفەیە) سەرۆکی وڵات کە ئەمەش هۆکارە لە کۆتایی هەر باسێک کە بڕیاری یەکلاکەرەوەی هەبێت و جیاوازی و ناتەبایی لەناو ببات.

دووەم: سەبارەت بە ململانێ بۆ دەسەڵات:

نووسەر دوو هۆکاری دیاری کردووە بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کە لە فرەلایەنی سیاسی ئیسلامیدا کێشەی گەورە بۆ گرتنە دەستی دەسەڵات دروست نابێت کە یەکەمیان ئەوەیە دەبێت پارتە سیاسییەکان تەنیا کەناڵ بن بۆ دیاریکردنی پاڵێوراوەکان. دووەمیان دەبێت ئەو پاڵێوراوانە لەسەر بنەمای ڕوون و ئاشکرای وەک توانا و خزمەت و کارکردن بێت و پێشتر دیار و ناسراو بن.

سێیەم: بانگەشەی هەڵبژاردن و باسکردنی خودی پاڵێوراو:

وەک نووسەر دیاری کردووە دەبێت پاڵێوراوان دوو لایەن لە بەرچاو بگرن لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردن لایەنی یەکەمیان دەبێت تەنیا بە ڕاستگۆیی و زانستی ئەوەندە باسی کەسایەتییان بکەن کە تەنیا بناسرێن نەوەک زیادە وتن و پێدا هەڵدانی ناڕاست و نەشیاو، لایەنی دووەم ئەوەیە کە دەبێت بانگەشەکان زیاتر جێگای کار و بەرنامەی داهاتووی پاڵێوراو یاخود پارتە سیاسییەکەی بن و پلان و نەخشەی کاری دەسەڵاتیان بخەنەڕوو.

هەروەها دەبێت ئەوەمان بیر نەچێت کە نابێت هێرش بکرێتە سەر کەسایەتی پاڵێوراوانی تر و ڕێگا و و ڕێبازی ئەدەبی جیاواز و مافی مرۆڤ فەرامۆش بکرێت.

لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بە خاڵێکی گرنگ بدەم ئەوەیە کە نووسەر هەموو خاڵ و مەرجەکانی بە وردی باس کردووە و هیچ کێشەیان لەسەر نییە، بەڵام ئەمانە زیاتر بابەتی زانستی و تیۆرین و دواتر لە مەیدانی جێبەجێکردن کێشە و گرفتیان بۆ دروست دەبێت و لادان و ناتەواوی لێ دەکەوێتە، ئەمە لە لایەک و لە لایەکی ترەوە ئەگەر سەیری سیستمی دیموکراتیش بکەین بە هەمان شێوە لە ڕووی تیۆریەوە ڕێکار و مەرجی خۆی هەیە، بەڵام دەبینین لە کاتی پراکتیزەکردندا گۆڕانکاری ڕوون و ئاشکرا دەردەکەون و هەندێک جار پێچەوانەی ئەو ڕێکار و مەرجانەش دەبن.

دەبێت ئەوەمان بیر نەچێت کە هەبوونی پارتی سیاسی خاوەن بەرنامەی جیاواز هۆکارە بۆ دروستبوونی ململانێی دروست بۆ تێگەیاندن و پێگەیاندنی ڕۆشنبیری گشتی هاووڵاتیان

دووبارە نووسەر دەچێتەوە سەر باسی پراکتیزەکردنی فرەلایەنی سیاسی لە ئیسلامدا و بۆ ئەمەش بە پێویستی دەزانێت باسی دەسەڵاتە سەرەکییەکانی

سیستمی ئیسلامی بکات کە خۆی لە چوار جۆر دەسەڵات دەبینێتەوە بەم شێوەیە:
١- سەرکردەی باڵا (ئیمام - خەلیفە) لە کاتی ئێستادا پلەی سەرۆکی وڵاتە و بەرزترین و باڵاترین دەسەڵاتە لە سیستمی سیاسی ئیسلامیدا، خۆی بڕیار و پلان و نەخشە و سیاسەتی وڵات لە کۆتاییدا دەگەڕێتەوە بۆ لای ئەم دەسەڵاتە.
٢- ئەنجومەنی شوورا (أهل الحل و العقد) لە کاتی ئێستادا هاوشێوەی ئەنجومەنی نوێنەرانە لە (پەرلەمان) ئەندامانی کەسانێکن خاوەن ئەزموون و بە توانا و هەڵبژێردراوی میللەتن و زۆرترینی دەسەڵاتەکانیان هاوشێوەی دەسەڵاتەکانی پەرلەمانە لە سەردەمی نوێدا.
٣- وەزارەتی ڕێگەپێدراو کە بریتییە لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە دەوڵەتی ئیسلامیدا و وەک ئەنجومەنی وەزیرانی سەردەمی ئێستا دەبینرێت.
٤- ئەنجومەنی ڕاوێژکاری کە بریتییە لە ئەنجومەنێک کاری پێشکەشکردنی ڕاوێژە لە هەموو بوارەکاندا و بۆ هەموو دەسەڵاتەکانی تری دەوڵەتی ئیسلامی و ئەندامانی ئەم ئەنجومەنە بریتین لە کەسانێک کە خاوەن زانست و زانیارین لە هەموو بوارە جیاوازەکانی ژیان.
سەبارەت بە بابەتی فرەلایەنی لەم سیستمە ئیسلامییەدا دیارە کە لە بەرامبەر سەرکردەی باڵا هیچ ململانێیەک پێویست نییە و بوونی نییە، بەڵام لە هەر سێ دەسەڵاتەکەی تر ململانێ توند بوونی هەیە و هەر کاتێک پارتێکی سیاسی زۆرترین بە دەست دەهێنێت ڕا دەسپێردرێت بە پێکهێنانی ئەنجومەنی ڕێگەپێدراو، بەشێکی تری پارتە سیاسییەکان دەبنە ئۆپۆزسیۆن و بەم شێوازە فرەلایەنی بوون و پاراستنی بەرجەستە دەکات.

بەشی سێیەم

فرەلایەنی سیاسی لە پێش دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی

لە بەشی کۆتایی ئەم پەرتووکەدا نووسەر هەوڵی داوە وەڵامی پرسیارێکی گرنگ بداتەوە کە ئایا فرەلایەنی سیاسی پێش دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی ڕێگە پێدراوە؟
بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە پێویستە وەڵامی دوو پرسیاری تر بدۆزینەوە کە ئایا مەبەست لە فرەلایەنی سیاسی لە پێش دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی واتە ئەو لایەنانەی کە تەنیا لەژێر سایەی شەریعەتی ئیسلامی کار دەکەن و هەوڵ بۆ دامەزراندنی سیستمێکی ئیسلامی دەدەن؟ یاخود مەبەست لە فرەلایەنی سیاسی ململانێی هەموو پارتە سیاسییەکانە بە ئیسلامی و عەلمانیشەوە؟ بۆ وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانە و شیکردنەوە بۆ یان دوو باسی سەرەکی دەکەینەوە.

باسی یەکەم:

فرەلایەنی ئاراستە سیاسییەکان کە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی و چەسپاندنی شەریعەت کاردەکەن

نووسەر ئاماژەی بەوە کردووە کە بە دوو مەرجی سەرەکی دەتوانرێت فرەلایەنی سیاسی هەبێت پێش دامەزراندنی دەوڵەت ئیسلامی یەکەمیان کە نابێت هیچ لایەنێکی سیاسی لە بنەما نەگۆڕەکانی ئیسلام دەربچێت و بەرنامە و پلانی هەبێت کە لەگەڵ ئەم بنەمایانە یەک نەگرێتەوە، دووەمیان نابێت دەمارگیری و لایەنگری بۆ لایەنە سیاسییەکان ببێتە هۆکاری ناکۆکی و جیاوازی ناتەندروست و ئامانجی سەرەکی لە بیر بباتەوە.

بەڵام لە کاتی هەبوونی فرەلایەنی سیاسی بوونی گفتوگۆ خستنەڕووی بەرنامە و هەندێک کات کێشە و ململانێی توندیش ڕێگە پێدراوە لە چوارچێوەی بەرنامەی کاری گشتی و گەیشتن بە ئامانجی سەرەکی.

نووسەر ڕەخنە و کەموکوڕییەکانی دیموکراسی بە ڕەهایی باس کردووە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو انە ڕێژەیین و لە هەندێک جۆری دیموکراسی پێڕەوکراودا بوونیان هەیە

کەواتە ئەو فرە لایەنییە سیاسییە کە دەبێتە هۆی بەهێزکردنی پرۆسەی سیاسی و درێژەدان بە نەخشە و پلانی گەیشتن بە دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی ڕێگە پێدراوە و ڕاستە، بەڵام ئەگەر ئەم فرەلایەنییە ببێتە هۆکاری ناکۆکی و دووبەرەکی و ئاڵۆزی لە پرۆسەی سیاسی دواتر ئامانجی سەرەکی لە بیر بکرێت ئەوە حەرامە و ڕێگە پێدراو نییە.

باسی دووەم

فرەلایەنی سیاسی و ئایدیۆلۆژی لە قۆناغی پێش دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی

لە سەردەمی ئێستادا واقیعێك دروست بووە کە لە هەموو وڵاتا ئیسلامییەکانیشدا لەگەڵ ئەو پارتانەی ئاراستەی سیاسی ئیسلامیان هەیە، پارتی سیاسی خاوەن ئایدیۆلۆژی جیاواز هەن و کاری سیاسی دەکەن و بە هەموو توانایانەوە هەوڵی گرتنە دەستی دەسەڵات دەدەن. پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئایا سیاسەتکردن و ململانێ لەم پرۆسەیەدا ڕێگە پێدراوە بۆ پارتە ئیسلامییەکان؟ یاخود ئایا مەرج چییە بۆ پارتە ئیسلامییەکان هەتا بتوانن لە پرۆسەیەکی سیاسی لەم جۆرەدا بەشدار بن؟

نووسەر هەبوونی پارتی سیاسی خاوەن ئایدۆلۆژی جیاواز لە ئایینی ئیسلامی بە واقیعێکی تاڵ و ناخۆش ناو بردووە و ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە دەبێت

لەگەڵ ئەم واقیع و سیستمە سیاسییە نوێیانەدا سیستمی ئیسلامیش ڕێک بخرێت، لەبەر ئەوە وەڵامی پرسیارەکە ئەوەیە کە بەڵێ ڕێگە پێدراوە لایەنە سیاسییە ئیسلامییەکان لە پرۆسەیەکی لەم شێوەیەدا کاری سیاسی بکەن و هەوڵی دەسەڵات بدەن، بەڵام کارکردن لە ناو پرۆسەیەکی سیاسی کە پارتی سیاسی خاوەن ئایدۆلۆژیای جیاواز لە ئایینی ئیسلامی تێدا بێت پرسیارێکی تر دروست دەکات کە ئایا پارتی سیاسی ئیسلامی دەتوانێت چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم پارتانە بکات؟ ئایا ڕێگە پێدراوە هاوپەیمانی دروست بکرێت و بەیەکەوە کار بکەن؟

لێرەوە نووسەر باسێکی جیاوازی کردووەتەوە کە زۆر گرنگە بۆ کاری سیاسی ئیسلامی لە سەردەمی ئێستادا و پێی وایە بە گەڕانەوە بۆ هەندێک فەرموودە و ڕا و بۆچوونی زانایانی ئایینی ڕێگە پێدراوە پارتە ئیسلامییەکان بە مەرج هاوپەیمانی و کاری سیاسی هاوبەشیان لەگەڵ پارتە خاوەن ئایدیۆلۆژیە جیاوازەکان هەبێت.

بە کورتی نووسەر دوو مەرجی سەرەکی دیاری کردووە بۆ ڕێگەپێدان بە هاوپەیمانی لەگەڵ لایەنەکانی تری ئایدۆلۆژی جیاواز بە ئیسلام کە ئەمانەن:

١- دەبێت هاوپەیمانی لەسەر بابەتێک بێت کە بە ڕوونی سوودێک بە دەست بهێنێت یاخود زیانێک دوور بخاتەوە ئەمانەش هەموو بە تەرازووی شەریعەت پێوانە کرابن.

٢- هیچ پەیوەست بوونێکی تێدا نە بێت کە پێچەوانەی هۆکارەکانی کار و بانگەوازی ئیسلامی بێت.

هەرچەندە نابێت ئەوەمان بیر بچێت کە زۆرێک لە زانایانی ئایینی ئیسلام ئەم شێوازە کارکردن و بیرکردنەوەیان پێ قبووڵ نییە و پێیان وایە بەشداریکردن لە پرۆسەیەکی سیاسیدا کە پارتی ئیسلامی و پارتی خاوەن ئایدۆلۆژی جیاواز لە ئیسلام هەمان چانسیان هەبێت بۆ گەیشتن بە دەسەڵات و دواتر بەو ئەنجامەش ڕازی بن ئەوە ڕێگە پێدراو نییە و پێچەوانەی ئامانجی سەرەکی ئایینی ئیسلامە کە تەنیا حوکم و دەسەڵات دەبێت بۆ شەریعەتی ئیسلام بێت و ڕازی بوون بە پێچەوانەی ئەمە دەرچوونە لە ئایین.

بەڵام لە کاتی هەبوونی فەرەلایەنی سیاسی، بوونی گفتوگۆ و خستنە ڕووی بەرنامە و هەندێک کات کێشە و ململانێی توندیش ڕێگە پێ دراوە لە چوارچێوەی بەرنامەکانی گشتی و گەیشتن بە ئامانجی سەرەکی، کەواتە ئەو فرە لایەنە سیاسیی کە دەبێتە هۆی بەهێزکردنی پرۆسەی سیاسی و درێژەدان بە نەخشە و پلانی گەیشتن بە دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی ڕێگە پێدراوە و ڕاستە، بەڵام ئەگەر ئەم فرەلایەنییە ببێتە هۆکاری ناکۆکی و دووبەرەکی و ئاڵۆزی لە پرۆسەی س سیاسی دواتر ئامانجی سەرەکی لە بیر بکرێت ئەوە حەرامە و ڕێگە پێدراو نییە.

لێرەوە جارێکی تر دەکەوینە بەردەم پرسیارێکی گرنگ کە هەمووان دەزانین لە سەردەمی ئێستادا ناتوانرێت یەکسەر دەسەڵاتی ئیسلامی دروست بکرێت، یاخود کۆمەڵگەیەک هەبێت تەنیا پارتە ئیسلامییەکان تێیدا هەبن و ململانێ بکەن کەواتەوە ڕێگە چییە بۆ دەستپێکردن بە هەوڵدان بۆ گێڕانەوەی دەسەڵاتێکی سیاسی کە ئیسلام سەرچاوەی سیاسەت بێت؟ ئایا ڕێگە دراوە واز لە کاری سیاسی بهێنرێت و چاوەڕێ بکرێت هەتا هەر لە خۆوە مەیدانێک دروست بێت بۆ کاری ئیسلامی؟

بێگومان وەڵامی نەخێر بۆ ئەم پرسیارانە ڕاستترە و نابێت کاری سیاسی ئیسلامی پشتگوێ بخرێت و مەیدان چۆڵ بکرێت تەنیا بۆ پارتەکانی تر، بە پشت بەستن بە ڕاو بۆچوونی کۆمەڵێک لە زانایانی ئایینی ئیسلام کە لێکدانەوە و شیکردنەوەیان بۆ ئەم بابەتە کردووە و پێیان وایە دەبێت بەردەوامی بەکاری سیاسی بدرێت و پارتە ئیسلامییەکان لەم پرۆسە سیاسییانەدا بەشدار بن و هەوڵی بەدەستهێنانی دەسەڵات بدەن، بە هەمان شێوە دەبێت ئەوەش لە یاد نەکرێت کە بەشداریکردن لە پرۆسەیەکی لەم شێوەیەدا بۆ پارتە ئیسلامییەکان وردی و وریایی زۆری دەوێت و پێویست دەکات ڕەچاوی دوو لایەنی زۆر گرنگ بکەن، یەکەمیان جەخت کردن لەسەر توانای لێکتێگەیشتن و گونجان و کەمکردنەوەی جیاوازی لە بیر و بۆچوون و چۆنێتی دارشتنی سیاسەت و بەرنامەی کاری ڕۆژانەی پارتەکان و ڕێگەنەدان بە جیاوازی و دووبەرەکی، دووەم یان بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و ڕۆشنبیریی ئەندامان و لایەنگرانی ئەم پارتە سیاسییانە بە شێوەیەک کە پەیوەندییەکی زۆر باش و توندوتۆڵ لەگەڵ سەرکردەکانیان بە یەکەوە گرێیان بدات و متمانەی زۆر بەهێز هەبێت لە نێوانیاندا هەتا بواری درز کەوتن لە ڕیزەکانیدا دروست نەبێت، بەم شێوەیە دەتوانرێت کاری سیاسی هاوبەش بوونی هەبێت و هەمووان بە چانسی یەکسان ڕووەو بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی بڕۆن و لەم پرۆسەیەدا هاوبەش بن.

فەرمانکردن بە چاکە و ڕێگری لە خراپە لە ئیسلامدا تەنیا لە هەڵسوکەوتدایە بابەتی نادیارو تایبەتی کەسەکان ناگرێتەوە

دەرئەنجام

لە کۆتایی ئەم پەرتووکەدا، لە پاش باسکردنی فراوانی هەموو بابەت و باسەکانی تایبەت بە فرەلایەنی سیاسی و بە تایبەت فرەلایەنی ئیسلامی لە پێش دەوڵەتی ئیسلامی و لەناو دەوڵەتیشدا گرنگیدان بە بارودۆخی سەردەم و ڕووداوە

جیهانییەکان و هۆکارەکانی کاریگەر لەسەر بڕیاری سیاسی و شەریعەتیش، دەتوانین دەرەنجامی گشتی ئەم بابەتە لەم چەند خالە دا کورت بکەینەوە:

١- فرەلایەنی سیاسی لە بنەڕەتدا زادەی بیر و هزری ڕۆژئاوایە و لە ئەنجامی کێشەی نێوان لایەنەکانی سەردەمی ئەو کاتی ئەورووپا لە نێوان پیاوانی کەنیسە و زیادەڕەوی پادشادا دەرکەوت و بووە دەرەنجامێک بۆ ئەو ڕووداوانە.

٢- ئەم جۆرە سیستمە بەم شێوەیەی کە هەیە لە مێژووی ئیسلامیدا ناسراو نییە و دەرنەکەوتووە هەرچیش کە هەبوو بێت لێپرسینەوە لە دەسەڵاتداران و بوونی ئەنجومەنەکانی وەک نوێنەران و جێبەجێکردن بە شێوازێکی دامەزراوەیی فرەلایەنی بوونی نییە.

٣- فرەلایەنی سیاسی لە تێڕوانینی بیرمەندەکانەوە بریتییە لە ئەزموونێکی سیاسی کە لایەنی باش و خراپی هەیە، لایەنە باشەکانی وەك ئەوەی دەبێتە قوتابخانەیەك بۆ پێگەیاندن و ڕاهێنانی ڕای گشتی و قووڵکردنەوەی هۆشیاری سیاسی لە لایەك، دەبێتە خاڵی بە یەك گەیشتن و گرێدانی هاووڵاتیان و دەسەڵات بە هەردوو لایەنی پشتگیری و ئۆپۆزسیۆنیش لە لایەکی ترەوە. لایەنە خراپەکانی ئەوەیە کە هەندێک جار دەبێتە هۆی لێکترازان و دوورکەوتنەوەی مەودای نێوان ئەندامانی گەل و دواتر دەبێتە هۆکاری لاوازی ئەدای سیاسی و کۆمەڵایەتی و هەندێک جار ئابووریش.

٤- چوارچێوەی ئیسلامی بۆ فرەلایەنی سیاسی بریتییە لە پەیوەستبوون بە شەریعەت و بنەما سەرەکییەکانی ئایینی ئیسلام، کە بریتییە لە پاراستنی دادپەروەری و دادوەری و مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە گشتییەکان و ڕاوێژ.

٥- توێژەران لە بابەتی فرەلایەنی سیاسی لە ئیسلامدا سێ بۆچوونی گەڵاڵە کردووە لە نێوان دژایەتی کردن، پشتگیری و بە مەرج و پشتگیری ڕەها.

هەرچی سەبارەت بە دژایەتیکردنە هۆکارەکانی دەگەڕێننەوە بۆ ئەوەی دەبێتە هۆی تێکچوونی یەکڕیزی و تەبایی نێو کۆمەڵگە و دواتر دابڕان و لێکترازان ڕوو دەدات کە ئەمە گرفتێکی گەورەیە بۆ دەسەڵاتی سیاسی، هەروەها نەبوونی هاوشێوەی ئەم سیستمە لە مێژوودا و سەرنەکەوتنی هەندێک ئەزموونی تازەی سەردەمیش وەک هۆکار دەبینرێن.

بەڵام پشتگیریکاران بە مەرج پێیان وایە کە فرەلایەنی سیاسی هۆکارێکی گرنگە بۆ بەجێی گەیاندنی سیستمی شەرعی و جیاکردنەوەی سوود و بەرژەوەندی لە زیان و ناتەواوی لە کۆی لایەنەکانی ژیانی ناو کۆمەڵگادا، ڕێگایەکی گرنگە بۆ پاراستنی دەسەڵات و مافەکان و ئازادییەکان.

لایەنگرانی فرەلایەنی بە ڕەهایی پێیان وایە کە لە مێژووی ئیسلامیشدا بە شێوازی جیاواز بوونی هەیە و باشترین

شێوازی گەیشتنە بە دەسەڵات و دواتر دەستاودەستکردنی دەسەڵات و چاودێری میللەتە بەسەر دەسەڵاتی سیاسییەوە لە سەردەمی ئێستادا.

٦- دەتوانرێت بیرۆکەی فرەلایەنی سیاسی لە فەلسەفەی ئیسلامیدا جێگە بکرێتەوە بە مەرجی ملکەچ بوونی گشتی بۆ (ئیمام) سەرکردەی باڵای وڵات و ئەم فرەلایەنییە تەنیا بۆ سێ ئەنجومەنەکەی تر بێت.

٧- فرە لایەنی سیاسی لە ئیسلامدا دەبێت دیاری بکرێت بە مەرجی یەک ڕێزی وڵات و یەک دەنگی لەسەر بەرژەوەندییە باڵاکان و جیاوازی ململانێ دەبێت تەنیا لەسەر ڕێکار و چۆنێتی پەیڕەوکردنی نەخشە و پلانەکان بێت.

دەبێت سیستمی ئیسلامی لە سەر بنەمای ڕاوێژو پرس و ڕای گشتی دروست بێت و ڕێزگرتن و بۆچوونی هاووڵاتییان بەشێکی گرنگی دەسەڵاتە

٨- لەم پەرتووکەدا وێنەیەک لە دەسەڵاتی ئیسلامی باس کراوە کە لە چوار دەسەڵاتی سەرەکی پێک دێت کە بریتی بوون لە سەرکردەی وڵات و ئەنجومەنی ڕێگەپێدراوان و ئەنجومەنی شوورا و ئەنجومەنی گشتی ڕاوێژکاری، کە لەم شێوازە دەسەڵات و سیستمی ئیسلامیدا جێگای فرەلایەنی سیاسی دەبێتەوە.

٩- بە هەمان شێوە لەم توێژینەوەدا باس لە ڕۆڵ و پێگەی ئۆپۆزسیۆن کراوە کە مەرجی سەرەکی بوون و بەردەوام بوونیان ئەوەیە ملکەچی بنەما سەرەکییەکانی ئایینی ئیسلام بن و جیاوازییان تەنیا لەسەر شێوازی بەڕێوەبردنی دەسەڵات بێت.

١٠- لەم توێژینەوە ئەوەی سەلماندووە کە فرەلایەنی سیاسی لە ئیسلامدا لە پێش دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامیدا ڕێگە پێدراوە.

١١- بە هەمان شێوە ئەم توێژینەوەیە دەریخستووە کە هاوپەیمانی نێوان لایەنە ئیسلامییەکان و لایەنەکانی تری خاوەن ئایدیای جیاواز ڕێگە پێدراوە و.

١٢- هەروەها ئەم توێژینەوە ئەوەی ڕوون کردووەتەوە کە چۆن سەرکردە سیاسییەکان و لایەنەکانی بەشدار لە پرۆسەی سیاسی لە وڵاتدا دەبێت هاوسەنگی دروست بکەن لە نێوان بەرژەوەندییەکان و ڕێنماییەکانی ئایینی ئیسلام کە هیچ کات بەرژەوەندی دیاری نەکرێت کە دژی بنەما و ڕێنماییەکانی ئایینی ئیسلام بێت.

زاراوەناسی

ئایینناسی

حزبی سیاسی و فرەحزبی

د.عابد خالد رسول

هەرچەندە قورسە بتوانرێت پێناسەیەکی هەمەلایەن و گشتگیر بۆ دیاردەگەلێکی ئاڵۆزی وەک حزبە سیاسییەکان و فرەحزبی پێشکەش بکرێت، کە ڕەنگە بەهۆی جیاوازی بیروڕا و پاشخانی ئایدیۆلۆژیی زانایان و توێژەران بێت کە پێناسەی ئەم چەمکانەیان کردووە، بەڵام ئەوە ڕێگر نییە لە هەوڵدان بۆ نزیکبوونەوە لە ناساندنێکی گونجاو بۆ هەر یەکێکیان و شرۆڤەکردنی پەیوەندی نێوانیان. بۆ ئەمەش، سەبارەت بە چەمکی (حزبی سیاسی - Political Party) سەرەتا پێویستە جیاوازی لە نێوان دوو ئاڕاستەی سەرەکی بکرێت:

- ئاراستەی یەکەم: کە بنەڕەتەکەی بۆ فیکری مارکسی دەگەڕێتەوە و پێی وایە هەر حزبێکی سیاسی جگە لە دەربڕینێکی سیاسی بۆ چینێکی دیاریکراو هیچی تر نییە، هەر بۆیە بە پێی ئەم ئاڕاستەیە هەموو حزبێکی سیاسی لەسەر بنەمای چینایەتی دروست بووە، ئامرازێکی دیکەی ململانێی چینایەتییە.

- ئاراستەی دووەم: کە لە ئەدەبیاتی سیاسی لیبرالی و دیموکراسییەوە وەرگیراوە، و پێی وایە بنچینەی دروستبوونی حزبە سیاسییەکان پەیوەستە بە پەرەسەندنی سیستەمی دیموکراسی نوێنەرایەتییەوە، هەر بۆیە بەپێی ئەم ئاراستەیە حزب بریتییە لە ڕێکخراوێک کە لە هەڵبژاردنەکاندا کاندید پێشکەش دەکات.

سەرەڕای ڕەچاوکردنی ناوەرۆکی پێناسەکانی ئەم دوو ئاراستەیە، هەندێک لە زانایان هەوڵیان داوە پێناسەی حزب ببەستنەوە بە دیاردەی دەسەڵاتەوە، بەو پێیەی کە حزب ڕێکخراوێکە هەوڵی گەیشتن بە دەسەڵات دەدات، جا لە سیستەمێکی دیموکراسیدا بێت یان لە سیستەمێکی نادیموکراسیدا. هەر لەم ڕوانگەیەوە بەشێک لە زانایان ڕایان وایە کە دوا ئامانجی حیزب بۆ گەیشتن بە دەسەڵات هەر تەنها لە پێناو دەسەڵات خۆیدا نییە، بەڵکو بۆ باڵادەستبوون یان لایەنی کەم بەشداریکردنێتی لە داڕشتن و جێبەجێکردنی سیاسەتە گشتییەکانی وڵاتدا. لەگەڵ ئەو ئامانجە سەرەکییەشدا کە گەیشتنە بەدەسەڵات دەکرێت، پارتی سیاسی چەند ئەرکێکی تر ئەنجام بدات، وەک: دەربڕین و خستنەڕووی خواست و بەرژەوەندییەکانی جەماوەر، دروستکردنی ڕای گشتی و ئاراستەکردنی، پێگەیاندنی کادیر و بەرهەمهێنانی سەرکردە سیاسییەکان، دروستکردنی ئۆپۆزسیۆن. بەدەر لەم تێگەیشتنەش بەشێک لە توێژەران ڕایان وایە کە حزبی سیاسی هاوشێوەی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن و کۆبوونەوە گشتییەکان و ڕێکخراوە جەماوەرییەکان ئامرازێکە بۆ ئازادی ڕادەربڕین و بیروباوەڕ. لەم چوارچێوەیەشدا هەندێکیان حزب بەوە پێناسە دەکەن کە بریتییە لە کۆمەڵێک کەس کە پابەندبوونیان بە بیروباوەڕ و هزرێکی دیاریکراو کۆی کردوونەتەوە.

بەگشتی لای زۆربەی پسپۆڕان حزبی سیاسی، بەو شێوەیەی کە ئەمڕۆ هەیە دیاردەیەکی تەواو تازەیە و تەمەنی لە ١٥٠ ساڵ بۆ ٢٠٠ ساڵ تێپەڕ ناکات، کە سەرەتا لە وڵاتانی ڕۆژئاوەوە (ئەمریکا و ئەوروپا) سەریهەڵداوە و دواتر بۆ زۆربەی وڵاتانی جیهان بڵاوبووەتەوە، بە شێوەیەک کە ئێستا لە کۆی (١٩٤) دەوڵەتی دانپێدانراو لە جیهاندا، (١٧٩) دەوڵەت دیاردەی حزبی سیاسی و حزبایەتی تێدایە، لەبەرامبەردا تەنها (١٥) دەوڵەت لە جیهاندا ڕێگە بە کاری حزبایەتی نادەن یان بەئاشکرا حزبی سیاسییان تێدا نییە، وەک (عومان، قەتەر، سعودیە، ئیمارات، ڤاتیکان و...). لەم پێگە جیهانییەی حزبیشەوە، زانایان سیستەمی سیاسی ئەو وڵاتانەی کە دیاردەی حزبایەتییان تێدایە، بەپێی پێوەری ژمارەی حزبە سیاسییە کارا و چالاکەکانی ناویان، پۆلێن دەکەن بۆ سێ جۆری سەرەکی:

- سیستەمی تاک حزبی (الحزب الواحد): کە جگە لە (یەک حزب) ڕێگە بە بوونی هیچ حزبێکی سیاسی نادات، لەم سیستەمەدا کەمترین بەشداری سیاسی هەیە، یان هەر نییە. لە جیهاندا (٧) دەوڵەت خاوەنی ئەم جۆرە سیستەمەن و بریتین لە (ئێریتریا، کوبا، تورکمانستان، چین، کۆریای باکور، لائۆس، ڤێتنام).

- سیستەمی دوو حزبی (الثنائية الحزبية): کە تێیدا، تەنها (دوو حزبی سیاسی) سەرەکی، بوونەتە چەقی هەڵسووڕانی زۆربەی چالاکییە سیاسییەکان. هەرچەندە دەکرێت لەپاڵ ئەو دوو حزبەدا چەند حزبێکی تر هەبن، بەڵام کاریگەرییان لەسەر ژیانی سیاسی کەمە. ئەم سیستەمە بە نزیکەیی لە (٢٦) دەوڵەتدا هەیە، وەک (بەریتانیا، ئەمریکا، ماڵتا، ئیسپانیا، لیختنشتاین، مۆزەمبیق، هندۆراس، نیکاراگوا، سریلانکا و...).

- سیستەمی فرەحزبی (التعددية الحزبية): کە تێیدا، (سێ حزبی سیاسی یان زیاتر) پێشبڕکێ لەسەر کورسی دەسەڵات و فەرمانڕەواییکردن دەکەن. سیستەمی حزبایەتی زۆربەی وڵاتانی جیهان لەم جۆرەیە کە بە نزیکەیی لە (١٤٦) دەوڵەتدا هەیە، وەک (سویسرا، نەرویج، هۆڵەندا، دانیمارک، تورکیا، هیندستان، لوبنان، ئەرجەنتین، بەرازیل، مەغریب، کامیرۆن، باشووری ئەفریقا و...). لەناو ئەم وڵاتانەدا (٣٢) دەوڵەت خاوەنی جۆرێک لە سیستەمی فرەحزبین کەپێی دەوترێت (سیستەمی حزبی باڵادەست - الحزب المهيمن)، کە هەر سیستەمی فرەحزبییە، بەڵام لەناو هەموو ئەو حزبانەی پێشبڕکێ لەسەر کورسی دەسەڵات دەکەن، زۆربەی کات لە چەند هەڵبژاردنێکی یەک لە دوای یەکدا، تەنها یەک حزب زۆرینەی کورسییەکانی پەرلەمان بەدەست دەهێنێت و بۆ ماوەیەکی درێژخایەن بە تەنیا حوکمڕانی دەکات.

لەم پۆلێنکردن و دیاردەی بەجیهانیبوونەی حزبەوە، زۆرێک لە زانایان پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لە نێوان چەمکی (حزبی سیاسی) و چەمکی (فرەحزبی) بەدی دەکەن، لەو ڕوانگەیەوە کە چەمکی دووەمییان (فرەحزبی)، بە واتا گشتییەکەی: ئاماژەیە بۆ بوونی ئازادی ڕێکخستن و دروستکردنی حزبی سیاسی و چوونە ناو حزب و بەشداریکردن و ئەنجامدانی کاری حزبی، لە چوارچێوەی مەرجە یاساییەکانی پیادەکردنی مافی ڕادەربڕین و ئازادی ئەنجامدانی کۆبوونەوە گشتییەکان و گوزارشتکردن لە ڕای گشتی، بەپێی جیاوازی بیروباوەڕ و ناکۆکییە کۆمەڵایەتی و چینایەتییەکان و دابەشبوونە ئیتنی و نەتەوەیی و ئایینییەکان لە کۆمەڵگادا. بەڵام چەمکی (فرەحزبی) بەواتا تایبەتەکەی: ئاماژەیە بۆ (سیستەمی فرەحزبی) بەو شێوەیەی کە لە سەرەوە باسمان کرد و وتمان ئەو سیستەمەیە کە تێیدا (سێ حزبی سیاسی

یان زیاتر) پێشبڕکێ لەسەر دەسەڵات دەکەن.

بەپێی ئەم جیاکاریەش لە نێوان واتا گشتییەکەی فرەحزبی و واتا تایبەتەکەیدا، ئەو وڵاتانەی کە ڕێگە بە کاری حزبی نادەن یان خاوەنی سیستەمی تاک حزبین، ڕێگە بە پیادەکردنی دیاردەی (فرەحزبی) بە واتا گشتییەکەی نادەن، ژمارەی ئەم وڵاتانەش لە جیهاندا زۆر کەمە، کە بەپێی ئەو ژمارانەی لە سەرەوە خستمانەڕوو لە کۆی (١٩٤) دەوڵەت لە (٢٢) دەوڵەت تێپەڕ ناکات، ئەمەش بە نزیکەیی تەنها ڕێژەی (١١,٤٪) ی وڵاتانی جیهان دەکات. بەرامبەر بە ئەمەش، لەو وڵاتانەدا کە یەکێک لە هەر دوو جۆری (سیستەمی دوو حزبی) یان (سیستەمی فرەحزبی) هەیە، ئەوا بە ئاستی جیاواز جۆرێک لە ئازادی فرەحزبی بە واتا گشتییەکەی پەیڕەو دەکرێت، کە بەپێی ئەو ژمارانەی لە سەرەوە خستمانەڕوو لە کۆی (١٩٤) دەوڵەت (١٧٢) دەوڵەت دەکات، ئەمەش بە نزیکەیی ڕێژەی (٨٨,٦٪) ی وڵاتانی جیهانە.

کەواتە، تەبا لەگەڵ تێبینییەکانی زانای فەرەنسی (مۆریس دوڤێرجییە)، کە ڕای وایە گەشەی حزبە سیاسییەکان لە مێژوودا پەیوەست بووە بە گەشەی دیموکراسی و فراوانبوونی مافی دەنگدانی گشتی و جەماوەرییەوە، بڵاوبوونەوەی دیاردەی حزبایەتی و حزبی سیاسی لەسەر ئاستی ئەو ڕێژە زۆرەی وڵاتانی جیهان، ڕەنگدانەوەی بەجیهانیبوونی چەمکی (فرەحزبی) ییە وەک ئازادییەکی دیکەی مافی ڕادەربڕین و ڕوویەکی دیکەی فرەیی سیاسیی (التعددية السياسية - Political Pluralism)، بە واتای دەستەبەرکردنی مافی بەشداریکردن لە پرۆسەی سیاسیدا بۆ سەرجەم توێژە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان، لە ڕووی فیکری یان نەتەوەیی یان ئیتنی یان ئایینییەوە. لەو ڕوانگەیەوە کە چەمکی (فرەیی - Pluralism) خۆی وەک فەلسەفەیەکی سیاسی، بریتییە لە دانپێدانان و جەختکردنەوە لەسەر ڕێزگرتن لە فرەچەشنی لەناو کۆمەڵگایەکی سیاسیدا، کە وەک لێبووردەیی و ڕێگەدان بە پێکەوەژیانی ئاشتیانە لەنێوان بەرژەوەندی و بیروباوەڕ و شێوازە جیاوازەکانی ژیانکردن سەیر دەکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا بەپێی بەدواچوونەکانی (ڕێکخراوی ئاسایش و هاوکاری لە ئەورووپا - OSCE) لە ژمارەیەکی زۆر لە وڵاتاندا، حزبە سیاسییەکان ڕووبەڕووی ئاستەنگی جددی دەبنەوە، وەک نەبوونی بودجەی پێویست، لاوازی شەرعیەت لەنێو هاووڵاتییان، نایەکسانی لە دەستڕاگەیشتن بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و کۆتوبەندکردنی چالاکییەکانیان، کە ئەمانەش ئاستەنگی گەورە لەبەردەم پیادەکردنی ماف و ئازادی (فرەحزبی) لەو وڵاتانەدا دروستدەکەن.

لێرەدا، جێی خۆیەتی کە ئاماژە بۆ دیاردەیەکی دیکە بکرێت، کە پێی

دەوترێت (پاشەکشێکردنی حزبەکان لە ژیانی سیاسیدا)، کە ماوەیەکی زۆرە توێژەران بەتایبەتی لەناو گەنجاندا تێبینییان کردووە، نەک لە وڵاتانی تازەگەشەکردوودا بەڵکو لە وڵاتە دیموکراسییە هەرە پێشکەوتووەکانیشدا، بەتایبەت کە زۆربەی حزبە سەرەکییەکان لە ئەمریکا و ئەوروپا پەیوەندییان لەگەڵ خەڵک لاوازە و پێگەی جەماوەریان لە پاشەکشەدایە. هۆکارەکانی ئەمە دیاردەیە زۆرن، وەک تۆمەتی گەندەڵی کە دەدرێتە پاڵ سیاسەتمەدارە حزبییە هەڵبژێردراوەکان، دابەزینی ئاستی بەئەندامبوون لە حزبەکاندا، بڵاوبوونەوەی دیاردەی بێئومێدبوون لە حزبایەتی لەنێو چالاکواناندا، دابەزینی بەشداریکردنی دەنگدەران لە هەڵبژاردنەکاندا. ئەم دیاردەیە لەلایەک بووەتە زەمینە بۆ بەرەوسەندنی حزبە میانڕەو و ئیسلاحییەکان کە هەمیشە لە هەوڵی ڕازیکردنی هەموواندان، بە شێوەیەک کە زۆربەی حزبەکان بوونەتە وێستگەی هێورکردنەوە و سازان و خۆیان لە چارەسەری ڕادیکاڵ بە دوور دەگرن و لە گۆڕینی ڕیشەیی دەترسن. بەڵام لەلایەکی ترەوە هۆکارێکە بۆ دەرکەوتنی ڕەوتە توندڕەوە شۆڤێنییەکان و سەرکرد پۆپۆلیستییەکان کە لافی چارەسەری خێرا و توندوتیژ لێدەدەن. لە هەمان کاتدا، شۆڕشی ئامرازەکانی پەیوەندیکردن و ڕاگەیاندن، بە تایبەت ئینتەرنێت و سۆشیاڵ میدیا، دەرگای ژمارەیەک کەناڵی بێشوماری بۆ ڕادەربڕینی سیاسی کردووەتەوە، بە شێوەیەک کە ئەو ڕۆڵە تەقلیدییەی کە حزبە سیاسییەکان پێشتر لەم بوارەدا هەیانبوو بەرەو لەناوچوونی دەبەن، لەم کاتەشدا، دەشێت پێشبینی ئەوە بکرێت ئەو پەیوەستبوونەی کە لەنێوان چەمکی فرەحزبی و چەمکی فرەیی سیاسیدا هەبووە، ئیدی بەرەو لاوازبوون بچێت.

سەرچاوەکان:

- موريس ديفرجية، الاحزاب السياسية، ترجمة: علب مقلد و عبد المحسن سعد، الهيئة العامة لقصور الثقافة، القاهرة، ٢٠١١، ص ص ٦-١٩.
- أ.م.د.هادي مشعان ربيع، التعددية السياسية وعلاقتها بالتعددية الحزبية، مجلة القانون الدستوري والمؤسسات السياسية، الجزائر، العدد ١، المجلد ١، ٢٠١٧، ص ص ٢١٧-٢١٩.
- Peter Holmes Collin, Dictionary of Politics and Government, Bloomsbury Publishing Plc, London,This edition, ٢٠٠٤, p. ١٨٣.
- Roger Scruton, The Palgrave Macmillan Dictionary of Political Thought, ٣rd edition, PALGRAVE MACMILLAN, Antony Rowe Ltd, Chippenham and Eastbourne, New York, ٢٠٠٧, pp ٥١٠-٥١١, p ٥٢٨.
- David Robertson, The Routledge Dictionary of Politics, ٣rd edition, University of Oxford, Taylor & Francis Group, New York, ٢٠٠٤, pp ٣٢٦-٣٢٧, PP ٣٧٣-٢٧٤, PP ٣٨٠-٢٨١, pp ٤٤٥-٤٤٦, pp ٤٨٨-٤٨٩.
- OSCE, Good governance requires vibrant political parties, pluralism, participants at OSCE meeting say, ١٨ May ٢٠١١, available at: https://www.osce.org/odihr/٧٧٧٠٤

سیاسەت و ڕێنمایی نووسین لە گۆڤاری ئایینناسی

ئایینناسی گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ڕەهەندە جیاوازەکانی ئایینناسی دەدات و سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی بڵاویدەکاتەوە، دەخوازێت خوێندنەوەی فرە ڕەهەندی وردتری: کۆمەڵایەتی، ئابووری، ئەپستمۆلۆجی، مێژویی و سیاسیی بۆ ڕەوت و ڕێکخراو و دیاردە ئایینییەکان و کارکردنیان لە کایەی گشتی کۆمەڵگاکان بە گشتی و کۆمەڵگای کوردستانی بەتایبەتی بکات.

ڕێنمایی نووسین و وەرگێران

١. ڕێنمایی نووسین

١.نووسین بە تایپکراوی و بە فایلی Word وەردەگیرێت.

٢.پەیکەری نووسین و توێژینەوەکان لەم بەشانە پێکدێت: پێشەکی، ناوەڕۆك، ئەنجام، پێشنیار و ڕاسپاردە(ئەگەر هەبوو)، لیستی پەراوێز و سەرچاوەکان.

٣. پێشەکی توێژینەوە لە نێوان ١٠٠ بۆ ١٥٠ وشەدا بێت.

٤.کۆی توێژینەوەکە لە نێوان ٣٠٠٠ بۆ ٥٠٠٠ وشەدا بێت.

٥.جێهێشتنی (٢.سم) بۆشایی بۆ هەر چوارلای لاپەڕە.
٦.بۆشایی نێوان دێڕەکان (١,١٥سم) بێت.
٧.قەبارەی فۆنتی ناونیشانی سەرەکی توێژینەوە ١٦-ی بۆڵد بێت و ناونیشانە لاوەکییەکان ١٤-ی بۆڵد بێت.
٨.قەبارەی فۆنتی ناوەڕۆکی توێژینەوە ١٤ بێت.
٩.سەرجەم توێژینەوە، وەرگێڕان، ڕانان و چاوپێکەوتنەکان بە زمانی کوردی بڵاودەکرێنەوە.
١٠.پێویستە توێژەر فۆنتی یۆنیکۆد (Calibri) بەکار بهێنێت.
١١.وێنە و چارتەکان بەشێوەی (JPG) و هاوپێچی فایلی نووسراو بە جیا بنێردرێن.
١٢.توێژینەکەوە لە هیچ شوێنێکی بڵاونەکرابێتەوە و پاش بڵاوکردنەوەش مافی بۆ گۆڤاری ئایینناسی پارێزراوە.
١٣.لە ئەگەری ڕەچاونەکردنی ڕێنماییەکان یان پێویستیی چاککردن، توێژینەکەوە بۆ توێژەر دەنێردرێتەوە.
١٤.پادداشتی توێژینەوە لە بەشی کارگێڕی گۆڤارەکە وەردەگیرێت و پێویستە توێژەر یان ڕاسپێردراوێکی بە نووسراو ئامادەی وەرگرتنی بێت.

٢. شێوازی نووسینی پەراوێز و سەرچاوە:

-پەراوێز و سەرچاوە پێکەوە لە کۆتایی توێژینەوەکەدا دەبێت و بە شێوازی (Insert footnote) لە پرۆگرامی (Word)دا دەبێت.
-ژمارەی هەر پەراوێزێك لە کۆتایی ڕستە یان پەرەگراف لە ناو کەوانە(...)دا دابنرێت و لە لیستی سەرچاوەکاندا بە هەمانشێوەی ڕیزبەندی ناو توێژینەوەکە دابنرێتەوە.
-پەراوێزی خوارەوەی لاپەڕە پەسەند نییە و بەکارناهێنرێت.
-لە لیستی سەرچاوەکان، بۆ هەر جۆرە سەرچاوەیەك بەمشێوە بنووسرێت و بە هەمان زمانی سەرچاوەکەش ئاماژەکانی وەك (هەمان سەرچاوە و سەرچاوەی پێشوو بۆ کوردی، همان و همانجا بۆ فارسی، مصدرالسابق و المصدر نفسه بۆ عەرەبی، Ibid بۆ ئینگلیزی) دابنرێت:

کتێب

-ناوی خێزانی نووسەر، نووسەر (ساڵی چاپ)، ناونیشانی کتێب، وەرگێڕ و پێداچوونەوە(ئەگەر هەبوو)، شوێنی چاپ: دەزگای بڵاوکردنەوە گەر نەبوو چاپخانە، ل (لاپەڕە).

نمونە: م.س.لازیف و ئەوانیتر (٢٠١٠)، مێژووی کوردستان، وەرگێڕان هۆشیار عبدالله سەنگاوی، هەولێر: ڕۆژهەڵات، ل(لاپەڕە).
تێبینی: بەوپێیەی کە لە عێراق و هەرێمی کوردستان بە گشتی ناوی خێزانی بوونی نییە، لەم کاتەدا ناوی سیانیی نووسەر دەنووسرێت.
نمونە: توانا ڕەشید کەریم (٢٠١٢)، سلێمانی لە نێوان ساڵانی ١٩٤٥-١٩٥٨، لێکۆڵینەوەیەک لە بارودۆخی سیاسی و ڕۆشنبیری، سلێمانی: ئەندێشە، ل(لاپەڕە).
گۆڤار و توێژینەوە
-ناویی خێزانی نووسەر، نووسەر (ساڵی چاپ)، "ناونیشانی توێژینەوەکە"، ناوی گۆڤار، ژمارەی خول(بەرگ)، ژمارەی گۆڤار، ل (لاپەڕە).
نمونە: حضرتی، حسن و دیگران (١٣٩٥)، "جنگ ایران و عراق در گفتمان سیاسی نهضت آزاد اسلامی"، فصلنامه ژرفا پژوه، سال چهارم، شماره ١٠، ل (لاپەڕە).
ڕۆژنامە
-ناوی خێزانیی نووسەر، نووسەر (ڕۆژ و مانگ و ساڵی دەرچوون)، "ناونیشانی بابەتەکە"، ناوی ڕۆژنامە، ژمارەی ڕۆژنامە، لاپەڕە.
تێبینی: ئەگەر بابەتەکە نووسەری نەبوو، بەمشێوەیە: ناوی ڕۆژنامە(ڕۆژ و مانگ و ساڵی دەرچوون)، "ناونیشانی بابەتەکە"، ژمارەی ڕۆژنامە، ل (لاپەڕە).
نمونە: کەنعان مەکیە (٦-٧/٣/٢٠٢٠)، "هاوڵاتیبوون و بیرۆکەی عیراق"، وەرگێڕانی: کوردەوان محەمەد سەعید، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ساڵی بیست و نۆیەم، ژمارە ٨١٠٣، ل٨.
ماڵپەڕ
-ناوی خێزانیی نووسەر، نووسەر(ڕۆژ و مانگ و ساڵی دەرچوون)، "ناونیشانی بابەتەکە"، لینکی ماڵپەڕەکە.
نمونە: Adler, Katya(٢/٣/٢٠٢٠), "Brexit: What to expect from UK-EU trade-talks ", https://www.bbc.com/news/world-europe-٥١٦٥٧٠٨٤, (accessed: ١١/٣/٢٠٢٠).
نمونە: ئومێد رەفیق فتاح (٦/٣/٢٠٢٠)، "مەترسییەکانی ڕۆژئاوا لە ڕێکەوتنەکەی پۆتین – ئەردۆگان"، https://www.centerfs.org/matrsekani-rozhawa-la-rekawtnakay-potin-ardoghan/، (بەردەستە: ١٤/٣/٢٠٢٠).
نمونە: الساقل، فراس (٣/٣/٢٠٢٠)، "حقيقة اللاجئين أمام أبواب أوروبا"، https://blogs.aljazeera.net/blogs/٣/٣/٢٠٢٠، (متاح على: ٦/٣/٢٠٢٠).
نمونە: محمد قراسویی، محمد (٢٨/١١/١٣٩٦)، "محور مقاومت اسلامی، ابعاد

و مۆلفەـها"، http://alwaght.com/fa/News/١٢٤٣٨٩/، (قابل دسترسی: ١٣٩٦/١١/٣٠).

تێبینی١: بەوپێیەی کە لینکی ماڵپەر لەوانەیە دوای ماوەیەك لەبەردەست نەمێنێت و بسردرێتەوە، پێویستە لە کۆتایی لینکی سەرچاوەکە، ڕێککەوتی تەواوەتی سەردانیکردنی توێژەر بۆ ماڵپەڕەکە بنووسرێت.

تێبینی٢: ئەگەر بابەتەکە نووسەری نەبوو، بەمشێوەیە: ناوی ماڵپەڕ (ڕۆژ و مانگ و ساڵی بڵاوبوونەوە)، "ناونیشانی بابەتەکە"، لینکی ماڵپەڕ.

تێبینی٣: ئەگەڕ بابەتی ماڵپەرێك، ڕێککەوتی پێوەنەبوو، لەم کاتەدا تەنیا ڕێککەوتی سەردانکردنە دەنووسرێت.

چاوپێکەوتن

-چاوپێکەوتنی (ناوی دیدارکەر) لەگەڵ کەسی دیدارکراو، ڕێککەوتی دیدار، شوێنی دیدار.

نمونە: چاوپێکەوتنی یاسین تەها لەگەڵ هشام الهاشمی (٢٠٢٠/٢/٢٥)، سلێمانی.

ڤیدیۆ

-ناونیشانی ماڵپەڕ (ڕۆژ و مانگ و ساڵی دانانی ڤیدیۆ)، "ناونیشانی ڤیدیۆ"، لینکی ماڵپەڕ.

نمونە: یوتیوب (٢٠٢٠/٢/٢٦)، "الاتجاه المعاكس - هل ينفجر الوضع بين تركيا وروسيا في شمال سوريا؟"، https://www.youtube.com/watch?v=MxGY٤GLu٤nw، (متاح على: ٢٠٢٠/٣/٣).

٣.ڕێنمایی وەرگێڕان:

-وەرگێڕان تەنیا بە زمانی کوردی وەردەگیرێت.

-پێویستە لە پەرەگرافێکدا پرۆفایلی (٥٠) وشەیی نووسەری بابەتەکە یان ئەو سەنتەر و گۆڤارەی کە توێژینەوەی لێوەرگیراوە ئامادە بکرێت.

-وەرگێڕانی بابەت، پێویستە بە هەمان شێوازی بابەتە وەرگێڕدراوەکە بێت لە شێوازی پەراوێز و سەرچاوەدا.

CFS

Center for Future Studies

هەندێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی





CFS

Center for Future Studies

هەندێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی

CFS

Center for Future Studies

هەندێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی











CFS

گۆڤارێکە گرنگی بە ڕەهەندە جیاوازەکانی ئایینناسی دەدات
سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات.

وەرزنامەی ئایینناسی

ژمارە (٧) ساڵی دووەم، تەمموزی ٢٠٢٤